فیودور دوستویفسکی

# خەونی ئاپۆ گیان

ڕۆمان

و: حەمە کەریم عارف

ئەم ڕۆمانە لە ساڵی ١٨٥٨ دا لە شاری سیمیبا لاتنسک دا نووسراوە، لە ئازاری ساڵی ١٨٥٩ دا لە گۆڤاری " کلام روسیا " دا بڵاو بووەتەوە.

## فەسڵی یەکەم

ماریا ئەلکسندروڤنا موسکالیوفا، خانمی یەکەم و شایستە و ناوداری شاری مورداسونە. ئەمە شتێکە هیچ گومانێکی تێدا نییە. کە پیاو ڕەفتاری دەبینێت وا هەستدەکات کە پێویستی بە هیچ کەسێک نییە، بەپێچەوانەوە هەموو خەڵکی پێویستیان بەوە. ئەلهەقی خەڵکی خۆشیان ناوێت. بگرە خەڵکانێکی زۆر هەن کەلە کانگای دڵەوە دەی بوغزێنن، بەڵام وێڕای ئەوەش زۆر لێی دەترسن. بەخۆیشی ئەمەی لە هەموو شتێکی دی پێ خۆشترە، چونکە ئەمە نیشانەی لێزانی و سیاسەتوانیەکی بەرزە.

ماریا ئەلکسندروڤنا، زۆری حەز لە قسە هێنان و بردن، لە قسە و قسەلۆکان بوو، ئەگەر هەر ڕۆژێ شتێکی تازەی نەبیستبایە، بۆ شەوەکەی خەوی لێنەدەکەوت تا بەیانی گینگڵی دەدا، کەچی وێڕای ئەوەش بەجۆرێ ڕەفتاری دەکرد، کە تەمەشات کردبا، هەرگیز وێنای نەدەکرد کە ئەم خانمە سەلار و سەنگینە، ئەم خانمە شایستە و خانەدانە گەورەترین خەوەرچینی هەموو دنیا یان بە کێمانی یەکەم دوو زمان و خەوەرچینی شاری مورداسوفە! بە پێچەوانەوە، وا دەهاتە بەرچاو کە چ کەسێک نەدەێرا لە حوزوری ئەودا قسە و قسەلۆکان بگێڕێتەوە و دوو زمانی بکات، بەدگۆیان لە حوزووری ئەودا تەریق دەبنەوە و وەکو چۆن منداڵە مەکتەبلی لە بەردەم مامۆستا لە شەرما سوور دەبنەوە، بەو ئاوایە سوور ببنەوە. لە کۆڕ و مەجلیسی ئەودا تەنیا باسی بابەتێن بەرز و شایستە بکرێت. کەچی سەبارەت بە هەندێک لە ئاکنجیان و ڕۆنیشڤانانی مورداسوف، خەبەر و باسی هێندە حەیابەرە و نەنگین ئامێزی لەلا بوو، کە ئەگەر لە کاتی خۆیدا باسی کردبا، کە بە ئاسانیش دەیتوانی قسەی خۆی بسەلمێنێت، ئەوا بوومەلەرزەیەکی وەکو بوومەلەرزەکەی لیشپونە، شاری مورداسوفی ژێر و ژوور دەکرد ( لە ساڵی ١٧٥٥ دا بوومەلەرزەیەکی زۆر توونە لە لیشپونە ڕووی داوە کە وێرانی و زیانی زۆری لێکەوتەوە ) بەڵام ماریائالکساندروڤنا، کەسێکی سڕ قایم و زۆر سڕپۆش بوو، ئەم ڕازانەی، زۆر بەدەگمەن و تەنیا لە بۆنەی زۆر تایبەتی و هەر لەلای دۆستانی زۆر نزیک و گیانی بەگیانی دەدرکاند.

ماریا ئالکساندروڤنا، زیاتر ئەم ڕازانەی وەکو چەک و زیاتر بۆ ترساندنی کەسەکانی بەرانبەری بەکار دەبرد. تەنیا بە ئاماژە تێی دەگەیاندن کە نهێنی و سڕی وانی لەبەردەستە، تا هەمیشە لە ترس و دوو دڵیدا بژین؛ نەبا لە کاتێکی هەستیاردا لە قاویان بدات. ئیدی ئەمە بەهرە و توانایەکی تایبەتی بوو، هۆشنی و تاکتیکی زیرەکانەی ئەوی دەگەیاند. ماریا ئالکساندروڤنا لەناو ئێمەماناندا وەکو خانمێکی شایستە و خانەدان و سەنگین، بەنێوبانگ بوو، کەس لەو ڕووەوە هاوتای نەدەکردەوە، شانی لە شانی نەدەدا. لە ڕەفتار و گوفتاردا هێندە مەند بوو، هەموو کەس

حەزیدەکرد چاوی لێبکات، بیکات بە سەرمەشقی خۆی. جا بەحوکمی ئەو ڕواڵەتبازیەی خۆی، کەس باوەڕی نەدەکرد کە یەکێک بێت لە دوو زمان و خەوەرچین و بەد زمانە ئاساییەکانی موورداسوف. هەرچەندە دەیتوانی بە قسەیەک خەنیمەکانی خۆی لەناو ببات، بە کوشتنیان بدات، بەناخی ئەرزیاندا ببات، لە هەمان کاتدا وا بنوێنێ کە ئاگای لە مەحموودی بێزەواد نییە. هەڵبەتە بەخۆتان دەزانن کە ئەم جۆرە نەوازش و لوتفە، تایبەتە بە ڕۆڵەکانی چینی نەجیمزادەی کۆمەڵگەوە، بەهەرحاڵ ئەو لەو ڕووەوە، گرەوی لە هەموو دەمتەڕ و نێرەنگبازێک بردبووەوە.

ماریا ئالکساندروڤنا، پەیوەندی لەگەڵ بەرپرس و کاربەدەستاندا یەجگار زۆر بوو. زۆربەی ئەو کەسانەی کە سەردانی موورداسوفیان دەکرد و لە کۆڕ و ئاهەنگەکانی ئەوا بەشدارییان دەکرد، ستایشی پێشوازی گەرم و گوڕ و میوانپەروەری ئەویان دەکرد، تەنانەت کە بۆ شوێنی خۆشیان دەگەڕانەوە، نامەیان بۆ دەنارد و پەیوەندییان لەگەڵیا نەدەبڕی. تەنانەت یەکێک لەو میوانانە شیعرێکیشی پێدا هەڵگوتبوو، کە ماریا ئالکساندروڤنا زۆری شانازی پێوە دەکرد و بەهەموو ئاشنا و ڕۆشناکانی خۆیی نیشاندەدا. هەروەها یەکێک لەو نووسەرانەش کە سەردانی موورداسوفی کردبوو، یەکێک لە ڕۆمانەکانی خۆیی پێشکەش کردبوو، هەڵبەتە ئەم ڕۆمانەی لە شەوبێرییەکانی ئەودا خوێندبووەوە. هەڵبەتە ئەم دیارییە کارێکی یەجگار زۆری لە ئامادەبووان کرد. هەروەها زانایەکی ئەڵمانی کە بەتایبەتی لە شاری کالسروهییەوە هاتبوو تا لێکۆڵینەوە سەبارەت بەو کرمە شاخدارە کە دابووی لە گەنم و دەغڵ و دانی دەڤەرەکەی مە بکات، کە چوار نامیلکەی لەمەڕ ئەو کرمە نووسی بوو، بەجۆرێ مەفتوون و دڵبەندی پێشوازی و میوانپەروەری ماریا ئالکساندروڤنا بووبوو، کە تا ئەمڕۆش لە کالسروهییەوە، نامەی پڕ لە ڕێز و حورمەتی بۆ دەنارد. هەندێک لەو میوانانە هەندێجار و لە هەندێ ڕووەوە ماریا ئالکساندروڤنایان بە ناپلیون دەشوبهاند. هەڵبەتە ناحەز و خەنیمەکانی، نەک بە مەبەستی ستایش، بەڵکو زیاتر بەمەبەستی تانە و تەشەر، بە ناپلیونیان دەشوبهاند، هەڵبەتە من وێڕای ئەوەی دان بە نابەجایی ئەو شوبهاندنەدا دەنەم، جورئەت بەخۆ دەدەم و بە شەرمەوە ئەم پرسیارە سادەیە دەکەم: چما ناپلیون کە بەو ڕادەیە بەرز بووەوە، سەرەگێژکەی پێکەوت؟لایەنگرانی بنەماڵەی بوربون ( بنەماڵەی بوربون، زنجیرە خانەدانێکی پاشایەتیە کەلە ساڵی ١٥٨٩ – ١٨٣٠ ز، لە فەرەنسادا حوکمڕانیان کردووە، یەکەم پاشای ئەم ماڵباتە هنری چوارەمە و دوا پاشایان شارلی دەیەم بوو.) سەدەمی ئەمە دەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی کە باپلیون نەک هەر لە ماڵباتێکی پاشایەتی نەبوو، بەڵکو لە بنەماڵەیەکی ڕەسەنی نەجیمزادەش نەبوو. بۆیە ئاساییە کەخۆی لەو بەرزییەدا، کە زۆر باڵاترە لە پێگەی چینایەتی خۆیبیینێتەوە، بترسێت و دووچاری سەرەگێژکە ببێت. وێڕای ماقوولیەتی ئەم وەڵامە جوانەی کە باشترین سەردەمی قۆناغێک لە قۆناغەکانی ڕژێمی کۆن وەبیر دێنێتەوە، من ڕێگە بەخۆ دەدەم ئەم

پرسیارەش بکەم: چما ماریا ئالکساندروڤنا، هیچ کاتێ، هەستی بە سەرەگێژکە نەکردووە؟ هەمیشە هەر خانمی یەکەم و بێ هەڤڕکی شاری مورداسوف بووە؟ ڕاستە هەندێجار بویەرێن دژوار ڕوویان دەدا و هەموو خەڵکەکە دەیانگوت: دەی با بزانین ماریا ئالکساندروڤنا چ دەکات! چۆن لەو کێشەیە دەرباز دەبێت! بەڵام کێشەکە بەئاسانی تێدەپەڕێنرا و بێهیچ گرفت و کۆسپێک چارەسەر دەبوو، وەکو جارانی لێدەهاتەوە، بگرە لە جارانیش باشتر دەبووەوە. بۆ نموونە کاتێ ئاناستازی ماتویوفیچ – ی مێردی ماریا ئالکساندروڤنا لەبەر بێئاوەزی خۆی ڕقی ئەو سەرەپەرشتیارە تازەیەی کە جەولەی دەڤەرەکەی دەکرد، هەستاند و بەهۆی ئەوەوە لە کارەکەی دەرکرا، خەڵکی پێشبینی ئەوەیان دەکرد کە ماریا ئالکساندروڤنا دۆش دابمێنێت، بکەوێتە لالانەوە و پاڕانەوە و پەڕ و باڵی هەڵبوەرێت. گلۆڵەی بەتەواوەتی بکەوێتە لێژی. بەڵام نەخێر هەرگیز شتی وا ڕووی نەدا. ماریا ئالکساندروڤنا یەکسەر هەستیکرد داد و بێداد و پاڕانەوە و لاڤە فایدەی نییە. ئیدی بەجۆرێ ڕەفتاری کرد، وەکو ئەوەی هیچ شتێک ڕووی نەدابێت، بەجۆرێ بەڕەی خۆی لە قوڕاوێ دەرکێشا، کە کەمترین کاریگەریی خۆی بەسەر کۆمەڵگەوە لەدەست نەدا، و ماڵەکەی هێشتا هەر بەیەکەم ماڵی مورداسوف دەژمێردرا. ئانانیکولایوفنا ئانتیبوفای ژنی دادوەر و دژمنی خوێنەخۆری ماریا ئالکساندروڤنا و بەڕواڵەت دۆستی گیانی بەگیانی ئەو، نها کەوتبووە بانگەشە بۆ ناوزڕاندن و کەوتنی هەڤڕکەکەی. بەڵام هەرکە خەڵکەکەی دەوروبەر هەستیان کرد کە نێوزڕاندنی ماریا ئالکساندروڤنا کارێکی زۆر زەحمەتە، هەنگێ بۆی دەرکەوت، زۆر بەهێزتر و خۆڕاگرترە لەوەی کە لە هەوەڵەوە وێنای کردبوو.

جا مادامێکی نێوی ئاناستازی ماتویوفیچی مێردی ماریا ئالکساندروڤنامان هێنایە ناو ناوانەوە، با چەند وشەیەکی لە بارەوە بڵێین. یەکەم پیاوێکی زۆر بەسام و ویقار بوو، سەروسیمای هی جووتیار، لە کاتی تەنگانەدا، تەواو دەپەشۆکا، کۆنترۆڵی بەسەر خۆیەوە نەدەما، دەبوو بەو بەرخە سەرگەردان و گومڕایەی کە نازانێت لە کوێوە لە گەوڕەکەی بێتە دەرەوە. بەڕاستی پیاوێکی بەهەیبەت بوو، بەتایبەتی کە بەبۆینباخی سپیەوە، دەهاتە ئاهەنگی خوانی ئێواران. بەڵام هەرکە دەمی هەڵهێنابایە، ئەو هەموو هەیبەت و ویقارە بەجارێ هەرەسی دەهێنا. هەنگێ دەبوایە گوێی خۆت بگریت تا گوێت لە دەنگی نەبێت. ئەلهەقی ماریا ئالکساندروڤنا لەم پیاوە خەسار بوو. ئەوە بۆچوونی هەموو خەڵکەکە بوو. بەهەرحاڵ ئەگەر بلیمەتی و لێزانی ژنەکەی نەبوایە هەرگیز هیچ پلە و پۆستێکی وەرنەدەگرت. بەبۆچوونی خاکیانەی بەندە لەمێژ بوو دەبوایە بڕوات بۆ مەزرایەک و وەکو داهۆڵ لەوێندەر تەیر و تو و چۆلەکە پاساری بترساندبایە. تەنیا بۆ ئەوێ باش بوو، تەنیا ئەو کارەی لێدەوەشایەوە. ئیدی ماریا ئالکساندروڤنا زۆر چاکی کرد وەختایەک ئاناستازی ماتویوفیچی نارد بۆ سەر ئەو موڵکەی کەلە سێ فەرسەخی ( فەرسەخ = ١٠٦٧ مەتر ) شاری

مورداسوف هەڵکەوتبوو، لەو ئەرز و بۆیەدا سەد و بیست جووتیاری زەڕخڕی هەبوو. لێرەدا نابێت ئەوە لەبیر بکرێ کە سەروەت و سامان و داهاتی ئەو گوندە، سەرچاوەی ئەو ژیانە پڕ شکۆ و شایستەیە بوو کە لە ماڵەکەی خۆیدا بەسەری دەبرد. ئیدی هەموو خەڵکی لەوە حاڵی بوون کە ماریا ئالکساندروڤنا بۆیە ئاناستازی ماتویوفیچی لەنک خۆ ڕادەگرت. چونکە ناڤبری کاری دەکرد و مووچەی وەردەگرت. بەڵام کە کارەکەی لەدەست دا و چیتر مووچەی وەرنەدەگرت، دەبوایە بەهەر شێوەیەک بووە دووری بخاتەوە، چونکە لێرە نەبەکەڵک هیچ دەهات و نە هیچ سوودێکی هەبوو. ئیدی هەموو ئاشنا و ڕۆشناکانی ماریا ئالکساندروڤنا ستایشی ئەم هەنگاوە دروست و بەجێیەی ئەویان کرد.

ئاناستازی ماتویوفیچ، ژیانێکی ئارامی لە گوندی ناڤبری دا بەسەر دەبرد. بەندە سەرێکم لێیدا و سەعاتێکی خۆشم لەگەڵیدا ڕابوارد. بۆینباخە سپیەکانی تاقی دەکردەوە، بەدەستی خۆی پێڵاوەکانی خۆی بۆیاخ دەکرد، هەڵبەتە نەک لەبەر نەبوونی ونەداری، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو، بە تەبیعەت حەزی لە هونەر بوو، چونکە زۆر حەزی دەکرد پێڵاوەکانی بەردەوام ببریقێتەوە. ڕۆژی سێ چەلان چای دەخواردەوە، زۆر حەزی لە خۆشتن و حەمام بوو، ئیدی زۆر بەم ژیانە ڕازی و خۆشحاڵ بوو. لەوەی پتر هیچی دی نەدەویست. لەبیرتانە کە نزیکەی ساڵ و نیوێک لەوە پێش چ کارەساتێکی  پیس بەسەر زینائید ئاتاناسیفنای کچە تاقانەکەی ماریا ئالکساندروڤنا و ئاناستازی ماتویوفیچ هات؟ چ ناو و ناتۆرەیەکی دوا کەوت؟ ئەم زینائیدە- لە ناوەکەیەوە کە زینا بوو وەرگیراوە – کیژێکی زۆر جوان و بەدەو، زۆر بە تەربیەت بوو، تەمەنی گەیی بووە بیست و سێ ساڵ و هێشتا مێردی نەکردبوو. یەکێک لەو دەنگۆیانەی کە سەبارەت بە شوو نەکردنی زینائید لە نێو خەڵکیدا بڵاو بووبووەوە، ئەمە بوو کە گوایە ساڵ و نیوێک لەوەبەر پەیوەندییەکی نائاسایی لەگەڵ مامۆستایەکی قوتابخانەیەکی گوندیدا هەبووە،  ئەمە دەنگۆیەکە هێشتا هەر بەسەر زاری خەڵکییەوەیە، هێشتا خەڵکی باسی ئەو نامە دڵدارییە دەکەن کە زینائید نووسیویەتی و لە شاری مورداسوف دا دەستاودەست دەکات. بەڵام پێم ناڵێن کێ ئەو نامەیەی بەچاوی خۆی دیتووە؟ ئەگەر ڕاستە و دەستاودەست دەکات، لە کوێوە گەییوەتە ئەو دەستانە؟ هەموو خەڵکی شتیان لەو بارەیەوە بیستووە، بەڵام چ کەسێک بەچاوی خۆی نەیبینیوە! بەهەرحاڵ، من تا نها تووشی تاقە کەسێک نەبووم کە ئەو نامەیەی بەچاوی خۆی بینی بێت. خۆ ئەگەر یەکێک لەبەردەم ماریا ئالکساندروڤنادا، ئاماژەیەک بۆ ئەو نامەیە بکات و بیەوێت تەشەری لێبدات، خۆی لە گێلی دەدات و ئەو قسەیە نابیستێت... نها وای دابنەن کە ئەو شتە ڕوویداوە، زینا ئیدی نامەیەکی کورتی نووسیوە ( من قەناعەتی تەواوم هەیە کە ئەو شتە بووە و ڕوویداوە ) بەڵام چ کاردانەوەیەکی زیرەکانە لەلایەن ماریا ئالکساندروڤناوە هەبووە! چۆن پەردەی بەسەر ئەم کارە نەنگینەدا داوە و

سرپۆی کردووە! و هەر شوێنەواریشی نەماوە؟ کە شوێنەوار و بەڵگە نەبوو، هەر بویەرێک بەتاڵە! مەگەر هەر خوا بزانێ ماریا ئالکساندروڤنا، چەند ماندوو بووە بەوەوە کە ئەم دوو زمانی و بوختانە فەرامۆش بکات و گوێی لێنەگرێت. مەگەر هەر خوا بزانێت چەند ڕەنجی کێشاوە تا شەرەف و ئابڕووی کیژە تاقانەکەی بپارێزێت! نها سەدەمی شوونەکردنەکەی زینا، تەواو ڕوون و خویایە. کوا ئەو گەنجەی کە شایستەی ئەوە بێت ، زینا شووی پێبکات؟ زینا جگە لە بابایەکی شازادەی دەسەڵاتدار بە چ کەسێکی دی قاییل نابێت. کەس لە زینا جوانتری دیتووە؟ ئەلهەقی زینا بە عینوانە، زۆر بە جوانی خۆی دەنازێت، لە ڕادەبەدەر بەخۆی دەفشێت. دەڵێن موزگلیاکوف، بەنیازی خوازگاری زینائیدە. بەڵام ئاخۆ ئەم خوازگاریە سەر دەگرێت؟ ئەم موزگلیاکوفە کێیە؟ هەڵبەتە گەنجێکی قۆز و ڕێک پۆشە، دەوڵەمەندە، سەد و پەنجا جووتیاری زەڕخڕی هەیە، لە پترسبۆرگەوە هاتووە، بەڵام کەللەپووت و چەنەبازە، زۆر خەمسارد و بێ موبالاتە، هەندێ بیروباوەڕی تووندڕەوی هاوچەرخی هەیە. ئاخر بایەخی هەبوونی سەد و پەنجا جووتیاری زەڕخڕی، دەگەڵ هەبوونی بیروباوەڕێن هاوچەرخدا چ فایدەیەکی هەیە، چۆن تێکدەکەنەوە؟ نەخێر، ئەم کاری خێرە مەحاڵە سەربگرێت!

هەر هەمووی ئەوەی تا نها خوێندووتانەوە، من پێنج هەیڤان بەرلە ئێستا، لەبەر خاتری ئەو هەست و سۆزەی لە هەنبەر ماریا ئالکساندروڤنا هەمە نووسیومە. بەپێویستی دەزانم پێشوەختە دان بەوەشدا بنەم کە من جۆرە خۆشەویستیەکم دەرهەق بە ماریا ئالکساندروڤنا هەیە. حەزم دەکرد چەند وشەیەکی ستایش ئامێز سەبارەت بەم ژنە سەنگینە بنووسم و لە شێوەی نامەیەک لە نامەکانی جاران دا ( ئەو جارانەی کە سوپاس بۆ خوا جارێکی دی نایەتەوە ) ئەو نامانەی کە جاران لە ڕۆژنامەی " هەنگی باکوور " و بڵاوکراوەکانی دیدا بڵاو دەکرانەوە، بنووسم و بۆ دۆستێکی ڤڕێ بکەم. بەڵام چونکە من هیچ دۆستێکم نییە و سووکە بەهرەیەکی ئەدەبیم هەیە و جۆرە شەرمنییەکی نووسەریم هەیە، ئیدی ئەم لاپەڕانە، وەکو بیرەوەرییەکی کاتی دەست بەتاڵی و بێزاری خۆم، وەکو هەوڵێکی خۆ تاقیکردنەوە و قەڵەمڕانیەکی خاکیانە لە چەکمەجەی مێزەکەمدا مایەوە.

پێنج ساڵ بووری؛ لە ناکاوا بویەرێکی سەیر لە موورداسوف دا ڕوویدا: ڕۆژێ لە ڕۆژان، بەیانیەکی زوو، لە ناکاوا میر "ک" خۆی بە شاری موورداسوف دا کرد، لە ماڵی ماریا ئالکساندروڤنادا لایدا، ئەم هاتنە لە سەرانسەری شاردا دەنگیدایەوە، هەزار و یەک لێکدانەوەی بۆ کرا. ئەمیر " ک " تەنیا سێ ڕۆژ لە شاری موورداسوف مایەوە. بەڵام سێ ڕۆژ، کە بیرەوەرییەکی یەجگار زۆری لێکەوتەوە. دەتوانم بڵێم، ئەمیر لەم سێ ڕۆژەدا شۆڕشێکی بەرپا کرد. هەڵبەتە چیرۆکی ئەم

شۆڕشە، یەکێکە لە لاپەڕە پرشنگدار و درەخشانەکانی مێژووی شاری مورداسوف. ئەنجام دوای هەندێک دوو دڵی بڕیارم دا، سووکە دەسکارییەکی ئەم لاپەڕانە بکەم و داڕشتنەوەیەکی ئەدەبی بۆ بکەم و بیخەمە بەردەستی خەڵکی تا داوەریی خۆیانی لەسەر بکەن.

چیرۆکەکەی من بریتییە لە سەربهووردی تەواوەتی و لە ڕادەبەدەر باڵکێشی دەورانی نێوداری و سەرفرازی ماریا ئالکساندروڤنا لە شاری مورداسوف دا و پاشان کەوتن و هەرەسهێنانی یەکجارەکی ماڵباتەکەی. ئەمە بابەتێکە مایەی سەرنج و تەماحی هەر نووسەرێکە.

هەڵبەتە پێدڤیە بەرلە هەر شتێک ئەوە ڕوون بکرێتەوە غەریبی هاتنەکەی میر " ک " بۆ مورداسوف و چوونی بۆ ماڵی ماریا ئالکساندروڤنا لە  چ دا بوو. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە پێویستە چەند وشەیەک لەمەڕ میر " ک " بگوترێت . ئیدی من ئەم کارە دەکەم، ئەمە جگە لەوەی شرۆڤەی ژیانی ئەم کەسایەتیە بۆ تەواوکردنی چیرۆکەکەمان زۆر پێدڤیە، کەواتە با دەست پێبکەم.

## فەسڵی دووەم

هەڵبەتە پێدڤیە، بەرلە هەر شتێک ئەوە بڵێم کە میر " ک " زۆر پیر و زورهان نەبوو. کەچی کە تەمەشات دەکرد، وات وێنا دەکرد خەریکە لەبەر یەک هەڵدەوەشێتەوە، چونکە زۆر داڕوخاو و داوەشێو دیاربوو.

لە مورداسوف دا، زۆر شتی سەیر و سەمەرە لەمەڕ ئەم میرە دەگێڕدرایەوە، تەنانەت دەگوترا لە ڕووی عەقڵییەوە بووەتەوە بە منداڵ، ئاوەزی پارسەنگی دەوێت . ئەوەی بەلای هەمووانەوە سەیر و باوەڕنەکردەنی بوو، ئەوە بوو کە ئەم کابرا موڵکدارە، خاوەنی چوار هەزار جووتیاری زەڕخڕی، کەسێکی خانەدان و لە بنەماڵەیەکی زۆر نێودار، کە ئەگەر بەخۆی بیەوێت ، دەتوانێت لەم دیار و دەڤەرەدا، ڕۆڵێکی گەورە بگێڕێت، چما بەتاقی تەنیا لە موڵکە گەورەکەی خۆیدا دەژی؛ زۆربەی ئەوانەی کە لەو حەوت هەشت ساڵەدا کە لە مورداسوف ئاکنجی بووبوو، دەیانناسی دەڵێن گوایە لەو سەردەمانەدا، تاقەتی تەنیایی و گۆشەگیری نەبوو، بە هیچ جۆرێ خوو و خەسڵەتی چلەکێشی و خەڵوەت نشینی نەبووە.

هەموو ئەو خەبەر و باسە دروستانەی من لەمەڕ ئەو پیاوە کۆم کردوونەتەوە و، کەسێک بۆی گێڕامەتەوە بەمجۆرەیە، فەرموون ئێوە و سەربهوردەکە:

ئەمیر کاتی خۆی، زۆر پێش ئێستا، بە گەنجی، وەکو کەسێکی  زۆر دیار و باڵکێش بەناو ژیان کەوتبوو، دوای ژنان دەکەوت، ئەهلی کەیف و ڕابواردن بوو، بێ حیساب پارەی تەخشان و پەخشان دەکرد، چەند جارێک لە هەندەران نابووت بووبوو، گۆرانی عاشقانەی دەگوت، نوکتەی دەگوت، عەقڵ و ئاوەزێکی ئەوتۆی نەبوو. هەڵبەتە ئاساییە هەرچی سەروەت و سامانێکی هەبوو، لە دەستی دا، کە لە پڕا پیری لێبەدەرکەوت سەیری کرد هیچی بەدەستەوە نەماوە و کەوتۆتە سەر ساجی عەلی، ئیدی یەکێک ئامۆژگاری کرد کە بۆ گوند بگەڕێتەوە و موڵکەکانی بخاتە مەزادەوە. ئیدی بڕیاری دا و هات بۆ مورداسوف و شەش هەیڤان لەوێندەر مایەوە، ژیانی گوندی زۆر بەدڵ بوو، ئیدی لەوێ دوا پولی لەسەر فسق و فجور و ڕابواردن لەگەڵ چەندین ژنی بەندەردا بەبا دا. وێڕای ئەوەش ئەمیر بەهەموو کار و ئەتوارێکی غەریب و ناسازی ئەمیرانەیەوە، پیاوێکی زۆر میرەبان و دڵئاوا بوو.تەنانەت ئەم ڕەفتار و ئەتوارە ئەمیرانەیەش، کە لە مورداسوف دا و لە کۆمەڵگەی پێشکەوتوودا، باو بوو، نەبووە هۆی ناڕەزایەتی و بێزاریی خەڵکەکە، بە پێچەوانەوە خەڵکەکە بەداب و نەریتی کۆمەڵگەی پێشکەوتوویان دەزانی. بەتایبەتی خانمان، بەردەوام ستایشی ئەم میوانە ئازیز و خۆشەویستەیان دەکرد. خەڵکەکە زۆر بیرەوەری خۆشیان سەبارەت بەو قۆناغ و سەردەمە لەلا ماوە. دەگێڕنەوە دەڵێن گوایە ئەمیر نیوەی ڕۆژەکەی لە ڕازاندنەوە و ئاڕایشتی خۆیدا دەبردەسەر. دەتگوت سەراپا کۆمەڵێک پارچەیە و لەم لاو لەولاوە هێنراوە و دراونەتە دەم یەکترەوە.. کەس نەیدەزانی کەی بەو ئاوایە داوەشابوو. ئەمیر کڵاوقژی لەسەر دەکرد، سمێڵەکانی، و تەنانەت ڕدێنیشی هەر دەستکرد بوو، قژی ڕەش کردبووەوە، ڕەش کردنەوەیەکی ڕەژوو ئاسا. ئەمیر هەموو ڕۆژێ سوراو و سپیاوی دەکرد. دەڵێن لە ڕێگەی هەندێ سپرینگەوە کە لەژێر کڵاوەکەیەوە و بە شێوەیەکی هونەری دایدەنا، چرچ و لۆچەکانی سەر ڕوخساری ساف دەکرد، دەڵێن سینەبەندی دەبەست چونکە کاتی خۆی لە کاتی یەکێک لە ڕیسکە عاشقێنییەکانیدا لە ئیتاڵیا، خەشیمانە لە پەنجەرەوە خۆی هەڵدابووە خوارەوە، پەراسوویەکی شکابوو. لاقی چەپی ئەمیر دەلەنگی، خەڵکەکە دەیانگوت ئەو لاقەی  عەمەلییە. گوایە لە ڕیسکێکی عاشقێنی دیکەدا لە پاریس بۆیان شکاندبوو، بەڵام لاقێکی دەسکردی ئەوتۆیان بۆ دروستکردبوو، کە لەگەڵ لاقی ڕاستیدا هیچ جیاوازییەکی نەبوو. بەهەرحاڵ زۆر شتی دەربارە دەگوترا!... بەڵام بەڕاستی چاوی ڕاستی ئەمیر دەسکرد و شووشە بوو، بەڵام هێندە هونەریانە دروستکرابوو لە تۆ وایە چاوی ڕاستەقینەیە. سەرباری ئەم هەموو کێماسیانە، ددانەکانیشی عەمەلی بوون. ئیدی ڕۆژ تا ئێوارێ هەر خەریکی شۆردنی ددانەکانی و کرێمکاری دەم و چاو و عەتر و بۆن لە خۆدان بوو.

خەڵکەکە چاک لە بیریانە کە ئەمیر لەو کاتەوە بەخێرایی بەرەو پیربوون دەڕۆیی، لە ڕادەبەدەر سوێرە قسان بووبوو. ئیدی ژیانی ڕوو لە ئاوابوون بوو. هەموو خەڵکی دەیانزانی ئەمیر تەواو

نابووت بووە و ئەسپێ لە باخەڵیدا سەوزەڵێ خانم دەڵێت. یانی تورێکی قوڕاوی پێ نەما! بەڵام لەم کاتەدا و لە ناکاوا، یەکێک لە پیرە ژنەکانی خزمی مرد، ئەم ئافرەتە زۆر پیر و عەمەلمەندە بوو، لە پاریس دادەنیشت. کەسێک بوو کە ئەمیر بەهیچ جۆرێ باوەڕی نەدەکرد ببێت بە میراتگری، ئەنجام پیرەژنە لە ناکاوا مرد، دوای یەک مانگ لە ناشتنی، ئەمیر بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو بوو بە میراتگری یاسایی پیرەژن، بوو بە خاوەنی زەوی و زارێکی کشتوکاڵی بەرین کە چوار هەزار جووتیاری زەڕخڕی ( بەندەی کڕدراو ) کاریان لەسەر دەکرد، ئەم موڵکە لە شەست فرسەخی مورداسوف دا بوو، هەر هەمووی، بەبێ هیچ شەریکە بەشێک بوو بە نەسیبی میر.

ئەمیر، یەکسەر چوو بۆ پترسبورگ تا ئەم مەسەلەیە یەکلایی بکاتەوە. لەم کاتەدا خانمەکانمان دەعوەتێکی خاترخوازیان بۆ ئامادەکرد کە بە پیتاک خەرجییەکەیان کۆ کردبووەوە. ئیدی ئەمیر ئەم دەعوەتەی زۆر پێخۆش بوو، لیبۆکبازی دەکرد، خەڵکەکەی دێنایە پێکەنین، نوکتەی خۆشی بۆ دەگێڕانەوە! بەڵێنی دەدا کە بە زووترین کات دەزڤڕێتەوە و لە دوخانوف ( موڵکە تازەکەی ) ئاکنجی دەبێت. بەڵێنی دەدا هەرکە گەڕایەوە، کۆڕ و ئاهەنگان دەگێڕێت ، کۆڕی ڕەقس و سەما بەرپا دەکات، گەشت و گەڕان ساز دەکات، یاری ئاگرین بەرپا دەکات. بەدرێژایی ئەو ساڵەی کە بەسەر سەفەرەکەی ئەمیردا بووری، خانمەکان بەدەم چاوەڕوانی گەڕانەوەی پیرەمێردە میرەبانەکەوە، بەردەوام باسی ئەو کۆڕ و دەعوەت و ئاهەنگانەیان دەکرد کە بەڵێنیان پێدرابوو. جا خانمەکان بۆ تێرکردنی تاسەی خۆیان سەبارەت بە بەدیهاتنی ئەو بەڵێنانە، چەند سەفەرێکی دووخانوفیان کرد، لەوێ خانوویەکی کەونارای گەورە ماڵان هەبوو، باخێکی گەورەی هەبوو، پڕ بوو لە کولبە و کوختەێن جوان، ماڵی بچووک، پڕ بوو لە داری ئاکاکیا کەلە شێوەی شێردا پەرچ کرابوو، کۆمەڵێک گردۆڵکەی توورەکە ڕێژی تیا قوت کرابووەوە، پڕ بوو لە حەوز و ئەستێلان کە بەلەمێن بچووک بەسەریانەوە دەهاتن و دەچوون. کۆمەڵێک پەیکەر هەبوو، کە چاوی میوانیان نەوازش دەکرد...

سەرەنجام ئەمیر گەڕایەوە. بەڵام ئەوەی مایەی سەرنج و بەلای خەڵکەکەوە سەیر بوو، ئەمە بوو کە میر لە مورداسوف لای نەدا، بەڵکو یەکسەر چوو بۆ دوخانوف، تەنیا و گۆشەگیر لەوێندەر ئاکنجی بوو. ئیدی دەنگۆی سەیر بڵاو دەبووەوە، ئیدی لەم قۆناغەوە، بەسەرهات و سەربووری ئەمیر، شەقڵ و مۆرکێکی گۆنگ و بەتەمتومانی وەرگرت، شاخ و باڵی ئەفسانەیی لێدەنرا. یەکەمجار دەنگۆی ئەوەیان بڵاوکردەوە کە گوایە ئەمیر نەیتوانیوە هەموو سەروەت و سامانەکە بەدەست بێنێت و بەقازانجی خۆی یەکلایی بکاتەوە. هەندێ لە خزمەکانی ئەمیر، واتە ئەوانەی دەبوون بە میراتگری ئایندەی ئەو، دەیانویست بەو بیانووەی کە ئەمیر عەقڵی پارسەنگی دەوێ و

خەڵەفاوە، بخرێتە ژێر چاودێری و سەروەسێتی بۆ دابنرێت، لەوە دەترسان نەبادا دیسان سەروەت و سامانەکەی بەبادا بدات. دەنگۆیەکان هەر لەم سنوورەدا نەمان. لەوەش هەڵیبوارد. دەگێڕنەوە گوایە خزمەکانی، ئەوانەی دەبوون بە میراتگری ئایندەی، هەوڵیان دەدا بیخەنە شێتخانەوە، بەڵام یەکێک لە خزمەکانی، کە پیاوێکی بەڕێز و دارا و پایەدار دەبێت، پێیان دەڵێت ئەمیری داماو هیچی وای بەبەرەوە نەماوە، پێی بە لێوار قەبرەوەیە، هەر بینا کەوت و مرد، هەنگێ بێ ئەوەی پێویست بکات بخرێتە شێتخانەوە، هەموو موڵک و ماڵەکەی بۆ ئەوان دەمێنێتەوە. ئیدی لە دوای ئەو قسەیە واز لە بیرۆکەی شێتخانە دێنن. دەڵێن ئەم قسە و قسەلۆکانە، ترسێکی وایان خستە دڵی ئەمیرەوە، کە ڕەفتار و ئەتواری بە تەواوەتی گۆڕا، بوو بە کەسێکی گۆشەگیر و خەڵوەتدۆست. هەندێک خەڵکی فزوڵ و کونجکاوی مورداسوف، چون بۆ مورداسوف تا خێرهاتنەوەی ئەمیر بکەن و پیرۆزبایی سەلامەتی گەڕانەوەکەی لێبکەن، هەندێکیانی دەرکرد و، پێشوازییەکی زۆر گەرم و گوڕ و غەریبی لە هەندێکیان کرد. ئەمیر تەنانەت دۆستە کۆنەکانی خۆیشی نەدەناسییەوە.

دەیانگوت بە درۆوە وا دەکات و خۆی لە گێلی دەدات. تەنانەت پارێزگاریش سەردانی کرد.

پارێزگار، کە لە سەردانی وی زڤڕییەوە گوتی ئەمیر بڕێک تێکچووە. پارێزگار لەوە بەدواوە هەرکاتێ چوونەکەی خۆی بۆ دوخانوف بیر دەکەوتەوە، گرژ و پەست دەبوو. بەڵام خانمەکان بەدەنگی بڵند نارەزاییان دەردەبڕی. لەو سەروبەندەدا هەواڵێکی گرینگ لە دوخانۆفەوە هات، هەواڵەکە ئەوە بوو کە ژنێک بەنێوی ستیپانید ماتیوڤناوە ئەمیری کۆنترۆڵ کردووە، مەگەر هەر خوا بزانێت ئەم ژنە لە کوێوە پەیدا بووە. گوایە لە پترسبورگەوە لە گەڵ ئەمیردا هاتبوو. ژنێکی بەتەمەن و قەڵەو بوو، جل و بەرگی هندی لەبەر دەکرد، هەمیشە دەستەیەک کلیلی پێبوو، ئەمیر بەهیچ جۆرێ لە قسەی دەرنەدەچوو، بەبێ ئیزنی ئەو پەنجەی بە ئاوا نەدەکرد. بەبێ ئەو تاقە هەنگاوێکی نەدەنا؛ ئەو ژنە بەدەستی خۆی ئەمیری دەشۆرد، وەکو منداڵ نەوازشی دەکرد و دەیلاواند. ژنەی تاین بەجۆرێ بەسەر ڕەوشەکەدا زاڵ بوو، کە هەموو ئەو ئاشنایانەی کە دەهاتنە دیدەنی ئەمیر، بەتایبەتی خزمەکانی، تۆراندن و لە ئەمیری دوور خستنەوە، ئەوانە زیاتر بۆ ئەوە دەهاتنە دوخانوف، تا هەواڵێک بزانن. ئیدی ئەم پەیوەندییە سەیرە، لە مورداسوف دا بووبوو بە داستانی سەر زاران و مشت و مڕی نێو خەڵکەکە، بەتایبەتی خانمان. هەڵبەتە هەقی خۆیان بوو، سەریان لەم حاڵە بسوڕمێت ، چونکە ئەم ژنە، ستیپانید ماتویوڤنا بەکەیفی دڵی خۆی لە موڵکەکەی ئەمیردا ڕەفتاری دەکرد. پێشکار و خزمەتکار و پێشخزمەتەکانی دەردەکرد و دەیگۆڕین، داهاتەکانی کۆ دەکردەوە. دەیانگوت بەباشی موڵکەکەی بەڕێوە دەبرد و جووتیارەکانی وا

لێکردبوو، لە ڕەوشی خۆیان ڕازی بن، دڵیان بەچارەنووسی خۆیان خۆش بێت. سەبارەت بە خودی ئەمیرش دەنگ و باسەکان وابوو کە زۆربەی کاتی ڕۆژی بە ئاراییشت کردنی خۆیەوە دەبردەسەر، کڵاو قژەکەی، جل و بەرگە زۆر و زەبەندەکانی تاقیدەکردەوە. باقی ڕۆژەکەی لە گەڵ ستیپانید ماتویوڤنادا، بەیاری وەرەقەوە دەبردەسەر، هەندێجار بەسواری ئەسپە بچووکە ڕامە ئینگلیزیەکەی دەچووە گەڕان. لەو حاڵەتانەدا ستیپانید ماتویوڤنا، بەسواری گالیسکە چادر دارەکەی دوای دەکەوت، نەبا تووشی بویەرێک ببێت. چونکە ئەمیر هەر بۆ فیز و خۆنواندن ئەسپ سواری دەکرد، دەنا بە زەحمەت خۆی بەسەر ئەسپەوە دەگرت . هەندێجار بە پێیان دەبینرا، پاڵتۆیەکی لەبەر دەکرد، کڵاوێکی حەسیری قەراخ داری لەسەر دەکرد و دەستماڵێکی ئەرخەوانی لەمل دەکرد، بەرچاڤکەکەی لەچاو دەکرد و، زەمیلەیەکی بچووکی بەدەستەوە دەگرت، ئیدی لێرە و لەوێ دەسوڕایەوە کارگ و گوڵی کێوی دەچنی. ئیدی لەو کاتانەدا ستیپانید ماتویوڤنا، دوور و نزیک دوای دەکەوت، دوو پێشخزمەت و گالیسکەیەک بەدوای دەکەوتن تا نەبا پێشهاتێکی لەناکاو ڕووبدات. خۆ ئەگەر لەو کاتەدا جووتیارێک تووشی ئەمیر بوایە، خێرا لەسەر ڕێگاکەی لادەکەوت، کڵاوەکەی لەسەری دادەگرت و کڕنۆشی بۆ دەبرد و دەیگوت: " سڵاوتان لێ بێت باوە گەورە! سڵاوت لێ بێ هەتاوی پرشنگدار و ڕوناکی مە! " ئەمیر، خێرا عەینەکەکەی ( چاویلکە، بەرچاڤک ) لە چاو دەکرد و هەنگێ کەمێک سەری دادەنواند و بە زمانێکی شیرین دەیگوت: " ڕۆژباش براڵە، هەر شادبیت . "

لە مورداسوف، زۆر دەنگۆی لەو بابەتە دەگێڕدرایەوە. چونکە خەڵکی مورداسوف بەهیچ جۆرێ نەیاندەتوانی ئەمیر فەرامۆش بکەن. ئاخر زۆر لە نزیکی شارا دەژیا! بۆیە وەختایەک لە بەیانیەکی زۆر دڵگیرا، بوو بە قاو کە ئەمیری گۆشەگیر و خەڵوەتگر، ئەم مرۆڤە ئەتوار غەریبە، بەخۆی تەشریفی بۆ مورداسوف هێناوە و لە ماڵی ماریا ئالکسندروڤنا لایداوە و میوانی ئەوە، هەمووان سەریان سوڕما! هەموو خەڵکەکە کەوتنە ملەقوتێ و جم و جوڵ، چاوەڕوانی ئەوەبوون تا بزانن ڕەوشەکە بەکوێ دەگات، هەمووان لە یەکتریان دەپرسی: یانی چی؟ هەندێک خۆیان ئامادە دەکرد کە بچن بۆ ماڵی ماریا ئالکسندروڤنا تا بزانن مەسەلە چییە... هاتنەکەی ئەمیر تا ئەو ڕادەیە بەلای هەمووانەوە بویەرێکی سەیر بوو . خانمان جوابیان بۆ یەکدی دەنارد، کارەکەرەکانیان و تەنانەت مێردەکانیان دەنارد تا هەواڵێکیان بۆ بێننەوە. ئەوەی کە زۆر بەلایانەوە سەیر بوو، چوونی ئەمیر بوو بۆ ماڵی ماریا ئالکساندروڤنا. ئەوەی زۆر بەم سەردانەی ئەمیر پەست و نیگەران بوو ئانانیکولایوڤنا ئانتیبوڤا بوو، کە لەگەڵ ئەمیرا دوورە خزمایەتیەکیان هەبوو. جا بۆ ئەوەی هەموو ئەم مەسەلانە ڕوون ببنەوە، پێویستە سەرێکی ماڵی ماریا ئالکساندروڤنا بدەین، تکا لە خوێنەر بەڕێزەکانمان دەکەین بە ئەرک نەبێت، لەم سەردانەدا لەگەڵماندا بێن. هەرچەندە هێشتا تازە

سەعات دەی دانی بەیانییە، بەڵام من دڵنیام کە ماریا ئالکساندروڤنا، پێشوازی دۆستانی نزیکی خۆی دەکات. دەیسا با بە دڵنیایی تەواوەوە، بچین بۆ ماڵی ئەو.

## فەسڵی سێیەم

نها سەعات دەی بەیانییە. نها ئێمە لە ماڵی ماریا ئالکساندروڤناین کە کەوتووەتە سەر شەقامێکی گەورە. لەم ماڵەدا، لەو ژوورەداین کە خانمی خانەخۆی، لە بۆنە گەورەکەدا، بە هۆڵەکەی خۆی نێوی دەبات. ماریا ئالکساندروڤنا ژوورێکی پێشوازی تایبەت بەخۆیشی هەیە. زەمینەی ئەم هۆڵەزۆر جوانە، بایەخی زۆری پێدراوە، دیوارەکانی، بە کاغەزێن نەخشینی جوان داپۆشراون. موبیلەکانی ئەم هۆڵە هەندێک ناجۆرن ، ڕەنگیان سوورە . موغەیرییەک لە هۆڵەکەدایە، ئاوێنەیەکی لەسەر دانراوە، لەبەردەم ئاوێنەکەدا ( نەینوک، خۆدیک ) سەعاتێک هەیە کە پەیکەری خوای ڤیانی بەسەرەوەیە. پەیکەرەکە جوان نییە. لەو بۆشاییانەدا کە کەوتووەتە نێوان پەنجەرەکانەوە دوو ئاوێنەی دی دانراون کە بەپەلە پەردەکانیان لەسەر لادرابوو. دوو سەعات لەبەردەم ئەم دوو ئاوێنەیەدا، لەسەر تەپڵەکێن بچووک دانراون. لە پاڵ دیوارەکەدا پیانۆیەکی یەجگار جوان دانراوە، لە هەندەرانەوە بۆ زینا هێنرابوو؛ ئاخرە زینا موزیکڤان بوو! لەبەر موغەیرییەکەدا، کە هێدی هێدی دەگرا، ڕیزێک کورسی بەجوانی ڕیز کرابوو، مێزێکی بچووک لە بەردەم کورسییەکاندا دانرابوو. لە بەشێکی دیکەی هۆڵەکەدا مێزێکی دی دانرابوو، کە سفرەیەکی یەجگار سپی بەسەردا درابوو، سەماوەرێکی زێوین لە سەر مێزەکە دانرابوو کە قوڵپە قوڵپ دەکوڵا، لەپاڵ سەماوەرەکەدا تاقمێ پیاڵەی جوان دانرابوو، خانمێکی گەنج بەنێوی ئاناستازیا پتروڤنا زیابلوڤا، کە بۆرە خزمی ماریا ئالکساندروڤنا بوو، سەرپەرشتی سەماوەر و پیاڵەکانی دەکرد. با دوو قسە لەمەڕ ئەم خانمەش بکەین. بێوەژنە، تەمەنی سی ساڵ زیاترە، بسک ڕەش، ئەسمەر ڕەنگ، سەوزەڵە، ڕەنگ و ڕوو گەش و تەڕ و بڕ، بەژن و باڵا ڕێک، چاوە ڕەشەکانی کلیان لێدەتکا، ژیانیان لێهەڵدەقولا... دەم بە پێکەنین و ڕوووکەن و ڕووخۆشە، چالاک و چەلەنگ، بۆ حاڵی خۆی وریایە، بە هاسانی بەڕەی خۆی لە قوڕاوێ دەردەکێشێت، بەڵام چەنەباز و زۆربڵێ بوو، دەستی بوختان و دوو زمانیشی هەبوو. دوو کوڕی هەبوو، کە لە جێیەک لە قوتابخانەیەکی داخڵی دەیانخوێند. زۆر حەزی لەوەیە شوو بکاتەوە، قەرار بەدەست خۆیەتی، مێردەکەی جارانی ئەفسەری سوپا بوو.

خودی ماریا ئالکساندروڤنا کە لەلای موغەیرییەکەوە ڕۆنیشتبوو، مجێز و خوویەکی خۆشی هەبوو، جلێکی کەسکی کاڵی لەبەر بوو کە زۆر لێی دەهات. زۆر بە هاتنی ئەمیر شاد و خۆشحاڵ

بوو.لە کەیفان لە پێستی خۆی نەدەهێوری. ئەمیرش لەم کاتەدا لە نهۆمی سەرەوە ڕۆنیشتبوو و خەریکی خۆ ڕازاندنەوە و ئاڕایشتی خۆی بوو. ماریا ئالکساندروڤنا، بەڕادەیەک خۆشحاڵە کە ناتوانێت شادی و خۆشحاڵییەکەی خۆی بشارێتەوە. گەنجێکی خوێن گەرم لەبەر دەمیا وەستاوە و بە ئاو و تاو، بەوپەڕی ئەدەبەوە شتێکی بۆ دەگێڕێتەوە. بەنیگایا دیاربوو گەرەکیەتی سەرنجی خانم بۆ خۆی ڕابکێشێت. گەنجەکە هەر بیست و پێنج ساڵێک دەبوو. بە کەش و فش و لەخۆڕازیبوونەکەیدا، لە پیاوێکی ماقووڵ و بەئەدەب دەچوو. بەڵام دیار بوو کە کەسێکی حەنەکچی و شۆخیبازە، گیانی نوکتەبازی بەسەردا زاڵ بوو، کوڕێکی سوورکەڵەی، شیکپۆش و لە خۆڕازی بوو. جا نها با بزانین کێیە: ئەمە جەنابی موزگلیاکوفە کە ئایندەیەکی درەخشانی لەپێشە و ئەمە دەرفەتێکی باشە بۆ زەماوەند و زەوجین. ماریا ئالکساندروڤنا دەیزانی کە دەمارێکی شێتاتی تیایە، بەڵام هەمیشە بەگەرمی پێشوازی دەکرد. چونکە تەماحی کردبووە کچەکەی و بە گوتەی خۆی تا سەر ئێسقان خۆشی دەویست، هەر ساناساتێ ئاوڕێکی لای زینای دەدایەوە و هەوڵیدەدا بە حەنەک و نوکتەکانی، بزەیەک بخاتە سەر لێوانی. بەڵام زینا بەرانبەر بەو زۆر سارد و سڕ بوو، هیچ بایەخێکی پێنەدەدا. زینا لەم کاتەدا، لە سووچێکدا، بەدیار پیانۆکەوە وەستاوە و بەسەری قامکەکانی بەر پەڕێن گوڤارێک هەڵدەداتەوە. یەکێکە لەو ئافرەتانەی کە دەردەکەون سەرنجی خەڵکی ڕادەکێشن. لە ڕادەبەدەر خشۆک بوو: سەوزەڵەیەکی بەژن و باڵا زراڤ، سینگ و مەمک قوت، دوو چاوی سیحراوی مەیلەو ڕەش. شان و ملی عەینی پەیکەرێن توحفە، پێیەکانی بچووک، ئارەزوو بزوێن، ڕێکردن و لار و لەنجەی دۆتمیرانە بوو. ئەمڕۆ ڕەنگی کەمێک پەڕیوە، بەڵام ئەگەر کەمێک لێی ورد ببیتەوە، لێوەکانی سوور و ئاڵ، لە تۆ وایە بەتایبەتی نەخشێنراون، ڕیزێ ددانی ورد و مرواری ئاسا لە بەینییەوە دەدرەوشێتەوە، کە جارێ بیدینیت، سێ شەوان دێتە خەونت. سەر و سیمای زینا زۆر جددی دیارە و مسیو موزگلیاکوف، وەکو ئەوەیە لە نیگا جدییەکەی ئەو بترسێت، کە وەختایەک جورئەت بەخۆی دەدات تەمەشای زینا بکات، تەزوویەکی شەرمئامێز بە سەراپایدا دێت. زینا بە ئاشکرا بێموبالاتی بەرانبەر بە ئەو پێوە دیارە. زینا جلێکی ساکاری مۆزلینی سپی لەبەرە؛ ڕەنگی سپی زۆر لێدێت. ئەلهەقی هەرچییەک لەبەر بکات هەر لێی جوانە. ئەڵقەیەکی مووی هونراوە لە پەنجە تووتەیدا بوو، ڕەنگەکەی لە ڕەنگی قژی دایکی ناچێت. موزکلیاکوف هەرگیز جارێ لە جاران زاتی ئەوەی نەکردبوو کە لێی بپرسێت: ئەم مووە هونراوەیە، قژی کێیە؟ زینا ئەم بەیانییە زۆر بێدەنگە، تەنانەت کەمێک غەمگینش دیارە، پێدەچێت گرفتێکی هەبێت.

ماریا ئالکساندروڤنا، بەپێچەوانەوە لێکدا لێکدا و لە یەکبینە قسەی دەکرد، بە نیگەرانییەوە سەیری کچەکەی دەکرد، ژێراوژێر لێی دەڕوانی وەکو ئەوە بوو لێی بترسێت.

ماریا ئالکساندروڤنا، بەدەم قسانەوە گوتی:

–پاڤل ئالکساندروفیچ، من ئەوەندە خۆشحاڵم، ئەوەندە شادمانم بە هاتنی ئەمیر، ئامادەم بچم لەسەر بانەکانەوە جاڕی هاتنی ئەو بە گوێی خەڵکیدا بدەم! باسی ئەو سپرایزە جوانەی تۆ ناکەم کە تۆ لەبەر خاتری من و زینا، دوو هەفتە پێش ژوانەکە تەشریفت هێناوە، گەڕانەوەکەی تۆ خۆی لە خۆیدا هەڵوێستێکی زۆر بەرزە! من یەک لەباری خۆم زۆر خۆشحاڵم ئەم ئەمیرە ئازیزەت لەگەڵ خۆتدا هێناوە. ئایا دەزانی من ئەم پیرەمێرە بەڕێزەم چەند خۆشدەوێت؟ نەخێر، ناتوانیت تەسەور بکەیت کە چەندم خۆشدەوێت! ئەگەر سوێندشت بۆ بخۆم، تۆی گەنج کە لە هەوەڵی تەمەنتدایت هەر باوەڕ ناکەیت کە چەند شاد و خۆشحاڵم! ئایا دەزانیت جاران، شەش ساڵێک بەرلە ئێستا بۆ من دەیکردە چی؟ زینا لە بیرتە؟ ئا ببورە، لە بیرم چوو... هەنگێ تۆ لەلای پوورت بوویت... نەخێر، پاڤل ئالکساندروفیچ تۆ باوەڕ ناکەیت کە من دەلیل و خوشک و دایکی ئەمیر بووم! وەکو منداڵ گوێڕایەڵی منی دەکرد! دۆستایەتیەکی سادە و ساکار و بێڕیا و ڕووبینی و منداڵانەمان لە بەیندا هەبوو. لە دۆستایەتیەکەمان، جۆرە شیعرییەتێک هەبوو، وەکو ئەو شیعرانەی کە جاران شوانان بە ئاوازەوە لەبەر خۆیانەوە دەیانچڕی... نازانم چۆن گوزارشت لەو دۆستایەتیە بکەم، ناوی بنەم چی!... ئەوە سەدەمی ئەمەیە کە ئەم ئەمیرە بەلەنگازە، لەم شارەدا، یەک ماڵی هەڵبژاردووە، ئەویش ماڵەکەی منە، چونکە لە ناخی خۆیدا چاکەی منی لەبیرە و ویستوویەتی ئەو چاکەیەم بداتەوە!

پاڤل ئالکساندروفیچ ئایا دەزانی کە تۆ ئەم پیاوەت بۆ ماڵەکەی من هێناوە، چاکەیەکی گەورەت لە گەڵیدا کردووە، ڕزگارت کردووە؟ من بە درێژایی ئەم شەش ساڵە هەر جارێ کە بیرم کەوتووەتەوە دنیایەک خەمم بۆی خواردووە، باوەڕ بکە دەهاتە خەوم، خەونم پێوە دەبینی. دەگوترا کە ئەو ژنە ئەهریمەنیە، گەوجی کردووە، بەرەو نەمان و گومڕایی دەبات! بەڵام ئافەرین بۆ تۆ، ئەی باریکەڵا کە فریای کەوتی و لە چنگ ئەو نەفرەجایە دەربازت کرد! نەخێر هەر ئەوەندە بەس نییە، پێدڤییە ئەم دەرفەتە بەفیڕۆ نەدەین و بە تەواوەتی لە چنگ ئەم ژنەی ڕزگار بکەین! باشە پاڤل ئالکساندروفیچ پێم بڵێ چۆن توانیت ئەم کارە بکەیت؟ تکایە بەدرێژی باسی دیداری خۆت و ئەمیرم بۆ بکە! چونکە بەباشی گوێم لە تول و تەفسیلی مەسەلەکە نەبوو. ئیدی هەموو وردەکارییەکان لەم مەسەلەیەدا گرینگی و بایەخی خۆیان هەیە؛ ئەو وردەکاریانە دەکاتە خۆیی مەسەلەکە. من زۆرم حەز لە وردەکاریانە، بەتایبەتی لە شتێن گرینگدا. من بایەخێکی زۆر بە وردەکاریان دەدەم... تا ئەمیر لە سەرەوە لە ئاڕایشت و خۆڕازانەوە دەبێتەوە...

موزگلیاکوف، که ئامادەبوو بۆ جاری دەیەمیش شتەکە بگێڕێتەوە، چونکە باسکردنی ئەو مەسەلەیەی زۆر لەلا مەبەست و خۆشبوو، گوتی:بەڵێ ماریا ئالکساندروڤنا... وەکو بۆم گێڕایتەوە، من هەموو شەوەکە بەدەم هەڵتەک هەڵتەکی گالسیکەوە بەڕێوەبووم، شەوێکی ڕوناک بوو، بەدرێژایی شەوەکە خەو نەچووە چاوم. ئیدی بۆ خۆت وێنای بکە کە چەندم پەلەی گەڕانەوە بووە!

ئەوسا ڕوویکردە زینا و گوتی:- ئیدی زۆرم پەلە بوو، هەڕەشەم دەکرد، هاوارم دەکرد، داوای ئەسپم دەکرد، تەنانەت بەدەم جنێودانەوە لە وێستگەکاندا داوای ئەسپم دەکرد. خۆ ئەگەر هەموو ئەم واریقاتانەم بنووسیبایەوە، چامەیەکی درێژی وەکو چامەکانی ئەم ڕۆژگارەی لێدەردەچوو! بەهەرحاڵ لەمە گەڕێین و بینەوە سەر بابەتەکەی خۆمان: سەری سەعات شەشی بەیانی گەیشتینە دوا وێستگە، واتە گەیینە " ئیگیشف ". سەرما کەسیرەی کردبووم، بەڵام لە خەمی ئەوەدا نەبووم کە خۆم گەرم بکەمەوە. پەیتا پەیتا هاوارم دەکرد: " ئەسپ بێنن! " بەجۆرێ ژنی جێگری بەڕێوەبەری وێستگەکەم، کە منداڵێکی شیرەخۆری بە بەرەوە بوو، ترساند. لەوە دەچوو شیرەکەی وشک بووبێ... هەڵهاتنی ڕۆژەکە زۆر ئەفسووناوی بوو، ئیدی بەخۆت ئەو گەردەلوول و سەرمای پایزە دەزانی کە چۆن سەر و چاو سوور دەکاتەوە و پاشان زیوین دەبێت... بەڵام من گوێم بەهیچ نەدا، زۆرم پەلە بوو، خوا خوام بوو بە زووترین کات بگەمە جێ. ئەنجام بەزۆر و بە زەحمەت ئەسپم دەسکەوت، بە تۆپزی لە فەرمانبەرێکم سەند، چیوای نەمابوو داوای دوئێلی لێبکەم. پێیان گوتم کە چارەکە سەعاتێک لەوە پێش ئەمیرێک کە شەوێ لە وێستگەکە مابووەوە، بەخۆی و عەرەبانەکەیەوە لێرەوە کەوتووەتەڕێ! هەرکە گوێم لەو قسەیە بوو، بەهەشتاو سواری گالیسکەکەم بووم، ئیدی وەکو ئەوەی ئەهریمەن ڕاوەدووم بنێت، بەپەلە وەکو ئەوەی ڕاوم بنەن، باڵم گرت و بۆی دەرچووم. " فیت " ی شاعیر، لە چامەیەکیدا شتێکی وەکو ئەو بابەتەی هۆنیوەتەوە ( ئەم شاعیرە ئاناستازی فیت شنشین – ە کە شاعیرێکی لیریکی ڕووسە ١٨٢٠ – ١٨٩٣، ژیانی ئەدەبیی وی لە ساڵی ١٨٤٠ وە دەست پێدەکات و لە لایەنگرانی سەرسەختی هونەر بۆ هونەر بوو ) نازانم لە چ چامەیەکیایە. کە گەییمە نۆ فەرسەخی شار، لە پێچەکەی دێری سفیتوزیرودا، دیمەنێکی نائاساییم بینی: گالیسکەیەکی گەورەی سەفەران کەوتبووە سەر لا. عەرەبانەچیەکە و دوو ئێشخزمەت حایر و حەپەساو لەبەردەم عەرەبانەکەدا چەقی بوون و بە واقی وڕەوە سەرنجیان دەدا. لە نێو عەرەبانەکەوە دەنگی هاوار و ناڵە ناڵێکی دڵتەزێن دەهاتە گوێ. ویستم بەبێ موبالاتی بەلایاندا تێپەڕم، هەقم چیە بەسەریانەوە؟ بەڵام سۆزی مرۆڤدۆستی بەسەرما زاڵ بوو. هاینەی شاعیر ڕاستی کردووە کە گوتوویەتی ئەم سۆزی مرۆڤدۆستیە، خۆی لە هەموو شتێک هەڵدەقورتێنێ. ( هاینە ١٧٩٩ – ١٨٥٦، شاعیرێکی گەورە و مرۆڤدۆستی ئەڵمانیە ) ئەم هەست و سۆزە ناچاری کردم بوەستم. من و سیمونی خزمەتکارم و عەرەبانچیەکەش، چووین

به هانایانەوە، ئیدی بە شەش قۆڵی عەرەبانەکەمان ڕاستکردەوە کە لە شێوەی خزاک دا بوو، خستمانەوە سەر جادەکە، چەند جووتیارێکی زەڕخڕی – ش کە چیلکە و ئێزنگیان لە بێشەکانەوە بۆ شار دەبرد، یارمەتیان داین و سەرو پاداشتێکم دانێ... لە ناکاوا هات بە خەیاڵمدا و لە دڵی خۆدا گوتم: تۆ بڵێی هەمان ئەو میرە بێ کە لە وێستگەکەوە بەڕێ کەوتبوو؟ بۆیە تەمەشام کرد، ئەی خودا! خۆ خۆیەتی. میر گابریلە! چ ڕێکەوتێکە! ئیدی هاوارم کرد: " ئەی ئەمیر! ئاپۆ گیان! " هەڵبەتە یەکەمجار نەیناسیمەوە، کە بۆ جاری دووەم تەمەشای کردم، پێدەچوو شێوەم بکات... بەڵام دڵنیام کە تا نهوژی نازانێت من کێم... وا دەزانم بە کەسێکی بێگانەم دەزانێت نەک بە خزم... نزیکەی حەوت ساڵ لەوە پێش لە پترسبورگ دیتبووم، هەڵبەتە بەخۆت دەزانی من ئەوسا کوڕێکی منداڵکار و نۆلاو بووم. بەلاّم ئەوم هەر لەبیر مابوو، بەلاّم ئەو لەکوێ منی بیردەکەوێتەوە! خۆمم پێی ناساند، ئیدی زۆر شاد و خۆشحاڵ بوو، باوەشی پێدا کردم، لە خۆشیا دەلەرزی، دەگریا، بەڵێ خودا بەو سەرەوە شایەدە کە دەگریا... ئەوسا بە هەزار زەحمەت ڕازیم کرد: " وەرە سواری گالیسکەکەی من بە، ڕۆژێک لە مورداسوف بمێنەوە و پشوویەک بدە " ئیدی بەبێهیچ تکا و پاڕانەوەیەک قاییل بوو... بۆی گێڕامەوە کە بەنیازی دێری سفیتوزیرو بووە، تا میشێلی ڕەبەن ببینێت کە زۆری خۆشدەوێت و ڕێزی دەگرێت! باسی ستیپاند ماتویوفیچی کرد. کێ هەیە لە خزمانی میر کە ئەو ژنە نەناسێت، کێ هەیە کە ناوی نەبیستبێت؟ سەبارەت بە من پارەکە دەستی لێدامە گسک و لە ماڵەکە وەدەرینام. ئەمیر گوتی گوایە ئەم ستیپاند ماتویوفیچە، نامەیەکی بەپەلەی بۆ هاتووە گوایە خزمێکی لە موسکۆ لە گیانەڵلا و سەرە مەرگدایە... نازانم باوکیەتی یان کیژەکەیەتی، پێویستم بەوە نییە بیزانم... ڕەنگە هەردووکیان، هەم بابی و هەم کیژەکەی لە هەمان کاتدا لە سەرە مەرگدا بووبن. لەوەشە خوشکەزا و برازاکەشی هەرلە ئاوزینگدا بووبن. بەهەرحاڵ ستیپانیدا ماتویوڤنا زۆر نیگەران و ناڕەحەت بووبوو و بڕیاری دابوو بۆ ماوەی دە ڕۆژان خاترخوازی لە ئەمیر بکات و بەرەو پایتەخت بڕوات و بە حوزووری خۆی شار ئاوەدان بکاتەوە. ئەمیر یەک دوو ڕۆژێک چاوەڕوانی کرد، کلاّو قژەکانی(باروکە) لەسەر دەنا، خۆی تاس و لووس دەکرد، بە وەرەق فاڵی دەگرتەوە؛ بەلاّم نەیدەتوانی بە بێ ستیپانیدا ماتویوفیچا هەڵبکات! فەرمانی کرد کە ئەسپ و عەرەبانەکەی بۆ ئامادە بکەن و بە هەشتاو بەرەو دەشتی سفیتوزیروا کەوتەڕێ. یەکێک لە نزیکەکانی میر لە ستیپانیدا ماتویوفیچای غایب دەترسا، هەوڵیدا لە بڕیارەکەی ژێوانی بکاتەوە، لێ ئەمیر لەسەر بڕیاری خۆی ڕژد بوو و دوێنێ دوای نیوەڕۆ کەوتبووە ڕێ، شەوێ لە ئیگیشف مابووەوە، بەیانی زوو لە وێستگەکەوە بەڕێکەوتبوو، ڕێک لە پێچی ئەو جادەیەدا کە بۆ شوێنەکەی ڕەبەن میشێل دەچوو، نزیک بوو بە خۆی و گالیسکەکەیەوە هەڵدێرێت و بکەوێتە کەندێکەوە. ئیدی فریای کەوتم و پێشنیازم کرد کە بێت بۆ ماڵی دۆستە هاوبەشەکەمان، ماڵی ماریا

ئالکساندروڤنای زۆر بەڕێز. دەڵێت تۆ لەنێو هەموو ئەو ژنانەدا کە تا نها ناسیوونی لە هەموویان لەبەر دڵان تری. ئیدی بەم ئاوایە گەیشتینە ماڵەکەی تۆ. میرش لە نهۆمی سەرەوەیە و خۆی دەڕازێنێتەوە، پێشخزمەتەکەی، کە هەمیشە و بۆ هەر شوێنێ بڕوات لە گەڵیایەتی، یارمەتی دەدات. چونکە میر حەز دەکات بمرێت، نەک بەبێ تەڕاشکردن و خۆ ڕازاندنەوە لە هەنبەر خانماندا دەربکەوێت.

... ئەمە هەموو حاڵ و حیکایەتەکەی منە!... چیرۆکێکی جوانە!

ماریا ئالکساندروڤنا، دوای ئەوەی گوێی گرت، هاواریکرد:

–زینا، دەزانی ئەم جەنابی موزگلیاکۆفە زۆر حەنەکچیە! چەند دەماوەر و زمان پاراوە، چەند بە ئاو و تاو شتەکان دەگێڕێتەوە! بەڵام پاڤڵی ئازیز، پرسیارێکم هەیە حەز دەکەم لێتی بکەم: پێم بڵێ خزمایەتی تۆ و ئەمیر چۆنە، تۆ بە ئاپۆ نێوی دەبەی، نەوسایە؟

– بەخوا ماریا ئالکساندروڤنا، من نازانم خزمایەتیەکەمان چۆنە و دەکەینە چی یەکتری، ئەم خزمایەتیە لە کێوە هاتووە. وابزانم دەگەڕێتەوە بۆ نەوەی حەوتم؛ خزمی خەزووری سەپانی شێخ، بەڵام ئەمەش زۆر جێگەی متمانە نییە... من لەم ڕووەوە هیچ خەتا و کەمتەرخەمییەکم نییە. ئەگەر خەتایەک و خەتاکارێک لە ئارادا بێت، تەنیا پوورە ئاگلایامیخائیلوفنامە . بە قسەی ئەو من خزمی ئەمیرم. پوورە ئاگلایا میخائیلوڤنا، جگە لەوەی خزمەکانی بە قامکی دەست بژمێرێت، هیچی دی نەکردووە. هەر ئەم پوورەم پار هاوین هانیدام بڕۆم بۆ دوخانوف و سەری ئەمیر بدەم؛ کەچی بەخۆی نەچوو بۆلای، سەری نەدا... بەهەرحاڵ من بە ئەمیر دەڵێم ئاپۆ و ئەویش بەو ناوە وەڵامم دەداتەوە. ئەمە هەموو خزمایەتیەکەمانە و تەواو. بەلای کەمەوە تا ئێستا...

– وێڕای هەموو شتێک، من قەناعەتم وایە هەر خوا خۆی لە دڵی ناویت کە بیهێنیت بۆ ماڵەکەی من! کە بیر لەوە دەکەمەوە کە ئەگەر ڕێی بکەوتبایە ماڵێکی دی چ بەڵایەکی بەسەردا دەهات، بەسەر ئەمیری بەلەنگازدا، سەراپام دەکەوێتە لەرزین! ئەگەر ڕێی بکەوتایەتە ماڵێکی دی دوور نەبوو بە کەوڵکردن کەوڵی بکەن، بە پێست و ئێسقانەوە بیخۆن!... ئیدی وەکو ئەوەی کانە زێڕیان دۆزیبێتەوە، تێی دەوڕوکان، دەیاندا بەسەریا، لەوەبوو تالانی بکەن! پاڤل ئالکساندروفیچ تۆ نازانی خەڵکی ئەم شارە چەند سووک و چاو چنۆک و پیسکە و بودەڵەن، لە هیچ شتێک ناپرینگێنەوە!

ئیدی ئاناستازی پتروڤنا، کە بەرپرسی چای تێکردنە، بەپەلە هەڵیدایە و گوتی:

– ئەی خودایا! ئاخر جگە لە ماڵەکەی تۆ، بۆ کوێی دی ببرایە؟ بۆ ماڵی ئاناتیکولایوفنا؟... تۆش سەیری ماریا ئالکساندروڤنا!

ماریا ئالکساندروڤنا، لە سەر کورسیەکەی هەستا و بە نیگەرانییەوە گوتی:– بەهەرحاڵ، چما ئەوەندە دێر کەوت؟ ئەمەم بەلاوە سەیرە!...

– ئاپۆ گیان دەڵێیت؟ لام وایە پێنج سەعاتی پێدەچێت تا خۆی دەگۆڕێت! چونکە تووشی لە بیرچوونەوە بووە و مێشکی بە تەواوەتی سڕدراوەتەوە، لەگینە بیری چووبێتەوە کە هاتووە بۆ ماڵی تۆ. ئاخر ماریا ئالکساندروڤنا ئەم پیاوە پیاوێکی سەیرە، سپرایزی سەیری لەلایە!

– ئاخ! تکایە بەسە!

– ماریا ئالکساندروڤنا، تۆ هەر بۆچوونێکت هەیە، ئازادی، بەڵام ئیدی ئەوە ڕاستیەکەیە. ئەمیر زیاتر لە مرۆڤێکی کارتۆنی دەچێت تا لە مرۆڤێکی تەواو ڕاستەقینە. تۆ شەش ساڵ لەوە پێش دیتووتە، من سەعاتێ لەمەپێش دیتوومە. ئاخر ئەمیر هەر ئەوەتا ڕوحی تیایە! زیاتر لە تارمایی دەچێت، پێدەچێت مردبێت و بیریان چووبێت بینێژن! چاوێکی شووشەیە، لاقێکی عەمەلییە، بە زەبری سپرینگانی جۆراوجۆر بەپێوە دەوەستێ، تەنانەت ئەگەر بتەوێت بیهێنێتە قسانش دەبێ پل بە دوگمەیەکەوە بنەیت.

ماریا ئالکساندروڤنا، کە خۆی جدی گرتبوو، لە کانگای دڵەوە گوتی:

–ئاخ! خۆزگە گوێم لێنەدەگرتی هەی سەرشێت!.. تۆ شەرم لە خۆت ناکەیت بەوئاوایە باسی پیرە مێردێکی بەڕێزی خزمی خۆت دەکەی؟ ئاخر تۆ پیاوێکی گەنجی چۆن دەبێ بەو ئاوایە باسی پیرەمێردێکی بەڕێز و خزمی خۆت بکەیت، بەلای کەمەوە بیر لە میرەبانی و دڵاوایی و بەخشندەییەکەی بکەوە!

جۆرە بەزەییەک بە دەنگییەوە دیاربوو: دۆستی ئازیز، بەکێمانی ئەوەت لەبیر بێت ئەمیر دوا نوێنەری ئەریستوکراتیەتی جارانی ئێمەیە. من دەزانم تۆ بەحوکمی بیرکردنەوەی تازە و مودێرنی خۆت کە بەردەوام باسی دەکەیت، ئەو جۆرە قسانە دەکەیت! خودا شایەدە منیش لەگەڵ بیرکردنەوەی تازەدام، شتی زۆر ئەرێنی تێدایە، بەڵام لایەنی پراکتیکیش گرینگی خۆی هەیە، منیش دنیام دیتووە، سەرم لەبەر هەتاو سپی نەکردووە، لە تەمەنمدا زۆر شتم جەڕباندووە، ئەوەی پیر لە خشتی کاڵا دەیبینێت ، گەنج لە ئاوێنەشدا نایبینێت ، سەرباری هەموو ئەمەش من دایکم، بەڵام تۆ هێشتا گەنجی، خەیاری گوڵ بەدەمەی! ئەمیر پیرەمێردە، بۆیە کۆمیدی دێتە بەرچاوی

ئێمەمانان. لەوەش خراتر ئەمەیە کە جاری پێشوو لەلای ئێمە گوتبووت بەتەمای جووتیارە زەڕخڕییەکانت ئازاد بکەیت، گوتبووت پیاو دەبێت شتێک بۆ پێشکەوتنی قۆناغ و سەردەمەکەی خۆی بکات. هەر هەموو ئەو قسانە زادەی ئەوە بوو کە بەرهەمێکی شەکسپیرت خوێندبووەوە! باوەڕم پێبکە پاڤل ئالکساندروفیچ، دەمێکە باوی شکسپیر نەماوە، باوەڕ بکە ئەگەر نها زندوو ببێتەوە، ویڕای هەموو زیرەکییەکی خۆی، لە ئەلف و بێی ژیان و ئاکار و نەریتی ئەمڕۆی ژیانی ئێمە حاڵی نابێت! خۆ ئەگەر جۆرە جوامێری و مەردایەتیەک لە کۆمەڵگەی هاوچەرخی مەدا هەبێت، باوەڕ بکە تەنیا لە کۆمەڵگە و چینی ئەشرافدا ماوە و دەبێت لەوێدا بۆی بگەڕێین. ئەمیر ئەمیرە، چ لە کوختەدا بژی و چ لە کۆشکدا هەر ئەمیرە و ئەمیرانە دەژی و هەڵس و کەوت دەکات!

با من نموونەیەکت بۆ بێنمەوە: مێردەکەی ناتالیا دمیتریڤونا کۆشکێکی دروستکردووە، وایدەزانی بەو کۆشکە گەورە دەبێت، ویڕای ئەوەش هەر مێردەکەی ناتالیا دمیتریڤونایە و هیچ گەورەتر نەبووە. ناتالیا دمیتریڤوناش، ویڕای ئەوەی دەیان کراسی پف دراوی هەیە، هەر ناتالیاکەی جارانە.

تۆ تا ڕادەیەک نوێنەری چینی ئەشرافی، چونکە لەو چینەیت. منیش خۆم لە چینی ئەرستوکرات بە غەریب و بێگانە نازانم، بۆیە دەڵێم واوەیلا بۆ ئەو تەیرەی نکوڵی لە لانەی خۆی دەکات! ڕێوی لە کونی خۆی هەڵگەڕێتەوە گەڕ دەبێت! بۆیە پاڤلی ئازیزم دڵنیام کە تۆ ئەم شتانە لەمن باشتر دەزانیت و ڕۆژێ لە ڕۆژان باشتر تێدەگەیت و دەستبەرداری شەکسپیرەکەت دەبێت! من پێشبینی ئەمە دەکەم و دڵنیام کە حاڵی حازر لە بیر و بۆچوونەکانتدا نە ڕاستگۆیت و نە دڵسۆزیت، تەنیا وەکو مۆدی ڕۆژ ئەو قسانە دەکەیت. بەڵام وابزانم پاڤلی ئازیز زۆرم قسەکرد. تۆ لێرە چاوەڕوان بکە، من بەخۆم دەچمە سەرەوە تا بزانم ئەمیر خەریکی چییە. ڕەنگە شتێکی پێویست بێت... بەخۆت دەزانی ئەم پێشخزمەتە خوێڕیانەی من...

ئیدی ماریا ئالکساندروڤنا، بلەز لە هۆڵەکە وەدەرکەوت تا چاودێری ئەتواری پێشخزمەتەکانی بکات.

ئاناستازیا پتروڤنا گوتی:- وادیارە ماریا ئالکساندروڤنا زۆر خۆشحاڵە بەوەی کە ئەمیر نەچووە بۆ ماڵی ئانا نیکولایوڤنای فشەکەر و خۆ هەڵکێش، ئەو فشەکەرەی هەر کەسێکی دیتبا پێی دەگوت کە خزمی ئەمیرە. بێگومان نها خەریکە لە داخا شەق دەبات.

هەروەها ئاناستا پتروڤنا گوتی: بەڵام خانم زیابلوفا کە هەستی کرد کەس گوێ لە قسەکانی ناگرێت، تەمەشایەکی زینا و پاڤل ئالکساندروفیچی کرد، یەکسەر تێگەیشت کە بوونی لەوێندەر لە زیادەیە، ئەویش وەکو ئەوەی لە دەرێی هۆڵەکە کارێکی هەبێت، بەپەلە لە هۆڵەکە وەردەکەوت.

ویڕای ئەوەش هەرکە لە دەرگاکە چووە دەرەوە، وەستا و گوێی هەڵخست. زۆر حەزی لەوەبوو بە دزییەوە گوێ لە قسەی خەڵکی بگرێت.

پاڤل ئالکساندروفیچ یەکسەر ئاوڕی لای زینای دایەوە. پاڤل لە ڕادەبەدەر هاڕووژابوو. دەنگی دەلەرزی، بەترس و لەرزێکی پاڕانەوە ئامێزەوە گوتی:- زینا ئید ئاناسیوڤنا خۆ لەمن تووڕە نیت؟

زینا کەمێک سوور بووەوە، سەری هەڵبڕی و چاوە جوانەکانی لە دوڕ چاوانی پاڤل بڕین و گوتی:- لە تۆ؟ لەبەرچی؟

- لەبەر ئەوەی زووتر لە ژوانی خۆمان هاتوومەوە... نەم دەتوانی پازدە ڕۆژی دی چاوەڕوان بکەم.... نەخێر نەمدەتوانی... شەو نەبوو خەونت پێوە نەبینم... بۆیە هاتووم تا چارەنووسی خۆم بزانم... کەچی دەتبینم گرژ و مۆنیت، تووڕە دیاریت؟ تا کەی بەم حاڵەوە بمێنم و ئاخر کەی وەڵامم دەدەیتەوە؟

زینا بەڕاستی برۆکانی وێک هێنابوونەوە و چارەی بەیەکدا دابوو. دووبارە چاوەکانی داخستن و بەڕاوێژێکی مەحکەم و جدی، کە جۆرە داخ و کەسەرێکی پێوە دیاربوو، بەرسڤی دایەوە:

- من دڵنیابووم، کە باسی ئەم مەسەلەیە دەکەیتەوە. جا چونکە چاوەڕوانی بۆ منیش ناخۆش و زەحمەتە، تا زووتر ئەم مەسەلەیە یەکلایی بکرێتەوە باشترە. تۆ دووبارە خوازگاری من دەکەیت، واتە تکا دەکەیت وەڵامت بدەمەوە. ڕێگەم بدە با وەڵامەکەی خۆمت بۆ دووبارە بکەمەوە، کە هەمان وەڵامەکەی جارانە و نەگۆڕاوە: چاوەڕوان بکە. دووپاتی دەکەمەوە کە من هێشتا بڕیاری خۆم نەداوە، ناتوانم بەڵێنت بدەمێ کە شووت پێدەکەم. پاڤل ئالکساندروفیچ، ئەو شتانە بە خۆرتی نایەتە سەپاندن. بەڵام بۆ ئەوەی کەمێک هێور ببیتەوە، دڵنیات دەکەم کەبە یەکجارەکی ڕەتت ناکەمەوە. تکایە با ئەمەت لەبیر بێت . بۆیەش ئەو قسەیە دەکەم، تا کەمێک دڵت خۆشبێت و سەبرت بێت. دەنا دووپاتی دەکەمەوە، دەمەوێت لە بڕیاری خۆمدا ئازادی ئازاد بم؛ بۆیە ئەگەر لە ئایندەدا خوازگارییەکەتم ڕەفز کردیتەوە، نابێ گلەیی ئەوەم لێبکەیت کە بێهودە دەرگای ئومێدم بە ڕووتدا کردووەتەوە، لە ئێستاوە ئەوە بخە دڵی خۆتەوە.

موزگلیاکوف، بەڕاوێژێکی خەمناکەوە هاواریکرد:- دەی ئەمە چییە! ئایا زینائید ئاناسیوڤنا، دەتوانم ئەم قسانەی تۆ بەجۆرە بەڵێنێک بزانم و دڵیان پێخۆش بکەم؟

-هەرچییەکم پێ گوتوویت لای خۆت هەڵیبگرە و چۆنت گەرەکە وای لێکبدەوە، بەکەیفی دڵی خۆت، ئەمە پەیوەندی بەخۆتەوە هەیە، پەیوەندی بە منەوە نییە! من هیچ شتێکی دیکەم نییە پێتی بڵێم. من

هێشتا جوابم نەکردوویت، دەستم بە ڕووتەوە نەناوە، تەنیا ئەوەندەم گوتووە سەبر بکە. بەڵام دووپاتی دەکەمەوە کە هەقی خۆمە لە ئایندەدا، ئەگەر بەباشم زانیڕەتت بکەمەوە. پاڤل ئالکساندروفیچ با ئەوەشت پێ بڵێم ئەگەر بەر لە ژوانی وەڵامەکەی من هاتوویت، ئیدی بەقسەی هەر کەسێک یان بە پشتیوانی دایکم هاتوویت، ئەوا زۆر بەهەڵە چوویت، سەهویت. ئەگەر بەو نیازە هاتوویت، تکایە دڵنیابە کە یەکسەر و بێ چەند و چوون ڕەتت دەکەمەوە. گوێت لێمە؟ ئیدی بەسە، تکایە چیتر ئەو مەوعیدەم بیر مەخەوە.

کیژێ هەر هەموو ئەو قسانەی بەڕاوێژێکی وشک، لە پەستا و بێ پسانەوە، وەکو ئەوەی پێشوەختە ئامادەی کردبن، کرد.

مسیوپاڤل، هەستی بە بێتاقەتیەکی زۆر کرد. لەو کاتەدا ماریا ئالکساندروڤنا گەڕایەوە، یەکسەر خاتوو زیابلوفاش لەدوای ئەوەوە وەژوورکەوت.

– زینا، وابزانم ئەمیر ئێستا دێتەخوارەوە! ئاناستازیا پتروڤنا لەزێکە، چایەکی تازە دەم بدە!

ماریا ئالکساندروڤنا، سووکە نیگەرانیەکی پێوە دیاربوو.

ئاناستازیا پتروڤنا کە بەرەو لای سەماوەرەکە دەڕۆیی، گوتی:- ئانا نیکولا یوڤنا ئێستا کارەکەرەکەی خۆی ناردبوو تا بزانێ چ باسە. ئانیوتکای کارەکەر، خۆی بە مووبەقەکەماندا کرد و خەبەر و باسی لێرە و لەوێ کۆدەکردەوە. بێگومان خانمەکەی تا ئێستا زۆر تووڕە بووە!

ماریا ئالکساندروڤنا، بە ساردییەکەوە وەڵامی خاتوو زیابلوفای دایەوە:- جا من هەقم چییە؟ من بیر لەوە ناکەمەوە کە بزانم ئانا نیکولا یوڤناکەی لەمەڕ تۆ چی دەکات و چی ناکات! باوەڕ بکە من هەرگیز کەس بۆ مووبەقەکەی ئەو نانێرم تا خەبەر و باسم بۆ بهێنێت، من... بەلامەوە سەیرە چما ئێوە، هەمووتان من بە دژمنی قەستەسەری ئانا نیکولایوڤنای داماو دەزانن، هەر تۆ وا بیر ناکەیتەوە، بەڵکو هەموو خەڵکی شارەکە وا بیردەکەنەوە. پاڤل ئالکساندروفیچ من تۆ دەکەم بە داوەر، تۆ هەردووکمان باش دەناسیت: ئاخر بۆ دەبێت من دژمنی ئەو بم؟ بۆ ئەوەی من لە پلەی خانمی یەکەمدا بم؟ خۆ من ئەو شتەم هەرگیز بەلاوە گرینگ نییە! با ئانا نیکولا یوڤنا، تا دەتوانێت خۆی بە خانمی یەکەم بزانێت! من ئامادەم بچم بۆلای و پیرۆزبایی ئەو یەکەمیەی لێبکەم. من داکۆکی و بەرەڤانی لێدەکەم، هەستدەکەم لە سەرمە بەرەڤانی لێبکەم! زۆری لێدەخوێنن، بوختانی بۆ دەکەن! ئاخر بۆ هەمووتان لە عەلەیی دەدوێن؟ ئەم ئافرەتە گەنجە، حەزی لەوەیە جلی سفور لەبەر بکات، چ قەیدییە؟ بە نۆرینی من ناز و کریشمە و سفورییەکەی ئەو هیچ عەیبێکی تیا نییە، لە زۆر کاری دیکە باشترە، وەکو ئەو کارە نەنگیانەی کە ناتالیا دمیتریوڤنا دەیانکات. ئەم ناتالیا

دمیتریوڤنایە حەزی لە هەندێ شت هەیە، هی ئەوە نین بە زماندا بێن! یانی گلەیی ئەوە لە ئانانیکولایوڤنا دەکەن کە هەمیشە لە گەڕاندایە و لە ماڵی خۆیدا ناحەوێتەوە، گوایە ڤۆناغی ناخۆش ماڵی خۆیەتی، بەڵام هۆی ئەمە ئەوەیە کە خوێنەوار نییە، نەچووەتە قوتابخانە، لە ژیانیدا کتێبێکی نەخوێندووەتەوە... دوو خولەکی بەردەوام خۆی بەهیچ کارێکەوە مژوول نەکردووە! گلەیی ئەوەی لێدەکەن کە ناز و عیشوە دەفرۆشێت، لە پەنجەرەکانەوە سەر دەکێشێت و چاوبڕکێ لەگەڵ هەر پیاوێکدا، کە بەسەر جادەکەدا بڕوات دەکات. من تێناگەم چما بە جوان و بەدەوی دەزانن، لە کاتێکا هیچ جوانییەکی تێدانییە، تەنیا ئەوە نەبێت کە تۆزێ سپیکەڵەیە و هیچی دی! باشە پێی ناڵێن لە سەمای بولگادا کەس نایگاتێ؟ دروستە سەرپۆش و مت و مورووی نائاسایی بەکار دێنێت، بەڵام گوناحی ئەو چییە کە پەروەردەگار زەوق و سەلیقەی نەداوەتێ، بەڵکو دڵێکی ساویلکە و خۆشباوەڕی داوەتێ. ئەگەر پێی بگوترێ کە کاغەزی نوقڵ و نەبات لە گێسوی دێت، یەکسەر کاغەزی نوقڵ لە گێسوی دەدات! ڕاستە دووزمان و بوختانچییە، خۆ ئەمە عادەتی هەموو خەڵکی ئەم دەڤەرەیە، کێ هەیە دوو زمان و بوختانچی نەبێت؟ گوایە سوچیلوف، بەوردێنە دوفلیقانەیەوە، بەیانی و ئێوارە و بگرە شەوانیش لەلای ئەوە. ئەی خودایا! دەتانەوێ چی بکات ئەگەر مێردەکەی تا سەعات پێنجی بەیانی هەر خەریکی قومار بێت؟ بۆچی گومان لە هەموو شتێک دەکەن؟ کێ هەیە لەم دەڤەرەدا قسە و قسەڵۆکی بۆ هەڵنەبەستریێت ؟ بەهەرحاڵ من لە هەموو شوێن و لە گشت کاتێکدا هەر بەرەڤانی لێدەکەم.

لەم کاتەدا ماریا ئالکساندروڤنا بە دەنگی بەرز هەڵیدایێ: ئەی خودا! ئەوە ئەمیرە وادێت. خۆیەتی! ناسیمەوە، لە نێو هەزاران پیاودا دەیناسمەوە، میری من، بەدیدارت شادبوومەوە.

ماریا ئالکساندروڤنا بەهەشتاو بەرەوپیری چوو.

## فەسڵی چوارەم

لە یەکەم نیگادا ئەمیر پیر نایەتە بەرچاو، بەڵام کە لە نزیکەوە لێی ورد ببیتەوە و بەوردی سەرنجی بدەیت، بۆت بەدیار دەکەوێت کە مۆمیایەکە لەو گۆڕە، بە جەڕ و سپرینگ دەجووڵێت. هەموو هونەرێکیان بەکار بردووە تا ئەم پەیکەرە مۆمیاییە، شێوەی پیاوێکی گەنج وەربگرێت، وەکو پیاوێکی گەنج بنوێنێت . کڵاو قژ، سەکسوکە و سمێڵ، شەپقەیەکی ئەسپانیایی ڕەشی تۆخ کە نیوەی دەم و چاوی داپۆشی بوو... دەم و چاوی زۆر بە دیقەت مکیاج کرابوو، هیچ چرچ و لۆچێک

بە دەم و چاویەوە دیار نەمابوو! نەتدەزانی چی لە ئەمیر کرابوو، چۆن بەم شێوەیە دەرهێنرابوو! دوا مۆدی جلکی لەبەر کرابوو، لە تۆوایە وێنەیەکە و لە ئەلبومی خەیاتێکی گەورە دەرهێنراوە. چاکەتێکی لەبەربوو، پڕ بە پێستی مۆد و زەوقی هاوچەخ بوو، بەتایبەتی بۆ زیارەت و سەردان و دیدەنی بەیانیان دروستکرابوو. بەڵام دەسکێشەکانی، بۆینباخەکەی و ئێلەک و کراسەکەی هێندە تازە و هەڵبژاردە بوون ئاوی چاویان دەبرد، دیاربوو کە زەوقێکی بەرزیان لە پشتەوەیە! ئەمیر، بە ئاستەمێک دەلەنگی، بەڵام هێندە بە وەستایانە دەلەنگی لە تۆوایە ئەم کارە یەکێکە لە پێویستیەکانی مۆدی ڕۆژ. چاویلکەیەکی یەک چاوی لە چاوە شووشەکەی کردبوو. ئیدی یەکپارچە بۆنی عەتری لێدەهات. کە قسەی دەکرد، زیاتر دانی لەسەر هەندێ برگەی وشەکان دادەگرت، ئیدی یان بەهۆی لاوازی و پیرییەوە بوو، یان بە سەدەمی ددانەکانیەوە بوو کە عەمەلی بوون، ڕەنگە بۆ فیز و خۆنواندنیش بووبێت . هەندێ لەو وشە و برگانەی زۆر بەخاوی ئەدا دەکرد، فۆکەسی تایبەتی لەسەر پیتی E دەکرد. بۆ نموونە ئەگەر بیویستبایە وشەی da ( واتە بەڵێ ) بدرکێنێ بە " de " ی دەدرکاند. هەڵبەتە زۆر بە نەرمی و شیرینی دەیدرکاند. هەرهەموو ئەم ئاکار و ئەتوارانە ئەوەیان نیشاندەدا کە ئەمیر بەدرێژایی تەمەنی پیاوێکی قۆرە دەماخ و بەفیز بووە و حیسابی بۆ کەس نەکردووە، ئەوەی لەو ژیانە پڕ شکۆ و شاهانە و پڕ ڕابواردن و خوشگوزەرانەی جاران مابووەوە، هەمان ئەو ڕەفتارەیەتی کە خۆبەخۆ لە نائاگایی ئەودا وەکو سێبەرێکی کاڵ مابووەوە. بەڵام ئەو پاشماوانە نها بەڕادەیەک گۆڕابوون و کاڵ بووبوونەوە کە ئەم مرۆڤە لەخۆبایی و قۆڕە دەماخە، تەنیا سێبەرەکەی مابووەوە. ئەمڕۆ تەنیا ئەوەی بۆ مابووەوە کە خەڵکی بەزەییان بە زورهانیەکەیدا دەهاتەوە، زورهانی و پیرییەک کە بەهیچ عەترساز و خەیات و ئاڕایشتگەرێک نەدەهاتەوە تایم و جەوان نەدەبووەوە. بۆیە باشتر ئەوە بوو لە ئێستاوە دان بەوەدا بنەین کە پیرەمێرد ئەگەر بە تەواویش ئاوەزی لەدەست نەدابێت، ئەوا لە مێژە یادگەی لەدەست داوە. خۆ هەرکاتێ بیەوێ قسەیەک بکات زمانی دەگیرێت، قسەکانی دووبارە دەکاتەوە، وڕێنە دەکات و مەبەستەکەی خۆی لە بیر دەچێتەوە. بۆیە ئەگەر یەکێک بیویستایە قسەیەکی لەگەڵدا بکات، دەبوایە زۆر بەسەبر و حەوسەڵە بێت. بەڵام ماریا ئالکساندروڤنا دەیتوانی متمانەی بەخۆی هەبێت و هەرکە ئەمیری بینی ئیدی زاری کرایەوە و کەوتە قسان.

هەردوو دەستی میوانەکەی خۆی گرت و لەسەر قەنەفەیەکی نەرمی دانا و هاواریکرد:

–ئەمیر هیچ نەگۆڕاویت. فەرموو دانیشە ئەمیرەکەم، دانیشە. شەش ساڵە، شەش ساڵی خشتە نەمدیتوویت! لەم ماوەیەدا تاقە نامەیەک، تاقە دێڕێکمان بۆ یەکدی نەنووسیوە! جەنابی ئەمیر چەند

بەرانبەر بەمن کەمتەرخەمیت .. من زۆر لێت زویرم ئەمیری ئازیزم! ئەرێ چای چای، کوا چایەکە؟ ئەرێ ئاناستازیا پتروڤنا چاوەڕوانی چیت، کوا خێراکە چایەکە بێنە؟

ئەمیر بەدەم خوتە خوتەوە گوتی: سوپاس... سو... پا... س، ببورە ( لەبیرمان چوو باسی ئەوە بکەین کە ئەمیر کەمێک زمانی دەیگرت، پێدەچوو ئەمەش لە مۆدبازی بێت ). ئەوسا بە عەینەکە دەسکدارەکەی خۆیەوە، تەمەشای ناو هۆڵەکەی کرد و لەسەری ڕۆیی:- بمبورە، باوەڕ بکە پار بەتەما بووم بۆ ئێرە بێم، بەڵام ترساندیانم... پێیان ڕاگەیاندم کە گوایە کو... لێرا... لێرە بڵاو بووەتەوە...

ماریا ئالکساندروڤنا گوتی:- نەخێر جەنابی ئەمیر، کولێرامان نەبوو.

هەنگێ موزگلیاکوف، بۆ ئەوەی خۆی بنوێنێت هەڵیدایێ:- ئاپۆ، پەتای ئاژەڵان بڵاو بووبووەوە.

ماریا ئالکساندروڤنا، مۆڕەیەکی لێکرد.

ئەمیر گوتی:- بەڵێ.. پەتا... شتێکی لەو بابەتە... ئیدی لە هاتن ژێوان بوومەوە. ئێ ئانا نیکولایوڤنای بەڕێز حاڵی مێردەکەتان چۆنە؟ هێشتا هەر لە دادگا کار دەکات؟

ماریا ئالکساندروڤنا بە زمانە لاڵکێوە گوتی:- نەخێر ئەمیر مێردەکەی من دادوەر نییە.

موزگلیاکوف بە پەستیەوە گوتی:- گرێو دەکەم کە ئاپۆ گیان حەواسی پەرتە و دەزانێت تۆ ئانا نیکولا یوڤنا ئانتیبوفای!

بەڵام زۆری نەبرد موزگلیاکوف، کە بینی ماریا ئالکساندروڤنا بەبێ ڕوونکردنەوەکەی ئەویش دەزانێت چ بکات و چۆن بەڕەی خۆی لە قوڕاوێ دەربکێشێت، ئیدی بێدەنگ بوو.

ئەمیر ویستی قسەکەی خۆی ڕاست بکاتەوە و گوتی:- بەڵێ، بەڵێ... هەڵبەتە ئانا نیکولا یوڤنا... حەواسم تێکچووە... ئانتیبوفا... بەڵی... ئانتیبوفام مەبەستە.

ماریا ئالکساندروڤنا، بەدەم بزەیەکی تاڵەوە گوتی:- نەخێر جەنابی ئەمیر... تۆ سەرچیغ چووی... سەهوی... من هەرگیز ئانا نیکولایوڤنا نیم و باوەڕم نەدەکرد کە من بدینیت و نەمناسیتەوە! زۆرم پێ سەیرە، من دۆستە دێرین و دڵسۆزەکەتم، ماریا ئالکساندروڤنا موسکالیوڤام... بیرت کەوتمەوە جەنابی ئەمیر؟

-ماریا ئالکساندروڤنا؟ مەحاڵە!... وامدەزانی کە تۆ ئەو ژنەی ( ناوی چییە؟ ) ئا ئانا ڤاسیلیوڤنای... خۆشە ها! کەواتە من بە هەڵە هاتووم بۆ ئێرە! وامزانی برادەر بۆ ماڵی ئانا ماتویوڤنام دەبەیت.

بەهەرحاڵ زۆر جار ڕێم لێ هەڵە دەبێت... بەڵام خۆشحاڵم، زۆر خۆشحاڵم کە ئەمە ڕووی داوە! کەواتە ئاناستازیا ڤاسیلیوڤنا نیت؟ خۆشە ها!...

– جەنابی ئەمیر من ماریا ئالکساندروڤنام، ماریا ئالکساندروڤنا!... کە بەرانبەر بەمن کەمتەرخەمیت ! ماقوولە ئازیزترین و دڵسۆزترین دۆستی خۆتت لەبیر کردووە؟

ئەمیر، بە نیگا زینای دابێژت و بە دەمەلاڵکێوە گوتی:– بەڵێ، دڵسۆزترین دۆستم... ببورە... بمبورە!

ماریا ئالکساندروڤنا گوتی: ئەمە زینایە، زینای کیژی منە.

ئەمیر تۆ ئەو ناناسیت. ئەو کاتەی تۆ لێرە بوویت ئەو لە ماڵ نەبوو، لەبیرتە کە لە ساڵی " ... " تۆ هاتبوویتە ئێرە!

– ئەها... ئەمە کیژەکەتە! جوانە! زۆر جوانە!

ئەمیر، بەتاسە و تامەزرۆییەکی نەوسنەوە ڕوانییە زینا و ئەوسا بە نیگەرانییەوە گوتی:– کە جوانە!

هەنگێ ماریا ئالکساندروڤنا، سەرنجی میوانەکەی بۆ ئەو قوزاقیە ڕاکێشا کە بە سینیەک چاوە لەبەردەمیدا وەستابوو.

ئەمیر کوپێک چای هەڵگرت، لە کوڕە ڕوومەت ئاڵەکە ڕاما، ئەوسا پرسی:– ئەمە کوڕتە؟ کە کوڕێکی قۆزە! گوێڕایەڵ و بە ئاکارە؟

ماریا ئالکساندروڤنا، بلەز قسەکانی بە ئەمیر بڕی و گوتی:

–جەنابی ئەمیر، من ئەو بویەرە ترسناکەم بیست کە بەسەرت هاتبوو... زۆرم لەبەر گران بوو. زۆر نیگەران بووم. هیچت لێنەهات؟ بریندار بوویت؟ ئاگاداربە، دەبێ ئاگات لە خۆ بێت! نابێ خۆت فەرامۆش بکەیت!

ئەمیر، بە تووڕەیی هاواریکرد:– وەریگێڕام، بەڵێ وەریگێڕام، عەرەبانچیەکە وەریگێڕام! وام دەزانی قیامەت ڕابووە، هەرگیز باوەڕم بەچاوی خۆم نەدەکرد. هەمووی خەتای تیوفیلی عەرەبانچی بوو! هەرگیز وێنای بویەری وەهام نەدەکرد! دۆستی ئازیز تۆ سەرپشک دەکەم کە تاقیبی ئەم بویەرە بکە، مەسەلەکە لە بنج و بناوان بکە... من دڵنیام کە نیازی کوشتنی منی هەبووە!

پاڤل ئالکساندروفیچ بەرسڤی دایەوە:– باشە، باشە ئاپۆ گیان! بەخۆم تاقیبی دەکەم، خەمت نەبێت، بەڵام ئاپۆ ئەگەر بە گوێی من دەکەی ئەمجارە ببورە! چ دەڵێیت.

-هەرگیز، نایبوورم... لێی نابوورم. من دڵنیام کە نیازی کوشتنی منی هەبووە، هەم ئەو و هەم لوران – ش چونکە لورانم لە ماڵەوە بەجێهێشت. باوەڕ دەکەن بیروباوەڕی تازەی هەڵگرتووە. زۆر سەرسەخت بووە... بووە بە کۆمونیستێکی تەواو عەیار! وام لێهاتووە ناوێرم بەتەنیا ڕووبەڕووی ببمەوە.

ماریا ئالکساندروڤنا هەڵیدایە:- زۆر ڕاست دەکەیت جەنابی ئەمیر. ڕەنگە تۆ باوەڕ نەکەیت کە منیش چ عەزابێک بە دەست ئەم خزمەتکارە هیچ و پووچانەوە دەکێشم! دوانیانم گۆڕی، تەسەور بکە هێندە گەمژەڵ بوون، لە بەیانیەوە تا ئێوارێ دەمم لە سەریان بوو، جەنابی ئەمیر تەسەور ناکەی چەند گەمژە بوون!

ئەمیر شاد و خۆشحاڵ وەکو هەر پیرمێردێک کە خەڵکی بەبایەخەوە گوێ لە وڕینەکانی دەگرێت گوتی:- بەڵێ، بەڵێ. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت من حەزدەکەم خزمەتکار و پێشخزمەتان هەندێک گێل و گەمژەڵ بن. پێشخزمەتان بە گەمژەییەوە جوانن: بە گەمژەییەوە جوانن، بە مەرجێ دڵپاک و ڕاستگۆبن... گەمژەیی جۆرە ویقار و سەنگینییەک بە پێشخزمەتان دەبەخشێت، بە ئەدەب تر دێنە بەرچاو، من لە خزمەتکار و پێشخزمەتاندا تەربیەت و خۆش خووییم لا گرینگە، وەکو تیرانسەکەی خۆم... تیرانست لەبیر ماوە دۆستی ئازیز؟ کە یەکەمجار دیتم، پێشبینی هەموو شتێکم بۆ کرد. پێمگوت: تۆ بە تەبیعەت و خۆڕسک هێور و ئارامی، بۆ دەرگاوانی باشیت! ئەوەندە گەمژەیە وێنا ناکرێت! سەری لە سەری بەرخێکی تینوو دەچێت کە عەوداڵی ئاو بێت. بەڵام زۆر بە هەیبەت بوو! خەبەبەی ئاڵێکی کاڵ، ئیدی ئەو خەبەبەیە و بە بۆینباخی سپی و جلکی فەرمییەوە، بەڕاستی هەر لە خۆی دەهات! لە کانگای دڵەوە خۆشم دەویست. هەندێجار کە سەیری دەکەم، لە دڵی خۆدا دەڵێم: بە هەیئەت و ڕواڵەت لە کەسێک دەچێت کە خەریکی نووسینی تێزێک بێت! لە کانتی فەیلەسووفی ئەڵمانی دەچێت، بگرە لەویش باشترە، لە نێرە قەلی دابەستە دەچێت. نموونەیەکی تەواو عەیاری پێشخزمەتە!...

ماریا ئالکساندروڤنا، بەتاسە و دڵبەندییەوە گوێی دەگرت، وەختایەک ئەمیر لە قسەکانی بووەوە، ماریا ئالکساندروڤنا بەدەم قاقای پێکەنینەوە لە چەپڵەی دا. پاڤل ئالکساندروفیچ – ش گوێ بە گوێی ئەو کەوتە پێکەنین. زۆر دڵبەندی ئاپۆ گیانی بوو. تەنانەت ئاناستازیا پتروڤناش دەستی بە پێکەنین کرد . بەڵام زینا تەنیا سووکە بزەیەکی کرد.

ماریا ئالکساندروڤنا گوتی:- جەنابی ئەمیر بەڕاستی تۆ پیاوێکی حەنەکچی و بەهۆش و گۆشیت! تۆیەک ئەوە تەبع و تەبیعەتت بێت ، چۆن پێنج دانە ساڵ خۆت زندانی دەکەیت و لە خەڵکی

دەتارێی؟ بەم هەموو بەهرەیەوە کونجی تەنیایی هەڵدەبژێریت؟ تۆ دەتوانی ئەو شتانە بنووسیتەوە، بەرهەمێکی شایستە لە پاش خۆت بەجێ بێڵیت! ئەگەر بتنووسیبایە ئێستا فونفیزینی دووەم یان گریبویدوفێکی دی بوویت. یان گوگولێکی تازەت لێدەردەچوو! ( دنیس فونفزین ١٧٤٤ – ١٧٩٢، ئەلکسندر گریبویدوف ١٧٩٥ – ١٨٢٩، نیکولای گوگول ١٨٠٩ – ١٨٥٢، سێ نووسەری بەنێوبانگی ڕووسیان )

ئەمیر، کە زۆر خۆشحاڵ بوو گوتی:- بەڵێ، بەڵێ!... دەمتوانی وابم... ئایا دەزانیت لە گەنجیدا زۆر حەنەکچی بووم؟ تەنانەت شانۆنامەیەکی کومیکی بچووکیشم نووسی بوو. چەند دیالۆگێکی زۆر جوانم تێهەڵکێشی کردبوو! بەڵام قەت نمایش نەکرا...

– ئەها... خۆزگە ئێمەش دەمانخوێندەوە! دەزانی دەبێت چ بکەین زینا، ئێمە لێرە ئامادەکاری دەکەین بۆ نواندنی شانۆنامەیەک کە قازانجەکەی بۆ بریندارانی جەنگی نیشتمانی تەرخان دەکەین جەنابی ئەمیر، خۆزگە ئەو شانۆنامەیەی خۆتت دەداینێ تا نمایشی بکەین !

– بەڕاست! ئەوەی ڕاستی بێت لەبیرم چووەتەوە. بەڵام ئامادەم دووبارە بینووسمەوە. لەبیرمە کە دوو سێ تەنزی نوکتەئامێزی تیابوو، ئەوەندە خۆشبوون هەر کەسێک گوێی لێبوایە لە خۆشیا قامکەکانی خۆی دەلستەوە ( ئەمیر بەدەم ئەو قسەیەوە، کەوتە لستنەوەی دەست و پەنجەی خۆی ). من وەختایەک لە هەندەران بووم، هەرا و هەنگامەیەکی زۆرم دەنایەوە. ڕقی خەڵکیم هەڵدەستاند! من ئێستاش لۆرد بایرۆنم لە بیرە. ئەوسا زۆر دۆست بووین. لە کۆنگرەی ڤێنادا، سەمای کراکوفیاکی کرد، باشترین سەماکار بوو ( کۆنگرەی نەمسا: ١٨١٤ –١٨١٥، کراکوفیاک: سەمایەکی پۆڵاندییە، زۆرجار لە ڕووسیادا، لە ئاهەنگێن سەمادا، ئەنجام دەدرا. لۆرد بایرۆن: ١٧٨٨ – ١٨٢٤، شاعیرێکی گەورەی ئینگلیزە، خاوەنی بەرهەمی نەمری " دۆن جۆن " و " چایەلد هاورلد " ە ).

– لۆرد بایرۆن ئاپۆ گیان؟ بەڕاستتە؟

– بەڵێ، بەڵێ، لۆرد بایرون! لەوەشە لۆرد بایرون نەبووبێت کەسێکی دیکە بووبێت . کابرایەکی پۆڵاندی بوو! ئێستا جوان جوان لە بیرمە! کەسایەتیەکی زۆر غەریب و تایبەتی بوو! بەخۆی دەگوت کۆنت، کەچی شێفێکی ڕووت و قووت بوو! بەڵام لە سەمای کراکوفیاکدا یەکەم بوو، کەس نەیدەتوانی شان لە شانی بدات! لێ مخابن پاشان لاقی شکا. من ئەوسا بەو بۆنەیەوە شیعرێکم دانا:

برادەری پۆلاندیمان

سەمای کراکوفیاکی دەکرد

پاشان، پاشان، پاشماوەیەکەیم لەبیر نەماوە

ئیدی لاقی شکا

کە لاقی شکا،

ئیدی لە سەما کەوت .

موزگیاکوف، بەجۆش و خرۆشەوە هاواریکرد: - ئاپۆگیان بەڕاستی ئەوە بوو؟

ئەمیر بەرسڤی دایەوە:- وابزانم ئەوەم گوت یان شتێکی وەکو ئەوە بوو... ڕەنگە ئەوەش نەبووبێت... بەڵام تەنیا ئەو یەک دوو بەیتەم وەبیرهاتەوە... بەهەرحاڵ زۆر شتم لەبیر دەچن... چونکە زۆر مژوولم.

ماریا ئالکساندروڤنا بە کونجکاویەوە گوتی:- باشە جەنابی ئەمیر لە کاتی گۆشەگیرییەکەتدا بەچییەوە مژوول بوویت؟ من زۆربەی کات بیرم لەتۆ دەکردەوە، وام لێهاتبوو حەزم دەکرد هەموو شتێکت لەبارەوە بزانم...

ئەمیر بەرسڤی دایەوە:- مژوولی چیبووم؟... مژوولی زۆر شتان بووم. دەزانی وەختایەک ئینسان، خەریکی پشوودان دەبێت، هەندێجار خەیاڵی دەڕوات، خۆیشی نازانێت بۆ کوێ دەڕوات...

- هاپۆ گیان وادیارە خەیاڵێکی دەوڵەمەندت هەیە!؟

- زۆر دەوڵەمەند... هەندێجار بیر لە شتی وا دەکەمەوە کە خۆیشم سەرم سوڕ دەمێنێت. بۆ نموونە وەختایەک لە کادویف بووم... ئەرێ تۆ جێگری پارێزگاری کادویف نەبوویت؟

پاڤل ئالکساندروفیچ هاواریکرد:- ئاپۆ گیان من؟ ئەم قسانە چییە، بێ قەزا بی؟

- باوەڕ بکە، وامزانی جێگری پارێزگاری، لە دڵی خۆدا گوتم: چما ڕوخساری بەو ئاوایە گۆڕاوە؟.... چونکە جەنابی جێگر سەر و سیمایەکی جوان و خوێنەوارانە و بەهەیبەتی هەبوو. پیاوێکی زۆر فامیدە و ڕووخۆش و حەنەکچی بوو... بۆ هەر بۆنەیەک شیعرێکی دەگوت. ئەگەر لەلاوە سەیرت بکردایە لە شای شەترەنج دەچوو.

ماریا ئالکساندروڤنا قسەکانی بە ئەمیر بڕی و گوتی:- جەنابی ئەمیر، من دڵنیام کە تۆ بەم جۆرە ژیانە خۆت لە نێو دەبەیت. ئاخر چۆن دەبێت پیاو پێنج دانە ساڵ خۆی حەپس بکات، تەنیا و

گۆشەگیر نە کەس بدینێت و نە گوێی لە هیچ شتێک ببێت! بڕۆ لە هەر کەسێک بپرسیت، وەڵامت دەداتەوە، تۆ بەو ڕەوشەی گرتووتەبەر، بەرەو لەنێوچوون دەڕۆیت!..

ئەمیر هاواریکرد:- بەڕاست؟

- دڵنیات دەکەم ئەمیر، من دۆستانە ئەو قسەیە دەکەم، وەکو خوشکێک ئەو قسەیە دەکەم، چونکە تۆم خۆشدەوێت. چونکە بیرەوەری ڕابردووم بەلاوە پیرۆزە! ئیدی چما ئەمە دەکەی؟ تۆ دەبێ ژیانی خۆت لە بنج و بناوانەوە بگۆڕیت، دەنا نەخۆش دەکەویت، لاواز دەبیت و زوو دەمریت...

ئەمیر، بەترس و لەرزەوە گوتی:- ئاە... ئەی پەروەردگارا! یانی تۆ لەو باوەڕەدایت بەو زووانە دەمرم؟

ئەوسا لەسەری ڕۆیی:- ڕاست دەکەیت. بەدەست مایەسیرییەوە حاڵم بێحاڵە، بەتایبەتی تازەگی زۆری بۆ هێناوم، هەرکە زۆرم بۆ دێنێت نیشانەێن سەیرم لێدەردەکەون ( بەدرێژی ئەمەت بۆ باس دەکەم )... یەکەم...

پاڤل ئالکساندروفیچ بەپەلە گوتی:- ئاپۆ گیان ئەم قسانە هەڵبگرە بۆ جارێکی دی. نها درەنگە، دەبێ بیر لەوە بکەینەوە کە بڕۆین، وەختی ڕۆیشتنمان نەهاتووە؟

- با، ئەگەر ویستت جارێکی دی ئەمەت بۆ شەرح دەکەم.

هەڵبەتە لەو شتە خۆشانە نییە کە گوێی لێبگیرێت. من نها هەست بەوە دەکەم. بەڵام وێڕای ئەوەش نەخۆشییەکی دەگمەن و سەیرە... دۆستی ئازیز شەوێ کە هاتینەوە، بیرم بخەوە تا واریقاتێکی ڕابردووتان بە تێر و تەسەلی بۆ بگێڕمەوە.

ماریا ئالکساندروڤنا، دووبارە قسەکانی پێبڕی:- گوێ بگرە ئەمیر... پێویستە سەفەری هەندەران بکەیت تا خۆت چارەسەر بکەیت.

-هەندەران! دروستە! ڕاست دەکەیت! بەپەلە سەفەری هەندەروان دەکەم. لەبیرمە لە ساڵی ١٨٢٠ دا ماوەیەکی خۆشم لە هەندەران بەسەر برد. پەیوەندییەکی نزیکم لەگەڵ فیکونتێسەیەکی فەرەنسیدا هەبوو، پەیوەندییەکی نیمچە ژن و مێردانە. زۆرم حەز لێکردبوو، دەمویست هەموو ژیانی خۆم وەقفی ئەو بکەم. وێڕای ئەوەش من نەمخواست، پیاوێکی دی خواستی. چیرۆکێکی سەیر بوو! تەنیا بۆ دوو سەعاتان لێی دوور کەوتمەوە، کەچی لە زەرفی ئەو دوو سەعاتەدا، پیاوێکی دی فریاکەوت و خواستی. لێی داگیر کردم. لێی فڕاندم. کابرا بارۆنێکی ئەڵمانی بوو. دوای ماوەیەکی کەم ناچاربوون بیخەنە شێتخانەوە.

– جەنابی میر، من بۆیە ئەو قسانە دەکەم، تا فریا بکەویت و مشورێکی سەلامەتی خۆت بخۆیت. لە هەندەران پزیشکێن زۆر چاک هەن… جگە لەمە سەفەر هەر بەخۆی شتێکی باشە و ڕەوشی ژیان دەگۆڕێت. دەبێت ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بووە، لە دوخانوف دوور بکەویتەوە!

– بەڵێ، بەڵێ، ماوەیەکی زۆرە بیر لەوە دەکەمەوە، دەزانیت بەتەمای چیم؟ بەنیازم بە ئاوی گەڕاو، ئاوی کانزایی، خۆم چارەسەر بکەم!

– ئاوی کانزایی؟

– بەڵێ، بە ئاوی کانزایی. پێشتریش جارێک ئەمەم کردووە. چووم بۆ سەرچاوەیەکی ئاوی کانزایی. لەوێ تووشی خانمێکی مۆسکۆیی بووم کە نها ناوەیەکەیم بیر نەماوە، تەمەنی حەفتا ساڵێک دەبوو، بەڵام زۆر جوان و ڕۆمانسیانە بوو! کیژەکەشی لەگەڵیدا بوو، تەمەنی پەنجا ساڵێک دەبوو، بێوەژن بوو، کە دەمی هەڵدەهێنا، شیعر لە زاری دەباری. پاشان تووشی بویەرێکی کارەساتبار بوو. کیژێ ڕۆژێک توورە دەبێت. یەکێک لە پێشخزمەتەکانی خۆی دەکوژێت، بەو بۆنەیەوە دەدرێت بە دادگا. ئەو دوو خانمە ئامۆژگارییان کردم، کە ئاوی کانزایی بەکار بەرم. هەڵبەتە هیچ نەخۆشییەکم نەبوو، بەڵام گەڕیان تێئاڵاندبووم، لێم نەدەبوونەوە، لێکدا لێکدا دەیانگوت: " خۆت لە ئاوی گەڕاو هەڵکێشە، دەرمانە ". منیش وەکو ڕێزێک بۆ ئەوان، کەوتمە بەکارهێنانی  ئاوی کانزایی. هەستم کرد پێی ئاسوودەم. ئیدی هەر خواردمەوە و خواردمەوە… خەریک بوو ڕووبارێکی وەکو نیاگارا بخۆمەوە… ئەلهەقی ئاوی گەڕاو دەرمانێکی زۆر باشە. بەش بەحاڵی خۆم زۆرم مفا م ( سوود ) لێبینی. ئەگەر پاشان نەخۆش نەکەوتبام، تا ئێستاش عەلەمم نەدەبوو…

– ئاپۆ گیان ئەمە ئەنجامگیرییەکی دروستە! ئاپۆ بڵێ بزانم تۆ دەرسی لۆجیکتخوێندووە؟

ماریا ئالکساندروڤنا، کە زۆر توورە بووبوو هاواریکرد: – ئەمە چ پرسیارێکە کە دەیکەیت؟

ئەمیر، بەرسڤی دایەوە:– بەڵێ خوێندوومە، بەڵام زۆر کەم، دەمێکە. من لە ئەڵمانیا فەلسەفەم خوێندووە. دەورەی فەلسەفەم تەواو کردووە. ئەوەی ڕاستی بێت … هێندەتان بە نەخۆشی ترساندم، کە تەواو پەشۆکام… بەهەرحاڵ نها دەگەڕێمەوە…

ماریا ئالکساندروڤنا، حایر و حەپەساو گوتی:– ئەمیر، بۆ کوێ دەڕۆیت؟

ئەمیر، بەرسڤی دایەوە:– ئێستا دەگەڕێمەوە، هەر ئێستا دەگەڕێمەوە. بەڵام بیرۆکەیەکم بۆ هاتووە حەز دەکەم تۆماری بکەم. بە دوعا.

پاڤل ئالکساندروفیچ، بەدەم قاقای پێکەنینەوە گوتی:- چەند پیاوێکی سەیرە، دەڵێی لە هەڕەتی لاویدایە!

وەختایەک ماریا ئالکساندروڤنا گوێی لەو قسەیە بوو، سەبری سوا، بە گەرمی دەستی بە قسان کردەوە:- نازانم، بۆچی پێدەکەنیت، چما گاڵتە بەو پیرەمێردە دەکەیت! تۆ لای خوایە خزمیت، هەر قسەیەک بکات تۆ پێی پێدەکەنیت ، من هیچ شتێک لەو پیرەمێردەدا، کە دەڵێی فریشتەیە، نابینم کە مایەی پێکەنین بێت، پاڤل ئالکساندروفیچ کە تۆ پێدەکەنی من شەرمەزار دەبم، ئاخر پێم بڵێ چ شتێکی ئەو پیاوە مایەی پێکەنینە؟

– چونکە خەڵکی ناناسێتەوە و هەندێجار وڕێنە دەکات و خۆیشی نازانێت چ دەڵێت، خەڵەفاوە!

– بەڵام ئەمە دەرهاوێشتەی ئەو ژیانەیە کە تیایەتی، دەرهاوێشتەی ئەم پێنج ساڵە کارەساتبارەیە کە بە حەپسی و لە ژێر چاودێری ئەو ژنە دۆزەخینەدا بەسەری بردووە! بۆیە پێدڤیە ئێمەمانان بەزەییمان پێیدا بێتەوە، نەک گاڵتەی پێبکەین. بەخۆتان بینیتان کە نەیتوانی تەنانەت منیش بناسێتەوە. ئەمە بۆخۆی نیشانەی ژیانی دژواری ئەوە... لە سەرمانە فریای بکەوین و ڕزگاری بکەین! من بۆیە پێشنیازی ئەوەم بۆ کرد سەفەری هەندەران بکات، تا لەم ژنە دەعەجانەیە بخەلەسێت!...

پاڤل ئالکساندروفیچ هاواریکرد:- دەزانی چییە ماریا ئالکساندروڤنا؟ پێویستە هانی بدەین کە ژن بێنێت.

– دیسان ڕادەبوێریت مسیو موزگلیاکوف؟ وادیارە تۆ نایەیتە سەر ڕێگای دروست.

– نەخێر ماریا ئالکساندروڤنا! ڕانابوێرم، زۆر بە جدیمە، بۆچی ژن نەهێنێت؟ ئەمەش بیرۆکەیەکە، ڕایەکە وەکو هەر ڕایەکی دیکە! پێم بڵێ بزانم چ زەرەرێکی هەیە؟ بە پێچەوانەوە، ئەمیر لە حاڵ و ڕەوشکدایە، تەنیا ژن هێنان دادی دەدات و ڕزگاری دەکات! لە ڕووی یاساییەوە ئەمیر هێشتا مافی ئەوەی هەیە ژن بهێنێت. یەکەم لەدەست ئەو نەفرەجایە ( ببورە ئەم وشەیەم بەکار برد ) دووەم – ئەمەیان گرینگە – وای دابنە کیژێک، تۆ بڵێ بێوەژنێکی باشی، زیرەک و میرەبان، هەژاری هەڵبژارد، وەکو کیژی خۆی خزمەتی بکات و وەکو پێویست پێی ڕا بگات، لە جیاتی ئەو نەفرەجایە هەمیشە لە گەڵیدا بێت و بەدیارییەوە بێت زۆر باشتر نییە؟ هەڵبەتە دەبێت بێوەژنێکی جوان و خشکۆک بێت، چونکە ئاپۆ گیان زۆری حەز لە ژنی جوان و بەدەوە. بینیت بە چ تامەزرۆییەکەوە تەمەشای زینائید ئاناناسیوفنای دەکرد؟

ئاناستازیا پتروڤنا کە بەوردی گوێی لە قسەکانی گرت، پرسی:- باشە بووکێکی واهی، بەو کوالیتیە لە کوێ پەیدا دەبێت؟

-قسەی سەیر دەکەیت! ئەگەر عاجز نابیت، تۆ یەکاویەکی، ئاخر تۆ لەچیت کەمە، تا شوو بە ئەمیر نەکەیت؟ یەکەم: تۆ ژنێکی جوانیت؛ دووەم: بێوەژنیت؛ سێیەم: زۆر نەجیب و ڕەسەنیت؛ چوارەم: هەژاریت... ( یانی، مەبەست ئەوەیە کە دەوڵەمەند نیت. ) پێنجەم: زۆر زیرەک و بەئاوەزیت، واتە لە دوا ئەنجامدا خۆشت دەوێت و ئەمیر دەگریتەخۆ و ئەو ژنە نەفرەجایە ترۆ دەکەیت و لێی دوور دەخەیتەوە، هەموو ڕۆژێ شیربرنج و شەربەتی نەبات دەرخواردی ئەمیر دەدەیت. تا ئەو ڕۆژەی دەمرێت خزمەتی دەکەیت، سوور دەزانیت کە بەو زوانە ماڵاوایی لە دنیای فانی دەکات، ئەوپەڕی ساڵێکی دی دەژی، خۆ ڕەنگە دوای دوو هەیڤ و نیوی دی بمرێت، هەنگێ تۆ دەبیت بە بێوەژنی بابایەکی میر، دەوڵەمەند دەبیت و هەنگێ بۆ خۆت سووک و باریک شوو بە مارکیزێک یان جەنەڕاڵێک دەکەیت، قەرەبووی ئەم قوربانیە دەکەیتەوە کە بەخۆتت داوە. ئەمە کارێکی چاکە، وایە؟

چاوە ڕەشەکانی خانم زیابلوفا، پرشنگیان دا و گوتی:

- ئەی خودایا! جا کوا خودا ئەوەی بکردایە و ئەمیر خوازگاری منی کردبا، لە خۆشیا لە پێستی خۆم نەدەهێوریم! بەڵام ئەمە هەمووی خەیاڵپڵاوە!

- خەیاڵپڵاوە؟ هەڵبەتە خەیاڵپڵاوە. ئەوە لەمن بزانە، ئەگەر خۆت بتەوێت ، ئەمشەو بۆتی ڕێکدەخەم، ئەگەر ئەمشەو ڕێکم نەخست دەستێکی خۆم دەبڕم! ئاخر هیچ شتێک لە ڕازی کردن یان فریودانی ئاپۆ گیان ئاسانتر نییە! هەرچییەکی پێ بلێیت دەڵێت: " بەڵێ باشە، زۆر باشە. " بەخۆت هەستت بەوە کردووە؟ بەجۆرێ زەماوەندەکەی بۆ بەرپا دەکەین هەر بەخۆیشی نەزانێت. لەوەیە فریوی بدەین و یەکسەر ئاهەنگی زەماوەندەکەی بۆ بەرپا بکەین، ئێمە لەبەر خۆی ئەمە دەکەین، لە قازانجی خۆیەتی! ئاناستازیا پتروڤنا، جوانترین جلکی خۆت لەبەر بکە!

مسیو موزگلیاکوف لە خۆشیا لە پێستی خۆی نەدەهێوری، خاتوو زیایلوفاش، هەرچەندە ژنێکی بە ئاوەز بوو، لە کەیفان ئاو زاییە دەمی. گوتی:- پێویست بەوە ناکات تۆ ئاگادارم بکەیتەوە کە جلەکانم چڵکن و پڵکنن. من ئافرەتێکی داماوم، هیچ خەون و ئومێدێکم نییە، ئیدی لە ماڵەوە کارەکەری دەکەم. پێم بڵێ ئایا هەیئەتم لە هەیئەتی شێف دەچێت؟

بەدرێژایی هەموو ئەو ماوەیە ماریا ئالکساندروڤنا، حایر و حەپەساو، بەبێدەنگی لە جێی خۆی ڕۆنیشتبوو، گرژی و پەستی بە ڕوخسارییەوە دیاربوو. لێم نابێت بە درۆ ئەگەر بڵێم بەجۆرە

پەستیەکەوە گوێی لە پێشنیازە سەیرەکەی پاڤل ئالکساندروفیچ دەگرت، بگرە جۆرە ترسێکیش بەسەر وسیمایەوە دیاربوو. ئەنجام وەخۆ هاتەوە و قسەکەی بە موزگلیاکوف بڕی و گوتی:- گریمان ئەمە خەیاڵێکی جوانە، بەڵام ئەمە گەوجایەتیەکی نابەجایە...

خاتوو زیابلوڤا هەڵیدایێ و گوتی:- چما گەوجایەتیە ماریا ئالکساندروڤنا گیان؟ چما ئەمە بە گەوجایەتی، بە نابەجایی دەزانیت؟

- لەبەر زۆر سەدەمان. لە پێش هەموویانەوە تۆ لەلای منی و، ئەمیر میوانی منە، من ڕێگە بەکەس نادەم بێ حورمەتی بەرانبەر بە ماڵەکەم بکات. پاڤل ئالکساندروفیچ، من هەموو قسەکانی تۆم بە گاڵتە وەرگرت. سوپاس بۆ خوا، ئەوە ئەمیر بەخۆی هات!

ئەمیر، بەدەم هاتنە ژوورەوەوە هاواریکرد:- من هاتم! ئەمڕۆکە بیر و خەیاڵاتی جۆراوجۆری ئەوتۆم بەمێشکدا دێت، خۆیشم سەرم لە خۆم سوڕماوە. ڕەنگە باوەڕ نەکەی کە هەندێجار، بەدرێژایی چەندین ڕۆژ، تاقە بیرۆکەیەکم بەمێشکدا نایەت. لە بەیانییەوە تا شەوێ بێهودە دادەنیشم...

- ئاپۆ گیان، ڕەنگە بەهۆی وەرگەڕانی ئەم بەیانیەی گالیسکەکەوە بێت کە شۆکی کردوویت و مێشکی شڵەقاندوویت و...

- بەڵێ دۆستی ئازیز! منیش وای بۆ دەچم و ئەم بویەرە بە قازانجی من شکایەوە. بۆیە بڕیارم داوە ئەمجارە لە تیوفیلی پێشخزمەتم ببورم. دەزانیت بۆ؟ پێم وانییە ئەمەی بە قەسەتی کوشتنی من کردبێت. تۆ چ دەڵێیت؟ خۆ پێشتریش سزا درا، ئیدی پێویست بە سزای تازە ناکات. بەتۆبزی ڕدێنیمان تاشی، ئەمە بۆ خۆی سزا بوو.

- ڕدێنیتان تاشی ئاپۆ! خۆ ڕدێنی بە ئەندازەی پانتایی ئەڵمانیا دەبێت؟

- بەڵێ، بەڵێ بە پانتایی ئەڵمانیایە! تۆ دۆستی ئازیز هەمیشە لە ئەنجامگیرییەکانی خۆتا ڕاستت کردووە! وێڕای ئەوەش ئەم ڕیشە دەستکردە. ماوەیەک لەوە پێش لە ناکاوا لیستێکی نرخانم بۆ هات. گوایە خەڵکانێک لە هەندەرانەوە ڕدێنی دەسکردیان بۆ خانەدانان و عەرەبانچیان هاوردە کردبوو. سمێڵ و لاجانگ و سەکسوکە و زۆر شتی دیکەی لەو بابەتەیان هاوردە کردبوو، هەم کوالیتی بەرز و هەم هەرزان. ئیدی هات بەسەرما ڕدێنێک داوا بکەم و بزانین چۆن دەبێت؟ ئیدی ناردم ڕدێنی عەرەبانچیانیان بۆ هێنام، بەڕاستی ڕدێنێکی جوان و باش بوو! بەڵام کێشەکە لەوەدا بوو کە ڕدێنە ئاساییەکەی تیوفیل، دوو هێندەی ڕدێنە دەسکردەکە دەبوو. ئیدی دەبوو تەگبیرێکی

ئەمە بکەین، ئیدی یان دەبوایە ڕدێنە ئاساییەکەی عەرەبانچیەکە بتاشین تا بتوانین ڕدێنە دەسکردەکەی بۆ دابنەین یان دەبوا ڕدێنە ئاساییەکەی بێڵینەوە و نەیتاشین. دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر گەییمە ئەو باوەڕەی کە ڕدێنە دەسکردەکە باشترە.

– هەڵبەتە ئاپۆ گیان، چونکە هونەر لە واقیع باڵاترە!

– ئەریّ! بەڵام وەختایەک ڕدێنیان دەتاشی، زۆر خەمبار بوو، هێندە خەمبار بوو وەکو ئەوە بوو کار و پیشەکەی لیّ بسەننەوە... ئەریّ وەختی ڕۆیشتنمان نەهاتووە گیانەکەم؟

– ئاپۆ گیان من ئامادەم.

ماریا ئالکساندروڤنا، بەوپەڕی هەڵچوون و نیگەرانییەوە گوتی:– هیوادارم جەنابی ئەمیر تەنیا بۆ لای پارێزگار بڕۆیت... جەنابی ئەمیر تۆ نها لای منیت، تا یەک ڕۆژی تەواو مولکی خانەوادەکەی ئێمەیت. من باسی ئەو خەڵکانە ناکەم کە ڕەنگە لە شارا بیاندینیت. ڕەنگە بتەویّ لە ڕێگەیەوە سەرێکی ماڵی ئانانیکولا یوڤنا بدەیت، من لاریم لەوە نییە، ئەو مافە بەخۆم ڕەوا نابینم ڕێی ئەوەت لێبگرم. بەڵام دڵنیام کە ئەزموون ئەوت بۆ دەردەخات. بەڵام ئەوەت لەبیر نەچێت کە من ئەمڕۆ خانەخویّ و کابان و خوشک و دایەنی تۆم، هەڵبەتە من زۆر خەمی تۆمە، لێت دەترسم، چونکە تۆ ئەو خەڵکە ناناسیت!

موزگلیاکوف گوتی:– ماریا ئالکساندروڤنا متمانەت بەمن هەبێت... خەمت نەبێت، من بەڵێنی خۆم دەبەمە سەر... هەموو شتێک بەدڵی خۆمان دەبێت.

– متمانەم بە تۆی دوو ڕوو هەبێت؟ جەنابی میر، من بۆ فراڤین چاوەڕوانت دەکەم. ئێمە بڕێک زوو فراڤین دەخۆین. حەیفیّ مێردەکەم نها لە گوندییە. زۆری حەز دەکرد بە دیدارت شاد ببێت! زۆر ڕێز و حورمەتی تۆی لەلایە و خۆشی دەوێیت.

ئەمیر پرسی:– مێردەکەت؟ چما مێردت هەیە؟

– حەیف بۆ تۆ ئەمیر... یادگەت زۆر سست بووە! هەموو ڕابردووت لەبیر چووەتەوە! باشە تۆ ئاتانازی ماتویوفیچی مێردی منت لەبیر نەماوە؟ شتی واهی دەبێت؟ نها لە گوندییە، بەڵام خۆ هەزار جارت دیتووە. ئەمیر بیر بکەوە: ئاتانازی ماتویوفیچ؟

– ئاتانازی ماتویوفیچ! لە گوندییە؟! بەڕاستی شتێکی جوانە، خۆشە... کەواتە مێردت هەیە؟ شتێکی سەیرە... ڕێک وەکو ئەو نمایشە کۆمیکیەیە: " پیاوە لە دەرگا وەدەرکەوت، و ژنی... " ببورە...

دیسان لە بیرم چووەوە! پیاوەکە کەمێک لەمە پێش وەدەرکەوت، ژنەکەش دوای تۆزێک ڕۆیی بۆ... بۆ شاری تولا یان بۆ شاری یاروسلاڤ، بەهەرحاڵ نمایشێکی زۆر کومیکی بوو.

موزگلیاکوف گوتی:- مێردە لە دەرگاوە دەرچوو، ژنەش لەو بەینەدا بۆی دەرچوو ئاپۆ!

- ئا، ئا، سوپاس هاوڕێ! وایە، دروست وایە... قافیەکەی جوانە، تۆ، قسەکردنی ئاسایت وەکو شیعر وایە! ئا. نها بە ئاستەم بیرم کەوتەوە! مێردە لە یاروسلاڤ، یان لە کوستروما، یان لە شوێنێکی دیکەیە، ژنەش ڕۆیی! دەی دیسان بیرم چووەوە کە دەمویست چی بڵێم... دەی دۆستی ئازیز ڕابە با بڕۆین، خودا حافیز خانمەکەم. ( ئەوسا ئەمیر ئاوڕی لای زینای دایەوە، سەری قامکەکانی خۆی ڕامووسی ) و گوتی بەهیوای دیدار خانمە جوانەکەم.

وەختایەک ئەمیر و موزگلیاکوف لە دەرگا وەدەرکەوتن، ماریا ئالکساندروڤنا ڕووو لە ئەمیر هاواریکرد:- ئەمیر، فراڤین! لەبیرت نەچێت، زوو بگەڕێوە.

## فەسڵی پێنجەم

ماریا ئالکساندروڤنا، پاش ئەوەی میری بە ڕێکرد گوتی:- ئاناستازیا پتروڤنا، واچاکە سەرێکی مووبەقەکە بدەیت. دەترسم ئەم نیکیتا حەیوانە، خواردنەکەمان لێ خراپ بکات! دڵنیام ئێستا مەستە.

ئاناستازیا پتروڤنا بلەز ڕابوو، بەڵام لەو دەمەدا کە خەریک بوو لە ژوورەکە وەدەردەکەوت، نیگایەکی گوماناوی ماریا ئالکساندروڤنای کرد، هەستیکرد زۆر پەشێو و نیگەرانە، بۆیە لە جیاتی ئەوەی بڕوات بۆ مووبەقەکە تا بزانێت نیکیتای حەیوان چ دەکات، چوو بۆ هۆڵەکە، لەوێندەرەوە خۆی بەو ڕاڕاوەدا کرد کە دەچوو بۆ ژوورەکەی خۆی، ئەوسا لە ژوورەکەی خۆیەوە خۆی بە ژوورێکی تاریکدا کرد کە وەکو کۆگا بەکار دەهات، کە جانتا و جۆرەها سەندوق و باوەڵی تیا دانرابوو و جلە کۆنی تیا هەڵواسرابوو و جۆرەها بوخچەی پڕ لە جلی ژێرەوەی تیابوو کە بۆ شۆردن دانرابوو. ئاناستازیا پتروڤنا، هێدی هێدی و لەسەر نووکی پێیان ڕۆیی تا گەییە بەر دەرگایەکی داخراو، هەناسەی لەخۆ بڕی، بە ئاستەم دانەوییەوە، لە کونی کلیلەکەوە ڕوانی، بەدزییەوە کەوتە گوێ هەڵخستن. ئەم دەرگایە یەکێک بوو لەو سێ دەرگایەی کە دەچوونەوە سەر ئەو هۆڵەی زینا و دایکی لێی دانیشتبوون.

ماریا ئالکساندروڤنا، ئاناستازیا پتروڤنای، بە ژنێکی بەدخوا، بەد نیهاد و سائەقڵ دەزانی. هەڵبەتە خاتوو موسکالیوڤا، هەندێجار گومانی ئەوەی دەکرد کە ئاناستازیا پتروڤنا، لە پشت دەرگاوە گوێی

لێدەگرت، بەڵام ئەمجارەیان هێندە مژوول و سەرقاڵ بوو، بیری چوو هیچ پارێزکارییەک بکات. ئەوەتا لەسەر قەنەفەیەک ڕۆنیشتبووە و بەنیگایەکی بەماناوە تەمەشای زینای کیژی دەکات. زینا زۆر خەمبار دیار بوو، ئەم نیگایە زۆری ئەزیەت دەدا.

- زینا!

زینا، بە ئەسپایی، ڕووە خەمینەکەی بۆلای دایکی وەرگێڕا، چاوە خەواڵووەکانی هەڵبڕی و نیگایەکی لێڵی دایکی کرد.

- زینا، دەمەوێت دەربارەی کارێکی زۆر گرینگ و هەستیار قسەت لەگەڵدا بکەم.

زینا خۆی قیت کردەوە، دەستەکانی تێک هاڵاندن و چاوەڕوانی کرد تا بزانێت دایکی چ دەڵێت. بێزاری و تەوس بە سەر و سیمایەوە دیاربوو، بەڵام وێڕای ئەوەش دەیویست ئەو بێزاری و تەوسە بشارێتەوە. دایکی گوتی: زینا گیان دەمەوێت ئەوەت لێ بپرسم، ئەمڕۆ ئەم موزگلیاکۆفەت چۆن هاتە بەرچاو؟

زینا بە نەبەدڵییەوە گوتی: - تۆ دەمێکە ڕای من سەبارەت بەو دەزانیت .

- بەڵێ کچەکەم... بەڵام وا هەستدەکەم ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر تەماح دەکاتە تۆ و زۆر بە زەقی چاوبڕکێت لەگەڵدا دەکات!

- دەڵێت کە منی خۆشدەوێت ، ئیدی ڕەنگە لەو ڕووەوە زۆر نەهەقی نەبێت.

- سەیرە! جاران بەم ئاوایە پاکانەت بۆ نەدەکرد! بەپێچەوانەوە کە من باسی ئەوم بۆ دەکردیت، تووڕە دەبوویت، ڕەتت دەکردەوە.

- سەیر ئەوەیە، تۆ کە هەمیشە لایەنگری ئەوت دەکرد و ڕژد بووی لەسەر ئەوەی کە من شووی پێبکەم، کەچی ئێستا خۆت لە عەلەیی دەدوێیت.

- زینا، هەڵبەتە من لێتی ناشارمەوە، حەزم دەکرد شوو بە موزگلیاکۆف بکەیت. زۆرم لەبەر گران بوو، هەمیشە بە خەمباری بتبینم، هەستم دەکرد خەم خوێنی جگەرت دەخواتەوە، چونکە دەمزانی چ عەزابێک بەوەوە دەکێشێت ( ئیدی تۆ چۆنی تێدەگەی ئازادی ) بەڕاستی من لە سوێی تۆ خەوم لێنەدەکەوت، ئیدی گەییمە ئەو قەناعەتەی تاقە شتێک کە تۆ ڕزگار بکات، ئەوەیە ژیانت لە ڕەگ و ڕیشەوە بگۆڕێت. ئەو گۆڕانەش تەنیا لە ڕێگەی شووکردنەوە دێتەدی. ئێمە دەوڵەمەند نین، دەنا دەمانتوانی بڕۆین بۆ هەندەران. ئیدی کەرانی ئەم شارەش پێیان سەیرە تۆ تەمەنت گەیی بێتە

بیست و سێ ساڵان و هێشتا شووت نەکردبێت، هەزار و یەک قسە و قسەلۆکت دوا دەخەن، ماقوول بوو لەبەر ئەم قسە و قسەلۆکانە قاییل ببم شوو بە یەکێک لە کارمەندە خۆماڵییەکانی ئێرە بکەیت، یان مێرد بە پارێزەرێکی گومناوی وەکو ئیڤان ئیڤانوفیچ بکەیت؟ تۆ کەسێک لەم شارەدا شک دەبەیت کە شایستەی تۆ بێت؟ ئیدی هەستمکرد موزگلیاکوف، هەرچەندە سا ئەقڵە، هەر چییەک بێ لەم گەجەر و گوجەرانە باشترە، هیچ نەبێت لە بنەماڵەیەکی خانەدانە، خزم و کەس و کارێکی زۆر و بەرێزی هەیە، سەد و پەنجا جووتیاری زەرخرِی هەیە. ئیدی ئەو شووکردنەم پێ باشتر بوو لەوەی خەمبار و نائومێد لە ماڵەوە دانیشیت، لەبەر ئەوە چاوم لەوە بوو شوو بە موزگلیاکوف بکەی، دەنا بەزاتی خوا هیچ بەدڵم نەبوو، ئێستاش لەو باوەڕەدام کە خوا لەوی پاراستم، بە ئێستاشەوە ئەگەر خوا کەسێکی لەو باشتری ناردبا، زۆرم پێخۆش دەبێت. هەڵبەتە تۆ عاقڵیت کرد بەڵێنی تەواوەتیت نەداوەتێ. زینا خۆ ئەمڕۆ هیچ بەڵێنێکت نەداوەتێ؟

زینا بە بێزاری و تووڕەیی گوتی:- دایکەگیان ئەم پێچەبەدەورەیەی بۆ چییە، مەسەلەکە بە دوو کەلیمە قسە ببڕەوە و تەواو؟

– زینا، پێچەبەدەورەوە؟ چۆن دەتوانیت بەو ئاوایە قسە لەگەڵ دایکتدا بکەیت؟ حەیفێ ماوەیەکە هیچ متمانەیەکت بە من نییە، ماوەیەکە بە دژمنی خۆتم دەزانیت!

– بەسە دایکە گیان! پێویست بەم گەنگەشە و دەمەقاڵێیە ناکات، هەردووکمان یەکدی دەناسین!

– بەڵام کیژی خۆم تۆ سووکایەتیم پێدەکەیت! تۆ ناتەوێ باوەڕم پێبکەیت کە من ئامادەم هەموو شتێک لە پێناوی شادمانی و بەختەوەری تۆدا بکەم!

زینا بە تەوس و نائومێدییەوە ڕوانییە دایکی، ئەوسا بەدەم زەردەخەنەیەکی نامۆوە پرسی:- بەنیازنیت، لە پێناوی شادمانی خۆما بمدەیت بە ئەمیر؟

– زینا، من تا نها تاقە وشەیەکم لەمبارەیەوە نەگوتووە، بەڵام مادامێکی مەسەلەکە هاتەسەر ئەمە، ئەوا دەڵێم ئەگەر بشێت شوو بە ئەمیر بکەیت، بەختەوەر دەبیت، کارێکی شێتانە نییە...

زینا بە تووڕەیی هاواریکرد:- بەلای منەوە شێتایەتیە. بەڵکو قسەی قۆڕیشە! دایکە هەست دەکەم هەندێجار وەکو شاعیران بە باڵی خەیاڵ دەفڕیت! تۆ پڕ بە پێستی وشەی شاعیر " ژنێکی شاعیری "! بەلای کەمەوە لە موورداسوف دا وات پێدەڵێن. تۆ نەخشە لەسەر نەخشە دەکێشیت، هەر هەمووی پووچەڵ و بێهودە دەردەچێت و هەر کۆڵ نادەیت! لەوەتای ئەمیر هاتووە ئەمە حاڵ و ڕەوشی تۆیە. کاتێ کە موزگلیاکوف بە تەوسەوە، بە گاڵتەوە گوتی دەبێ ژنێک بۆ ئەم پیرەمێردە پەیدا

بکەین، من هەموو بیرکردنەوەکانی تۆم لە سەر و سیماتدا خوێندەوە. ئامادەم گرەو بکەم کە هەموو بیرکردنەوەیەکت سەبارەت بەم بابەتە بووە و ئێستاش ئەم هەموو پێچەبەدەورەیەت بۆ ئەوەیە ئەو بابەتە بە گوێی مندا بدەیت. بەڵام پرۆژە بەردەوامەکانی تۆ دەربارەی من بەڕاستی بێزار و وەڕزم دەکات دایکە گیان، هەست بە شەرمەزاری دەکەم! بۆیە تکا دەکەم چیتر باسی ئەم بابەتە مەکە، گوێت لێمە؟ جارێکی دی هەرگیز ئەم قسەیە دووبارە مەکەوە تێگەیشتی!

زینا لەزگ بوو لە تووڕەییدا بخنکێت . ماریا ئالکساندروڤنا بەڕاوێژێکی تکاکارانە گوتی:- زینا، کچەکەم، تۆ منداڵیت، منداڵێکی نەخۆشیت! تۆ بێ حورمەتی دەرهەق بەمن دەکەیت! هیچ دایکێک ئەوە قەبوول ناکات کە من لە تۆی قەبووڵ دەکەم!تۆ زۆر تووڕەیت، زوو هەڵدەچیت. جا من دایکم، بەرلە هەر شتێک دایکێکی مەسیحیم، بۆیە دەبێت تەحەمووڵ بکەم، لێبوردە بم. بەڵام زینا گیان تەنیا یەک وشەی دیکەم هەیە: ئەگەر من بەڕاستی ئارەزوومەندی ئەو زەماوەندەش بم، تۆ بۆچی ئەمە بە خەیاڵپڵاو و قسەی قۆڕ دەزانیت؟ من لەو باوەڕەدام کە موزگلیاکوف، قەت پیاوێکی زیرەک نەبووە، بەڵام هەرگیز قسەیەکی زیرەکانەتری لەم قسەیەی ئەمڕۆی کە وتی ئەمیر پێویستی بە ژن هێنانە، پێویستی بە زەماوەندە، نەکردووە، بەڵام نەک لە گەڵ ئاناستازیای چەپەڵدا. بەڵام قسە و پێشنیازەکەی موزگلیاکوف دەربارەی زەماوەندی ئەمیر لە گەڵ ئاناستازیادا بەڕاستی بێ مانا بوو...

- گوێبگرە دایکە گیان، ڕێک و ڕاست، بە ڕاشکاوی بڵێ تۆ مەبەستێکت لەم قسانە هەیە یان هەروا دەیانکەیت؟

- من تەنیا پرسیارت لێدەکەم، چما ئەم بابەتە بەلای تۆوە سەخیف و بێهودەیە؟

زینا، لە پەستیدا لاقی بە عاردیدا دا و گوتی:- دیسان؟ چ گیرێکم خواردووە، تووشی چ چارەنووسێک بووم ها؟! دەزانیت بۆچی بە سەخیف و بێهودەی دەزانم؟ چونکە لە خشتە بردنی ئەم پیرەمێردە داماوە، خەڵەفاوە، بەوەی کە من شووی پێبکەم، تا پاشان پارەکانی بخەمە تەنکەی باخەڵم و هەموو ڕۆژێ چاوەڕوانی مردنی ئەو بکەم، خوا خوام بێت ساتێ زووتر بمرێت، بە نۆڕینی من نەک هەر کارێکی بێهودەیە، بەڵکو زۆریش نەنگینە... بۆیە دایکەگیان هەرگیز ستایشی ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەی تۆ ناکەم!

بێدەنگییەکی کورت باڵی بەسەردا کێشان. ئەوسا ماریا ئالکساندروڤنا لە ناکاوا پرسی:- زینا لە بیرتە پێرار چیت بەسەر هات؟

زینا، لە ترسا ڕاچڵەکی، هەنگێ بەڕاوێژێکی جدی گوتی:- دایکە گیان، تۆ بەڵێنت نەدابوو کە هەرگیز ئەو بویەرەم بەڕوودا نەدەیتەوە.

-کچەکەم نها بەڕاشکاوی داوات لێدەکەم ئەمجارە، تەنیا ئەمجارە ڕێگەم بدە  ئەم بەڵێنەی خۆم، کە تا نها پابەندی بووم، بشکێنم. زینا گیان، کاتی ئەوە هاتووە بەڕاشکاوی لەگەڵ یەکدیدا قسە بکەین. بێدەنگیە دوو ساڵییەکەمان زۆر سەخت و ترسناک بوو! ئیدی بەردەوامماندنی ئەم بێدەنگییە مەحاڵە! من ئامادەم لەبەردەم تۆدا چۆک دابدەم، لێت بپاڕێمەوە کە ڕێگەم بدەیت قسە بکەم. گوێ بگرە زینا، دایکت، لەبەردەمتدا چۆکی داداوە، لێت دەپاڕێتەوە، وەکو دایکێکی کڵۆڵ کە کیژەکەی دەپەرستێت. بەڵێنت دەدەمێ کە چیتر، لە هیچ کاتێکدا، تەنانەت بۆ ڕزگارکردنی ژیانی خۆیشم، ئەگەر بکەوێتە مەترسییەوە، باسی ئەو بابەتە نەکەم. ئەمە دواجارم دەبێت کە باسی دەکەم... بەڵام نها پێویستە قسە بکەم!

ماریا ئالکساندروڤنا، حیسابی زۆری بۆ باندۆر و کاریگەریی قسەکانی خۆی دەکرد. زینا کە ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو گوتی:- قسەی خۆت بکە.

- سوپاس زینا. پێرار، مامۆستایەکی گەنج هاتە ماڵمان تا وانە بە برا بچووکەکەت، بە میتای جوانەمەرگ بڵێتەوە...

زینا، پەست بوو و بە بێزارییەوە قسەکەی بە دایکی بڕی:

- دایکە گیان چما بەو پێچ و پەنایە، بەو هەموو گازنەوە قسە دەکەیت؟ ئەم هەموو درێژدادڕییە، ئەم هەموو تول و تەفسیلە بۆش و بەتاڵە لەپای چی؟ خۆ هەردووکمان ئەو شتانە دەزانین.

دایکی بەرسڤی دایەوە:- چونکە من، دایکت ناچارم لە هەنبەر تۆدا پاکانە بۆ خۆم بکەم! دەمەوێت لە ڕوانگەیەکی جیاوازەوە زۆر جیاوازتر لەو ڕوانگە گوماناوییەی کە تۆ بۆ شتەکان هەتە و خووت پێوە گرتووە. هەنگێ باشتر و خویاتر پەی بەو ئەنجامگیریە دەبەیت کە من دەمەوێت بیگەمێ. کیژی خۆم وا وێنا نەکەی کە من دەمەوێت دڵت نەرم بکەم! نەخێر زینا! من دایکی ڕاستەقینەی تۆم، ڕەنگە ڕۆژێ لە ڕۆژان خۆت بخەیتەسەر لاقم، لاقی ئەو ژنەی کە نها بە کەم و نەفس نزمی ناو دەبەیت و بەدەم ڕوندک ڕشتنەوە داوای بوردنی لێبکەیت ، داوای ئاشتبوونەوەی لێبکەیت، ئەو ئاشتبوونەوەیەی کە ماوەیەکی زۆرە بە شانازییەوە ڕەتی دەکەیتەوە. ئەمە ئەو سەردەمەیە کە وام لێدەکات گرێی دڵی خۆم بکەمەوە و هەرچییەکم لە دڵدایە بەجارێ هەڵیڕێژم زینا! بە ڕاشکاوی بیڵێم... دەنا بێدەنگ دەبووم و هیچم نەدەگوت...

زینا، کەلە ناخی دڵییەوە، نەفرەتی لەم درێژدادڕی و دەماوەریەی دایکی دەکرد:- دەی باشە قسە بکە.

-دەی زینا، قسە دەکەم. ئەم مامۆستایە، مامۆستای گوندەواران، کە زۆر منداڵکار بوو، کارێکی وەهای لە تۆ کرد کە هەرگیز وێنام نەدەکرد. وێڕای ئەوەش بە ئومێدی ئەوە بووم لە هەر مەترسییەک بخەلەسیت... من زۆر متمانەم بە زیرەکی و کبریای خۆرسکی تۆ هەبوو. لە خوێڕیەتی ئەم مامۆستایەش ( مرۆڤ دەبێت شتەکان وەکو خۆی بگێڕێتەوە ) دڵنیابووم، بۆیە نەمدەتوانی باوەڕ بەوە بکەم، کە چ پەیوەندییەکتان لە نێواندا هەبێت. کە ڕۆژێک لە ناکاو هاتیت بۆلام و بێ چەند و چوون پێت ڕاگەیاندم کە بڕیارت داوە شوو بەو پیاوە بکەیت. ئەمە وەکو ئەوە بوو خەنجەرێکم بەدڵدا بکەیت! من هاوارێکم کرد و لەخۆم چووم... نها چما ئەوە دەگێڕمەوە؟ تۆ هەموو ئەم شتانەت لە بیرە. ئیدی من بە پێویستم زانی هەموو دەسەڵاتێکی خۆم بەکار بەرم، ئەو دەسەڵاتەی کە تۆ بە زوڵم و ستەمکاریت ناو دەبرد. ئاخر ئەم کوڕە، هێشتا زۆر منداڵکار بوو، کوڕی کابرایەکی جانکوش ( مجێوری کڵێسا ) بوو، مانگانەکەی تەنیا دوازدە ڕۆبڵ بوو، شاعیرۆکێکی کڵۆڵ و داماو بوو، شیعرەکانیان بەخاترانە لە گۆڤاری " ژووری خوێندنەوە " دا بۆ بڵاو دەکردەوە. ( ژووی خوێندنەوە، گۆڤارێکی زۆر بڵاو بوو کە ئوسنکوفسکی، دەری دەکرد )، کەسێکی چەنەباز بوو، جگە لە باسی شەکسپیری نەفرەتی هیچی دیکەی نەدەزانی! ماقوولە ئەم هەتیوە ببێت بە مێردی تۆ؟ بە مێردی زینائید موسکالیوڤا؟ ئەم کوڕە تەنیا شایستەی فلوریان و چامە و حیکایەتە شوانکارەییەکانە ( فلوریان: دەکاتە ە. پییر فلوریان ١٧٥٥ – ١٧٩٤، نووسەر و دانەری حیکایەتێن خورافی و چیرۆکێن دێهاتیانە ) بمبورە زینا، هەرکە ئەوەم بیر دەکەوێتەوە، ئیدی خوام نامێنێت و دەهری دەبم. من ئەو کوڕەم جواب کرد، بەڵام هێز نەبوو تۆ ژێوان بکاتەوە. بەڵام بابت، وەکو خووی هەمیشەیی خۆی هەر چاوی دەتروکاند، بەبێئەوەی لەو قسانە بگات کە من بۆم دەکرد. تۆ لەسەر پەیوەندی خۆت لەگەڵ ئەو کوڕەدا بەردەوام بوویت، تەنانەت دەچوویتە ژوانیشی، لەوەش خراتر ئەوە بوو کە نامەت لە گەڵیدا دەگۆڕییەوە. ئیدی قسە و قسەڵۆک لە شاردا بڵاو دەبووەوە، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ تانەیان لە من دەدا، خەڵکی پێمان خۆش دەبوون، لە هەموو شوێنێک لە قاویان دەداین، ئیدی لە ناکاوا هەموو پێشبینییەکانی من هاتەدی: نازانم تۆ چما لە گەڵ کوڕەی ناڤبریدا تێک چوویت، ئیدی بودەڵەیی ئەو کورەت بۆ ئاشکرا بوو ( من هەرگیز ناتوانم بە پیاوی بزانم ) هەڕەشەی ئەوەی لێکردیت کە نامەکانت بە هەموو خەڵکی نیشاندەدات. دوای ئەم گەف و هەڕەشانە تۆ تووڕە بوویت و زللەیەکی مزرت لە بناگوێی خێواند. بەڵێ زینا، من ئاگام لەم بابەتەش هەیە!... ئاگام لە هەموو شتێکە. هەر ئەو ڕۆژە ئەو گەنجە نامەرد و خوێڕییە، یەکێک لە نامەکانی تۆی نیشانی ئەو ژنە سووکە، واتە " زاوشین " دابوو، دوای یەک سەعات ئەم

نامەیە گەیی بووە دەستی ناتالیا دمیتروفنای دژمنی سەرسەختی من. هەر بۆ شەوێ ئەم گەنجە نەگبەت و شێتە پەشیمان بووبووەوە و، گەوجانە هەوڵیدابوو لە ڕێگەی ژەهر خواردنەوە خۆی بکوژێت. ئیدی حەیاچوونێکی سەیر بەرپا بوو! ئیدی ئەم ئاناستازیا ئاژەڵە بلەز، شپرزە و پەشۆکاو هەواڵە ترسناکەکەی بۆ هێنام، گوتی: نامەکەی تۆ سەعاتێکە کەوتووەتە دەستی ناتالیا دمیتروڤنا! ئیدی دوای دوو سەعاتان هەواڵەکە لە سەرانسەری شاردا بڵاو بووەوە، ڕیسواییەکەی بوو بەداستان و کەوتە سەر زاران! من هەرچۆنێ بوو خۆم کۆنترۆڵ کرد و نەبورامەوە، بەڵام زینا دەزانیت بەو کارە چ خەنجەرێکت لە دڵی من دا! ئەم ژنۆکە ڕوودارە، ئەم ئاژەڵە چەپەڵە، گوتی ئەگەر من دوو سەد ڕۆبڵی بدەمێ ئەوا دەتوانێت نامەکە بدزێت و بۆمی بێنێتەوە. ئیدی بەخۆم، بلەز، بێئەوەی فریا بکەوم سۆلەکانم بگۆڕم، بە هەڵەداوان، بە ژێر بەفر و کڕێوەدا چووم بۆلای بوشتاین – ی جوولەکە، گەردانە جەواهیرەکەی خۆم، کە تاقە یادگاریی دایکی ڕەحمەتیم بوو، لەلای ئەو بە بارمتە دانا! دوای دوو سەعاتان نامەکەم پێگەیی. ناستازیا، قفڵی سەندووقەکەی ناتالیا دمیتروڤنای شکاندبوو و نامەکەی دزی بوو و بەوئاوایە شەرف و ئابڕووی تۆی پاراست، چونکە هیچ بەڵگەیەک لە ئارادا نەما. مەگەر هەر خوا بزانێت ئەو ڕۆژە لە سۆنگەی تۆوە چ عەزابێکم کێشا، بڕوات و نەیەتەوە! بۆ سبەینێ، بۆ یەکەمجار چەند داوە موویەکی سپیم بەسەر خۆمەوە بینی زینا! تۆ بەخۆت بۆچوونی خۆتت سەبارەت بە کوڕە گوڕی. ڕەنگە نها بەخۆت پەیت بەمە بردبێت و دان بەوەدا بنەیت کە وەختایەک دەتویست چارەنووسی خۆت بەو بسپێریت، چ هەڵەیەکت کردبوو! کەچی لەو کاتەوە تا ئێستاش هەر خەم بەری نەداویت و لە عەزابدا دەژیت؛ تۆ ناتوانیت لە بیری بکەیت... یان بە وتەیەکی دی هێشتا لەبیرت نەکردووە، لە کاتێکدا لە هیچ ڕوویەکەوە شایستەی تۆ نەبوو، ناتوانیت تراویلکەی یەکەم خۆشەویستی لەبیر خۆت ببەیتەوە. نها ئەو کوڕە نەگبەتە، لە سەرە مەرگدایە؛ دەڵێن تووشی دەردە باریکە بووە. تۆش کە فریشتەی میرەبانیت! ناتەوێت تا ئەو لە ژیاندایە، شوو بکەیت و سوێ بکەیتە دڵییەوە و بە داخی غیرە و بەغیلیەوە سەر بنێتەوە. وێڕای ئەوەش من دڵنیام کە ئەو هیچ کات بەدڵ و بەگیان خۆشی نەویستوویت! من ئاگادارم وەختایەک کە زانی بووی موزگلیاکوف هاتوچۆی ئێمە دەکات و بە تەمایە خوازگاری تۆ بکات، کەوتبووە سیخۆڕی بەسەرتەوە. ئەحواڵی دەپرسیت، لە دووی دەناردیت ، منیش هەستم کرد کە بەزەییت پێیدا دێتەوە، خودا خۆی دەزانێت چەندم ڕوندکی گەرم بە سەر سەرینەکەمدا ڕشتووە!...

زینا، بەدەم خەم و پەژارەوەیەکی زۆرەوە قسەکەی بەدایکی بڕی:

– بەسە دایکە گیان بەسە! پێویست بەوە ناکات باسی ڕوندک و بالیفەکەت بکەیت... ئەمانە هەر هەمووی ڕستەی دەسکرد و کلێشەییە، هەمووی ڕیا و دوو ڕووییە. چما ناکرێت بەبێ دەماوەری و فێڵ و تەڵەکە قسە بکرێت؟

– ئاخ زینا! تۆ ناتەوێت باوەڕ بەمن بکەیت! کیژێ بەو دژمنایەتیە تەمەشام مەکە! بەزاتی خوا بە درێژایی ئەم دوو ساڵە ڕوندک لە چاوانم نەبڕاوە، بەڵام من لە تۆم دەشاردنەوە، سوێندت لە سەرم نییە و سوێندت بۆ دەخۆم کە خۆیشم لەم ماوەیەدا گۆڕاوم! پیریم لێوەدەرکەوتووە! زینا من ماوەیەکە لە هەستەکانی تۆ تێدەگەم! وێڕای ئەوەش دان بەوەدا دەنەم تا نها لە خەم و پەژارەکانی تۆ حاڵی نەبووبووم. گیانەکەم ئاخر ئەمە تاوانە ئەگەر من هەست و سۆزەکانی تۆ بە زادەی ئەو ڕۆمانسیەتە بزانم کە شەکسپیری نەفرەتی لە دڵ و دەروونتی ڕواندووە، ئاخر چ دایکێک هەیە پاکانە بۆ ئەو ترس و دڵەڕاوکێیە نەکات کە ئەوسا باڵی بەسەر مندا کێشابوو، یان پاکانە بۆ ئەو ئیجرائاتانە نەکات کە کردمن، یان پاکانە بۆ ئەو حوکمە نەکات کە دام!؟ بەڵام نها، کە عەزابی دوو ساڵەی تۆم بینی، لێت تێدەگەم و هەست بە ئازارە بە سوێیەکانی تۆ دەکەم. باوەڕ بکە لێت گەیشتووم، ڕەنگە لە خۆت باشتر حاڵی بووبم! من دڵنیام کە تۆ ئەو شێتە، ئەو کوڕە داماوەت خۆش ناوێت، بەڵکو خەونە زێڕینەکانی خۆت خۆشدەوێت، عەودالی ئایدیالە لە دەست چووەکانی خۆتی. منیش کاتی خۆی عاشقێنیم کردووە، ڕەنگە لە تۆش عاشقتر بووبم، منیش دەرد و عەزابی عەشقم چەشتووە، منیش ئارەزوو و خەون و خەیاڵم هەبوو. کەواتە کەس ناتوانێت نەهەقم بگرێت، بەتایبەتی تۆ، ئەگەر ئەمڕۆ وای بۆ بچم کە شووکردنی تۆ لەم هەل و مەرجەی ئێستادا بە ئەمیر، تاقە ڕێگەی ڕزگاری تۆیە!

زینا دەیزانی کە دایکی لە خۆڕایی و بەبێ نیاز ئەو قسانە ناکات، مەبەستێکی هەیە. بەسەرسامی گوێی لەو گوتارە دوور و درێژە گرت بەڵام ئەنجامگیرییەکەی دایکی حەپەساندی، هەرگیز بەتەمای ئەو ئەنجامگیرییە نەبوو. بەترس و لەرز و دوو دڵییەوە ڕوانییە دایکی و هاواریکرد:– باشە ماقوولە، بیر لەوە بکەیتەوە کە بمدەیت بە ئەمیر؟ کەواتە ئەمە هەر خەون و خەیاڵ نییە، بەڵکو پرۆژە و نەخشەیەکە و دەتەوێت پراکتیزەی بکەیت؟ کەواتە مەزەندەکەی من دروست دەرچوو!... ئاخر چۆن پێت وایە ئەم شوو کردنە ڕزگارم دەکات؟ چۆن بۆ من و بۆ ئەم هەل و مەرجەی کە من تیایم زەرووریییە؟ ئەم بابەتە چ پەیوەندییەکی بەهەموو ئەو شتانەوە هەیە کە نها وتت، چ پەیوەندییەکی بەو چیرۆکەوە هەیە کە گێڕاتەوە؟... دایکە گیان من لە نیاز و مەبەستی تۆ تێناگەم!

ماریا ئالکساندروڤنا، بەدەم هەڵچوونەوە، گوتی:– فریشتەکەم، منیش هەقی خۆمە سەرم لەوە بسوڕمێ کە بۆ لە نیاز و مەبەستی من تێناگەیت؟ یەکەم سەبارەت بە تۆ گرینگ ئەوەیە ئەم

ڕەوشە بگۆڕیت کە تیایدا دەژیت، بچیتە دنیایەکی تازەوە. دووەم پێویستە ئەم شارە قێزەونە، کە پڕە لە بیرەوەری تاڵ و تۆ نەخۆشیت تیایدا دیتووە نە دۆستایەتی بە یەکجارەکی ، بۆ هەتاهەتایە بە جێبێڵیت. ئەم شارەی کە هەموو خەڵکەکەی بوختانت پێدا دەکەن، شارێک کە هەموو ژنە دەمەوەرەکانی، وەکو قەلەڕەش دەقڕێنن بەغیلی بە جوانی تۆ دەبەن. دەتوانیت لە بەهاری داهاتووەوە سەفەری هەندەران بکەیت، بۆ ئیتاڵیا و سویسرا و ئەسپانیا بڕۆیت. بەڵێ بۆ ئەسپانیا کە ئالا گومبراو ( ئالا گومبرا: قەڵایەکە پڕە لە کۆشک و تەلارێن جۆراوجۆر کە کاتی خۆی عەرەب لەوێندەر دروستیان کردووە. ) گوادولکویریر .(گوادولکویریر: ڕوبارێکی جوانی ئەسپانیایە کە لە کوردوسوی ڕەت دەبێت دەڕژێتە ئوقیانووسی ئەتڵەسەوە) ی تێدایە نەک ئەم جۆگا قێزەونەی بەم شارەدا دەڕوات کە ناوەکەشی ناخۆشە...

– بەسە دایکە گیان بەسە!... تۆ بەجۆرێ قسە دەکەی وەکو ئەوەی شووم کردبێت یان بە کێمانی ئەمیر خوازگاری کردبم!

– فریشتەکەم، خەمی ئەمەت نەبێت، من دەزانم چ دەڵێم. بەڵام ڕێم بدە با قسەکەم تەواو بکەم. نها لە بەشی یەکەمی قسەکانم بوومەوە. ئیدی دەچمە سەر بەشی دووەم: کیژی خۆم من هەستدەکەم کە بە چ لووت و پووتێکەوە؛ بە چ قێز و بێزێکەوە ئامادە بوویت شوو بەم مۆزگلیاکوفە... بکەیت.

زینا قسەکەی بەدایکی بڕی و بە گەرمی گوتی:– من هەرگیز و ڕۆژێ لە ڕۆژان شووی پێناکەم، من بەخۆم ئەمە دەزانم، ئیدی پێویست بەوە ناکات کە تۆ باسی بکەیت.

ماریا ئالکساندروڤنا گوتی:– خۆزگە دەتزانی تا چ ڕادەیەک لەم نەفرەتەی تێدەگەم! هیچ شتێک بۆ کیژ لەوە ناخۆشتر نییە کەلە میحرابی کلێسادا سوێندی وەفاداری بۆ کەسێک بخوات کە نەتوانێت خۆشی بوێت! هیچ شتێک بۆ کیژ لەوە ناخۆشتر نییە، مێردێکی هەبێت نەتوانێت ڕێز و حورمەتی بگرێت! وێڕای ئەوەش داوای ئاشقێنی و دەستبازی لێبکات! بۆیە بتخوازێ تا زەوتت بکات، بتکات بە موڵکی خۆی... من کاتێ کە ڕووت وەرگێڕا، ئەمەم لە چاوەکانتدا خوێندەوە! نا، نا، هیچ شتێک لە ڕواڵەتبازی و ڕیا دزێوتر نییە! من بەخۆم بیست و پێنج ساڵە ئەم ڕواڵەتبازی و ڕیا و دوو ڕوویيە دەجەڕبێنم. باوکت وێرانی کردم!... دەتوانم بڵێم گەنجیمی هەڵمژی! بەخۆت زۆرجار شایەدی گریانی من نەبوویت؟

زینا وەڵامی دایەوە:– واز لە باوکم بێنە تکایە... نها بۆخۆی لە گوندیە، هەقت بەسەر ئەوەوە نەبێت!

– دەزانم تۆ هەمیشە لایەنگری ئەو بوویت. ئاخ زینا، وەختایەک من لەبەر پارە و ماڵی دنیا، گوشارم لە تۆ دەکرد کە شوو بە موزگلیاکوف بکەیت ، بەڕاستی دڵم دەگوشرا. بەڵام سەبارەت بە

شووکردنت به ئەمیر، پێویست به ڕیا و ڕواڵەتبازی ناکات... چونکە ئاشکرایه کە ناتوانیت خۆشت بوێت... عاشقی ببیت... هەڵبەته خۆیشی تاقەتی ئەوەی نییه داوای حوب حوبێنەت لێبکات...

– ئەی خودایا ئەم وڕینەیه چییه! دایکه دڵنیابه کە تۆ هەڵەیت، لە ئێستاوه دڵنیابه کە من نامەوێت خۆم بکەم به قوربانی ئامانجێکی نادیار! دڵنیابه من نامەوێت شوو بکەم، به هیچ کەسێک شوو بکەم، دەمەوێت قەت شوو نەکەم! تۆ دوو دانه ساڵه سەرت کردووەته سەر من، هەی شوو بکه هەی شوو بکه. بەسه تۆ هەڵەیت. من نامەوێت شوو بکەم و بڕایەوه...

–گیانەکەم، زینا گیان، تکایه تووڕه مەبە، مەعز بۆ مەعز بۆ ڕەزای خوا گوێبگره با قسەکەم تەواو بکەم. ئەم کەلله ڕەقیه چییه! با، من له ڕوانگەی خۆمەوه شتەکانت بۆ ڕوون بکەمەوه، دڵنیام یەکسەر دێیته سەر بۆچوونەکەی من. ئەمیر هەر یەک ساڵی دی دەژی، ئەوپەڕی دوو ساڵی دی: بەڕای من ئینسان بێوەژنێکی گەنج بێ باشتره لەوەی پیره کچ بێت، هەڵبەته دوای مردنی ئەمیر، دەبیت به بێوەژنی میر، دەوڵەمەند و سەربەخۆ. گیانەکەم ڕەنگه تۆ به نەفرەتەوه بڕوانیته هەموو ئەم حیساب و کیتابانه! ئەوەی من دەیزانم تۆ نایزانیت . من دایکتم، کێ دەتوانیت گلەیی ئەم دووربینییه لەمن بکات؟ هەقی خۆم نییه بیر له ئاینده بکەمەوه؟ جا ئەگەر تۆ لەبەر دڵپاکی خۆت، بەزەییت بەو کوڕەدا بێتەوه و وەکو من تێگەیشتووم ناتەوێت تا ئەو له ژیاندا بێت شوو بکەیت، ئەوا دڵنیابه ئەگەر شوو به ئەمیر بکەیت، دڵی خۆش دەکەیت، جۆره هیوایەکی پێدەبەخشیت. چونکە ئەگەر یەک توزقاڵ عەقڵی هەبێت، تێدەگات که غیره و بەغیلی بردن به ئەمیر، کارێکی بێ مانایه، یەکسەر تێدەگات که ئەمه شووی مەسلەحەته نەک شووی خۆشەویستی... دەمەوێت بەکورتی ئەوه بڵێم که تۆ دەتوانیت دوای مردنی ئەمیر، شوو به هەرکەسێک بکەیت که خۆت بتەوێ...

زینا گوتی:- بەکورتی بڵێ شوو به ئەمیر بکەم، فریوی بدەم، تالانی بکەم، چاوەڕوان بکەم تا دەمرێت، هەنگێ شوو به دڵدارەکەی خۆم بکەمەوه... ئەمه نەخشەیەکی فێڵبازانەیه! دایکەگیان تۆ دەتەوێت بەم قسانه فریوم بدەیت... له مەبەستت حاڵی هەم، تەواو تێدەگەم! تۆ تەنانەت له باسی بابەتێن بچووک و هیچیش دا هەستێن نەجیبانه دەردەبڕیت. هەق بوو، ڕێک و ڕاست بێ پێچ و پەنا پێت بگوتمایە: " زینا، ئەمه کارێکی چەپەڵە، بەڵام زۆر به قازانجه، لێی مەوەسته و بیکه... " ئەگەر وات بگوتبایه هیچ نەبێ ڕاشکاوی و ڕاستگۆییەکەت بۆ دەمایەوه.

–چما، کیژی خۆم، تەنیا لەم گۆشەیەوه دەڕوانیته مەسەلەکان، له گۆشەنیگای فریودان و تەماعکاری و ستەمکارییەوه؟ تۆ ئەم وردەکاری و دووربینییەی من به چاوچنۆکی و فریو

دەزانی؟ بەلام تۆ ویژدانت، تۆ هەرچییەک بەلاتەوە پیرۆزە، پێم بڵێ چاوچنۆکی و ستەمکاری ئەم بابەتە لە چیدایە؟ تۆ لە ئاوێنەدا تەمەشای خۆت بکە: هێندە جوان و بەدەوی ئەوە دێنێت یەک سەڵتەنەتت لە قەبەڵ بدرێت! وێڕای ئەوەش تۆ لە ناکاوا، باشترین قۆناغی تەمەنت وەقفی پیرەمێردێک دەکەیت!... وەکو ئەستێرەیەکی ڕەخشان، لە ئاسمانی تاریکی ژیانیدا دەدرەوشێیتەوە، وەکو لاولاوێکی هەمیشە کەسک، دوا قۆناغی تەمەنی عەتر پرژێن دەکەیت. لەو ژنە نەفرەجایە، لەو ئەژدیها ژەهراویە، لەو جادووبازەی کە ئەفسوونی کردووە و وەکو زەروو شیلەی عومری دەمژێت، ڕزگاری دەکەیت!چما سەروەت و سامانەکەی ئەو لە تۆ زیاترە؟ ئاخر ئەمە چ چاوچنۆکی و ستەمکارییەکی تیایە؟ زینا تۆ خۆشت نازانیت چ دەڵێیت؟

– با، دەزانم چی دەڵێم، چما شوو بە کابرایەکی نەخۆش بکەم دایکە گیان، ئەمە فریوکارییە، ئەمە خاپاندنە، خاپاندن هەر خاپاندنە بە هەر مەبەست و بیانوویەک بێت!

– بەپێچەوانەوە کچەکەم، بە پێچەوانەوە! دەکرێت لە گۆشە نیگایەکی بەرزەوە تەمەشای ئەم بابەتە بکرێت، بەتایبەتی لە ڕوانگەی مەسیحیەتەوە کیژی خۆم! باشە تۆ بەخۆت جارێک لە کاتی هەڵچوونا نەتگوت دەتەوێ ببیت بە برین پێچ و پەرستاری بریندارانی شەڕ. دڵت بریندار بووبوو، دەتگوت ( منیش ئەمەم دەزانی ) کەلە ئێستا بەدواوە خۆشەویستی لە دڵت دەتۆرێت. جا وەختایەک ئینسان باوەڕی بە خۆشەویستی نەما، دەبێ وەکو منداڵ، بەهەمان بێگەردی و قەناعەتی منداڵانەوە سۆز و خۆشەویستی خۆی بۆ مەیدان و بوارێکی دی بگوازێتەوە، هەنگێ پەروەردگار باشترین پاداشتت دەداتەوە. ئەم پیرەمێردەش عەزابی کێشاوە، داماو و نەگبەتە، ڕوو دەکاتە هەر کوێیەک جوابی دەکەن. من دەمێکە دەیناسم، هەمیشە هەستێکی گۆنگ و ئاڵۆز و نامەفهوومم دەربارەی هەبووە. هەستێکی ڤیان ئامێز؛ نزیک لە خۆشەویستی، وەکو ئەوەی پێشوەختە پێشبینی ئەوەم کردبێت کە... کەواتە بڕۆ ببە بە دۆستی، ببە بە کیژی، بە کورتی ببە بە گەمەی دەستی، گەرمی بخە دڵییەوە. دڵنیات دەکەم کە خێرت دەگاتێ، خواش لێت ڕازی دەبێت. ڕاستە ئەمیر پیاوێکی کۆمیدیە، بەڵام تۆ گوێ بەمە مەدە، کابرایەکی نیوەگیانە. تۆ کەسێکی مەسیحیت، سەیری ڕواڵەتی مەکە، بەزەییت پێیدا بێتەوە! خۆت ناچار بکە. خۆ ئەگەر بچیت بۆ خەستەخانان و پەرستاری بریندارا‌ن بکەیت، ئەمە فیداکارییەکی گەورەیە. هەڵمژینی هەوای ئالوودەی قاوشی نەخۆشان زۆر ناخۆشە! بەڵام وێڕای ئەوەش خەڵکانێکی فریشتەئاسا هەن کە ئەو کارە دەکەن و مەمنوونی خودان کە ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخساندوون، ئەوە بۆخۆی ئەو دەرمانەیە کە لەگینە دڵەی بریندارت سارێژ بکات زینا گیان؛ بەهەرحاڵ ئەمە کارێکە مژوولت دەکات، لە خەم و پەژارەت دوور دەخاتەوە. کارێکی مرۆڤانی ئەخلاقییە، یارمەتیت دەدات فریای بریندارا‌ن بکەویت! پێم ناڵێیت ئەمە

چ عەیب یان خۆپەرستیەکی تێدایە؟ بەڵام تۆ باوەڕ بە قسەکانی من ناکەیت، لە قسەکانم بە گومانیت. وا وێنا دەکەیت وەختایەک باسی ئەرکێن مرۆڤانی و ئەخلاقی دەکەم، بەڕاستم نییە. تۆ دان بەوەدا نانەی کە ژنێکی ئەشرافی چالاکی وەکو من، دەشێت هەست و سۆزی هەبێت، عەقڵ و ئاوەزی هەبێت! با واز لەمە بێنین! تۆ کە باوەڕ بە قسەکانی دایکی خۆت ناکەیت ، ئەمە خۆی لە خۆیدا بێ حورمەتیە بەو... بەڵام پێویستە دان بە دروستی و ڕاستی قسەکانی دایکتدا بنەیت، وای دابنێ ژنێکی دیکە ئەو قسانەت بۆ دەکات. چاوت بنوقێنە و پشتم تێبکە و وای دابنە گوێت لە دەنگێکە و خاوەنەکەی نابینیت. ئەوەی تۆی نیگەران و ناڕەحەت کردووە، پارە و سەروەتە، وەکو ئەنجامدانی مامەڵەیەک؛ کڕین و فرۆشتن سەیری مەسەلەکە دەکەیت. ئەگەر ئەوەندە بە پارە قەڵسیت، پارەکە ڕەت بکەوە، بە ئەندازەی پێویستی خۆتی لێهەڵگرە و ئەوەی دیکەی بەسەر هەژاراندا دابەش بکە. بۆ نموونە یارمەتی ئەم گەنجە بەلەنگازە بدە کە حاڵی حازر لە سەر جێگای مردن کەوتووە!

زینا، بە ئەسپایی، وەکو ئەوەی لەبەر خۆیەوە بدوێت ، گوتی:

- ئەو هیچ یارمەتیەک لەمن قەبووڵ ناکات!

ماریا ئالکساندروڤنا، بەڕاوێژێکی سەرکەوتووانە گوتی:

-ئەگەر ئەویش قەبووڵی نەکات، دایکی بەبێئەوەی بێڵێت ئەو پێبزانێت قەبووڵی دەکات. چونکە من دەزانم کە تۆ شەش مانگ لەوە پێش ئەو جووتە گوارەیەت، کە پوورت بەدیاریی پێی دابوویت، فرۆشت تا بە پارەکەی یارمەتی ئەو ژنە بدەیت، پارەکەی لێوەرگرتیت. من دەزانم ئەو ژنە جلشۆری ماڵانی دەکرد تا ژیانی بژی و مەمری کوڕە نەگبەتەکەی دابین بکات.

- بەو زووانە ئیدی پێویستی بە هیچ یارمەتییەک نابێت!

ماریا ئالکساندروڤنا، بۆی سەلماند و گوتی:- دەزانم دەتەوێت چ بڵێیت. دەڵێن تووشی دیق و دەردەباریکە بووە و بەو زووانە دەمرێت. بەڵام کێ دەڵێت وایە؟ من چەند ڕۆژێک لەوە پێش پرسیارم لە کالستی ستانسلافیچ کرد ( کالستی ستانسلافیچ، پزیشکێکی پۆڵاندی نەژادە )، من بۆیە ئەحواڵی دەپرسم چونکە ئەحواڵی دەپرسم چونکە منیش دڵم هەیە، ڕەحم و بەزەییم هەیە. کالستی ستانسلافیچ پێی گوتم نەخۆشیەکەی کوشندەیە، بەڵام پێی وایە تا نها سیپەلاکەکانی تووش نەبوون، تەنیا قبۆرییەکانی هەناسەی تووش بوون. ئەگەر حەز دەکەی بەخۆیشت لە کالستی ستانسلافیچ بپرسە. بەمنی گوت، زۆر بەجدی گوتی ئەگەر یارۆی نەخۆش سەفەر بکات بۆ شوێنێکی دی، جێگاگۆڕکێ بکات لەگینە چاک ببێتەوە. گۆڕینی کەش و هەوا کاریگەریی خۆی هەیە.

کالستی ستانسلافیچ بۆی باسکردم کەلە ئەسپانیادا – هەڵبەتە پێشتریش لە خەڵکانی دیکەم بیستبوو و تەنانەت خوێندبووشمەوە – دورگە و گراڤێکی سەیر هەیە کە لاموایە ناوی مالاگایە، ئا مالاگایە، لەناوی جۆرە شەرابێک دەچێت، کەشەکەی شفابەخشە و نەخۆشێن دەردەباریکە چاک دەکاتەوە. تەنانەت گەورە موڵکدارانیش بەئومێدی مالیجە بۆ ئەوێندەر دەڕۆن. ئەم کۆشک و قەڵای ئالاگومبریە ئەفسووناویە، ئەم هەموو دار مۆردە، ئەم هەموو دار لیمۆیە، کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر هەست و سۆز و تەبیعەتی شاعیرانەی بەشەر هەیە. لات وایە بۆ ئەم سەفەرەش کۆمەک و یارمیەتیی تۆ ڕەت بکاتەوە؟ ئیدی هەوڵبدە بیهێنە ڕەدا و بەهەر جۆرێ بووە ئەو یارمەتیەت لێ قەبووڵ بکات. درۆیەک لە پێناوی ڕزگاریی ژیانی ئینسانێک بێت، بە گوناح نایەتە ژماردن. ئومێدێک بخە دڵییەوە، بەڵێنی بدەیە کە هەرکاتێ بێوەژن کەوتیت شووی پێدەکەیت. لەم دنیایەدا دەکرێت هەرکارێک نەجیبانە نیشان بدرێت. زینا گیان دایکت شتی خراپت فێر ناکات. ئەگەر ئەو کارە بکەیت هەنگێ کارەکەت دەچێتە خانەی ڕزگارکردنی ژیانی ئەو گەنجە داماوەوە، ئەمە خۆی لە خۆیدا پاکانەیە بۆ کار و هەڵوێستەکەت، ئیدی ئومێدی ژیانی بۆ دەگەڕێتەوە ، خۆبەخۆ بایەخ بە سەلامەتی خۆی دەدار، مشووری نەخۆشییەکەی دەخوات، بەگوێی پزیشکەکەی دەکات و دڵی بەژیان خۆش دەبێت و دەژێیتەوە، خۆ ئەگەر شووشی پێنەکەیت، فەزڵی ئەوەت بۆ دەمێنێتەوە کە بوویتە بایسی ژیانەوەی! هەنگێ دەتوانیت لە ڕوانگەی بەزەییەوە تەمەشای بکەیت. ڕەنگە ژیان بیگۆڕێت و ببێت بە پیاوێکی باش... ئەگەر هەستت کرد بووە بە شایستەی تۆ، هەنگێ کە بێوەژن کەوتی ئازادی چی دەکەیت، دەتوانیت مێردی پێبکەیت. ئیدی هەنگێ ئازادی ئازادیت، هەقی خۆتە دوای ئەوەی لە نەخۆشی چاکت کردەوە، کارێکی گونجاوی بۆ پەیدا بکەیت و پۆست و پایەیەکی کارگێڕی شایستەی بۆ بدۆزیتەوە.

هەنگێ دەتوانیت شووی پێبکەیت و کەسیش گلەییت لێنەکات، کە ئەم کارە لە ئێستادا مەحاڵە. ئەگەر ئێستا ئەم شێتاتیە بکەن چ شتێک چاوەڕوانتان دەکات؟ ئەوەی چاوەڕوانتان دەکات گازنی خەڵکی، هەژاری و نەداری، ڕاکێشانی گوێی منداڵە مەکتەبلی ، چونکە ئەمە بەشێکە لە پیشەکەی، خوێندنەوەی شکسپیر بە دوو قۆڵی، مانەوەی هەمیشەیی لە مورداسوف، ئەوسا مردنی لە پڕ و ناوادەی ئەو لەم هەل و مەرج و ڕەوشە سەخت و دژوارەدا. لە کاتێکدا ئەرکی تۆ ئەوەیە بیژێنیتەوە، بۆ ژیانی بگێڕیتەوە، ژیانێکی سەربەرزانە و بە کەرامەت. ئیدی کە ژیانێکی تازەت پێبەخشی ئەویش مەمنوونت دەبێت، لێت دەبووریێت، لە کارە چەپەڵەکەی خۆی ژێوان دەبێتەوە، لەگەڵ ویژدانی خۆیدا ئاشت دەبێتەوە؛ ئیدی تۆ دەبیت بەو کەسەی ژیانت بۆ گێڕاوەتەوە، بە لێبوردەیی خۆت هەموو شتێکت سڕیوەتەوە، ئومێد و هیوات بۆ دڵی گەڕاندووەتەوە، لەگەڵ خۆیدا ئاشتت کردووەتەوە! هەنگێ دەتوانێت هەوڵێکی بێوچان بدات کە پایە و پۆستێکی شایستە بەدەست

بێنێت، بە پەیژەی پلە و پۆستدا هەڵگەڕێت. گریمان لە نەخۆشییەکەی چاک نەبووەوە، هەر نەبێ بەشادی سەر دەنێتەوە، ئاسوودە و ڵنیا، لەباوەشی تۆدا ( دەتوانیت لەو ساتەدا بە دیارییەوە بیت ) دڵنیا لە خۆشەویستی تۆ، لە سێبەری دارێن مۆرد و لیمۆدا، لەژێر ئاسمانی ئەرخەوانی وڵاتێکی جواندا، لەباوەشی تۆدا سەر دەنێتەوە. ئاخ زینا.... نها هەموو ئەو شتانە لەبەردەستی تۆدایە! هەموو شتەکان بە قازانجی تۆیە، ڕێوی بەپیرتەوە هاتوە، هەموو ئەم شتانە لە ڕێگەی شووکردنەوە بە ئەمیر، فەراهەم دەبن.

ماریا ئالکساندروڤنا لە قسەکانی بووەوە. بێدەنگییەکی دوور ودرێژ باڵی بەسەردا کێشان. سۆز و گودازێکی لە وەسف نەهاتگ باڵی بەسەر زینادا کێشا.

لەبەر ئەوە دەست بۆ سۆز و گودازەکانی زینا نابەین، چونکە بە ئێمە نایەتە هەڵهێنان کە چ هەست و سۆزێکی لە دڵ و دەروون وڕوکابوون...بەڵام پێدەچوو ماریا ئالکساندروڤنا ئەو ڕێگایەی دۆزیبێتەوە کە بۆ دڵی ئەو دەچوو. هەموو ڕێگایەکی بۆ دڵی زینا تاقیکردەوە، ئەنجام دەستی خستەسەر برینەکەی دڵی زینا، ئیدی بەدەم دەماوەری و ڕیا و ڕووبینییەکەوە، کەلە کیژەکەی پەنهان نەبوو، کەوتە هەڵدانەوەی. ئیدی ماریا ئالکساندروڤنا لە دڵی خۆیدا دەیگوت: " گرینگ نییە باوەڕ بە قسەکانم نەکات، گرینگ ئەوەیە ناچارم کرد کە کەمێک بیر بکاتەوە. بە ئاماژە ئەوەی تێبگەیەنم کە مەحاڵ بوو بە ڕاشکاوی پێی بڵێم! " ماریا ئالکساندروڤنا گەییە مەبەستی خۆی. قسەکانی کاری خۆیان کرد. زینا بە تامەزرۆییەوە گوێی لێدەگرت، گۆناکانی سوور هەڵگەڕابوون، دڵی بەتووندی لێی دەدا، هانکە هانکی پێکەوتبوو.

زینا، هەرچەندە ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو و ئەمە نیشانەی ئەوە بوو کە بڕیاردان چەند دژوارە، بە ڕاوێژێکی بنجبڕ گوتی:- گوێ بگرە دایکە گیان...

لەو دەمەدا، دەنگە دەنگێکی چاوەڕوان نەکراو لەبەر هەیوانەکەوە بەرز بووەوە کە پرسیاری ماریا ئالکساندروڤنای دەکرد. زینا ناچاربوو لە قسان بوەستێت. ماریا ئالکساندروڤنا لە جێی خۆیەوە ڕاپەڕی و هاواریکرد:- ئا! ئەی خوایە! شەیتان ئەم خانمە کولونێلە، ئەم کوندە بۆخۆی بباتەوە. خۆ دوو هەفتە لەمە پێش دەرم کرد! چیبکەم، خۆ ناکرێت دیسان دەریبکەم... مەحاڵە! بێگومان هەواڵی پێیە، دەنا نەیدەوێرا بێتەوە... زینا وادیارە مەسەلەکە گرینگە! دەبێ هەموو شتێک بزانم... نها و لەم کاتەدا نابێت هیچ شتێک پشت گوێ بخرێت.

ئەوسا بەھەشتاو بەرەوپیری میوانەکەی، کە خۆی بە هۆڵەکەدا کرد، چوو:- ئەها، بەخێرهاتی، زۆر خۆشحاڵم! سوڤیا پتروڤنای ئازیز، خۆر لە کوێیەوە هەڵاتووە! چۆنە منت بیرکەوتەوە؟ چ مژدەیەکت پێیە!

زینا، ئەمەی بە هەل زانی، بە غار لە ژوورەکە هەڵهات.

## فەسڵی شەشەم

ڕاستە خانم کوڵونیل سوفیا پتروڤنا فاربوخینا، تەنیا لە ڕووی سایکۆلۆجیەوە لە کوند دەچوو، بەڵام لەرووی بایولوجییەوە زیاتر لە کەناری دەچوو. خانمێک بوو کورتەباڵا، وردیلە، دەوروبەری پەنجا ساڵان، کەپوو بچووکی پس، چاوتیژی بچووک، ڕوخسار نمووس و شملاوی. جلێکی ئاوریشمی تۆخ کە بەردەوام خشەخشی دەکرد، جەستە ڕەق و تەقەکەی کە بەسەر دوو لاقی باریک و درێژەوە وەستابوو، دادەپۆشی، خشەخشی جلەکەی لەبەر ئەوە بوو کە خانم کولونیل، نەیدەتوانی بۆ دوو چرکە لە شوێنێک بەند بێت، زۆر نەسرەوت بوو، لەو ژنانە بوو کە سەریان لە دوو زمانی و قسەهێنان و بردن دەخورێت، زۆر ڕکونی و کینەکێش و بەغیل و ئاژاوەگێڕ بوو. زۆر بە نازناوی خانم کوڵونیلەوە دەفشی. زۆرجار لەگەڵ مێردەکەیدا کە کوڵونیلێکی خانەنشین بوو بەشەڕ دەهات، شەڕەکەیان دەگەییە شەڕە چەپۆکان، دەم و چاوی کابرای داماو دەڕرووشا. جگە لەوەش بەیانیان چوار پێکی بچووکی عارەقی هەڵدەدا و شەوانیش چوار پێکی دیکەی دەخواردەوە. ڕقی دنیای لە ئانانیکولایوڤنا ئانتیبوفا بوو، چونکە ئانا هەفتەی پێشوو لە ماڵی خۆی دەری کردبوو. هەروەها ڕقی لە ناتالیا دمیتریوڤنا باسکودین – ش بوو، کە دەستی لەو دەرکردنەی ئەودا هەبوو.

خانم کولونیل، لەبن لێوانەوە گوتی:

– من هەر بۆ خولەکێک هاتووم گیانەکەم، پێویست بە دانیشتن ناکات. تەنیا بۆ ئەوە هاتووم لەو دەنگ و باسانەت ئاگادار بکەمەوە کە لە ئارادان. شتێکە نایەتە باوەڕکردن. ئەم ئەمیرە، هەموو شاری شڵەقاندووە! خەڵکەکە تێک چوون! ژنە ئۆینبازەکانمان کون بەکون بە دوایەوەن. دەیانەوێ ڕاوی بکەن. هەرکەسە دەیەوێت بیخاتە تۆڕی خۆیەوە، ئیدی فڕکان فڕکانە، ئەم دەیەوێت لەوی بفڕێنێت، ئەو دەیەوێت لەمی بفڕێنێت... دەعوەتی شامپانیای دەکەن... تەسەور ناکەیت چی بۆ دەکەن، چە مەرایی و ڕووپامایییەکی بۆ دەکەن... باشە چۆن ڕێگەت دا لە ماڵەکەی تۆ بڕوات؟دەزانی هەنووکە لەلای ناتالیا دمیتریوڤنایە؟

ماریا ئالکساندروڤنا، لە جێی خۆ ڕاپەڕی و بەدەنگی بەرز گوتی:

– لەلای ناتالیا دمیتریوڤنایە؟ چۆن؟ خۆ ئەو بەنیازی سەردانی پارێزگار ڕوویی و وتی ڕەنگە بۆ چەند خولەکێکش سەری ئانا نیکولایوڤناش بدات!

– بەڵێ، بۆ چەند خولەکێک... ئەگەر دەتوانیت بڕۆ و بەچاوی خۆت بیدینە! پارێزگار لەماڵ نەبووبوو، ئیدی ئەمیر چوو بوو بۆ ماڵی ئانا نیکولایوڤنا و بەڵێنی دابووێی کە بۆ فراڤین لەنک ئەو دەبێت. ئیدی ناتالیاش، ئەم ئوینبازە ئەمیر بۆ ماڵی خۆی دەبات، تا بەدەم چاوەڕوانی فراڤینەوە، بەرکولێکی دەرخوارد بدات. حاڵی حازر ئەوە حاڵ و حیکایەتی ئەمیرەکەتە!

– ئەدی... موزگلیاکوف؟ خۆ ئەو بەڵێنی دابوو...

– تۆش بەم موزگلیاکوفەوە نووساویت و لێی نابییتەوە!

تۆش زۆر خۆشباوەڕی ها! ئەویش حاڵی حازر، لەگەڵ ئەواندا لەوێیە! هیوادارم لەوێ تووشی قوماری نەکەن و وەکو پار هەموو دار و نەداری خۆی نەدۆڕێنێت! ئەمیریش بێننە سەر مێزی قومار و وەکو مریشک ئاوەڕووتی نەکەن! ئەم ناتالیایە چ بوختانێک بۆ تۆ ناکات، ئەوەی خوا پێی ناخۆشە لە پاشملەتی دەڵێت! جا چ تانە و تەشەرێکت لێنادات! دەمی لێ بەرەڵڵا کردووە و دەڵێت کە تۆ کارێکت بە ئەمیر، کارێکی ئاشکرات پێی هەیە، بۆیە مەرایی دەکەیت، تێدەگەیت؟ تەنانەت ئەمەی بە خودی ئەمیریش گوتووە... هەڵبەتە ئەمیر هیچ تێناگات، وەکو ئەوەیە گوێزی بۆ بژمێریت، وەکو پشیلەی لە ئاو هەڵکێشراو، هەرچییەکی پێ بڵێیت، سەر دەلەقێنێت و دەڵێت: " بەڵێ، بەڵێ، هەڵبەتە!... " ئەم ناتالیا تاعوونەش... تەحا... بەڕاستی شەرم و حەیا بۆ بەشەر شتێکی باشە... سوفیای کیژی لەگەڵ خۆیدا هێناوە... تەسەور بکە تەمەنی پازدە ساڵە، کەچی بە مینی جۆبەوە، بەملا و بەولادا دەیگێڕێت؟ تەنوورەکەی لە سەرووی ئەژنۆیەوەیە! ناردوویەتی بە شوێن ماشا – شدا؛ کیژە هەتیوەکە... تەنوورەیەکی کورتیان، کورتتر لە تەنوورەکەی سوفیایان لەبەر کردووە! هەموو گیانی، ئەوەی دەشێ و ناشێت بەدەرەوەیە!... من بە عەینەکە زەڕەبینەکەی خۆمەوە بینیم... ئیدی شەپقەی سووری بە گوڵینگە و ڕیشوداریان لەسەر هەردوو کیژۆڵەکە نابوو... خۆ من کەر نیم، دەزانم کە ئەم ماستە موویەکی تیایە، چ نیاز و مەبەستێکی لە پشتەوەیە؟ ئیدی ناتالیا ناچاری کردوون، لەسەر نەزمی پیانۆ سەمای قوزاقیانە بکەن. ئیدی بەخۆت خاڵی لاوازی ئەمیر دەزانیت ، خەریک بوو دەتوایەوە، بەردەوام دەیگوت و دەیگوتەوە: " تەحا لەو بەدەنە جوانە! ئەوەیە بەدەن! بەڕاستی جوانە! " ئیدی دەمی ئاوی دەکرد و لە ژێر چاویلکە زەڕەبینەکەیەوە تەمەشای بەژن و بالای دەکردن. کیژۆڵەکانیش بە جۆش و خرۆشەوە دەرەقسین و خۆیان دەنواند و هەڤڕکی

یەکتریان دەکرد...دەم و چاویان سوور هەڵگەڕابوو، وەکو گەردەلوول بەدەوری خۆیاندا دەخولانەوە، پا و پوز و ڕانیان نیشاندەدا... سەمایەکی توونديان؛ توونددتر لە سەمای پیاوانیان دەکرد! سەما ئەمما سەما!... من بەش بەحاڵی خۆم، وەختایەک قوتابی ئەو پانسیۆنە بووم کە مەدام جارنی بەڕێوەی دەبرد، لەو شەوبێرییەدا کە بەبۆنەی تەواوبوونی دەورەی پانسیۆنەکەوە بەرپا کرابوو، سەمام دەکرد، سەرکەوتنێکی یەجگار گەورەم بەدەست هێنا! باندۆرێکی نەجیبانە و بەڕێزانەی کردە سەر ئامادەبووان. هەندێ ئەندامی ئەنجوومەنی پیران هاتبوون چەپڵەیان بۆ لێدام! قوتابخانەکە ( پانسیۆنەکە ) زۆر کیژە کۆنت و کیژە میریشی تێدا بوو... بەڵام سەماکەی ئەمانە ؛ سەماکەی ماڵی ناتالیا، زۆر بێپەردە و سێکسیانە بوو. من کە تەمەشای ئەو جووتە کچۆڵەیەم دەکرد، لە شەرمان هەموو گیانم وەسەر ئاو دەکەوت، هێندە تەریق بوومەوە، کە تەحەموولم نەکرد دابنیشم!

– باشە تۆ بۆچی چوویت بۆلای ناتالیا دمیترۆڤنا؟ خۆ من وامدەزانی کە لەگەڵیدا...

– بەڵێ، بەڵێ، هەفتەی پێشوو سووکایەتی پێکردم. من ئەمە بەڕاشکاوی لای هەموو کەسێک دەگێڕمەوە، لە کەسی ناشارمەوە. بەڵام گیانەکەم، زۆر بەتاسەوە بووم ئەمیر بدینم، دەمویست لە نزیکەوە بیدینم، ئامادەبووم ئەگەر لە کونی کلیلی دەرگاشەوە بووە بیدینم. بۆیە تەحەموولم نەکرد و چووم بۆ ئەوێندەر. خۆ ئەگەر ئەمیر نەبوایە، هەرگیز بەو زووانە پێم نەدەنایە ماڵەکەی... باوەڕ دەکەی، نوقڵیان بۆ هەموو ئامادەبوون گێڕا تەنیا من نەبێت... بەدرێژایی ئەو ماوەیە بە تاقە وشەیەکیش منی نەدواند. بە ئانقەست ئەوەی کرد... بەڵام ڕاوەستە، بزانە چۆن تۆڵەی خۆم لەم بەرمیلە... دەکەمەوە... جارێ خوا حافیز گیانەکەم، پەلەمە، زۆرم پەلەیە... دەبێت ئاکولینا پانفیلوڤنا ببینم و هەندێ شتی بۆ بگێڕمەوە. تۆ نها وەکو ئەوە وایت کە خاترخوازی یەکجارەکیت لە ئەمیر کردبێت!... ئیدی بۆلای تۆ ناگەڕێتەوە! دەزانیت بە تەواوەتی تووشی بیرچوونەوە بووە، بێگومان ئانا نیکولایوڤنا داگیری دەکات و بۆخۆیی دەبات... هەردووکیان لەوە دەترسن، بیری ئەوەت بەمێشکدا هاتبێت و بە تەمابی... تێدەگەیت؟ سەبارەت بە زینا!

– ئەیەڕۆ!

– با پێت بڵێم! هەموو خەڵکی شار باسی ئەوە دەکەن. ئانا نیکولایوڤنا کارێکی وەها دەکات ئەمیر لای خۆی گل بداتەوە و لەلای ئەو فراڤین بخوات و پاشان لە ماڵی ئەو بمێنێتەوە. ئەمە ئەو پیلانەیە کە بۆ تۆ ئامادە کراوە گیانەکەم. لە درزی دیوارەکەوە سەیری نێو حەوشەکەیانم کرد، دیتم زۆر مژوولن، دێن و دەچن! خەریکن فراڤین ئامادە دەکەن... ئیدی دەنگی هیربار و ئامانان و

چەقۆ و گۆشت جنین دنیای پڕ کردووە... ناردوویانە شامپانیایان بۆ بێت. ماریا ئالکساندروڤنا لەزێکە، هەڕە لە نیوەی ڕێگادا بیگرە و بۆلای خۆتی بێنەوە! چونکە هەوەڵجار بەڵێنی بەتۆ دابوو کە لە نک تۆ فراڤین بخوات، واتە میوانی تۆیە نەک میوانی ئەو ئۆینباز و پیلانگێڕە. باشە ماقوولە تۆ بیەڵیت ئەو ژنۆکەیە، ئەو فیتنەگێڕ و دووزمانە، پێت ڕابوێرێت؟ ڕاستە ئەو ژنی دادوەرە، بەڵام ناگاتە بنی پێڵاوەکانی من... من ژنی کولونێلم! لەو قوتابخانە ناوخۆییە بەنامێیە دەرچووم کە مەدام جارنی بەڕێوەبەری بوو! تف لە چارەی، سەر و شکڵی بخواتەوە... خودا حافیز، گالیسکەکەم لەبەر دەرگا وەستاوە، دەنا لەگەڵتدا دەهاتم...

ڕۆژنامە گەڕۆکەکە ڕۆیی. ماریا ئالکساندروڤنا، لە حەژمەتدا دەلەرزی. لێ ئامۆژگارییەکەی خانم کولونێل زۆر خویا و پراکتیکی بوو. نەدەبوو یەک خولەک بەفیڕۆ بدرێت... ماریا ئالکساندروڤنا بە هەشتاو ( بەپەلە ) خۆی بە ژوورەکەی زینا دا کرد.

زینا بە ژوورەکەدا دەهات و دەچوو، دەستەکانی لە سەر سینگی تێک ئاڵاندبوون و سەری لەبەر خۆ نابوو. ئیدی لە نیگەرانی خۆیدا ڕەنگی تەواو هەڵبزرکابوو. ڕوندکی گەش لە چاوانیا دەدرەوشایەوە. وێڕای ئەوەش کە تەمەشای دایکی کرد، ئیرادەی بڕیاردان لە نیگایدا دەخوێندرایەوە. کیژێ، بەپەلە ڕوندکەکانی سڕی و بزەیەکی تەوسامێز نیشتەسەر لێوەکانی.

ئەوسا ڕوویکردە دایکی و گوتی:- دایکە گیان تۆ بۆ ئەوەی من بێنیتە ڕەدا، دەماوەرییەکی زۆرت کرد، ڕستە و دەستەواژەێن جوان و هەڵبژاردەت بەکار برد، بێهودە ئەو وشە و ڕستانەت بەکار برد... بەڵام نەتتوانی بەو وشانە فریوم بدەیت، چاو و ڕاوم لێبکەیت. خۆ من منداڵ نیم. تۆ کە دەوری دەلاڵی خۆشەویستی دەبینیت، بێئەوەی هیچ پەیامێکت هەبێت ، کەلە رووی خۆپەرستیەوە پاکانە بۆ کارە کرێت و دزێوەکانی خۆت دەکەیت و وا دەنوێنیت نیازت شەریفانەیە، هەموو ئەمانە قسەی ڕووتن، بەسەر مندا تێناپەڕن. من دەمەوێت ئەمە بزانیت!...

ماریا ئالکساندروڤنا، هاواریکرد:- بەڵام گیانەکەم، فریشتەکەم...

-دایکە گیان بێدەنگ بە... تکایە گوێبگرە تا قسەکەم تەواو دەکەم. من هەرچەندە دڵنیام کە هەرهەموو ئەم هەولانە خیانەت و پیلانگێڕییە، قەناعەتی تەواوم بەبێ شەرافەتی ئەم کارە هەیە، بەڵام پێشنیازەکەی تۆ قەبووڵ دەکەم، تێدەگەیت؟ بەتەواوەتی قەبووڵمە. ڕایدەگەیەنم کە ئامادەم شوو بە ئەمیر بکەم، تەنانەت ئامادەشم بە هەموو توانایەکی خۆمەوە یارمەتی تۆ بدەم کە ئەمیر بەمن ڕازی بێت و بمخوازێت. بەڵام بۆ ئەم بڕیارەم داوە، پێویست ناکات تۆ ئەوە بزانیت. تۆ تەنیا قاییل بوونەکەی منت بەسە. ئیدی من بڕیاری خۆم داوە و ئامادەی هەموو شتێکم: پێڵاوەکانی بۆ

لەپێ بکەم، ببم بە کارەکەری، ئامادەم سەمای بۆ بکەم و دڵی خۆشبکەم. هەستی خۆبەکەمزانی خۆمی لێدەشارمەوە، هەموو کارێک دەکەم تا ئەمیر لەوە ژێوان نەبێتەوە کە بەمن ڕازی بووە؛ منی خواستووە! بەڵام لەبری ئەم بڕیارەی کە من داومە، یەک داوام لە تۆ هەیە، ڕاستگۆیانە پێم بڵێ چۆن ئەم کارە جێبەجێ دەکەیت؟ بێگومان دەبێ پلان و نەخشەیەکت هەبێت، ئەگەر پلان و نەخشەیەکت لە هزر و بیردا نەبوایە، ئەو هەموو قسەیەت نەدەکرد، دەوری دەڵاڵی هەڕاجە بازاڕانت نەدەگێڕا. دەی ئەگەر بۆ تاقە یەک جاریش بووە، لە ژیانتدا ڕاستگۆ ببە: ڕاشکاوی و ڕاستگۆیی لەم هەل و مەرجەدا پێویستە! من تا پێشوەختە، نەزانم تۆ، چۆن ئەم کارە جێبەجێ دەکەیت، ناتوانم بڕیار لەسەر ئەم زەماوەندە بدەم!

ماریا ئالکساندروڤنا، کە گوێی لەو قسانەی زینا بوو، حەپەسا، ماوەیەک لە بەردەمیا ڕەق ڕاوەستا، نەیدەتوانی لە جێی خۆی بجوڵێت، نە قسان بکات، بەچاوانی ئەبڵەقەوە تەمەشای دەکرد.

ماریا ئالکساندروڤنا، چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد لەگەڵ کیژەکەیدا کە ئینسانێکی زۆر سەرڕاست و پاک بوو، تووشی شەڕێکی دژوار ببێت، کەچی ئەوەتا وێڕای ئەو گیانی ڕۆمانسیەتەی کە تیای بوو، لە ناکاوا هاتووەتە ڕەدا و بەپێچەوانەی هەموو قەناعەتێکی خۆیەوە، ئامادەی هەموو شتێکە!

ئیدی ڕەوشەکە بەدڵی ماریا ئالکساندروڤنا بوو کە لە خۆشیاندا لە پێستی خۆی نەدەهێوری. پرشنگی شادی لە چاوانی دەبووەوە.

بەشادییەوە هاواریکرد:- زینا گیان، گیانەکەم، جگەرگۆشەکەم...

ئیدی نەیتوانی هیچی دیکە بڵێت، بلەز بەرەو کیژەکەی تەکانی دا تا باوەشی بکات.

زینا، بە نەفرەت و بێزارییەوە گوتی:- ئەی خودا! دایکەگیان من داوای ئەوەم لێنەکردیت ماچم بکەیت ، یان باوەشم بکەیت، من تەنیا داوای ئەوەم لێکردیت وەڵامی پرسیارەکەم بدەیتەوە و تەواو!

- بەڵام زینا گیان من تۆم خۆشدەوێت! شیفتەی تۆم، کەچی تۆ لە خۆتم دەتارێنیت ؟ ئاخر من کار بۆ شادمانی تۆ دەکەم...

ئەوسا فرمێسکی ڕاستگۆیانە لە چاوانیدا قەتیس ما... ئەلهەقی ماریا ئالکساندروڤنا زینای خۆشدەویست، بەڵام بە " شێوازی تایبەتی خۆی " ، ئەمجارەیان لە خۆشی ئەو سەرکەوتنەیدا، تەواو سۆزی جوڵابوو، هەستی ناسک بووبووەوە! زینا، وێڕای ئەوەی  نۆڕینی بۆ ژیان بڕێک

سنووردا بوو، دەیزانی کە دایکی خۆشی دەوێت. بەڵام لەم خۆشەویستیەی دایکی ناڕەحەت بوو، تەنانەت ئەگەر دایکی خۆشیشی نەویستبا، ڕقیشی لێی بوایە، بەلایەوە گرینگ نەبوو.

زینا، بۆ ئەوەی دڵی دایکی بداتەوە گوتی:- دایکە زویر مەبە، ئاخر من زۆر پەرێشان و نیگەرانم.

ماریا ئالکساندروڤنا، دوای ئەوەی وەخۆهاتەوە و بوژایەوە لەبن لێوانەوە گوتی:- فریشتەکەم، من زویر نیم، لە هەڵچوونەکەت تێدەگەم. کیژی خۆم تۆ داوای ڕاشکاوی و ڕاستگۆیی لە من دەکەیت. دڵنیابە کە ڕاستگۆ دەبم، لە گەڵتدا ڕاشکاو و ڕاستگۆ دەبم. تەنیا ئەوەم لەتۆ دەوێت باوەڕ بە قسەکانم بکەیت!یەکەم دڵنیابە هێشتا هیچ نەخشەیەکی یەکجارەکیم دەربارەی مەسەلەکە نییە. شتی وا مەحاڵە زینا گیان. تۆ بەخۆت عاقڵیت و هۆی ئەمە دەزانیت... پێشبینی هەندێک کۆسپ و ئاڵنگاریان دەکەم. تۆزێ لەوەپێش ئەو ژنۆکە کوند ئاسایە هاتبوو، زۆر هەواڵی ناخۆشی دامێ... ( ئەی خودا! دەبێت پەلە بکەم و تا زووە فریا بکەوم! ) ئێ ئەوەتا بەخۆت دەبینی کە ڕاستگۆم.

ئەوسا، وەجۆش هات و لەسەری ڕۆیی:- بەڵام شەرت بێ بەشەرتی خوا، هەر دەبێ بگەم بە ئاواتەکەی خۆم! فریشتەکەم ئاوات و ئومێدەکەی من وەکو تۆزێ لەمەپێش گوتت، لەسەر خەیاڵپڵاو ڕۆنەنراوە، بناخە و بنەمای واقیعی خۆی هەیە. لەسەر بناخەی، عەقڵی ستۆکی ئەمیر ڕۆنراوە. ئەم ئەمیرە لە ئەتەمینێک دەچێت، دەتوانیت هەر نەخشەیەکت بوێت، لەسەری بتەنیت... گرینگ ئەوەیە هیچ ئاستەنگێکت نەیەتەڕێ!ئەم ژنە کەرانە بەخەیاڵی خاوی خۆیان وادەزانن بە سەر مندا سەردەکەون، نەیخۆن تاڵە!

ماریا ئالکساندروڤنا بەدەم ئەو قسانەوە دەستی بە مێزەکەدا کێشا و لەسەری ڕۆیی: کەسێ مەرێت دەیبینین! یەک خولەک بەفیڕۆ نادەم. هەر ئەمڕۆ دەبێ کۆتایی بە کارە سەرەکیەکان بێنم، هەڵبەتە ئەگەر هەلم بۆ هەڵکەوێت!

-زۆر چاکە دایکە گیان، بەڵام گوێ لەم قسەیەشم بگرە: دەزانیت بۆچی ئەوەندە حەزدەکەم پلان و نەخشەکەت بزانم، چما متمانەت پێناکەم؟ چونکە متمانەم بەخۆم نییە. من پێمگوتیت کە ئامادەم ئەم حەماقەت و حەقارەتە بکەم. بەڵام ئەگەر وردەکارییانی پلان و نەخشەکەت، زۆر قێزەوەر بێت، ئەوا لە ئێستاوە پێت دەڵێم، لەو حاڵەدا بەگوێت ناکەم و لە هەموو شتێک ژێوان دەبمەوە. هەرچەندە دەزانم ئەمەش کارێکی زۆر نەنگینە، زۆر سووکە؛ سوار بوون عەیبێکە و دابەزین دوو عەیبە. بەڵام چیبکەم جگە لەوە هیچ چارێکی دیکەم نییە!

ماریا ئالکساندروڤنا، بەترس و شەرمەزارییەوە گوتی:- باشە باش فریشتەکەم. ڕەنگە لە بۆچوونا جیاواز بین، بەڵام پاشان قەدری یەکدی دەزانین. جا ئەگەر سەبارەت بە وردەکارییانی نەخشەکە

نیگەرانیت، ئەگەر لەوە دەترسیت، تەنازولی نەنگین لە ئارادابێت ، ئەوا پشت بەمن ببەستە و گوێ بە هیچ شتێک مەدە. شەرت بێ بە شەرتی خوا، نەیەڵم یەک دڵۆپە چڵپاوت پێدا هەڵپژێت. ماقووڵە بەوە ڕازی بم، ناو زڕاوی لای خەڵک و خوا بیت؟ پشت بەمن ببەستە. هەموو شتێک بەدڵی خۆمان دەبێت. هیچ عەیبەیەکمان بەسەر نایەت، خۆ ئەگەر هەر عەیبەیەکیش هاتە ئاراوە، ئەوا سووکە عەیبەیەک دەبێت و زوو دەسڕێتەوە! ئەوسا ئێمە لێرە دوور دەبین! خۆ هەتاهەتایە لێرە دای ناکوتین! با لەدوای سەفەری ئێمە هەر هاوار بکەن، هاواری وان، کەم و زۆر کارمان تێناکات! زادەی بەغیلیە، با هەر لە ورگی خۆ بدەن... چما گوێیان پێبدەین؟ من سەر لە تۆ دەرناکەم ( تووڕە مەبە! ) بۆچی بەم هەموو عیزەت و کبریایەوە لە قسەی خەڵکی دەترسیت؟!

زینا، بەپەستیەوە گوتی:- ئۆف!... دایکە من لە قسەی خەڵکی ناترسم! تۆ لەمن تێناگەیت! هەرگیز لێم حاڵی نابیت.

-باشە باش کچەکەم، زویر مەبە! دەمەوێت ئەوەت پێ بڵێم ئەو خەڵکە، ڕۆژ هەتا ئێوارێ خەریکی گەندەڵکارین و هیچ شەرم لە خۆیان ناکەن، کەچی تۆ لە هەموو ژیانت دا یەک کەڕەت... تۆ سەیری من!... کە بێ ئاوەزم! ئەوە چ دەڵێم؟ ئاخر ئەم کارە چ عەیب و عارێکی تیایە؟ بەپێچەوانەوە ئەوەی تۆ دەیکەیت کارێکی نەجیبانەیە! زینا گیان من بۆتی دەسەلمێنم، یەکەم: دووبارە دەیڵێمەوە هەر بابەتێک پەیوەندی بەو گۆشە نیگایەوە هەیە کە لیوەی دەڕوانیتە بابەتەکە...

زینا، بەدەم هەڵچوونەوە پێی بە عاردیدا دەکوتا و هاواریدەکرد:

- دایکە بەسە، نامەوێت چیتر گوێ لەم بەڵگانەی تۆ بگرم...

- دەی باشە گیانەکەم! چیتر قسە ناکەم! دیسان کەوتمە دەماوەری.

بێدەنگیەکی کورت باڵی بەسەردا کێشان. ماریا ئالکساندروڤنا، وەکو سەگێکی بچکۆلەی ترساو لە خاوەنەکەی، بەنیگایەکی پاڕانەوە ئامێزەوە دەیڕوانیە زینا.

زینا بە وەڕزی و بێزارییەوە، درێژەی بە قسەکانی دا:

- من هێشتا تێناگەم چۆن ئەم کارە دەکەیت. من دڵنیام کە ئابڕووی خۆت دەبەیت و خۆت ڕیسوا دەکەیت. من گوێم لە قسە و قسەڵۆکی خەڵکی نییە، بەڵام دەترسم لە عەلەیی تۆ بدوێن...

- فریشتەکەم، ئەگەر لەمە نیگەرانیت، تکایە خۆت شلوێ مەکە! تکایە خەمت نەبێت، تەنیا ڕێکەوتنی من و تۆ گرینگە، ئیدی هەموو شتێک بەدڵی خۆمان دەبێت! خۆزگە دەتزانی بە چ تەنگەژە و ئاڵنگاریانێکی سەختدا تێپەڕ بووم، بە چ مەترسیانێکدا بووریوم، بە چ ئاگرێک سووتاوم! ئەم

کێشەیە لەچاو ئەوانەی پێشوودا هیچ نییە... خەمت نەبێت ، واز بێنە با تاقی بکەمەوە، پێویستە، بەر لە هەر شتێک و زۆر بەپەلە، ئەمیر بە تەنێ بەگیر بێنین! دەبێت ئەوە یەکەم هەنگاومان بێت! باقی کارەکان بۆ من دابنە! من خۆم پێشبینی دەکەم! بێگومان خەڵکانێک هەڤڕکیمان دەکەن، بەڵام ئەمە گرینگ نییە! بەخۆم دەزانم چۆن لەو مێملانە خۆم دەخەلەسێنم! ئەوەی کەمێک نیگەرانم دەکات موزگلیاکوفە...

زینا، بەبێزارییەوە گوتی:- موزگلیاکوف؟

دایکی بەرسڤی دایەوە:- بەڵێ موزگلیاکوف، بەڵام وێڕای ئەوەش هیچ ترست نەبێت زینا گیان! دڵنیابە وەهای نەرم دەکەم و دەیهێنمە ڕەدا کە بەخۆی بێتە یارمەتیمان. تۆ هێشتا دایکی خۆت ناناسیت زینا گیان! تۆ هێشتا نازانیت لە کارکردنا چۆنم! زینا گیان گەنجینەکەم! من پێشتر هەندێ شتم لەمەڕ ئەم ئەمیرە ژنەوت، یەکسەر بیرۆکەی ئەم زەماوەندەم بەبیردا هات! وەکو ئەوە بوو ئیلهام و سروش و سەرۆم بۆ هاتبێت. کێ باوەڕی دەکرد ئەمیر بێتە ماڵی ئێمە، ئەمە هەلێکە هەزار ساڵ کەڕەتێک هەڵدەکەوێت. زینا گیان، فریشتەکەم ئەمە شەرم نییە کە تۆ مێردی بە پیرەمێرێکی نەخۆش و نوقستان بکەیت، بەڵکو ئەوە شەرمە شوو بە پیاوێک بکەیت کەلە گەڵیدا هەڵنەکەیت و داوات لێبکات بەڕاستی ژنی بیت. ئەگەر شوو بە ئەمیر بکەیت، ئەم شتانەت نایەتەڕێ، نابیت بە ژنی ڕاستەقینەی! تەنیا بە ڕواڵەت، لەسەر کاغەز دەبیت بە ژنی. ئەمە بەقازانجی ئەم خەڵەفاوە داماوەیە، کە هەموو خێرێک لە تۆ دەبینێت. ئەو خۆشی و شادییەی لە کوێ دەستدەکەوێت!... زینا گیان، ئەمڕۆ زۆر جوان و خشکۆکی! لە جوان جوانتری! ئەگەر پیاو بام، ئامادەبووم نیوەی مەملەکەتێک لە قەبەڵی قسەیەکت بدەم. پیاوانی ئێرە هەموو کەرن بە کۆپانەوە! ئاخر چۆن دەکرێت ئەم دەستە ناسکانە ماچ نەکرێن؟

ماریا ئالکساندروڤنا، بەدەم ئەو قسانەوە بەگەرمی دەستی کیژەکەی خۆی ماچ کرد:- بەڵێ، تۆ پارچەیەکی لە جگەرم، لە جەستەم، لە خوێنم. ئیدی بە تۆبزی خۆت ناچار بکە، ببیت بە ژنی ئەم خەڵەفاوە داماوە! زینا گیان هەنگێ دەبینیت دەکەوینە چ سەڵتەنەتێکەوە! زینا گیان خۆ لە من دوور ناکەویتەوە! کە شادیت دی، خۆ دایکت دەرناکەیت! گیانەکەم، ڕاستە کە ئێمە جیاوازی بیر و بۆچوونمان هەبوو، بەڵام ئەوەتا بەچاوی خۆت دەبینیت کە دۆستی لەمن باشتر و دڵسۆزتر دەست ناکەوێت. بەڵام...

زینا، بە نەبەدڵییەوە گوتی:- دایکە گیان! ئەگەر بەڕاستی بڕیاری خۆت داوە، ئیدی ئێستا وەختی... کارکردنە، هەستە بڕۆ... تۆ لێرە بەخۆڕایی وەختی خۆت بەفیڕۆ دەدەیت!

ماریا ئالکساندروڤنا، وەخۆ هاتەوە:- زینا گیان دروستە، وەختی ڕۆیشتنە!... حەیفێ دەمەوەرییەکی زۆرم کرد. خوا دەزانێت نها لەوێندەر چ چاو و ڕاوێک لە ئەمیر دەکەن! نها سواری گالیسکە دەبم و بلەز بۆ ئەوێندەر دەڕۆم! هەرکە گەیشتمە ئەوێ موزگلیاکوف گاز دەکەم و، ئیدی... ئەگەر پێویست بکات ئەمیر بەخۆرتی بۆ ئێرە دێنمەوە... خوا حافیز زینا گیان، نیگەران مەبە.... نە خەمی هیچت هەبێت، نە گلەیی لە هیچ شتێک بکە، گرینگ ئەوەیە خەم نەخۆیت، ئیدی هەموو کارەکان بە دڵی خۆمان دەبێت. زۆر بەڕێک و پێکی ئەنجام دەدرێن، ئیدی هەموو شتێک بەندە بە ڕوانینی ئێمە بۆ ئەو شتە، لە چ گۆشە نیگایەکەوە لێی دەڕوانین. دەی خودا حافیز گیانەکەم، خاترێ تە!...

ماریا ئالکساندروڤنا، ئاماژەی خاچی بەسەر زینادا کێشا و بەپەلە لە هۆڵەکە وەدەرکەوت. خۆی بە ژوورەکەی خۆیدا کرد، بەپەلە، لە ئاوێنەکەدا تەمەشایەکی خۆی کرد، دوای دوو خولەکێک سواری گالیسکە خزاکەی خۆی بوو، کە هەمیشە لەو کاتانەی ڕۆژدا حازر و ئامادەبوو بۆ سەفەری لەناکاو! ئیدی بەهەشتاو بەنێو شەقامەکانی موورداسوف کەوت. ماریا ئالکساندروڤنا گالیسکەی تایبەتی خۆی هەبوو، وەکو ئەرستوکرات و دەوڵەمەندان دەژیا.

ماریا ئالکساندروڤنا، لەنێو گالیسکەکەوە لە فکران ڕاچوو: " نا، خەیاڵتان خاوە، نایەڵم هەڤڕکیم بکەن. ئەو بابەتان مرد کە بتوانن کڵاوم لەسەر بنەن، تەواو زینا ڕەزامەندی داوە، کەواتە نیوەی کارەکە سەری گرتووە. ئەویتری گرینگ نییە، لێی گەڕێ بۆ خۆم... ئاقیبەت زینا قاییل بوو. کەواتە تۆش بەرژەوەندی خۆت دەزانی خانمۆڵێ! بەڵام ئەو قسە دلگیرانەی بۆم کردن، کاری خۆیان کرد، تەواو هەڵیگێڕایەوە! بەڵام تۆ تەمەشا، ئەمڕۆ چەند جوانە! ئەگەر من ئەو جوانیەم هەبوایە، نیوەی ئەوروپام دەخستە گیرفانی خۆمەوە! بەهەرحاڵ، با چاوەڕوان بکەین بزانین چی دەبێت. وەختایەک ژن دەبێت بە ئەمیرە، ئیدی شەکسپیری بیر نامێنێت، فێری شتی دی دەبێت، خولیای تری بۆ پەیدا دەبێت!... جارێ لە کوێیەتی؟ موورداسوف و مامۆستاکەی خۆشی!... با جارێ ببێت بە ئەمیرە، ئەوسا دەبینین کە چی لێدێت! چۆن دەگۆڕێت، چ غرووریک پەیدا دەکات، من ئەو کبریا و غروورەیم زۆر بەدڵە، کە چاو هەڵدەبڕێت ، لە شابانۆیان دەچێت! ئاخر چۆن دەبێت بەرژوەندی خۆی نەزانێت؟ ئاخری زانی و لەوەش هێوەتر دەزانێت... بەهەرحاڵ، من لەگەڵیا دەبم، پشتی بەرنادەم! دەبێ هاوئاهەنگی لە گەڵ مندا بکات! بەبێ من هیچ بەهیچ ناکات، من دەبم بە پرنسسی ( ئەمیرە ) ڕاستەقینە! هەموو پترسبورگ دەمناسن. بە دوعا، بای بای شارە بچووکەکە، بە دوعا موورداسوف! ئەم میرە پیرە دەمرێت و، ئەم کوڕە گەنجەش دەمرێت، هەنگێ زینا دەدەم بە شازادەیەکی دەوڵەمەند و دەسەڵاتدار... بەڵام لەیەک شت دەترسم: ئایا زۆرم متمانە بەو نەکردووە؟ ئایا زۆر لە گەڵیدا ڕاشکاو و ڕاستگۆ نەبووم؟ زۆر لێی دەترسم! زۆرلەم زینایە دەترسم!

ماریا ئالکساندروڤنا، بەو خەون و خەیاڵانەوە دەژیا. نوقمی خەیاڵپڵاوەکانی خۆی بوو. ئاخر پەندێک هەیە دەڵێت حوکمی دڵ لە حوکمی حاکم خراترە! هەر دەوەنە و دەبێ بەدار.

بابێینەوە لای زینا. کە بە تەنێ مایەوە، لە فکران ڕاچوو، دەستەکانی لەسەر سینگی خاچ ئاسا تێکهاڵاندن. بەناو ژوورەکەدا کەوتە هاتوچۆ، سەری لەبەر خۆی نا. زۆر شتی بەخەیاڵدا هات. زۆرجار، بەبێ ئەوەی بەخۆ بحەسێت، لەبەر خۆوە دەیگوت: " نها وەختیەتی، درەنگیشە، لە مێژە وەختی هاتووە ". ئاخۆ ئەم هاوارە پچڕپچڕە چی دەگەیاند، چ نیازێکی لە پشتەوە بوو؟... چەند جارێک ڕوندکی چاوەکانی، ڕژانە سەر برژانگە درێژ و ئاوریشمیەکانی، نە لەخەمی ئەوەدا بوو بیانسڕێت و نە پێشیان پێبگرێت و نەیەڵێت بڕژێن. پێویست بەوە نەبوو دایکی نیگەرانی کچەکەی بێت: زینا قەراری خۆی دابوو، ئامادەبوو، هەموو لێکەوتەکانی قەرارەکەی خۆی لە ئەستۆ بگرێت...

ئاناستازیا پتروڤناش، دوای ڕۆیشتنی خانم کولونیل، لەو ژوورەی، کە کردبوویان بە کۆگا هاتە دەرەوە، لەبەرخۆوە گوتی: " بوەستن، کەمێک سەبر بکەن! تۆ سەیری من، بێ عەقڵ بێ عەقڵ بەتەما بووم قردێلەی پەمەیی لەبەر خاتری ئەم ئەمیرە هیچ و پووچە لە گێسوانم بدەم! کەر کەر باوەڕم کردبوو، کە دەشێت بمخوازێت!... خۆ بەچاوی خۆت بینیت کە چەند غەشیمیت! ئەم قردێلەیەت زۆر لێدێت ئاناستازیا!ئەدی ماریا ئالکساندروڤنا؟ من حەیوانم، سواڵکەرم، چەپەڵم، دوو سەد ڕۆبڵ بەخشیش وەردەگرم! هەی فشەکەر! هەزار و یەک ئۆینت لەبن سەرە! وا دەزانیت بەو بەرتیلە ڕازی دەبم! من ئەو پارەیەم بەخۆڕایی و ئەو پارەیەم بەخێر لەتۆ وەرنەگرتووە، من بەدەستی خۆم قفڵی سەندووقەکەم شکاند، من ئەمەم لەبەر خاتری تۆ کرد! هەی تەماڵ و تەوەزەل. هەی تڕ زلی باوان دەروێش ! تۆ تەنیا دەزانیت ئەتەمین بچنی! کەمێک سەبرم لێبکە، تا پێتی نیشانبدەم چنین و گوڵدۆزی چۆن دەبێت! بە هەردووکتانی پیشاندەدەم، من کەرم؟ سەبرکەن، ئاستازیا پتروڤناتان پێ دەناسێنم، دەزانن چ شتێکی لە هەگبەدا پەنهان کردووە! "

## فەسڵی حەوتەم

لەو کاتەدا ماریا ئالکساندروڤنا، سەرمەستی بلیمەتی خۆی بوو، لە هزر و بیری خۆیدا نەخشەیەکی فراوان و بوێرانەی دەکێشا. نەخشەی بەشوودانی کیژەکەی خۆی بە ئەمیرێکی پیری دەوڵەمەندی نەخۆش، ڕێوی بەپیرییەوە هاتبوو؛ ئەمیر تووشی لە بیرچوونەوە بووبوو، داماو و بێدەسەڵات لە ماڵی ئەولایدا بوو، دەیویست بە هەر حیلە و حەواڵەیەک بووە، وەکو نەیارەکانی دەیانگوت، بەسەر

ئەمیردا ساغ بکاتەوە، ئەمە سەرکێشیەکی گەورە بوو. هەڵبەتە ئەم پرۆژەیە پرۆژەیەکی زۆر پڕ سوود بوو، بەڵام ئەگەر ناکام و نەزۆک دەرچووبا، دەبووە ڕیسوایی و مایەی ئابڕووچوونێکی بێ وێنە بۆ خاوەنەکەی، لەنێو خەڵک و خوادا بەجارێ ئابڕووی دەچوو. ماریا ئالکساندروڤنا، ئاگای لەم بابەتە هەبوو، بەمەی دەزانی. بەڵام بەو ئاسانیە کۆڵی نەدەدا، مەگەر هەر خۆی بە کیژەکەی نەگوتبوو کە " زۆرجار بە ئاگر داغ بووە " هەڵبەتە ئەو قسەیەی دروست بوو. دەنا چۆن دەبوو بەو خانمە قارەمانە؟ قارەمانیەتی باجی خۆی هەیە!...

هەڵبەتە ئەم پرۆژەیە، کە لە هەموو ڕوویەکەوە لە کاری چەتە و ڕێگران دەچوو؛ بەڵام ماریا ئالکساندروڤنا، گوێی بەمە نەدەدا و خۆی شلوێ نەدەکرد. لەم بارەیەوە ڕاوبۆچوونێکی زۆر دروستی هەبوو: " هەرکە مارەکردنەکە ئەنجامدرا، ئیدی تەواو، تێک ناچێتەوە. " ڕاستە ئەم بیرۆکەیە سادە بوو، بەڵام قازانجەکانی خەیاڵی بوو، کە ماریا ئالکساندروڤنا بیری لێدەکردەوە و دەیهێنایەوە بەرچاوی خۆی، ئازای دەکەوتە مێرولە؛ کە لەنێو گالیسکەکەیدا و لە سەر کوشنەکە دانیشتبوو، بەجۆرێ هاتبووە جۆش لە تۆوایە لەسەر دەرزی دانیشتووە. ئیدی ماریا ئالکساندروڤنا وەکو ژنێکی داهێنەر و بەرزە خەیاڵ، لە ئێستاوە نەخشەی خۆی کێشابوو، بەڵام ئەم نەخشە و پلانە بە تەواوەتی نەخەملی بوو، هێشتا برێک گۆنگ بوو و تەماوی بوو. ماریا ئالکساندروڤنا بە خۆیشی هەستیدەکرد ئەم نەخشەیە هەندێک ئاڵۆزە، دۆلێکی بێ کۆتاییە، پڕە لە وردەکاری و بویەرێن جۆراوجۆر و ڕیسکێن چاوەڕوان نەکراو. بەڵام ماریا ئالکساندروڤنا، متمانەی بەخۆی هەبوو، ژنێکی بوێر بوو، هەڵچوون و نیگەرانیەکەی لە ترسی ناکامی نەبوو. نەخێر! بەڵکو لەبەر ئەوە بوو هەرچی زووترە دەست بە پرۆژەکەی بکات و شەڕەکە بەرپا بکات.... نەهەقی نەبوو، چونکە کە بیری لەو تەنگژە و ئالنکاریانە دەکردەوە کە لەگینە بەسەدەمی ئەم ماتەڵ بوونەیەوە بێنە ڕێگەی.

بێ ئۆقرەییەکی ئەوتۆی دەکەوتە دڵ و دەروون کە ئازای بەدەنی دەکەوتە لەرزین. جا مادامێکی باسەکەمان هاتەسەر ئەم ماتەڵ بوونەی ئەو، داوا لە خوێنەران دەکەین ڕێگەمان پێبدەن، بۆچوونی خۆمان لەو بارەیەوە هەندێ ڕوونتر، دەربېڕین. ماریا ئالکساندروڤنا، پێشبینی خراپترین هەڵوێست ئەگەرانی لە هاوشارییەکانی خۆی بەتایبەتی لە گەورە خانمانی مورداسوف دەکرد. پێشوەختە دەیزانی ئەم خانمانە چەند ڕقیان لێیەتی و چەندی دەبوغزێنن. قەناعەتی تەواوی بەوە هەبوو کە لە سەرانسەری شاردا، هەرچەند هێشتا نیاز و نیەتی خۆی بەکەس نەگوتبوو. ئاگایان لە نیاز و مەبەستەکانی ئەو هەیە، هەرچەندە تا نها چ کەسێک بەڕاشکاوی ئەوەی نەدرکاندبوو. بە ئەزموون و تەجرەبەی زۆر تاڵ و خەمگین بۆی دەرکەوتبوو کە بچووک ترین بویەر، نهێنی ترین بویەر،

بەیانی لەماڵەکەی ئەودا ڕوویدات، بۆ شەویّ لە سەرانسەری شاردا بڵاو دەبێتەوە، قسە کەوتە سەر زاران دەیڵێنەوە هەزاران. هەموو خەڵکی شار، لە بچووکەوە تا گەورە، لە دووکانداریّکی بچووکەوە تا دوا ژنانی دەستگێڕی شارەکە پێی دەزانن و دەیڵێنەوە و هەر تانە و تەشەرێک بەزمانیاندا بێت نایگێڕنەوە. هەڵبەتە ماریا ئالکساندروڤنا، تەنیا پێشبینی ئەو حاڵەتانەی دەکرد، بەڵام هەمیشە پێشبینییەکانی دروست دەردەچوون. بۆیە نەهەقی نەبوو لە ئێستاوە پێشبینی ئەو مەترسیانە بکات کە لەگین بوو بێنە ڕێگەی پرۆژەکەی. بەهەرحاڵ نە ئەمجارە و نە جارانی پێشووتریش گومان و مەزەندەکانی هەڵە دەرنەچووبوو. فەرموون ئێوە و ئەو بویەرەی کە ڕوویدا بوو و ماریا ئالکساندروڤنا کەم و زۆر پێی نەزانی بوو. دەستی تێیدا نەبووبوو.

دەوروبەری نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، واتە ڕێک سێ سەعات دوای ئەوەی ئەمیر گەیی بووە مورداسوف، دەنگۆیەکی سەیر لە سەرانسەری شاردا بڵاو بووەوە. ئەم دەنگۆیە لە کوێوە سەری هەڵدابوو؟ دیار نەبوو... بەڵام وەکو بروسکە بە سەرانسەری شاردا بڵاو بووەوە... ئیدی هەر کاکە و لەلای خۆیەوە بەویتری دەگوت، گوایە ماریا ئالکساندروڤنا، بەتەمایە زینای کیژی، زینای بێ جیازی و بیست و سێساڵەی خۆی بەسەر ئەمیردا ساغ بکاتەوە؛ ئیدی موزگلیاکوف، بە پیلان و ئۆین دوور خرایەوە و مەسەلەکە بڕاوەتەوە و ڕێکەوتنی لەسەر کراوە. باشە سەرچاوە و بناوانی ئەم دەنگۆیانە لە کوێوە هەڵقوڵاوە؟ ئایا هەموو خەڵکی ماریا ئالکساندروڤنایان بەو ئەندازەیە دەناسی، بەو ئاوایە بیر و بۆچوونە پەنهانەکانی بخوێننەوە و کەشف بکەن؟ گرینگ ئەوەبوو، هێز نەبوو خەڵکی مورداسوف لەوە بگێڕێتەوە کە باوەڕ بەو دەنگو و قسە و قسەڵۆکانە نەکەن. کەس بیری لە سەخیفی و بێ مانایی ئەم دەنگۆیانە نەدەکردەوە، خەڵکەکە هەرگیز باوەڕیان بەوە نەدەکرد ئەم دەنگۆیانە لە خوتو خۆڕایی و لە ماوەی سەعاتێکدا بڵاو ببێتەوە. هەرچەند کەس سەرچاوەی ئەم دەنگۆیانەی نەدەزانی، بەڵام خەڵکەکە عەودالی بەڵگەی ڕاست و دروست نەبوون، بەپێچەوانەوە دەیانگوت ئەم ماستە موویەکی تیایە، هیچ دووکەڵێک بێ ئاگر نییە... بۆیە هێز نەبوو باوەڕی خەڵکی مورداسوف بەدروستی ئەم هەواڵە لەق بکات. ئیدی ئەو هەواڵە، وەکو ئاگری ناو پووش، سات بەسات زیاتر دەتەنییەوە. سەیر ئەوە بوو کە ئەم دەنگۆیانە لە کاتێکا بڵاو بوونەوە کە ماریا ئالکساندروڤنا، تازە خەریک بوو ئەو بابەتەی لەگەڵ زینادا تاوتوێ دەکرد. ئەمە نیشانەی هەستیاری خەڵکی دەڤەرەکە بوو! هەندێجار پێشبینی و پێشگۆیی خەڵکی دەڤەرەکە، هێندە دروست دەردەچوو کە نەدەچووە ئەقڵەوە. هەڵبەتە ئەمەش ئەنگێزە و سەدەمی خۆی هەیە؛ پەیوەندی بە ئەزموونی ساڵانی دوور و درێژ و کونجکاوی وفزوڵیەتی خەڵکەکەوە هەیە. وەکو ئەوە بوو، هەر یەکێکی خەڵکی دەڤەرەکە لە جامخانەیەکی شووشەدا بژی؛ مەحاڵە بتوانێت بچووکترین شت لە هاوڵاتیە بەڕێزەکانی بشارێتەوە... هەموو کەسێک لە نزیکی نزیکەوە دەتناسێت، ئەزبەری

کردوویت، شتانێکت دەبارە دەزانن کە خۆت دەربارەی خۆتی نازانیت! وا دیارە خەڵکی شار و دەڤەرەکە بە تەبیعەت دەروونزان و پسپۆڕی دڵی بەشەر بن. بۆیە هەندێجار سەرم لەوە دەسوڕمێ کەلە شارا بە دوای دەروونزان و پسپۆڕانی دڵی بەشەردا دەگەڕێی، تووشی کەر و گای ئەوتۆ دەبیت، کە پێشبینی و بۆچوونەکانیان، لە هی پسپۆڕان دروست ترە. بەڵام ئەم بابەتە هی ئێرە نییە، با وازی لێ بێنین، با بێینەوە سەر بابەتەکەی خۆمان ئیدی ئەم دەنگۆیە، وەکو تۆپ تەقییەوە. مەسەلەی شووکردنی زینا، هێندە ئاسایی و پڕ سوود و سەرکەوتوو هاتە بەرچاو، کە لایەنە غەریب و نامۆیەکەی مەسەلەکە، لەبەر چاوی خەڵکەکە سڕدرایەوە. پێدڤیە خاڵێکی دیکەشتان بیر بخەمەوە: خەڵکی شار هێندەی ڕقیان لە زینا بوو، تەقریبەن ئەوەندە ڕقیان لە دایکی نەبوو. بۆچی؟ مەگەر هەرخوا بیزانێت! پێدەچێت جوانیەکەی زینا یەکێک لە سەدەمەکانی ئەم ڕقە بووبێ! یان ڕەنگە ماریا ئالکساندروڤنا، وێڕای هەموو شتێک لە کچەکەی زیاتر لە خەڵکانی مورداسوفەوە نزیکتر بووبێت و لەوان چووبێت و لەگەڵ خەڵکی شاردا تان و پۆی یەک شاڵ بووبێت ، کێ دەزانێت؟ ڕەنگە ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان لە شار دوور بکەوێتەوە، بڕوات، بیری بکەن و خەفەتی بۆ بخۆن. کۆمەڵگە بە حیکایەت و واریقاتە بەردەوامەکانی ئەوەوە دەژیا. بۆیە ئەگەر لە شار وەدەرکەوتبایە یان باری بکردبایە، زۆر بۆی بێتاقەت دەبوون. بەڵام سەبارەت بە زینا وانەبوو، زینا بەجۆرێ ڕەفتاری دەکرد و دەژیا وەکو ئەوەی خەڵکی مورداسوف نەبێت. تێکەڵی خەڵکەکە نەدەبوو، خۆی لەوان بەگەورەتر دەزانی. بەبێئەوەی بەخۆی بزانێت کاتێ ڕووبەڕوویان دەبووەوە، خۆی زۆر لەوان بەزیاتر دەزانی، ئیدی ئەم خۆ بەزلزانی و هەڵوێستانە کردبوویانە کارێک کە خەڵکەکەش خۆشیان نەوێت و ڕووی نەدەنێ، بەڵام ئەوەتا لە ناکاوا هەمان زینا دەبێت بە زینایەکی جیاواز، جیاوازتر لەو زینایەی کە جۆرەها بوختانی نەنگینی بۆ دەکرا و قسە و قسەلۆکی دوو دەخرا و بۆ هەڵدەبەسترا. ئەم کیژە لە خۆباییەی خەڵکەکەی دەبوغزاند، شووی بەکابرایەکی ملیونێر دەکرد. دەبوو بە ئەمیرە، خودان ملیۆنان و نێو نێوبانگ و یەک لە کۆمەڵگەی ئەرستۆکراتی! دوای دوو ساڵان وەختایەک بێوەژن دەکەوێت، ڕەنگە شوو بە دۆقێک یان جەنەراڵێک یان پارێزگار بکات! ( پارێزگاری مورداسوف بێوە پیاو بوو، لە گەورە ئەڤیندارانی ژنانی جوان بوو )… بەو پێودانگە دەبێت بە خانمی یەکەمی ئەو دیار و دەڤەرە. هەڵبەتە ئاساییە ئەم بیرۆکەیە، خەڵکی مورداسوف بهاڕوژێنێ. بۆیە هیچ هەواڵێک، پێشتر وەکو ئەم دەنگۆ و هەواڵەی گوایە زینا شوو بە ئەمیر دەکات، ڕقی خەڵکەکەی هەڵنەستاندبوو. ئیدی لەناکاوا دەنگی هەرا و هەنگامەی ڕق و کینە لە هەموو لایەکەوە بەرز بووەوە. هاواریان دەکرد کە ئەم کارە گوناحە، تاوانە، ئەوپەڕی سووکایەتیە، ئەم پیرەمێردە هۆشی بەخۆی نییە، یادگەی لەدەست داوە، ماریا ئالکساندروڤنا و کیژەکەی ئەم داماوەیان خاپاندووە، کڵاویان کردووەتەسەر، کابرا حەواسی

بەخۆ نییە و گیرفانیان بڕیوە. پێویستە ئەمیر لە چنگی ئەم جووتە تەماعکارە دەرباز بکرێت؛ ئەم کارە، دەگەڵ هیچ ئاکارێکدا تێک ناکاتەوە؛ ئەمە ناپاکی و چەتەییە؛ دەنا کچەکانی دی چییان لە زینا کەمترە، خۆ ئەوانیش شایستەی ئەوە هەن کە شوو بە ئەمیر بکەن. ماریا ئالکساندروڤنا کە پێشوەختە پێشبینی هەموو ئەم بوختان و قسە و قسەڵۆکانەی کردبوو، هێندەی دی ڕژد بوو لەسەر هەڵوێستی خۆی. سوور دەیزانی هەموو خەڵکی مورداسوف، بە ورد و درشتیانەوە، بەهەموو هێز و توانایەکی خۆیانەوە، کۆسپ و تەگەرەی بۆ دروست دەکەن. لە ئێستاوە ئامادەن ئەمیر بڕفێنن، بۆیە دەبێت بە هەرشێوەیەک بووە، تەنانەت ئەگەر بەشەڕیش بووە ئەمیر بۆ ماڵەکەی خۆی بەرێتەوە. بەڵام ئەگەر دەرەقەت هات و ئەم کارەی بۆ چووەسەر و توانی ئەمیر بەرێتەوە، نابێت ماوەیەکی زۆر لەلای خۆی گلی بداتەوە. کێ دەتوانێت زەمانەتی ئەوە بدات هەر ئەو ڕۆژە خانمانی مورداسوف پەلاماری ماڵەکەی نادەن و ناڕژێنە ناو هۆڵەکەیەوە، هەڵبەتە بە بیانوویەکەوە ئەو کارە دەکەن کە نەتوانێت پێشوازیان لێنەکات! خۆ ئەگەر دەرگاشیان بەڕوودا دابخات، ئەوا لە پەنجەرەوە وەژوور دەکەون. هەڵبەتە ئەمە کارێکی نەشیاوە، بەڵام لە مورداسوفدا ئەو شتانە ڕوویان داوە و ڕوودەدەن. بە کورتیەکەی نابێت یەک خولەکیش بەفیڕۆ بدرێت و کارەکە دوابخرێت.لێرەدا، لە ناکاوا بیرۆکەیەکی بلیمەتانە لە مێشکی ماریا ئالکساندروڤنادا بڵاچەی دا، ئیدی یەکسەر ئەو بیرۆکەیە بوو بە پلان و نەخشەکە لەکات و شوێنی خۆیدا باسی دەکەین. ئەوەندە بەسە لێرەدا باسی ئەوە بکەین کە لەم ساتەدا خانمی قارەمانی چیرۆکەکەمان، بە شەقامەکانی مورداسوف دا دەسوڕایەوە، هەڕەشەی دەکرد و حازر و ئامادە بوو ئەگەر بەشەڕ و فەڕتەنەش بووە، ئەمیر بۆ ماڵی خۆی بەرێتەوە بە گالیسکەکەی خۆی بە شەقامەکاندا دەسوڕایەوە، لە ئەمیر دەگەڕا، بەڵام هێشتا نەیدەزانی چۆن نەخشەکەی پراکتیزە بکات و ئەمیر لە کوێ پەیدا بکات، بەڵام بڕیاری دابوو ئەگەر لەبن ئەرزیشدا بووە ئەمیر پەیدا بکات، بۆیە شاری مورداسوفی دابووە ژێر پێوە.

هەوەڵین هەنگاوی سەرکەوتوو بوو. بەڕێکەوت ئەمیری لە ڕێگەوباندا دۆزییەوە و توانی بۆ فراڤین بۆ ماڵی خۆی بەرێتەوە. بەڵام ئەگەر لێم بپرسن چۆن وێڕای پیلان و ئۆینی دژمن و ناحەز و نەیارەکانی، توانی سەرکەوتن وەدەست بێنێت و لووتی ئانا نیکولا یوڤنا بشکێنێت؟ ئەوا من ناچارم دان بەوەدا بنەم کە من ئەم پرسیارە بە سووکایەتی بۆ ماریا ئالکساندروڤنا دەزانم. ئەم کارانە بۆ ئەو وەکو ئاو خواردنەوە وابوو . دەیتوانی بەسەر هەر ئانا نیکولایوڤنایەکدا سەربکەوێت. ئەوەبوو لەبەردەم ماڵی هەڤڕکەکەیدا، بێئەوەی گوێ بە هیچ شتێک بدات، ڕێگەی بە ئەمیر گرت، وێڕای نارەزایی موزگلیالوف کە دەترسا شەڕ و ئاژاوە بقەومێت، یەکسەر پیرەمێردی سواری گالیسکەکەی خۆی کرد. جیاوازی ماریا ئالکساندروڤنا لە هەڤڕک و نەیارەکانی لەوەدا بوو، لە

هەڵوێستێن هەستیاردا، زۆر جدی بوو، گوێی بە هیچ شەرم و عەیبەیەک نەدەدا، چونکە دروشمی ئەو ئەمە بوو کەلە ڕای مەبەست گشت ناڕەوایەک ڕەوایە. هەڵبەتە ئەمیر هیچ ناڕەزاییەکی نەنواند، هەرزوو وەکو هەمیشە بیری چووەوە کە بۆ کوێ دەچوو و زۆریش بەم دیدارە خۆشحاڵ بوو. لە کاتی نان خواردنەکەدا، بەردەوام قسەی دەکرد، لەسەر ڕەقەم نوکتەی دەگێڕایەوە، قسەی خۆشی دەکرد، قسەکانی تەواو نەدەکرد، تێکەڵی دەکردن، بەبێئەوەی بەخۆی بزانێت، لەم نوکتەیەوە دەچووە سەر ئەو نوکتە. لەلای ناتالیا دمیتروڤنا سێ پەرداخ شامپانیای خواردبووەوە، ئێستاش بەدەم نانخواردنەوە، سێ پێکی دیکەی خواردەوە و تەواو مەست بوو، ماریا ئالکساندروڤنا بەخۆی پێکی بۆ تەژی دەکرد. فراڤینەکە شاهانە بوو. نیکیتای حەیوان هیچ شتێکی لەبیر نەچووبوو. خانەخوێ و خودان ماڵ، بەڕێز و حورمەتێکی دڵگیرەوە کۆڕ و مەجلیسەکەی گەرم دەکرد. بەڵام وێڕای ئەوەش هەندێک لە ئامادەبووان پەست و زویر دیار بوون. زینا دەبیرەوە چووبوو و ورتەی لەخۆ بڕی بوو. موزگلیاکوف، ئاسوودە نەبوو و نانیشی کەم خوارد، بەجۆرێ لە فکران ڕاچووبوو کە ماریا ئالکساندروڤنا خەمی لێهات. بەڵام ئاناستازیا پتروڤنا، هەراسان و گرژ و مۆن ڕۆنیشتبوو، بەدزییەوە چاوی لە موزگلیاکوف دادەگرت، بەڵام موزگلیاکوف، هەستی بە غەمزە و ئاماژەکانی ئەو نەدەکرد. خۆ ئەگەر مجامەلە و جۆش و خرۆشی خانەخوێیەکە نەبوایە، ئەوا فراڤینەکە زیاتر لە نان و خوانی پرسە و تازیەباری دەچوو..

ماریا ئالکساندروڤنا، لەو دەمەدا زۆر نیگەران بوو، کە زینای بەچاوانی ڕوندکبارەوە دەبینی و بەدەم گریانەوە سوور بووبوونەوە، زۆر دەترسا. هێشتا کێشە هەرە گەورەکە چارەسەر نەبووبوو: دەبوایە ماریا ئالکساندروڤنا لەزێبکات و یەک خولەکیش بەفیڕۆ نەدات. باشە ئەم موزگلیاکوفە نەفرەتیە چما گەوج گەوج دانیشتووە و ناڕوات؟ نازانێت لە زیادە لەوێندەرە؟ چونکە مەحاڵ بوو هیچ مامەڵەیەک لە حوزووری ئەودا بکرێت! ماریا ئالکساندروڤنا لە سەر خوانەکە هەستا، زۆر پەست بوو. بەڵام لەو کاتەدا کە لەسەر خوانەکە ڕابوو، موزگلیاکوف بەخۆی هات بۆلای و بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو پێی گوت مخابن دەبێت دوعای خزمەت بخوازێت. ماریا ئالکساندروڤنا، هەرچەندە لە دڵەوە ئەمەی پێخۆش بوو، بەڵام بەڕاوێژێکی مجامەلە ئامێزەوە گوتی:- خێرە، هیچ بووە؟

موزگلیاکوف، بەئەندازەیەک نیگەران بووبوو، کە نەیدەتوانی گوزارشت لە مەبەستەکەی خۆی بکات:- ماریا ئالکساندروڤنا، شتێکی قوڕم بۆ هاتووەتە پێشێ، نازانم چۆن بۆتی باسبکەم... تکایە ڕێگەیەکم پێ نیشان بدە!

- مەسەلە چییە؟

– ئەمڕۆ بەڕێکەوت تووشی بابە تەعمیدیەکەی خۆم، بوردویف بووم... بەخۆت دەیناسیت... کابرا بازرگانە؟ زۆر تووڕە بوو، ئەم پیرەمێردە داماوە، زۆری گلەیی لێکردم، سەرزەنشتی کردم کە زۆر قۆڕە دەماخ و لە خۆباییم. گوتی ئەمە سێ جارە دێمە موورداسوف و خۆم بەو نیشان نەداوە.

ئەنجام گوتی: " ئەمڕۆ بۆ عەسرە چا چاوەڕوانت دەکەم! "

ئێستاش وا سەعات چوارە، کابرا بە عادەتی جاران کە لە نیوەڕۆ خەو ڕادەبێت، دەوروبەری سەعات چوار چا دەخواتەوە. نازانم چی بکەم. باوەڕبکە ماریا ئالکساندروڤنا، من حەز ناکەم سەردانی بکەم، بەڵام چاکەی بەسەرمانەوە هەیە، کاتی خۆی بابی ڕەحمەتیمی لە تەنگانەیەک ڕزگار کردبوو. بابم لە قوماردا پارەیەکی زۆری حکومەتی دۆڕاندبوو، ئیدی بڕیاری دابوو خۆی بخنکێنێت ، ئیدی کابرای بازرگان فریا کەوتبوو و ڕزگاری کردبوو، هەر ئەو ڕۆژە غوسلی تەعمیدی کرد و بوو بە بابی تەعمیدی من. ئەگەر زەماوەندی من و زینا ئاتونوسیڤنا سەر بگرێ ئەوا من تەنیا سەد و پەنجا جووتیاری زەڕخڕیم هەن، بەڵام ئەو یەک ملیۆن ڕۆبڵ و بگرە زیاتریشی هەیە، تەمەنی هەفتا ساڵە، منداڵی نییە، کەس نازانێت کێ لە پێش کێدا دەمرێت، خۆ ئەگەر بەر لوتفی بابە تەعمیدیەکەم بکەوم ڕەنگە بەگوێرەی وەسێتنامەی کڵێسا سەد هەزار ڕۆبڵێکم پێ ببڕێت. لە بیرت نەچێت تەمەنی هەفتا ساڵە!...

ماریا ئالکساندروڤنا کە بەزەحمەت شادمانیەکەی خۆی پێدەشاردرایەوە، گوتی:– ئەی خودا! کە سەخیفیت! ئەدی چاوەڕوانی چیت؟ خێراکە بڕۆ بۆلای، ئەم جۆرە کارانە هی ئەوە نییە لێی بوەستیت! کاری خێر بەپەلە و... لەبەر ئەمە لەسەر نان خواردنەکە خەمبار دیاربوویت! بڕۆ بۆلای دۆستی ئازیز بڕۆ، ماتەڵی چیت! دەبوایە لە بەیانی زووەوە بچیت بۆلای و بۆیت بسەلماندایە کە خۆشت دەوێت و خۆت بە قەرزدار و منەتباری ئەو دەزانیت. ئاخ لە دەست ئەم گەنجانە!...

موزگلیاکوف، حایر و حەپەساو هاواریکرد:– بەڵام ماریا ئالکساندروڤنا، تۆ خۆت گلەیی ئەم پەیوەندییەت لێدەکردم... بابە تەعمیدیەکەمت بە بودەڵە دەزانی، دەتگوت لە ئالودانی مەیخانە و خاوەن باڕان دەچێت...

–خۆ من عیلمی غەیبم پێ نییە، دەستی خۆم بە بۆنەوە نەکردووە. مەلاش هەڵە دەکات... منیش هەڵە دەکەم... بیرم نایەت ئەو کاتە چیم گوتووە، بەڵام دڵنیام بێحەواس بووم... ئەمە جگە لەوەی کە تۆ ئەو کاتە بەتەمای خوازبێنی زینا نەبوویت... من دەزانم ئەنگیزەی ئەم قسانەی من تەنیا خۆپەرستیە، نها پێدڤیە لە ڕوانگەیەکی جیاوازەوە؛ زۆر جیاوازەوە بڕوانمە مەسەلەکە. ئاخر چ دایکێک لەم بارەیەوە گلەییم لێدەکات؟ خێرا هەڕە یەک خولەکیش ماتەڵ مەبە!... هەتا حەوت

نیوەشەو بەدیاریەوە بە. گوێ بگرە، باسی منیشی بۆ بکە. پێی بڵێ کە زۆر ڕێزی دەگرم، خۆشەویستی زۆرم بۆی هەیە... بەڵام دەبێت زۆر بە ئەدەبەوە ئەو شتانەی پێ بڵێیت... ملی شەیتان بشکێت دەبوایە من خۆم هانت بدەم کە بچیت بۆلای، بەڵام حەیفێ بیرم چوو. کە نەدەبوو بیرم بچێت و بەخۆم ئەمەم بیر بخستیتایەوە!

موزگلیاکوف، بەجۆش و خرۆشەوە گوتی:- ماریا ئالکساندروڤنا تۆ منت ژیاندەوە... بۆیە سوێند دەخۆم کە لە ئێستا بەدواوە بەگوێت بکەم. چەند گەمژەم! تەنانەت دەترسام لەم بارەیەوە ڕاوێژیشت پێبکەم! دەی!... جارێ خواحافیز... من دەڕۆم! لە جیاتی من داوای بوردن لە زینا بکە... بەهەرحاڵ هەر کە لە سەردانەکەم بوومەوە، یەکسەر بۆ ئێرە دێمەوە!...

- بڕۆ، برادەری ئازیز، بڕۆ سەفەر بەخێر! لە بیرت نەچێت باسی منیشی بۆ بکە! ئەلهەقی پیاوێکی باشە! من دەمێکە ڕام دەربارەی ئەو گۆڕاوە! تەبع و تەبیعەتێکی ڕووسی ڕەسەنی هەیە، من ئەم ڕەسەنایەتیە ڕووسییەم پێخۆشە... بەهیوای دیدار برادەری ئازیز!...

ماریا ئالکساندروڤنا هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵکێشا و لە دڵی خۆیدا گوتی: " بەخوا باشبوو کە گۆڕی گوم کرد، وادیارە خودا لە گەڵمە. "

پاڤل ئالکساندروڤیچ گەیی بووە بەر هەیوانەکە و خەریک بوو پاڵتۆکەی لەبەر دەکرد کە لە ناکاوا ئاناستازیا پتروڤنا لە بەردەمیا قوت بووەوە، کەس نەیزانی لە کوێوە پەیدا بوو، دیار بوو لە چاودێری موزگلیاکوف دا بووبوو، باسکی گرت و پێی گوت:- کێوە دەچێت؟

- بۆلای بوردویف دەچم ئاتاستازیا پتروڤنا! ئاخر ئەو پیاوە بابی تەعمیدی منە. ئەو لە کاتی تەعمید کردندا باوەشی کردووم... پیاوێکی زۆر دەوڵەمەندە، هەر نەبێت شتێکم بۆ جێدێڵێت، دەبێت سووکە مەراییەکی بکەم...

پاڤل ئالکساندروفیچ، زۆر شاد و دڵخۆش بوو. ئاناستازیا پتروڤنا بە تووڕەیی گوتی:- دەچیت بۆلای بوردویف! کەواتە دوا خاتر خوازی لە دەزگیرانەکەت بکە!

- بۆچی؟

- بەڵێ دوا خاترخوازی لێبکە!... لات وایە زینا هی تۆیە؟ نەخێر دەیدەن بە ئەمیر، بەم گوێیانەی خۆم بیستوومە.

- دەیدەن بە ئەمیر؟! ئاناستازیا پتروڤنا ئەوە تۆ چی دەڵێیت، شێت بوویت؟

– شێتی چی؟ باشە حەز دەکەیت ئەمە بەچاوی خۆت بدینیت و بەگوێی خۆت بژنەویت؟ دەیسا پاڵتۆکەت لێرە دابنە و دووی من بکەوە!

پاڤل ئالکساندروفیچ، بە سەرسامی پاڵتۆکەی بە جێهێشت و دوای ئاناستازیا پتروڤنا کەوت. بردی بۆ هەمان ئەو ژوورەی کە وەکو کۆگا بەکار دەبرا، کە لای بەیانی خۆی لەوێدا مەڵاس دابوو، گوێی هەڵخستبوو و لە کونی کلیلەکەوە تەمەشای کردبوو.

– ئاناستازیا پتروڤنا تۆ چیت لەمن دەوێت بۆ خاتری خوا؟ من سەرم لەم بەزمە دەرناچێت!

– تەنیا یەک شتم دەوێت: چاوت بکەوە و لەم کونەوە بڕوانە و گوێ بگرە! ئیدی بەم زووانە نمایشەکە دەست پێدەکات.

– نمایشی چی؟

– وس!... دەنگ بەرز مەکەوە! ئەو نمایشەیە کە دەیسەلمێنێت، دەیانەوێت کڵات بکەنە سەر، پێت ڕابوێرن! ئەم بەیانیە کاتێ کە تۆ لەگەڵ ئەمیر دا ڕۆیشتی، ماریا ئالکساندروڤنا یەک سەعاتی تەواو لەگەڵ کیژەکەیدا گەنگەشەی ئەوەی کردووە کە پێدڤیە شوو بە ئەمیر بکات. پێی دەگوت لەوە ئاسانتر نییە کە فریوی بدەن و قەناعەتی پێبکەن کە مل بۆ ئەم زەماوەندە بدات! باسی فڕ و فێڵ و تەڵەکەبازی هێندە قێزەون و نەنگینی دەکرد، کە من دڵم تێکهەڵدەهات. ئا ئەلێرەوە گوێم لە هەموو شتێک بوو، زینا قاییل بوو. مەگەر هەر خوا بزانێت چییان لە عەلەیی تۆ دەگوت!... تۆ بە گەوجترین کەس دەزانن! زینا، ڕێک و ڕاست سوێندی خوارد کە هەرگیز شوو بە تۆ ناکات! تۆ بزانە لە بێ عەقڵی من! دەمویست قردێلەی پەمەیی لە گێسوانم بدەم! گوێ بگرە، گوێ بگرە!

پاڤل ئالکسندروفیچ، گێل گێل چاوی لە دوڕ چاوانی ئاناستازیا پتروڤنا بڕی و لەبن لێوانەوە گوتی:– ئەگەر ئەوەی تۆ دەیڵێیت ڕاست بێت، ئەمە دەکاتە فەندەڵ فێڵێکی ئەهریمەنانە!

– تۆ تەنیا گوێ بگرە... شتی خراتریشت گوێ لێدەبێت.

– لە کوێوە گوێ بگرم؟

– لێرەوە! دابنەوەوە و لەم کونە بچووکەوە!...

– بەڵام ئاناستازیا پتروڤنا، من ناتوانم ئەم جاسووسیە بکەم.

– واز لەم وڕێنانە بێنە و هەر دوو گوێت بکەوە!

– بەڵام...

– ئەگەر نەتوانیت لە پشت دەرگاوە گوێ هەڵبخەیت ئەوا دەبێ دەست لە خۆت بشۆیت و تیادەچیت. من لە پێناوی تۆدا ئەمە دەکەم! دەنا شتەکانم دەپێچایەوە و بەرلەوەی ئێوارە دابێت لێرە دەڕۆیشتم، خۆ تا شەوێ لێرە نامێنمەوە.

پاڤل ئالکساندروفیچ، ئەنجام هاتە ڕەدایە، بەسەر کونی کلیلەکەدا دانەوییەوە، دڵی بە تووندی لێی دەدا، دەماری لاجانگەکانی پلیان دەدا، بەخۆیشی سەری لەم ڕەوشە دەرنەدەکرد!

## فەسڵی هەشتەم

ماریا ئالکساندروڤنا، وەکو دڕندەیەکی گۆشتخۆر دەیڕوانییە مەیدانی شەڕەکەی، زۆر بەپەلە بوو ، بەوپەڕی میرەبانی و نەزاکەتی دەسکردەوە، سەری قسان دابمەزرێنێت، و نیگەرانی و دڵەڕاوکێیەکەی خۆی بڕەوێنێتەوە. گوتی:– ئێ ئەمیر، ماڵی ناتالیا دمیتروڤنا خۆشبوو، بە گەرمی پێشوازییان کردیت، خۆشت ڕابوارد؟

دوای فراڤین یەکسەر ئەمیریان برد بۆ ئەو هۆڵەی کە بەیانیەکەی لەوێندەر پێشوازیان کردبوو، ماریا ئالکساندروڤنا زۆر شانازی بەم هۆڵەوە دەکرد، هەر هەموو ئەو پێشوازی و میوانداری و بۆنانەی ماریا ئالکساندروڤنا سازی دەکردن لەو هۆڵەدا ئەنجام دەدران. پیرەمێر کە شەش پێک شامپانیای خواردبووەوە، بە ئەستەم خۆی بەپێوە دەگرت . بەڵام بە بەردەوامی چەنەی دەدا. ئیدی ماریا ئالکساندروڤنا، دەیزانی ئەگەر ئەم بایە لەم کونەوە بێت، کاتێ بەخۆ دەزانن، خەو زۆر بۆ ئەمیر دێنێت . کەواتە دەبێت تا زووە فریا بکەوێت و ئەم هەلە لەدەست نەدات. ماریا ئالکساندروڤنا سەرنجی مەیدانی شەڕەکەی دا، دیقەتی دا کە پیرەمێری چاوباشقاڵ و تۆلاز، نەوسنانە دەڕوانێتە زینا. ماریا ئالکساندروڤنا، ئەمەی زۆر پێخۆش بوو، دڵی دایکێ بە تووندی کەوتە لێدان.

ئەمیر، بەرسڤی پرسیارەکەی دایەوە:– زۆر، زۆرم پێ خۆشبوو. دەزانیت ناتالیا دمیتروڤنا ژنێکی بێ وێنەیە، کەس هاوتای ناکاتەوە...

ماریا ئالکساندروڤنا، هەرچەندە مژوولی نەخشە و پلانە گەورەکەی خۆی بوو، بەڵام ئەو هەموو ستایشەی هەڤڕکەکەی، پێ قووت نەدەچوو و بەدەم هاوارەوە، گڕ لە چاوی دەبووەوە، گوتی:

–ئەمیر بۆ خاتری خوا! ئەگەر ئەم ناتالیا دمیتروڤنایەی تۆ بێنەزیر بێت ، خۆ ئیدی کەس نامێنێت بێنەزیر نەبێت؟ ئەمیر تۆ هەرگیز خەڵکی ئێرەت نەناسیوە و ناناسیت! خەڵکی ئێرە بەڕواڵەت

هیچیان نەهێشتووەتەوە، بەڵام درۆدەکەن، هەر ڕواڵەتن، کە ڕواڵەتەکەت لێلادان، ئەوسا دەزانیت چ دۆزەخێکن، شارە زەردەواڵەی هاڕوژاون، کاتێ بەخۆ دەزانیت پێیانەوە داویت! ئاگری بن کان، ئامانیان نییە!

ئەمیر هاواریکرد:- بەڕاست! پێم سەیرە!

ماریا ئالکساندروڤنا گوتی:- باوەڕکە چۆنت پێدەڵێم وایە! هێی ئەمیر! زینا گوێ بگرە: من ناچارم ئەو کارە کرێت و نەگریسەی ، ئەم ناتالیا دمیتروڤنایە هەفتەی ڕابردوو کردبووی بۆ ئەمیر بگێڕمەوە، لەبیرت ماوە؟ بەڵێ ئەمیر: ئەمەی بۆتی دەگێڕمەوە مشتێکە لە خەرواری کارە نەگریسەکانی ئەو ناتالیا دمیتروڤنایەی کە تۆ ئەو هەموو ستایشەی دەکەیت و هەڵیدەنەیت! هێی ئەمیری میرەبان!... باوەڕم پێبکە کە من کەسێکی بۆختانچی و دوو زمان نیم ، بەڵام هەرچۆنێ بووە پێویستە ئەم چیرۆکەت بۆ بگێڕمەوە... هەڵبەتە ئەم چیرۆکە هەم دڵخۆشت دەکاتو هەم ماهیەتی ڕاستەقینەی خەڵکی ئێرەت بۆ ئاشکرا دەکات! بۆت دەردەکەوێت چتۆ خەڵکێکن! دوو هەفتەیەک لەمە پێش ئەم ناتالیا دمیتروڤنایە هات بۆلام. دوای ئەوەی قاوەم بۆ دانا، نازانم بۆ چ شتێک ناچار بووم لە هۆڵەکە وەدەرکەوتم، شەکردانەکەم پڕبوو لە قەند، خەریک بوو لێی دەڕژا. کە گەڕامەوە، تەمەشایەکی شەکردانەکەم کرد، تەنیا سێ کڵۆ لە بنەکەیدا مابوو. جگە لە ناتالیا دمیتروڤنا کەسی دی لە هۆڵەکە نەبوو! جا ئەو ڕەفتارە بهێنە بەرچاوی خۆت! بەڕاستی هەڵوێستێکی بێ مانا و کۆمیدییە، نها بەخۆت حوکم لەسەر تەربیەت و ئاکاری خەڵکی ئەم دیار و دەڤەرە بدە!

ئەمیر، حایر و حەپەساو دووبارەی کردەوە:- بەڕاست، شتی وا دەبێت؟ پیسکەیی بەو ڕادەیە! یانی هەموو قەندەکانی خواردبوو؟

- ئەمە ئەو خانمە بێنەزیرەتە ئەمیر! ئەوە ئەتوار و ئاکارەکەیەتی! بەزاتی خوا ئەگەر من لە جیاتی ئەو بام، هەر لە شەرما دەمردم!

- هەڵبەتە، وایە، ڕاست دەکەیت... بەڵام هەر بەینی خۆمان بێت، ژنێکی جوانە؟

- کێ؟ ناتالیا دمیتروڤنا؟ ئەمیر بۆ خاتری خوا!... ئەم بەرمیلە جوانە؟ ئەمیر... ئەمیر... ئەوە تۆ چ دەڵێیت؟ من وام هەستدەکرد تۆ پیاوێکی زۆر بەزەوقی!...

- ئا... ئا... بەرمیلێکە لەو گۆڕە... بەڵام دەزانیت ئارەزوو بزوێنە...

ئەو کیژە بچووکەش کە سەمای دەکرد، ئەویش ئارەزوو بزوێن بوو...

– سونیا دەڵێیت؟ بەڵام هێشتا منداڵە ئەمیر! تازە پێی ناوەتە ناو چواردەساڵییەوە!

– ڕاست دەکەیت... بەڵام دەزانیت زۆر خۆشە. بەدەنێکی نەرم و نۆڵی هەیە. بەدەنی لە بەدەنی ژن دەچێت... زۆریش جوانە... ئەوەکەی دیکەش... ئەوەی لە گەڵیا سەمای دەکرد...

– ئەوەی دووەم... ئەو داماوە هەتیوێکی نەگبەتە ئەمیر! ئیدی زۆرجار دەیهێنن تا سەمایان بۆ بکات!

– هەتیوە! دیاربوو، سەر و ڕوخساری پیس بوو. دەبوایە بەلای کەمەوە دەستەکانی شۆردبا... بەڵام ئەویش دلڕفێن بوو.

ئەمیر، بەدەم ئەو قسانەوە، چاوی بڕی بوونە زینا و، بە تامەزرۆییەوە لێی دەڕوانی، ئەوسا ڕاوێژێکی نەوی و خۆشەوە گوتی: – چەند کیژێکی جوانە!

دایکی گوتی: زینا گیان شتێکمان بۆ بژەنە، نا گۆرانیەکمان بۆ بڵێ باشترە! ئەمیر، زینا دەنگی زۆر خۆشە! دەشێت بگوترێ لە موزیکدا بەهرەمەندە، بەڕاستی بەهرەمەندە!

کاتێ کە زینا بەکاوەخۆ، بەناز و عیشوە بەرەو لای پیانۆیەکە دەچوو و خەریک بوو یارۆی پیرەمێری شێت و شەیدا دەکرد، ماریا ئالکساندروڤنا، بەڕاوێژێکی نەوی لەسەری ڕۆیی:– خۆزگە دەتزانی چتۆ کیژێکە ئەمیر! ئەوسا چەند بەسۆز و میرەبانە! چەند لە گەڵ مندا بەسۆزە! چەند دڵپاک و میرەبانە!

ئەمیر، بەدەم قوتدانی لیکاوەکەی دەمیەوە، قسەکانی پێبڕی:

– بەڵێ بەڵێ... بە سۆزییەکەی... دڵەکەی... من لە هەموو ژیانمدا تەنیا یەک ئافرەتم دیتووە کە لە جوانیا هاوتای جوانی کیژەکەی تۆ بکاتەوە. ئەویش خوا لێخۆشبوو کونتێسە نانیسکی بوو... سی ساڵێک دەبێت کە مردووە. لە ڕادەبەدەر دلڕفێن بوو... جوانی وەکو خۆی نەبووەتەوە! پاشان شووی بە شێفەکەی خۆی کرد.

– بە شێفەکەی خۆی ئەمیر؟

– ئا، بەڵێ، بە شێفەکەی خۆی... کابرایەکی فەرەنسی بوو... لە هەندەران شووی پێکرد... هەرکە گەییە هەندەران، نازناوی کۆنتی بۆی وەرگرت... پیاوێکی زۆر بەهەیبەت و ویقار بوو، زۆر خوێنەوار و ڕۆشنبیر بوو، سمێڵێکی بچووکی جوانی هەبوو.

– ئەدی تەبا بوون ئەمیر؟

– بەڵێ، تەبا بوون... ئیدی دەژیان، بەڵام ئەوە زۆری نەخایاند... جیابوونەوە... مێردەکەی هەموو پارەکەی لێ کێشایەوە و ئیدی هەڵهات... لەسەر تام و چێژی خواردن بەینیان تێکچوو.

زینا پرسی:– دایکە گیان چی بژەنم؟

– زینا، باشتر وایە گۆرانیەک بڵێیت. ئەمیر دەزانیت دەنگی زۆر خۆشە! ئەمیر تۆ بەینت لەگەڵ موزیکدا هەیە؟

– بەڵێ، بەڵێ! زۆر حەزم لە موزیکە... من لە هەندەران بەینم لە گەڵ بتهوڤن دا هەبوو...

ماریا ئالکساندروڤنا بە شادمانیەوە گوتی:– بتهوڤن؟ زینا گوێت لێیە؟ ئەمیر ئاشنایەتی لەگەڵ بتهوڤن دا هەبووە! ئەمیر بەڕاستی بەینت لەگەڵ بتهوڤن دا هەبووە؟!

– بەڵێ، زۆر برادەر بووین. هەمیشە تووتن بە کەپوویەوە بوو... زۆر کۆمیدی بوو!

– بتهوڤن؟

– بەڵێ! بتهوڤن! ڕەنگە بتهوڤن نەبووبێت ، پیاوێکی ئەڵمانی دیکە بووبێت. ئاخر لەوێ ئەڵمانی زۆرن!... وابزانم خەریکە لە بابەتەکە دەردەچم...

زینا پرسی:– دایکە گیان چ گۆرانییەک بڵێم؟

–ئەها... زینا... ئەو گۆرانیە بڵێ، بیرتە ئەوەی کە زۆر سوارچاکانە بوو؛ ئەوەی کە باسی ژنە کۆشک نشینەکە و جارچییەکەی دەکات... ئاخ، ئەمیر من زۆر حەزم لە هەموو ئەو شتانەیە کە باسی سوارچاکی و قارەمانیەتیان تێدایە، ئەو کۆشک و تاوەرانە، ژیانی سەدەکانی ناڤین، شاعیرانی تروبادور، سوارچاکەکان و پێشبڕکێیەکان... زینا منیش گۆرانییەکەت لەگەڵدا دەڵێم... ئەمیر وەرە لێرە دانیشە... نزیک ببەوە... تەحا لەو کۆشک و تەلارانە، چەند جوان و لەبەر دڵان بوون!...

ئەمیر. هاتەجۆش، لە کاتێکا بە تاقە چاوەکەی خەریک بوو زینای قووت دەدا، لەبن لێوانەوە گوتی:– بەڵێ، بەڵێ... ئەو کۆشک و تەلارانە! منیش حەزم لە کۆشکە!

ئەوسا هەڵیدایە و گوتی:– بەڵام... ئەی خودایا! من ئەم گۆرانیە دەزانم! زۆر لە مێژە گوێم لێی بووە، ئەم گۆرانییە... زۆر بیرەوەریم وەیاد دێنێتەوە... ئەی خودایا!...

من باسی ئەو بارە دەروونییە ناکەم کە ئەمیر لەکاتی گۆرانیەکەی زینادا تووشی بوو. زینا گۆرانییەکی ڕۆمانسی فەرەنسی کۆنی چڕی کە کاتی خۆی زۆر باوی بوو. زینا زۆر بەباشی

گۆرانیەکەی گوتەوە. دەنگە ساف و زوڵاڵ و ڕەسایەکەی تا ناخی دڵ ڕۆدەچوو. ڕوخسارە دڵڕفێنەکەی، چاوە ئەفسووناوییەکانی، قامکە درێژ و ناسکەکانی کە لاپەڕەی نۆتەکانی پێ هەڵدەدانەوە، قژە پڕ و ڕەشە ڕەخشانەکەی، سینگ و لەرەی مەمکە قوتەکانی، کەسایەتیە سەنگین و پڕ غرووورەکەی، هەموو ئەمانە پیرەمێری داماویان ئەفسوون کردبوو. وەختایەک زینا گۆرانی دەچڕی، ئەمیر هایم و حەیران چاوی لێدەدەگواستەوە، بەجۆرێ هەڵچووبوو ئاو دەزاییە دەمی. دڵە سستەکەی کە بەهۆی شامپانیا و موزیک و یادەوەرییەوە، ( کێ لە ئێمە یادەوەری دڵداری نییە؟ ) ئاوەدان بوو بووەوە، هێندە بەخێرایی لێی دەدا وەکو ئەوەی زۆر لەمێژ بێت لێی نەدابێت.

وەختایەک زینا لە گۆرانییەکە بووەوە، ئەمیر سەری پەنجەکانی ڕامووسی و گوتی:- کیژە جوانەکەم! تۆ پیاو ئەفسوون دەکەیت! ئێستا بیرم هاتەوە... نها بیرم کەوتەوە... کیژە جوانەکەم!...

ئەمیر نەیتوانی قسەکەی تەواو بکات. ماریا ئالکساندروڤنا هەستی کرد، قافی قسەکردنی هاتووە. بەشێوەیەکی جددی گوتی:

-ئەمیر، چما دەتەوێ خۆت لەنێو بەری، ژیانی خۆت بەفیڕۆ بدەیت؟ تۆ پیاوێکی زۆر بەهەست و سۆزیت، ژیانت لێهەڵدەقوڵێت، دڵ و دەروونێکی یەجگار ئاوا و ئاوەدانت هەیە! چما خۆت لە خەڵکی، لە دۆست و بناژۆ دوور دەگریت؟ ئەم تەنیایی و گۆشەگیرییە زۆر خراپە! ئەمیر بیرێ لەخۆت بکەوە، بەچاوی بیناوە بڕوانە دنیا و ژیان! ئەمیر کەمێ بەخۆتا بچۆوە، گەنجیەتی و سەردەمی زێڕینی خۆت، ڕۆژگارە خۆشەکانی خۆت وەیاد بێنەوە، هەموو ئەمانە لە ڕۆحی خۆتا، لە دڵی خۆتا بێدار بکەوە! زندووی بکەوە! وەرەوە نێو خەڵکی و دەست بەژیان بکەوە! سەفەری هەندەران بکە، بڕۆ بۆ ئیتاڵیا، بۆ ئەسپانیا... تۆ دەبێ هاوڕێ و هاودەمێکت هەبێت، کە خۆشی بوێی، ڕێزت بگرێت، هاوخەمیت بکات، لێت تێبگات! تۆ دۆستی زۆرت هەن، بانگیان بکە با یارمەتیت بدەن، بە مەمنوونیەوە بەپیرتەوە دێن! من یەکەم کەسم بە دەنگتەوە دێم، ئامادەم دەستبەرداری هەموو شتێک بم و بەدەنگتەوە بێم! ئەمیر، من لەبیرمە کە جاران چەند دۆستایەتیمان خۆشبوو! ئامادەم مێردەکەم بەجێ بێڵم و دوای تۆ بکەوم... ئەگەر بڕێک گەنجتر بوایەم، ئەگەر وەکو کچەکەم جوان و ناسک بوایەم، ئەوا ئامادە بووم بەگەڵت بکەوم، خۆم بکەم بەهاوڕێت، تەنانەت ئەگەر خۆت بتویستبا شووشت پێبکەم!

ئەمیر، لەکاتێکا بە دەستەسڕەکەی لووتی خۆی دەسڕی، ڕوندک زاییە چاوانی و گوتی:- ئەها! من دڵنیام کە تۆ لە گەنجیدا ئافرەتێکی بەدەو بوویت.

ماریا ئالکساندروڤنا بەکەلەجانەوە بەرسڤی دایەوە:

– ئێمە دووبارە لە منداڵەکانماندا دەژیینەوە ئەمیر. منیش فریشتەی پارێزەری خۆم بۆ پیری هەیە؛ خۆم لە کیژەکەمدا دەبینمەوە. کیژەکەم شەریکی بیر و بۆچوونەکانمە. تا نها حەوت خوازگاری ڕەتکردووەتەوە هەر بۆ ئەوەی لەگەڵ مندا بمێنێتەوە.

– کەواتە ئەگەر تۆ لەگەڵ مندا بێیت بۆ هەندەران، ئەویش لەگەڵماندا دێت؟ جا ئەگەر ئەمە وابێت من یەکسەر سەفەری هەندەران دەکەم؟

ئەمیر بەدەم ئەو قسەیەوە و بە کەلەجانەوە لەسەری ڕۆیی:

– بەڵام هێشتا منداڵە، بەڕاستی منداڵێکی جوانە!

ئەمیر دووبارە دەستی زینای ماچ کرد. ئەم پیرەمێرە داماوە، دەیویست لە هەنبەریدا بێتە سەرچۆکان!

–ئەمیر مەبەستت لەم قسەیە چیە کە گوتت جا ئەگەر ئەمە وابێت من یەکسەر سەفەری هەندەران دەکەم؟ تۆ پیاوێکی سەیری ئەمیر؟ چیە پێت وایە ژنان بۆت ناجوڵێن؟ جوانی تەنیا لە گەنجیدا نییە! ئەوەش بزانە کە تۆ یەکێکیت لە ماڵباتە هەرە ئەرستوکراتیەکانی ڕووسیا، تۆ خودانی هەست و سۆزێکی ڕۆمانسیانەی سوار چاکیت… مەگەر ماریا عاشقی مازیپای پیر نەبوو؟ ( ماریا و مازیپا: لێرەدا ئاماژەیە بۆ عەشق و ڤیانی ماریا کوچویی، بە عەڕابە پیرەکەی خۆی، بە مازیپای سەرۆکی قوزاقان، کە لە ساڵی ١٧٠٧ دا لە پەتروسی گەورە یاخی بوو. ئەمە ناوەڕۆکی ئەو قەسیدە بەنێوبانگەیە کە پوشکین لە ژێر سەرناڤی پولتاڤادا دایناوە ) من لە بیرمە جارێک خوێندمەوە کە لاوزون، ئەو مارکیزە دڵڕفێنەی دەرباری لویسی… لەبیرم نەماوە کێهە لویس بوو… کە پیرەمێرێکی زورهان بوو، پێی بەلێواری قەبرەوە بوو، کە شەیدا و عاشقی یەکێک لە جوانترین کیژانی دەربار بووبوو!… کێ دەڵێت تۆ پیریت؟ کێ خستووتیە سەر ئەو خەیاڵە؟ ئاخر پیاوانی وەکو تۆ پیر دەبن؟ تۆ پیر دەبیت، پیری بە دڵە نەک بەساڵ، دڵی تۆ بەو هەموو سۆز و گودازەوە، بەو هەموو جۆش و خرۆشەوە، بەو هەموو کرانەوە و ئاوەدانیەوە، بەو هەموو زیرەکی و بەرزە خەیاڵییەوە، بەو هەموو ئەتەکێتە جوانەوە، لە کوێ پیر دەبێت؟ تۆ هەر لەوەت کەمە، لە هەندەران، لە گەڕا و کانیاوە کانزاییەکاندا لەگەڵ ژنێکی گەنج دا، جوان وەکو زینای من، مەبەستم نییە ڕیکلام بۆ کچەکەم بکەم، تەنیا وەکو نموونە هێنامەوە، ببینرێی هەنگێ بەچاوی خۆت دەبینی چ باندۆرێک لە خەڵکی دەکەیت! تۆ کۆڵەکەیەکی لە کۆڵەکەکانی ئەرستوکراتیەتی ئێمە، ئەویش ئافرەتێکە نموونەی جوانی! تۆ بە جەلال و شکۆوە قۆڵ بە قۆڵیدا دەکەیت و ئەویش لەنێو کۆمەڵگەی ئەشرافدا گۆرانی دەڵێت، هەنگێ هەرچی خەڵکی ئەو ناوە هەن، لە دەورتان خڕ دەبنەوە و بە دڵبەندییەوە تەماشاتان

دەکەن! هەموو ئەوروپا باسی تۆ دەکات: هەموو ڕۆژنامەکان، ڕۆژنامەڤانەکان، بەیەک دەنگ هاوار دەکەن، هورا دەکێشن: " ئەمیر، ئەمیرا " هێشتاش دەڵێیت جا کوا خوا ئەمەی بکردایە، جا ئەگەر وابێت؟...

ئەمیر، هایم و حەیران، لە نیوەی قسەکانی ماریا ئالکساندروڤنا حاڵی نەبووبوو، سەری لەبەرخۆ نا و لەبن لێوانەوە دەیگوت:

– بەڵێ، بەڵێ... ڕۆژنامەڤانان... ڕۆژنامەکان... بەڵام کیژم، ئەگەر ماندوو نەبوویت، جارێکی دی ئەو گۆرانیەی کە وتت، دووبارە بکەرەوە!

– ئەمیر، ئەو گۆرانی دیکەش دەزانێت... گۆرانی جوانتر لەمە... تۆ گۆرانی پەڕەسێلکەت ( پەڕەسێلکە: گۆرانیەکی ڕۆمانسی بەنێوبانگە کە ئاوازدانەری ڕووسی ئالیابیف، لە ساڵی ١٨٣٤ دا ئاوازی بۆ داناوە، پاشان فرانتس لیست بۆ پیانۆ ئامادەی کردووە. ) لەبیر ماوە ئەمیر؟ بێگومان گوێت لێی بووە!

ئەمیر، وەکو منداڵێک دەپاڕایەوە و دەیگوت:– بەڵێ، بەڵێ، گوێم لێبووە... بەڵام لەبیرم چووەتەوە. نا، نا، با ئەوەی دی بڵێت، ئەوەی کە ئێستا گوتی.

زینا، هەمان گۆرانی وتەوە، ئەمیر خۆی پێنەگیرا و خۆی هاوێشتە سەر لاقی و دەستی بەگریان کرد، ئیدی بەڕاوێژێک کە لە پیری و هەڵچوونا دەلەرزی، بەردەوام دەیگوت:– ئاخ، ئەی کۆشک نشینە جوانەکەم! ئەی خاوەندی کۆشکەکەم! ئەی کیژی میرەبانم تۆ بەدەنگ و ئاوازەکەت، زۆرێک لە بیرەوەرییەکانمت زندوو کردەوە... من ئەو ڕۆژگارە شتەکانم جوانتر دەبینی ئەو ڕۆژگارە لەگەڵ فیکونتێسەدا... بە دوو قۆڵی ئەم گۆرانیەمان دەگوت... بەڵام نها خۆیشم نازانم چ...

ئەمیر، بەدەم هانکە هانکەوە ئەو قسانەی دەکرد، زمانی تەواو خاو بووبووەوە، هەندێ لە وشەکانی نەدەهاتنە فام کرن. بەڵام دیاربوو، سۆز بەسەریا زاڵ بووبوو. ماریا خێرا ڕەوشەکەی قۆستەوە و ئاگرەکەی خۆشتر کرد، هەستیدەکرد خەریکە نیشانەکە دەپێکێت و لە سەرکەوتن نزیک بووەتەوە؛ بۆیە لەپڕ هەڵیدایە و گوتی:– ئەمیر، وادیارە تۆ شەیدای زینا بوویت!

وەڵامەکەی ئەمیر، لە سەرووی وێنا و پێشبینییەکانی ماریا ئالکساندروڤناوە بوو، هێشتا بەسەر لاقی زیناوە بوو، لە ناکاوا گەشایەوە و بەڕاوێژێکی لەرزۆک گوتی:– من شێت و شەیدای بووم! ئامادەم هەموو ژیانی خۆم فیدای ئەو بکەم! خۆزگە ئەو ئاواتەم دەهاتەدی... جا کوا خوا ئەوەی کردبا!... هەڵم بسێننەوە، هەستدەکەم کەمێک بێتاقەتم... خۆزگە دەمتوانی دڵی خۆمی پێ ببەخشم...

هەنگێ هەموو ڕۆژێک گۆرانی بۆ دەچڕیم و من لێی ڕادەمام، بەردەوام لێی ڕادەمام... ئەی خودایا! چەند خۆشدەبوو...

– ئەمیر، ئەمیر! تۆ خوازبێنی دەکەیت؟ تۆ دەتەوێت لە دەستمی دەربێنی؟! فریشتە ئازیزەکەم بڕەڤێنیت ؟ نا... نەخێر، نایەڵم بڕۆیت زینا گیان، چۆن دێڵم لە باوەشم دەرتبێنن؟ چۆن لە دایکتت دابڕن!

ماریا ئالکساندروڤنا، بەرەو کیژەکەی تەکانیدا، بەجۆرێ باوەشی پێدا کرد، کە خەریک بوو بیخنکێنێت... زینا لەدڵی خۆیدا هەستی دەکرد، دایکی خەریکە لە تامی دەردەکات، بە قێز و بێزەوە، پەیگیری ئەم نمایش و سیناریۆیەی دەکرد. بەڵام وێڕای ئەوەش بێدەنگ بوو. ئەمە هەمان ئەو شتە بوو کە ماریا ئالکساندروڤنا دەیویست. بۆیە بەدەنگی بەرز گوتی:

–تۆ جاران خوازگارانی خۆی ڕەتکردووەتەوە، تا لە دایکی دانەبڕێت!... بەڵام نها دڵم خەبەری داوە کە ئەمجارە ئەم دابڕانە ڕوودەدات! تۆزێ لەمەپێش دیقەتم دا، دیتم بەجۆرێکی زۆر تایبەتی تەمەشای تۆ دەکات... تۆ بە زەبری ڕەفتاری خانەدانانە و ئەتەکێتی ئەرستوکراتیانەی خۆت گیرۆدەت کردووە! وادیارە تۆ لێکدیمان دادەبڕیت... دەزانم، دڵم خەبەری داوە!

– ئەمیر، کە هێشتا وەکو بی ناو ئاو دەلەرزی، بەدەمەلاڵکێوە گوتی:– من شێت و شەیدای بووم!

ماریا ئالکساندروڤنا، بەپەرۆشەوە دەستی لە ملی کیژەکەی وەرێنا و گوتی:– کەواتە زیناگیان دایکی خۆت بەجێدێڵیت! دڵت دێت!

زینا، کە خوا خوای بوو، تا زووە ئەم سیناریۆیە تەواو ببێت، بەبێدەنگی دەستە جوانەکەی بۆ ئەمیر درێژ کرد، و بەخۆرتی نیمچە بزەیەکی کرد. ئەمیر، بەتاسەوە دەستە بچووکەکەی گرت و نوقمی ماچی کرد، لە خۆشیا هەناسەی تەنگ بووبوو، لەبن لێوانەوە گوتی:

– من تازە خەریکە لە نوێ دەژیمەوە!... هەستدەکەم تازە خەریکە ژیانم لەنوێ دەنووسرێتەوە!...

ماریا ئالکساندروڤنا، بەڕاوێژێکی سەرکەوتووانە و جدییەوە گوتی:

–زینا، تۆ دیقەتی ئەم پیاوە بدە! ئەمە یەکێکە لەو پیاوە هەرە نەجیب و خانەدانانەی کە لە ژیانمدا دیتوومە! یەکێکە لە قارەمان و سوار چاکەکانی سەدەی ناڤین! بەڵام دەیزانێت، ئەمیر، دەیزانێت!... ئەمیر تۆ لە کوێوە پەیدا بوویت؟ چما بۆ ئێرە هاتیت؟! بۆ ئەوەی دەستبەرداری گەنجینەکەم، فریشتەکەی خۆم ببم بۆ تۆ! چار چییە، ئەوا بەتۆی دەسپێرم ئەمیر! من وەکو دایکێک لێت دەپاڕێمەوە ئاگات لە کچەکەم بێت! تەنیا دایکان لە دڵی دایکان تێدەگەن!

– زینا، لەبن لێوانەوە گوتی:– دایکەگیان بەسە!

– ئەمیر، خۆ نایەڵێت کەس بیڕەنجێنێت! چاوی ئەو دوو زمان و بوختانچیانە دەردێنیت کە لە عەلەیی زینای من دەدوێن!

– دایکەگیان بەسە، دەنا من...

ئەمیر، لەبن لێوانەوە گوتی:– بەڵێ، بەڵێ، ئەگەر شمشێر بۆ ڕۆژێکی وا نەبێت بۆ کەی باشە... من تازە خەریکە تامی ژیان دەچێژم... دەمەوێت هەر ئێستا زەماوەندەکە ئەنجام بدرێت، هەر ئێستا! یەکێک دەنێرم بۆ دوخانوف، تا هەموو ئەڵماسەکانم بۆ بێنێت و هەر هەمووی هەڵڕێژمە بەر پێی!...

ماریا ئالکساندروڤنا هاواریکرد:– ئەڵڵا لەو گەرم و گوڕییە! لەو جۆش و خرۆشە! لەو کرانەوە و دڵاواییە! ئەمیر تۆ دەتویست بەو گۆشەگیری و دابڕانە لە خەڵکی، خۆت بفەوتێنی!ئاخر چۆن ئەمەت دەرهەق بەخۆت دەکرد!؟ من ئەگەر هەزار جار ئەو پرسیارە دووەبارە بکەمەوە، وەڕز نابم! کە بیر لەو ژنە دۆزەخییە دەکەمەوە، خوام نامێنێت...

ئەمیر، کە هەست و سۆزی سەری کردبوو، بەدەم هەنسک هەڵدانەوە گوتی:– چ بکەم، هیچ دەسەڵاتێکم نەبوو! ئاخر ئەوان دەیانویست بۆ شێتخانەم ڤڕێبکەن... بەڵێ... بەتەمای ئەوە بوون، ئیدی ترسام کە...

–بۆ شێتخانەت بنێرن؟ چ بێ ویژدان بوون! فێڵبازانی هیچ و پووچ! ئەوانە خۆیان شێت بوون! باشە بۆچی ویستوویانە ئەو کارە بکەن، ئاخر بۆ؟

پیرەمێرد، هێندە ماندوو بوو، بە پەلەپەل فریاکەوت و لە سەر کورسییەکە دانیشت و گوتی:

– خۆیشم نازانم. دەزانیت لە ئاهەنگێکی سەمادا نوکتەیەکم گێڕایەوە، نوکتەکەیان بەدڵ نەبوو، ئیدی کێشەکە لەوێوە دەستی پێکرد...

– بەڕاست؟ ماقوولە ئەمیر؟

– نەخێر... بەڵام من دوای ئەوە لەگەڵ ئەمیر پەتروس دومینتوفیچ دا دەستم بە قومار کرد... پێویستم بە وەرەقی شەش لۆ بوو، دوو وەرەقی روا و سێ کچم پێ بوو... نا، سێ وەرەقی کچ و دوو روام پێ بوو... نا یەک وەرەقی روام پێ بوو... دوای ئەوە کچەکانم بۆ هات...

– هەر لەبەر ئەمە؟ کە بێ ویژدانن! ئەمیر لە ئێستا بەدواوە شتی وا ڕوونادات! لە ئێستا بەدواوە هەمیشە لە پشتت دەبم ئەمیر! من لە زینا دانابڕێم، ئەگەر ئازان با دەم بکەنەوە! با بتوانن یەک

قسه بەتۆ بڵێن! دەزانیت زەماوەندەکەی تۆ، دەیان حەپەسێنێت! بەم زەماوەندە شەرمەزار و تەریق دەبنەوە! ئەو کاتە قەدری تۆیان بۆ دەردەکەوێت!... تێدەگەن کە کیژێک بەو هەموو جوانییەوە مەحاڵە مێرد بە پیاوێکی شێت و خەڵەفاو بکات! تۆ هەنووکە دەتوانیت بەوپەڕی شانازییەوە سەر بەرز بکەیتەوە و ڕاستەوڕاست چاو لە دوڕ چاویان ببڕیت...

– بەڵێ، بەڵێ، ڕاستەوڕاست چاو لە دوڕ چاویان دەبڕم...

ماریا ئالکساندروڤنا لە دڵی خۆیدا گوتی:– " ئەرێ ئەمیر، بەتەواوتی لێ بووەتەوە، ئاگای لەخۆ نییە، سەلا لە عەقڵی من! من لە بەلاش قسەی بۆ دەکەم، بێهودە قسەکانم بەفیڕۆ دەدەم! "

ئەوسا، بە میهر و سۆزێکی دایکانەوە، سەری بەسەر ئەمیردا دانەواند و گوتی:– ئەمیر، هەستدەکەم کەمێک ناڕەحەتی، هەڵبەتە پێویستە کەمێک ئیسراحەت بکەیت، تا ئەو پەشێوییەی باڵی بە سەرتدا کێشاوە، بڕەوێتەوە و وەخۆ بێیتەوە.

ئەمیر گوتی:– بەڵێ بەڵێ... حەز دەکەم کەمێک ڕابکشێم...

– بەڵێ، پێویستە کەمێک پشوو بدەیت، ئەم هەڵچوونە... بوەستە با لەگەڵتدا بێم... ئەگەر پێویست بکات بەخۆم دەتخەوێنم. ئەمیر، چما بەو ئاوایە سەیری ئەو وێنەیە دەکەیت؟ئەمە وێنەی دایکمە... دایکم فریشتە بوو، ژنێکی ئاسایی نەبوو! حەیفێ، ئێستا لە نێوماندا نییە! ژنێکی سەرڕاست و پارسا بوو!... من هەر بەو ناوە گازم دەکرد!...

– ژنی سەرڕاست و پارسا... منیش دایکێکی وام هەبوو... دۆتمیرێ بوو لەو گۆڕە... ژنێکی یەجگار قەڵەو بوو، تەسەور دەکەیت؟بەهەرحاڵ مەبەستم ئەوە نییە باسی ئەوە بکەم... هەست بە کەمێک ماندوویەتی دەکەم... بەخوات دەسپێرم کیژە جوانەکەم... چاوەڕوان دەکەم... ئەمڕۆ... یان سبەی... بەهەرحاڵ ئەمە گرینگ نییە، خواحافیز... بەدوعا.

ئەمیر، بەدەم ئەو قسەیەوە ویستی دەستی خاترخوازی تەکان بدات، بەلام نەیتوانی، خەریک بوو لە بەر دەرگاکە بەرببێتەوە.

ماریا ئالکساندروڤنا هاواریکرد:– ئەمیر هێواش، خۆت بە منەوە بگرە!

ئەمیر، لە کاتێکا کە لە ژوورەکە وەدەردەکەوت، بەردەوام لەبن لێوانەوە دەیگوت:– جوانە! جوانە، دەڵێی ئەمڕۆ لەنوێ لە دایک بوومەتەوە...

زینا، بەتاقی تەنیا مایەوە. بارێکی قورس نیشتبووە سەرشانی و دڵی دەگوشی. نەفرەتێکی ئەوتۆی کەوتبووە دڵ، خەریک بوو دەخنکا. دڵی تێک هەڵدەهات. لە جێی خۆی نەجولا، گۆناکانی سوور بووبوونەوە، کوڵەمستەکانی گوشی بوون، ددانەکانی جیڕکردبوونەوە. سەری لەبەرخۆ نابوو، روندک بەچاویا دەهاتەخوارێ.لەم ساتەدا شەقە لە دەرگاکەوە هەستا و موزگلیاکوف بەهەشتاو خۆی بە ژووردا کرد.

## فەسڵی نۆیەم

موزگلیاکوف، بە گوێی خۆی گوێی لە هەموو قسەکانی بوو! ئەوەی ڕاستی بێ موزگلیاکوف،بەشێوەیەکی ئاسایی وەژوور نەکەوت، بەڵکو هێرشی بردە ژوورەوە، تووڕەیی و غەزەب لە ڕوو و ڕوخساری دەباری. زینا چاوی هەڵبڕی، بەسەرسامی لێی ڕوانی. موزگلیاکوف، بەدەم هانکە هانکەوە هاواریکرد:- تۆ ئاوهایت! نها بۆم دەرکەوت کە تۆ چتۆ ئینسانێکیت! ئێستا قیمەتی تۆم بۆ دەرکەوت!

زینا، وەکو ئەوەی لە دڵی خۆیدا بپرسێت: ئایا ئەم کابرایە شێتە؟ ئەوسا گڕی تووڕەیی لە چاوانی بووەوە، بەرەو ڕووی موزگلیاکوف چوو و گوتی:- قیمەتی من؟ بە چ هەقێ بەو ڕاوێژە دەمدوێنیت، کێ ڕێی پێداویت؟

موزگلیاکوف، بەڕاوێژێکی سەرکەوتووانە گوتی:- من گوێم لە هەموو شتێک بوو!

ئەوسا هەنگاوێک چووە دواوە.

زینا، کە بە ڕقێکی قووڵەوە تەمەشای دەکرد گوتی:- گوێت لە هەموو شتێک بوو؟ یانی بەدزییەوە، لەپشت دەرگاوە گوێت دەگرت؟

موزگلیاکوف، کە لە نیگاکردنەکەی زینا دەترسا، بەرسڤی دایەوە:

- بەڵێ، لەپشت دەرگاکەوە گوێم هەڵخستبوو! بەڵێ گوێم هەڵخستبوو، بۆیە بڕیارم دا ئەم کارە سووکە بکەم، تا تۆم بۆ دەربکەوێت. تا بزانم بایی چەندی، چتۆ ئینسانێکیت!

زینا گوتی:- کە گوێت لە هەموو شتێک بووە، ئیدی چ گلەییەکت لەمن هەیە؟ بەچ هەقێ تۆمەتبارم دەکەیت؟ بەچ هەقێ بەو ڕووداریە پێما هەڵدەشاخیت و دەمدوێنیت؟

-من؟ بە چ هەقێ؟ هێشتا سەرباقیت دەوێت ؟ تۆ ئەم پرسیارە لەمن دەکەیت؟ تۆ دەتەوێت شوو بە ئەمیر بکەیت و من هیچ کاردانەوەیەکم نەبێت؟ کوا ئەو بەڵێنەی بەمنت دابوو! ئەمەیە شەرتی عەهد و وەفا؟!

- کەی؟

- چۆن کەی؟

- باشە، ئەم بەیانیە، کە تۆ هەردوو پێت لێکردبوومە تاکێ کەوشەوە، پێم نەگوتیت کە ناتوانم هیچ وەڵامێکی بنجبڕ و کۆتاییت بدەمەوە؟

- بەڵام تۆ جوابت نەکتردم، ڕەفزت نەکردم... کەواتە تۆ منت وەکو خوازگاری یەدەک دانابوو؟

ڕوخساری زینا بەجۆرێ گرژ بوو، کە بە ئاشکرا ئازار و دەردی پێوە دیاربوو، لە تۆوایە دەردێکی بەسوێ ئازاری دەدات. لێ کیژێ بلەز بەسەر خۆیدا زاڵ بوو، هەرچەندە جۆرە لەرزەیەکی دەروونی بەدەنگییەوە دیاربوو، بەڵام بەڕاوێژێکی ڕوون و ڕەوان، خویا و بنجبڕ، بەرسڤی دایەوە:- کە جوابم نەکردوویت، تەنیا لەبەر ئەوە بوو بەزەییم پێتدا دەهاتەوە. تۆ بە خۆت لێم پاڕایتەوە پەلە نەکەم و یەکسەر نەڵێم " نا " و گوتت: " کەی بۆم دەرکەوت کە پیاوێکی پیاوانەم، ڕەنگە هەنگێ ڕەفزم نەکەیت " ئەوە دەقی قسەکانی خۆتە، ئەو قسانەی لە سەرەتای هەوڵەکانتەوە بەمنت گوتبوون. ئایا دەتوانی نکۆڵی لەو قسانەی خۆت بکەی؟ ئیدی چۆن ڕێ بەخۆت دەدەی ئێستا بەمن بڵێیت گوایە من تۆم وەکو خوازگاری یەدەک داناوە؟ بەڵام ئەمڕۆ وەختایەک، دوو هەفتە زووتر لەو مەوعیدەی دات نابوو، تۆم بینی، بەچاوی خۆت نەفرەتی منت بینی و من ئەو نەفرەتەم لێنەشاردیتەوە... بەپێچەوانەوە نەفرەتی خۆمم بۆ ئاشکرا کردیت. تۆ بەخۆت زۆر چاک هەستت پێکرد، چونکە بەخۆت لێت پرسیم:- " ئایا پێت ناخۆشە کە زووتر لە مەوعیدەکە گەڕاومەتەوە؟ " منێ کە نەتوانم نەفرەتی خۆم لە تۆ بشارمەوە ئیدی چاوەڕانی چیم لێدەکەیت! بە چ هەقێ دەڵێیت گوایە من تۆم وەکو خوازگاری یەدەک داناوە؟ دەیسا گوێ بگرە بزانە ڕای من دەربارەی تۆ چییە. من لە دڵی خۆدا دەمگوت: " با زیرەکیش نەبێت، خۆ ئەگەر کەسێکی مەرد و میرەبان بێت، دەشێت شووی پێبکەم " لێ نها خۆشبەختانە و لەکاتی خۆیدا بۆم دەرکەوتووە کە تۆ نەک هەر پیاوێکی کەودەن و گەمژە، بەڵکو کابرایەکی بەدڕەوشت و کینەکێشیت، من تەنیا ئەوەندەم لەسەرە ئارەزووی سەفەرێکی خۆشت بۆ بکەم. سەفەر بەخێر و خوداحافیز!

زینا، دوای ئەو قسانە گەڕایەوە وبەکاوەخۆ بەرەو دەرگاکە چوو و وەدەرکەوت.

موزگلیاکوف کە زانی تازە کار لە کار ترازاوە و شەڕەکەی دۆڕاندووە، لە تووڕەییدا هاتەجۆش و هاواریکرد:- وای لێهات، من کەودەنم، ئێستا گەمژە دەرچووم! زۆرچاکە! دەیسا خواحافیز! بەڵام پێش ئەوەی بڕۆم شارتان لێ پڕدەکەم، هەموو شار تێدەگەیەنم کە چۆن ئێوە، خۆت و دایکە ئازیزەکەت، ئەمیرتان سەرخۆش کردووە، فریوتان داوە و کڵاوتان کردووەتە سەری! ئەمە بۆ هەموو کەسێک دەگێڕمەوە! هەنگێ بۆت دەردەکەوێت موزگلیاکوف کێیە! ئەوسا موزگلیاکوف دەناسیت!

زینا ڕاچڵەکی، هەڵوەستەیەکی کرد، وەکو ئەوەی بیەوێت وەڵامی بداتەوە، بەڵام دوای بیرکردنەوەیەکی کەم، بەبێ موبالاتیەوە شانەکانی هەڵتەکاند و لەدوای خۆیەوە، بەتووندی دەرگاکەی دا بەیەکدا.

لەو ساتەدا ماریا ئالکساندروڤنا لەبەر دەرگاکە وەدیارکەوت. گوێی لە قسەکانی موزگلیاکوف بووبوو، هەستی بەجدیەتی مەسەلەکە کرد، ترسێکی زۆری لێنیشت. لەدڵی خۆیدا گوتی: موزگلیاکوف هێشتا لێرەیە! لەلای ئەمیر دەمێنێتەوە! ئەدی قەرار نەبوو بڕوات! موزگلیاکوف، لە قاومان دەدات، هەموو شارمان لێ پڕ دەکات... لە کاتێکا، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بووە، پێویستە مەسەلەکە بەنهێنی بمێنێتەوە! ماریا ئالکساندروڤنا مەبەستێکی تایبەتی لەم پەنهانکارییە هەبوو، بۆیە خێرا لێبڕا کە موزگلیاکوف هێور بکاتەوە، ئیدی دۆستانە دەستی بەرەو موزگلیاکوف ڕاکێشا و لێی نزیک بووەوە وگوتی:- دۆستی ئازیز چییە، چی بووە، خێرە؟!

موزگلیاکوف، بەوپەڕی تووڕەیی هاواریکرد:- دوای ئەو هەموو پیلانەی لێت گێڕاوم، ڕووت دێت بەدۆستی ئازیز بانگم بکەیت؟ من مەمنوون خانمی بەڕێز! لات وایە دەتوانیت جارێکی دیکەش فریوم بدەیت؟!

-پاڤل ئالکساندروفیچ، بەداخەوەم، مخابن کە بەو ڕەوشە دەروونییە سەیرەوە دەتبینم! ئەم قسە هەلەق و مەلەقانە چییە کە دەیکەیت؟ وات لێهاتووە تەنانەت ناتوانیت لە ئاست خانمێکیشدا زمانی خۆت بگریت؟

موزگلیاکوف هاواریکرد:- لە هەنبەر خانمێکدا؟ توخوا تۆ خانمی؟ ڕەنگە هەر شتێک بیت، بەڵام خانم نیت!...

نازانم موزگلیاکوف، مەبەستی لەو قسەیە چی بوو. دیاربوو دەیویست قسەیەکی زۆر ناشیرینی پێ بڵێت...

ماریا ئالکساندروڤنا، نیگایەکی بەزەیی ئامێزی کرد. ئەوسا بە خەمینیەوە، ئەو قەنەفەیەی نیشاندا کە چارەکێک لەوەپێش ئەمیر لەسەری ڕۆنیشتبوو، بەڕاوێژێکی خەمناک گوتی:- دانیشە!

موزگلیاکوف، هایم و حەیران گوتی:- گوێ بگرە ماریا ئالکساندروڤنا: تۆ بەجۆرێ تەمەشای من دەکەیت، وەکو ئەوەی هیچ خەتایەکت دەرهەق بەمن نەکردبێت. من خەتام دەرهەق بە تۆ کردبێت! ئاخر قوربان ئەمە کەی ڕەوای هەقە! هەمە چ هەڵوێستێکە! خۆشە ها! ئایا ئاگات لەم مەسەلەیە هەیە؟

ماریا ئالکساندروڤنا، بەرسڤی دایەوە:- دۆستی ئازیزم! ڕێم بدە بەو ناوە بانگت بکەم، چونکە تۆ لە هەموو دنیا دۆستێکی لەمن باشترت نییە. کەواتە دۆستی ئازیز وادیارە زۆر پەست و خەمباریت، دڵت ڕەنجاوە، ئازار دەکێشیت بۆیە ئاوا دەدوێیت، بەو ڕاوێژە دەدوێیت کە منت پێ دواند. من بڕیارم داوە هەموو شتێکت بۆ ئاشکرا بکەم، گرێی دڵی خۆمت بۆ بکەمەوە. چونکە هەست دەکەم لە هەنبەر تۆدا خەتابارم. کەواتە دانیشە با دوو قسە پێکەوە بکەین.

دەنگی ماریا ئالکساندروڤنا زۆر نەرم و ئارام بوو، جۆرە کەسەرێک بە سیمایەوە دیاربوو. موزگلیاکوف، سەری سوڕمابوو، لەسەر قەنەفەکەی تەنیشت ئەوەوە دانیشت.

ماریا ئالکساندروڤنا، بە سەروسیمایەکی گلەیی ئامێزەوە لێی ڕوانی و گوتی:- تۆ بەدزییەوە، لەپشت دەرگاکەوە گوێت هەڵخستبوو؟

موزگلیاکوف، کە تووڕەیی دایگرتبوو، بەڕاوێژێکی زبر بەرسڤی دایەوە:- بەڵێ بەدزییەوە گوێم گرتبوو! بۆ گوێ نەگرم؟ ئەگەر گوێم نەگرتبا دەیکردە ئەوپەڕی کەریەتی! بەلای کەمەوە بەو گوێگرتنە ئەوەم بۆ دەرکەوت کە تۆ ژێراوژێر چ پیلانێک دەرهەق بەمن دەگێڕیت!

- تۆ، تۆ بەو هەموو پەروەردە و پرەنسیپەتەوە، ڕێ بەخۆت دەدەی کاری وا بکەیت؟... ئەی خودایە!...

موزگلیاکوف، بەڕادەیەک هەڵچوو کە لەسەر قەنەفەکە هەستا.

ئەوسا هاواریکرد:- ماریا ئالکساندروڤنا! پیاو تەحەموولی ئەم قسەیە ناکات. خۆت بەو هەموو پرەنسیپەتەوە، تۆزێ لەوەپێش چ ئۆینێکت لەدژی من دەگێڕا، کەچی هێشتا تۆ گلەیی لە خەڵکی دەکەیت!

ماریا ئالکساندروڤنا، بێئەوەی وەڵامی پرسیارەکەی بداتەوە، پرسی:

– پرسیارێکی دی: کێ فێری کردیت لە پشت دەرگاوە گوێ بگریت؟ کێ ئامۆژگاری کردیت؟ کێ لە ماڵەکەی مندا سیخوڕی دەکات؟ من دەمەوێت ئەوە بزانم.

– بمبورە، ناتوانم ئەوەت پێ بڵێم!

– چاکە، خۆم دەیدۆزمەوە! مسیو پاڤل من پێم گوتیت دەرهەق بەتۆ خەتابارم. بەڵام ئەگەر تۆ مەسەلەکە لە هەموو ڕوویەکەوە هەڵبسەنگێنیت، بەئینسافەوە تەمەشای بکەیت بۆت دەردەکەوێت کەمن خەتابار نیم... ئایە و مایە، تەنیا خێر و چاکەی تۆم ویستووە...

موزگلیاکوف، بەجۆرێ لەسەر قەنەفەکە جولا، کە سپرینگەکانی کەوتنە جیڕەجیڕ. ئەوسا گوتی:- خێر و خۆشی من؟ چاکەی منت ویستووە؟ نا... دڵنیابە چیتر کڵاوم ناچێتەسەر! خۆ من منداڵ نیم.

ماریا ئالکساندروڤنا گوتی:- دۆستی ئازیز تکایە ئەگەر دەتوانیت کەمێک خۆت هێور بکەوە. بەوردی گوێ بدە قسەکانم، هەنگێ لە هەموو ڕوویەکەوە قەناعەت بە قسەکانم دەکەیت. یەکەم ئەوە بزانە کە من دەمویست هەموو شتێک بەتۆ بڵێم. تۆ دەتتوانی بەبێئەوەی خۆت بچووک بکەیتەوە و بچیت لە پشت دەرگاوە و بەدزییەوە گوێ هەڵبخەیت، هەموو شتێک لەمنەوە بزانیت. کە پێشتر هیچم پێ نەگوتویت، تەنیا لەبەر ئەوەیە کە هێشتا گەڵاڵە نەبووبوو، تەنیا بیرۆکە و پرۆژە بوو، ئەگەری ئەوە هەبوو ئەم پرۆژەیە سەر نەگرێت، هیچی لێ شین نەبێت. کەواتە دڵنیابە کە هیچ شتێکم لێ نەشاردویتەوە. دووەم خەتای کیژەکەی من مەگرە، ئەو تۆی زۆر خۆشدەوێت، من ناچاربووم گوشارێکی زۆری لێبکەم تا دەستبەرداری تۆ ببێت و ڕازی بکەم کە خوازگاری ئەمیر قەبووڵ بکات.

موزگلیاکوف، بەتەوسەوە گوتی:- من تۆزێ لەوە پێش شەرەفی ئەوەم پێبڕا کە گوێم لە بەڵگەی بنجبڕی ئەو ڤیان و خۆشەویستیە ببێت!... لە زمانی خۆیەوە گوێم لێی ببێت!

– دروستە! بەڵام تۆ بەچ زمانێک قسەت لەگەڵیدا کرد؟ ئایا بەو ئاوایە قسە لەگەڵ کچێکدا دەکرێت کە بتپەرستێت؟ ئاخر ئەوە ئوسلوبە؟ خەڵکی بەتەربیەت و ئابڕوومەند ئەو زمانە زبرە بەکار دەبات؟ تۆ سووکایەتیت پێکردووە، ئەویش تووڕە بووە!

– ماریا ئالکساندروڤنا، مەسەلەکە زمانی نەرم یان زبر نییە! ئەم بەیانیە ئێوە هەردووکتان؛ بە داک و کچەوە، لوتفێکی زۆرتان بەرانبەرم نواند! بەڵام هەرکە پشتم تێکردن و لەگەڵ ئەمیردا لە دەرگاکەوە وەدەرکەوتم، کەوتنە جنێودانی من... من ئەمە دەزانم، هەموو شتێک دەزانم!

ماریا ئالکساندروڤنا، بەدەم تەوسخەنێکەوە گوتی:- دیارە لە هەمان سەرچاوەی گڵاوەوە شتەکانت زانیوە!... بەڵێ پاڤل ئالکساندروفیچ... من کونیەی تۆم ڕەش کرد، جنێوی پیسم پێداویت، دان بەوەدا دەنەم دوای هەوڵێکی زۆر، گەییمە ئەوە. من پێویستم بەوە بوو تۆی لەبەرچاو ڕەش بکەم، ڕەنگە بوختانیشم بۆ کردبیت، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە چەندم زەحمەت کیشاوە تا تۆی لەبەرچاو بخەم، ڕازی بکەم کە دەستبەرداری تۆ ببێت! کە پیاوێکی پێ نەزانی! ئاخر ئەگەر زینا تۆی خۆش نەویستبا، من پێویستم بەوە دەبوو، کونیەی تۆ ڕەش بکەم؟ ناچار دەبووم بوختانت بۆ بکەم، بتکەم بە گەپچاڕ؟ پەنا بەرمە بەر ئەم فڕ و فێڵە قۆڕانە؟ ئایا تۆ دەزانیت کە من دەبوایە هەموو توانا و دەسەڵاتێکی دایکایەتی بخەمە کار تا ناچاری بکەم تۆی لەبەرچاو ڕەش بکەم، تۆی لە دڵ دەربکەم و لە بیریت بەرمەوە. من وێڕای ئەو هەموو هەوڵ و گوشارە زۆرەش، هیچم لێی نەدوریەوە تەنیا ڕەزامەندییەکی ڕواڵەتی نەبێت. تۆ کە لەپشت دەرگاکەوە گوێت هەڵخستووە، دیارە دەبوایە هەستت بەوەش بکردایە کە زینا لەبەردەم ئەمیردا نە بە سووکە ئاماژەیەک نە بە تاقە وشەیەک پشتیوانی لەمن نەکرد. بەدرێژایی ئەم کەین و بەینە تاقە وشەیەکی لەزار نەترازا، تەنیا وەکو ئامێرێکی میکانیکی گۆرانیەکی گوت. ڕۆحی خەمین و بەسوێ بوو، هێندەم بەزەیی پێیدا هاتەوە و دڵم بەحاڵی سووتا، ئەنجام ئەمیرم لەوێندەر بردە دەرەوە. من دڵنیام کە هەرخۆی بە تەنیا مابووەوە گریاوە. دیارە کە تۆ چوویتە هۆڵەکەوە ڕوندکەکانیت بینیوە.

موزگلیاکوف، بیری کەوتەوە، کە بەڕاستی وەختایەک خۆی بە ژوورەکەدا کرد، سەیری کرد زینا دەگریا.

هەنگێ، لە ماریا ئالکساندروڤنای پرسی:- باشە، تۆ بۆچی دژایەتی منت دەکرد؟ بۆچی وەکو خۆت دانت پێدانا بوختانت بۆ من دەکرد؟

-ها! ئەوە شتێکی دیکەیە... ئەگەر تۆ لە هەوەڵەوە بە شێنەیی و عاقڵانە ئەو پرسیارەت لێ بکردمایە، دەمێک بوو وەڵامی خۆی وەدەست دەکەوت. بەڵام هەق بەتۆیە. من، هەر خۆم، بەتەنیا هەموو شتێکم کرد. زینا مەیەنە ناو مەسەلەکەوە. بەڵام بۆ ئەمەم کرد، فەرموو گوێ بگرە: من یەکەم ئەم کارەم لەبەر خاتری زینا کرد. ئەمیر پیاوێکی دەوڵەمەندی بەڕێزە، بەنێوبانگە، پەیوەندی جڤاکی زۆری هەیە. ئەگەر زینا شووی پێبکات، ناوبانگێکی زۆر پەیدا دەکات. تەنانەت ئەگەر ئەمیریش بمرێت، کە ڕەنگە بەو زووانە بمرێت – هەموومان گیای مردنین – هەنگێ زینا وەکو بێوەژنێکی دەوڵەمەنی، کۆمەڵگەی ئەرستوکراتی، وەکو ژنە ئەمیر، دەتوانێ بەکەیفی دڵی خۆی شوو بە هەرکەسێک بکات کە خۆی بیەوێت، و دەوڵەمەندانە بژی. هەنگێ شوو بەو کەسە دەکات

کە خۆشی ویستووە. هەنگێ بە دەربڕینی پەشیمانی قەرەبووی ئەو هەڵەیە دەکاتەوە کە دەرهەق بەو پیاوەی هەوەڵجار خۆشی ویستووە، کردوویەتی.

موزگلیاکوف، هەناسەیەکی هەڵکێشا و چاوی بڕینە پێڵاوەکانی خۆی و گوتی:- ئەها!

ماریا ئالکساندرۆڤنا لەسەری ڕۆیی:- دووەم دەمەوێت بەکورتی ئەم شتەشت پێ بڵێم کە لەگینە تۆ باش تێی نەگەیشتبیت... تۆ ئیش و کارت بووە بەوەی شەکسپیر بخوێنیتەوە و هەرچی هەست و سۆزێک هەیە لەوەوە هەڵیهێنجی، کە لەڕاستیا هەستێن زۆر باشن، بەڵام پاڤل ئالکساندرۆڤیچ، تۆ هێشتا گەنجیت، بەڵام من دایکم پاڤل، لەبەر ئەوە باش گوێم لێبگرە: من بۆیە زینا دەدەم بە ئەمیر لەبەر خاتری ئەمیر خۆی، دەمەوێ ئەمیر ڕزگار بکەم. من لەمێژە ئەم پیرەمێرە نەفس بەرز و خانەدان و دڵاوا و میهرەبان و مەرد و ڕەندە کە تەبیعەتێکی سوارچاکانەی هەیە دەناسم. بەینمان زۆر خۆش بوو. نها نەگبەتە، کەوتووەتە چنگی ئەو ژنە چاوچنۆکە نەفرەجایە. ئەو ژنە سەری دەخوات، لە گۆڕی دەنێت. خودا شایەدە من بۆ ئەوەی قەناعەت بە زینا بکەم و ناچاری بکەم قاییل ببێت شوو بە ئەمیر بکات، ناچار بووم ئەوەی بۆ ڕوون بکەمەوە کە ئەو کارەی ئەو چ فیداکارییەکی پیرۆزە. ئیدی بەو حاڵە توانیم سۆزی بجوڵێنم و لایەنی سوارچاکی و خانەدانیەکەی ئەمیر کاری تێکرد و قیروسیای لەو قوربانی و فیداکارییەی خۆی کرد. ئاخر زینا بەخۆیشی تەبیعەتێکی سوارچاکانەی هەیە. جۆرە فیداکارییەکی تیایە، بەتایبەتی کە من لەلایەنە مەسیحییە باڵاکەوە مەسەلەکەم بۆ ڕوونکردەوە، بۆم ڕوونکردەوە کە چۆن دەبێت بە پشت و پشتیوانی ئەم مرۆڤە داماوەی ئەگەر چوار پینەشی بکەیت ناگاتە ساڵێکی دی، چۆن دەبێتە مایەی سوکنایی ڕوحی ئەو پیاوە، دەبێت بە هاوڕێ و کیژ و مەعشووقی، ئیدی ئەم مرۆڤە لە دوا ڕۆژەکانی ژیانی ئەم دنیایەدا هەست بە ترس و خەم و پەژارە ناکات، چیتر ژنێکی هیچ و پوچ لە زەواقی نانێت، وەکو ئەم ژنەی کە ئێستا گەمارۆی داوە و نایەڵێت لە پێستی خۆی بهێورێت، بەڵکو ژنێکی لەگەڵدا دەبێت ڕوناکی و دۆستایەتی و میهر و خۆشەویستی پێدەبەخشێت و دوا ڕۆژەکانی ژیانی بۆ دەکات بەو بەهەشتەی کە بەو زووانە بۆی دەچێت. کە ئەمە فیداکارییەکی تەواو مەسیحیانەیە. باشە پێم بڵێ ئاخۆ ئەم کارە چ خۆپەرستیەکی تێدایە؟پێم ناڵێیت چ خۆپەرستیەکی تێدایە؟ زیاتر فیداکارییەکە کە ڕەبەنیتەیەکی مەحەبەت ئەنجامی دەدات، نەک خۆپەرستی.

موزگلیاکوف، بەڕاوێژێکی تاڵ و لەبن لێوانەوە گوتی:- یانی تۆ ئەم کارەت تەنیا لەبەر خاتری ئەمیر کردووە؟ تەنیا لەبەر خاتری قارمانیەتی و فیداکاری زینا کردووتە؟

-پاڤل ئالکساندروفیچ، من لە مەبەستی ئەم پرسیارە تێدەگەم، پرسیارێکی پڕ خۆیایە. وادیارە تۆ ئەمە بە جۆرە ئۆینێک دەزانیت، کە هیچ خێر و بێرێکی بۆ ئەمیر تیا نییە، بەڵکو ئەمە تەماعە لە سەروەت و سامانەکەی؟ ڕەنگە وابێت، بۆ نا؟ بیرم لەمەش کردووەتەوە پاڤل ئالکساندروفیچ، بەڵام هیچ ڕیا و فێڵێک لە ئارادا نەبووە، بەڵکو بێ هیچ مەبەستێک ئەوەم بەبیرا هاتووە. من دەزانم سەرت لەم ڕاشکاویە دەسوڕمێ پاڤل ئالکساندروفیچ، بەڵام من بۆیە ئەم ئیعترافەت بۆ دەکەم تا زینا تاوانبار نەکەیت، تێکەڵ بەم مەسەلەیەی نەکەیت! زینا هیچ دەورێکی لەم مەسەلەیەدا نییە، کۆترێکی پاک و بێگەردە! بەهیچ جۆرێ بیر لە بەرژەوەندی و قازانجی شەخسی ناکاتەوە، ئەو شتانە نازانێت! کیژە جوان و ئازیزەکەی من جگە لە خۆشەویستی و مەحەبەت هیچ شتێکی دی نازانێت ! ئەو کەسەی بیر لە بەرژەوەندی و قازانج دەکاتەوە منم، تەنیا منم و بەس! بەڵام من داوا لە تۆ دەکەم تۆ جارێ ویژدانی خۆت بکە داوەر و ئەم پرسیارە لەخۆت بکە و هەر خۆتیش وەڵامم بدەوە: هەر دایکێک ئەگەر لە جێی من بێت و ئەم هەلەی بۆ هەڵبکەوێت، ئایا هەمان کاری نەدەکرد کە من کردوومە؟ ئێمە هەمووومان، لە بچووکترین و پاکترین کاردا بیر لە بەرژەوەندی خۆمان دەکەینەوە، بەشەر بە تەبیعەت بوونەوەرێکی پراگماتیکیە. دیارە ئەم بیرکردنەوەیە سروشتیە، خۆڕسکە. هەڵبەتە ئەوانەی وا بیردەکەنەوە کە زۆر مەردانە و نەجیبانە ڕەفتار دەکەن، خۆیان هەڵدەخەڵەتێنن. بەڵام من نامەوێت خۆم فریو بدەم! دان بەوەدا دەنەم وێڕای پاکی و بێگەردی نیاز و مەبەستەکەشم، بیرم لە بەرژەوەندی و قازانجیش کردووەتەوە. بەڵام بپرسە ئایا من بیرم لە قازانجی شەخسی خۆم کردووەتەوە؟ پاڤل ئالکساندروفیچ، من تازە پێویستم بەهیچ نییە، زەمانی من ڕۆیی! من ژیانی خۆم کردووە! من تەنیا بیر لە بەرژەوەندی زینا، فریشتەکەم، جگەرگۆشەکەی خۆم دەکەمەوە، کێهە دایک دەتوانێت لەو ڕووەوە نەهەقم بگرێت ، گلەیی و گازنم لێبکات؟

ماریا ئالکساندروڤنا بەدەم ئەو قسانەوە روندک زابیە چاوانی.

پاڤل ئالکساندروفیچ، حایر و حەپەساو، حەواس پەرت، گوێی لەو ئیعترافە ڕەوانە دەگرت و چاوە ئەبڵەقەکانی بەدەوروبەری خۆیدا گێژ دەدا. ئەنجام بە زەحمەت گوتی:- بەڵێ... کێهە دایک... ماریا ئالکساندروڤنا، تۆ بۆ قسە پەکت ناکەوێت... زۆر باش دەزانیت شیعر و شانامە بهۆنیتەوە و بخوێنیت... بەڵام خۆ تۆ بەڵێنت بەمن دا... منت بەئومێد کرد، منت بەتەما کرد... باشە پێت ڕەوایە ئێستا لە دڵی خۆدا بڵێم چاک فریو درام، کڵاوم کرایەسەر، ئومێد و ئاواتەکانم تراویلکە بوون؟...

- باشە تۆ بەهەمووو باوەڕێکەوە وا وێنا دەکەیت من بیرم لەتۆ نەکردووەتەوە پاڤل گیان؟ بەپێچەوانەوە، من لە هەموو ئەم کەین و بەینەدا، ئەوپەڕی حیسابم بۆ بەرژەوەندی تۆ کردووە، هەر ئەمەش زیاتر هانی دام لەسەر ئەنجامدانی ئەم پرۆژەیە بەردەوام بم.

موزگلیاکوف، ئەمجارەیان بەتەواوەتی حەپەسا، هاواریکرد:

– بەرژەوەندی من؟ چۆن؟

ماریا ئالکساندروڤنا، چاوی بڕییە ئاسمان و گوتی:- کە کوڕێکی سەیری. چۆن دەشێت بەو ڕادەیە ساویلکە و کورت بین بیت؟ ئەی خودایا! ئاخ گەنجیەتی، گەنجیەتی! تەمەشا نقوم بوون لە دەریای خوێندنەوەی ئەم شەکسپیرە چ بە پیاو دەکات! خەون و خەیاڵ چ سوودێکی هەیە! ئاخر گەڕان بۆ نیوەڕۆ لە سەعات چواردەدا چ ئاکامێکی هەیە! لەم حاڵەدا پیاو هەست دەکات دەژی، بەڵام بە عەقڵ و خەیاڵی خەڵکانی دی دەژی، ئاخر ئەمە بەچی دەچێت، چ مانایەکی هەیە تۆ بە بیرێک بژیت کە بیرکردنەوەی خۆت نەبێت! پاڤل ئالکساندروفیچی ئازیز، ڕەنگە بپرسیت کە سوود و قازانجی تۆ لە کوێی ئەم کارەدایە؟ جا ڕێم بدە با ئەمەت برێک بە درێژی بۆ ڕوون بکەمەوە: زینا تۆی خۆشدەوێت، ئەمە شتێکە گومانی تیانییە! بەڵام من هەستم کردووە وێڕای خۆشەویستیە ڕوون و ڕەوانەکەی بۆ تۆ، جۆرە گومانێکی لەتۆ، لە ڕاستگۆیی هەست و سۆزی تۆ هەیە، من هەستم کردووە، هەندێجار بە ساردی ڕەفتار لەگەڵ تۆدا دەکات؛ ئەمە زادەی جۆرە دوو دڵی و گومانێکە. پاڤل ئالکساندروفیچ خۆت هەستت بەم هەڵوێستە نەکردووە؟

–هەستم پێکردووە، تەنانەت ئەمڕۆکەش هەستم پێکرد... بەڵام تۆ دەتەوێت بەم قسانە بگەیتە چ ئەنجامگیرییەک، دەتەوێت چ بڵێیت؟

– دەبینیت؟ بەخۆتیش هەستت بەوە کردووە! کەواتە مەزەندەکەی من دروستە! مەسەلەکە دەقاودەق ئەمەیە: جۆرە بێ متمانەییەکی سەربارەت بە بەردەوامی ڤیان و هەست و سۆزی تۆ، لەلای هەیە. من دایکم، ماقوولە دایک پەی بە نهێنییەکانی دڵی منداڵەکەی خۆی نەبات؟ جا ئێستا تەسەور بکە، ئەگەر لە جیاتی ئەوەی بەدەم جنێودان و سخیفانەوە خۆت کرد بە ژوورا و بەو کیژە مەغروور و جوانەدا هەڵشاخایت و زویرت کرد و لەم ڕێگەیەوە هێندەی دی گومانی ئەوت سەبارەت بە ناپایەداری ڤیان و خۆشەویستی خۆتت، لەلا وروژاند، ئەگەر ئەم هەواڵەت بە ئارامی وەربگرتایە و بەداخ و کەسەر و گریان و تەنانەت نائومێدییەوە ڕووبەڕیی ببویتایەوە، لەگین بوو هەنگێ...

– ئەها...

– نا، پاڤل ئالکساندروفیچ، قسەکەم پێ مەبڕە. من دەمەوێت هەموو لایەنەکانی بابەتەکەت بۆ ڕوون بکەمەوە و سەرسامت بکەم. ئێستا وا وێنا بکە کە تۆ هاتیت بۆلای و پێت گوت: " زینائید! من بەدڵ و گیان خۆشم دەوێیت و لە خۆمم خۆشتر دەوێیت... بەڵام هەندێک سەدەمی خانەوادەیی، وا

دەخوازێت لێکدی دابڕێین. من لەمە تێدەگەم. ئەمە پەیوەندی بە بەختەوەری تۆوە هەیە، من ڕێ بەخۆ نادەم بەختەوەری تۆ تێک بدەم. زینائید من هیچ گلەییەکت لێناکەم! من بەختەوەری تۆم دەوێت! بەخوات دەسپێرم. خەم مەخۆ، تا دەتوانی بەختەوەرانە بژی، خۆت سەغڵەت مەکە. " تەسەور بکە هەنگێ بە نیگایەکی پاڕانەوە ئامێز، وەکو نیگاکردنی بەرخی قوربانی نیگات بکردایە، تەسەور بکە هەنگێ ئەو قسانەی تۆ چ باندۆرێکی لە دڵ و دەروونی دەکرد!

– باشە ماریا ئالکساندروڤنا، گریمان وام کرد. من لە مەبەستی تۆ تێدەگەم. گریمان ئەو قسانەم کرد، من چ قازانجێکم دەکرد؟ دەبوایە بەدەستی بەتاڵ، لە کوێوە هاتووم، بەوێدا بگەڕێمەوە....

– نا، نا، نا برادەری ئازیز نا، قسەکەم پێ مەبڕە! من دەمەوێت هەموو وردەکارییەکانی مەسەلەکەت لە سیری تا پیازی بۆ ڕوون بکەمەوە، تا سەرسامت بکەم! وای دابنە پاشان، دوای چەندساڵێک لە کوڕێکی ئەشرافاندا، لە ئاهەنگێکی سەمادا، لە چراخانێکدا، بەدەم موزیکێکی سیحراوییەوە، لە کۆڕی کۆمەڵێک خانمێن ئەشرافدا تووشی بوویت... لەم ئاهەنگەدا تۆ تەنیا، خەمین، ڕەنگزەرد، پشتت بە ئەستونێکەوە داوە، لە فکران ڕاچوویت، بە نیگا لە گەرمەی سەمادا دایبێژیت، بە مەرجێک لە شوێنێک بیت دیاربیت، ئەو سەما بکات، هەر چوار نکاڵت ئاوازی ئەفسووناوی بێت، لەو گۆرانیانەی کە شتراوس ئاوازی بۆ داناون. هەموو خەڵکی دەوروبەرت سەرگەرمی نوکتە و پێکەنین بن؛ تۆ لە شوێنی خۆت وەستابیت، دڵتەنگ، نائومێد، دڵشکاوی عەشق و ڤیان! هەنگێ زینا کە زینا بەو حاڵەوە و لەو شوێنەدا بتبینێت هەست بەچی دەکات؟ بە چ چاوێک تەمەشات دەکات؟ لە دڵی خۆیدا دەڵێت: " من بە نەهەق گومانم لەم پیاوە کرد کە لە پێناوی مندا هەموو شتێکی کردە قوربانی و من دڵیم شکاند! " هەڵبەتە ئاساییە لەو هەڵوێستەدا ڤیانە کۆنەکە لە دڵیا سەر هەڵبداتەوە!

ماریا ئالکساندروڤنا، سووکە هەڵوەستەیەکی کرد تا نەفەسێک تازە بکاتەوە. موزگلیاکوف، هێندە بە توندی لە جێی خۆی جولایەوە کە قەنەفەکە کەوتە جیڕەجیڕ. ماریا ئالکساندروڤنا دووبارە لەسەر قسەکانی ڕۆیی:– زینا لەبەر خاتری سەلامەتی و تەندروستی ئەمیر سەفەری هەندەران دەکات، بۆ ئیتاڵیا و ئەسپانیا دەڕۆن. ئەو ئەسپانیایەی کە مەڵبەندی درەختی مۆرد و لیمۆیە، ئاسمانی شین و ساف و ڕوباری گوادالکویویری پێدا دەڕوات. بۆ ئەسپانیای مەڵبەندی عەشق و ڤیان، مەڵبەندی گوڵ و گوڵزار و ماچی هەوایی! تۆش دوویان دەکەویت بۆ ئەوێندەر. ئیش و کاری خۆت، هەموو ئەرک و پەیوەندییەکت فیدای ئەو دەکەیت! لەوێ ڤیانی ئێوە بەتین و تاوێکی تازەوە کە هیچ شتێک نەتوانێت پێشی پێبگرێت سەر هەڵدەداتەوە. ئیدی ڤیان، گەنجاتی، ئەسپانیا... خودایا! هەڵبەتە لە سەرەتاوە ئەم خۆشەویستیەت ئەفلاتوونی دەبێت. بەڵام لە ئەنجاما بەرگەی ئەم چاوبڕکێیە ناگرن

و مل بۆ ئەمری واقیع دەدەن. لە مەبەستم تێدەگەیت برادەری ئازیز؟ هەنگێ خەڵکانێکی نەفس نزم، بەدڕا پەیدا دەبن کە دەڵێن ئەوەی هانی داویت کە لەو سەفەرەدا دوویان بکەویت، هەستی خزمایەتی نییە بۆ پیرەمێرێکی نەخۆش. بۆیە من بە ئانقەست ڤیانەکەی ئێوەم بە ئەفلاتوونی ناوبرد، چونکە ئەو خەڵکە بەدڕا و بەدخوایە، مانایەکی دیکە، جیاواز لە ناوی ئەفلاتوونی لەم ڤیانەی ئێوە دەدۆزنەوە. پاڤل ئالکساندروفیچ من دایکم، ماقوولە منی دایک ڕێگەی خراپ بەتۆ نیشان بدەم، بۆ کاری خراپ هانت بدەم؟... هەڵبەتە ئەمیر توانای ئەوەی نابێت چاودێری ئێوە بکات، وا چاودێریشی کردن، بەچی دەچێت؟ ماقوولە بە کارێکی وا نزم تۆمەتبار بکرێن؟ئەنجام ئەمیر دەمرێت... پێم بڵێ: هەنگێ زینا جگە لەتۆ شوو بە کێ دەکات؟ خۆ تۆ خزمی دووری ئەمیریت، هیچ کۆسپ و تەگەرەیەک ڕێ لە زەماوەندی ئێوە ناگرێت. هەنگێ تۆ زینای گەنج و دەوڵەمەند و نێودار دەخوازیت، جا لە چ کاتێکا؟ لە کاتێکدا کە گەورەترین دەسەڵاتداران ئامادەن و شانازی بەوەوە دەکەن بیخوازن؟ لە ڕێگەی زیناوە دەچیتە ناو چینی ئەرستوکراتی کۆمەڵگەوە، دەگەیە بەرزترین پلەوپایە، لە سایەی زیناوە دەگەیە پایەیەک کە حەسوودیت پێ دەبرێت. حاڵی حازر تۆ سەد و پەنجا جووتیاری زەڕخڕیت هەیە، بەڵام ئەوسا زۆر دەوڵەمەند دەبیت. ئەمیر لە وەسێتنامەکەی خۆیدا هەموو شتێک یەک لایی دەکاتەوە. ئەمە لەمن بزانە. بەڵام لە هەموو ئەمانە گرینگتر ئەوەیە کە زینا متمانەی تەواو بەهەست و سۆزی تۆ پەیدا بکات، لە ڕاستگۆیی نیاز و سۆزی تۆ دڵنیا ببێت، بەو چاوەوە سەیرت بکات کە تۆ قارەمان و نموونەی بەرزی لێبوردەیی و کەرەم و فیداکاریت. نها بۆت دەرکەوت کە قازانج و بەرژەوەندی تۆ لە چیدایە؟ مەگەر ئینسان کوێر بێ کە ئەوە نەبینێت و هەست بەم قازانج و بەرژەوەندییە نەکات کە لە دوو هەنگاوی ئەو وەستاوە و بۆی دەگرژێتەوە و بانگی دەکات و دەڵێت: " ئەمە منم "! ئاخر پاڤل ئالکساندروفیچ تۆزێ بیر بکەرەوە!

موزگلیاکوف، بەوپەڕی هەڵچوونەوە هاواریکرد و گوتی:- ماریا ئالکساندروڤنا! من تازە خەریکە لە هەموو شتێک تێدەگەم! من زۆر گەوجانە ڕەفتارم کردووە!

هەنگێ لە سەر قەنەفەکە ڕابوو، بەهەردوو دەستان چنگی نایە قژی خۆی. ماریا ئالکساندروڤنا لەسەری ڕۆیی:- ڕەفتارێکی سەرکێشانەت کردووە، زۆریش سەرکێشانە.

موزگلیاکوف، بەجۆرە نائومێدییەکەوە گوتی:- ماریا ئالکساندروڤنا من زۆر کەرم! تازە کار لەکار ترازاوە، من بە کرێتی خۆم هەموو شتێکم تێکدا، ئاخر من زۆرم خۆش دەوێت، شێت و شەیدای ئەوم!

ماریا ئالکساندروڤنا، زۆر بەئارامی، وەکو ئەوەی بیر لە شتێک بکاتەوە گوتی:- نا... نا مەرج نییە کار لە کار ترازابێت و هەموو شتێک بەفیڕۆ چووبێت...

موزگلیاکوف گوتی:- خۆزگە!... فریام بکەوە! پێم بڵێ چ بکەم! فریام بکەوە!...

موزگلیاکوف، دەستی بەگریان کرد. ماریا ئالکساندروڤنا، دەستی بۆ ڕاکێشا و بەهاوسۆزی و هاوخەمییەوە گوتی:- دۆستی ئازیز! تۆ ئەم کارەت لە تووڕەییدا، بە هۆی خۆشەویستیەوە بۆ ئەو کردووە! ڕەنگە لە نائومێدیدا کۆنترۆڵی خۆت لە دەست دابێت! هەقە ئەویش لەمە تێبگات.

موزگلیاکوف، هاواریکرد:- من لە ڕادەبەدەر خۆشم دەوێت! من ئامادەم هەموو قوربانییەک لە پێناوی ئەودا بدەم!

- گوێ بگرە، من ئامادەم لەلای ئەو هەموو پاکانایەک بۆ تۆ بکەم...

- ماریا ئالکساندروڤنا!...

- بەڵێ، من ئەم کارە لە ئەستۆ دەگرم! من ئامادەم ئاشتتان بکەمەوە، ڕووبەڕووی یەکترتان بکەمەوە، هەموو شتێکی پێ بڵێیت، بەڵام بەو شێوازەی کە من پێم گوتیت!

- ئەی خوای میهرەبان!... ماریا ئالکساندروڤنا تۆ چەند میهرەبانیت! ئایا ئێستا ناتوانین ئەو کارە بکەین؟

- هەر لەمەمان کەم بوو! کە پیاوێکی بێ ئەزموونیت! ئاخر بەخۆت دەزانیت کە زینا چەند لەخۆی ڕازییە! ئەگەر ئێستا ئەم کارە بکەین، ئەمە بەبێ ڕێزی بۆ خۆی دەزانێت!سبەی، بەڵێ سبەی، زەمینە بۆ ئەم کارە فەراهەم دەکەم، ئێستا بڕۆ بەلایەکدا، بۆ نموونە بڕۆ بۆلای دۆستە بازرگانەکەت... خۆ ئەگەر حەزت کرد شەوێ بۆ ئێرە وەرەوە، بەڵام من پێت ناڵێم وەرەوە!

- دەڕۆم، دەڕۆم! ئەی خوایە، تۆ منت زندوو کردەوە! بەڵام پرسیارێکی دیکە:- ئەدی ئەگەر ئەمیر بەو زووانە نەمرد؟

- تەحا... چەند پیاوێکی ساویلکەی پاڤل گینا! بەپێچەوانەوە دەبێ دوعای سەلامەتی بۆ بکەین، دەبێ دوعای تەمەن درێژی بۆ ئەم پیرەمێردە مەرد و ڕەند و دڵاوایە نەجیب و نەفس بەرزە بکەین. من یەکەم کەسم کە شەو و ڕۆژ، لەبەر خاتری بەختەوەری کیژەکەم، دەستەودوعاو چاو بەگریان دوعای سەلامەتی بۆ ئەمیر دەکەم. لێ مخابن! حاڵی ئەمیر زۆر لەباش ناچێت. بۆیە دەبێت زۆر پەلە بکەین کە ئەمیر بە زووترین کات زینا بۆ پایتەخت ببات و بە کۆمەڵگەی ئەرستوکراتی

بناسێنێت! دەترسم، زۆردەترسم ئەمیر بەرگەی ئەم سەفەرە نەگرێت. ئێمە هەر ئەوەمان لەسەرە دوعای سەلامەتی بۆ بکەین، تەمەنیش بەدەستی خوایە! تۆ ئێستا دەڕۆیت؟! من دوعای خێرت بۆ دەکەم، برۆ لە ئامانی خوادا بیت! نائومێد مەبە، سەبرت بێت، پیاوبە! من قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان گومانم لە پاکی هەست و سۆزی تۆ نەبووە...

ماریا ئالکساندروڤنا بەگەرمی دەستی گوشی . موزگلیاکوف، بە ئەسپایی و لەسەر نووکی پێ لە ژوورەکە وەدەرکەوت.

وەختایەک موزگلیاکوف لە ژوورەکە وەدەرکەوت، ماریا ئالکساندروڤنا، بە کەش و فشێکی سەرکەوتووانەوە و لە دڵی خۆیدا گوتی:- لە شەڕی کەودەنێک خەلەسیم. نها نۆرەی ئەوانی دیکەیە...

دەرگا کرایەوە، زینا وەژوور کەوت. ڕەنگی لە جاران پتر زەرد هەڵگەڕابوو، گڕ لە چاوانی دەبووەوە. بەدایکی گوت:- دایکە گیان، خێرا لەم حاڵەم دەرباز بکە! لەوەی پتر بەرگە ناگرم.

ئەمە کارێکی چەپەڵە، کرێتە، نەنگینە، بەڕادەیەک کارێکی نزم و نەنگینە، پڕ بەدڵ حەز دەکەم لەم ماڵە هەڵێم! زۆر بێزارم، دڵم تێک هەڵدێت، گوێت لێمە؟

ماریا ئالکساندروڤنا کە بە شپرزەیی گوێی لە زینا دەگرت، بە پەشۆکاوی گوتی:- زینا! گیانەکەم چ خێرتە؟ بەدزییەوە گوێت لە قسەکانی ئێمە دەگرت؟

زینا گوتی:- بەڵێ گوێم دەگرت... لات وایە دەتوانیت، منیش وەکو ئەو گەمژەیە بگەوجێنیت؟ گوێبگرە، ئەگەر لەسەر ئەم بەزمە برۆیت و بەو ئاوایە ئازارم بدەیت و ناچارم بکەیت لەم سیناریۆ هیچەدا دەورێکی قۆڕ بگێڕم، هەموو شتەکان ڕەفز دەکەم و بڕایەوە. کە من بە سووکایەتیە سەرەکییەکە قاییل بووم ئیتر بەسە!... من نها هەستدەکەم کە قەدری خۆمم نەزانیوە. نها خەریکە لەم گەندەڵی و گەنداوەدا خەفە دەبم!

دوای ئەوە لە ژوورەکە وەدەرکەوت و دەرگاکەی لە دوای خۆیەوە بە توندی دا بەیەکدا. ماریا ئالکساندروڤنا بەنیگا دوای کەوت، لە فکران ڕاچوو، ئەوسا وەخۆ هاتەوە و هاواریکرد:- " دەبێ پەلە بکرێت، پەلە بکرێت! زینا خەتەرە سەرەکییەکەیە! ئەگەر هەموو ئەم بێشەرەفانە وازمان لێنەیەنن و لە سەرانسەری شاردا قاومان بدەن و قسە و قسەلۆکمان دوو بخەن و دەهۆڵمان بۆ لێبدەن، کە لام وایە ئەم کارەیان کردووە، هەنگێ ڕیسەکەمان لێ دەبێتەوە بە خوری! زینا بەرگەی ئەم هەرا و هەنگامە و دەنگۆیانە ناگرێت و لە بڕیارەکەی ژیوان دەبێتەوە.

پێویستە بەهەر جۆرێ بووە ئەمیر بۆ گوند ببرێت. هەوەڵجار خۆم دەڕۆم قەناعات بە گەوجەکەی خۆم دەکەم و بۆ ئێرەی دێنم، با لە هەموو ژیانیا قازانجێکی هەبێت! تا ئەوی دی لە خەو ڕادەبێت و هەنگێ هەموومان بە کۆمەڵ بۆ گوندی دەڕۆین! "

خێرا زەنگی لێدا. خزمەتکارەکە هات، ماریا ئالکساندروڤنا لێی پرسی:

– ئەسپەکان ئامادەن؟

– دەمێکە ئامادەن.

ماریا ئالکساندروڤنا، لەو کاتەدا کە ئەمیری بۆ نهۆمی سەرەوە بردبوو، ئەمری کردبوو ئەسپەکان ئامادە بکەن.

ماریا ئالکساندروڤنا، جلەکانی گۆڕی، بەڵام بەرلەوەی بەڕێ بکەون، خۆی بە ژوورەکەی زینادا کرد، تا لە پلان و نەخشەکەی خۆی ئاگاداری بکاتەوە و هەندێ ڕێنمایی گشتیش بەو، بە زینا بدات. لێ مخابن زینا لە حاڵێکدا نەبوو بتوانێت گوێ لە قسەکانی دایکی بگرێت! لەسەر تەختەخەوەکەی پاڵ کەوتبوو، سەری لەبن بالیفەکەی نابوو، بەدەم گریان و هەنسک هەڵدانەوە دەستە سپیەکانی کە تا ئانیشک ڕووت بوون، لە قژە جوانەکەی نابوو و دەیڕنییەوە. ناوبەناو وەکو ئەوەی سەرمای بێت، سەراپای ڕادەچڵەکی. ماریا ئالکساندروڤنا، دەستی بە قسان کرد. بەڵام زینا هەر سەریشی هەڵنەبڕی.

ماریا ئالکساندروڤنا، کەمێک بەدیار کیژەکەیەوە ڕاوەستا و ئەوسا بە شەرمەزاری و بەوپەڕی نیگەرانییەوە لە ژوورەکە وەدەرکەوت. بۆ ئەوەی فریا بکەوێت و لەوەی پتر ماتەڵ نەبێت سواری گالیسکەکە بوو و ئەمری کرد بەپەلە بەڕێبکەون.

وەختایەک لەنێو گالیسکەکەدا بوو لە فکران ڕاچوو و لە دڵی خۆیدا گوتی: " زۆر خراپ بوو کە زینا گوێی لە گفت و گۆیەکەی من و موزگلیاکوف گرتبوو. من تەقریبەن بەهەمان ئەو قسانەی کە زینام پێ هێنابووە ڕەدا، قەناعەتم بە موزگلیاکوفیش کرد. دیارە ئەمە هەستی زینای بریندار کردووە، زینا زۆر هەستیار و مەغرووره. ڕەنگە ئەمە بەسووکایەتی بزانێت... بەڵام گرینگ ئەوەیە بەرلەوەی مەسەلەکە بڵاو ببێتەوە و بکەوێتە سەرزاران و قسە و قسەڵۆکانمان دوابخرێ، بەهەر نرخێ بووە کاری خۆمان ئەنجام بدەین... باشە ئەدی ئەگەر گەوجەکەم لەوێ نەبێت؟ بەڕاستی کێشەیە!... "

وەختایەک ئەو بیرۆکەیەی بەمێشکدا هات زۆر توورە بوو، ئەم بیرۆکەیە هیچ نوقڵانەیەکی خێری بۆ ئاناستازی ماتویوفیچی داماو تیانەبوو. ماریا ئالکساندروڤنا، لە حەژمەتاندا لەنێو گالیسکەکەدا نەدەحەوایەوە، لێکدا لێکدا لە جێی خۆی ڕادەچڵەکی. ئەسپەکانیش بە چوارناڵە ڕێگەیان تەی دەکرد.

## فەسڵی دەیەم

گالیسکەکە بەخێرایی دەڕۆیی. پێشتر گوتمان کە بەیانی وەختایەک ماریا ئالکساندروڤنا، شاری دابووە بن پێوە و لە ئەمیر دەگەڕا بیرۆکەیەکی بلیمەتانەی بەخەیاڵ و مێشکدا هات؛ ئەوە بوو بەڵێنمان بەخوێنەر دا ئەم بیرۆکە درەخشانە لە کات و شوێنی خۆیدا ڕوون بکەینەوە. بەڵام خوێنەر بەبێ ڕوون کردنەوەش و بە مەزەندە بۆی چووە. ئەم بیرۆکەیە بریتی بوو لە ڕفاندنی ئەمیر و بردنی بەپەلەی وی بۆ ئەو ماڵ و مەزرا گوندییە نزیکەی شار کە ئاناستازی ماتویوفیچ – ی پیاوچاک، بێخەم و خەیاڵ، لەوێ ژیانێکی ئاسوودەی  بەسەر دەبرد. چی بێ لە خوێنەر نهێنی، ماریا ئالکساندروڤنا هەستی بە نیگەرانیەکی لە وەسف نەهاتگ دەکرد و سات بەسات پتر بەسەریدا زاڵتر و زیاتر دەبوو. ئەم جۆرە پەرێشانی و نیگەرانیانە، تەنانەت بەرۆکی قارەمانی ڕاستەقینەش دەگرن، بەتایبەتی لەو دەمانەدا کە لە مەبەست و ئامانجەکانیان نزیک دەبنەوە. جۆرە غەریزەیەکی گۆنگ ماریا ئالکساندروڤنای ئاگادار کردەوە کە مانەوە لە مورداسوف زۆر ترسناک و پڕ مەترسییە. لە دڵی خۆیدا دەیگوت " من دەزانم هەرکاتێ چووینە مەزرایەکە و لەوێندەر جێگیر بووین، شار وەکو شارە زەردەواڵە دەوروژێت، بەڵام من گوێ بەو شتانە نادەم، هەر بیریشی لێناکەمەوە! " هەڵبەتە ژیان لەوێندەرش؛ لە مەزرا و گوندەکە، بێ کێشە نەبوو، ئەگەری ئەوە هەبوو جۆرەها بویەر و ڕووداو دروست ببێت. بۆیە ماریا ئالکساندروڤنا، هەرکاتێ لەگەڵ ئەمیردا، لە گوندی بگیرسێنەوە، هەر نەدەحەسایەوە، نەدەبوو دەستبەرداری کار ببێت و سەر ڕەحەت پاڵی لێبداتەوە، دەبوایە پێشبینی هەر شتێک بکات. بەهەرحاڵ ئێمە حەز ناکەین باوەڕ بەو دەنگۆ و قسە و قسەڵۆکانە بکەین کە نەیارانی سەرسەختی قارەمانەکان ( ماریا ئالکساندروڤنا ) بڵاویان دەکردەوە، کە گوایە لەو کاتەدا تەنانەت لە پۆلیس – ش دەترسا. نا، نە گوێ بەو دەنگۆیانە دەدەین و نە باوەڕی پێدەکەین. بە کورتیەکەی هەموو هەوڵێکی ماریا ئالکساندروڤنا ئەوەبوو کە مەسەلەی زەماوەندی زینا لەگەڵ ئەمیردا، بەزووترین کات یەک لایی بکاتەوە و جۆرەها ڕێگەشی بۆ جێبەجێ کردنی ئەم کارە لەبەردەستدا بوو. بۆ نموونە دەکرا ڕەبەنی گوندەکە بانگ بکات و هەر لە ماڵەکەی

خۆیدا ڕێ و ڕەسمی مارەبڕینەکە ئەنجام بدات، دوو سبەی، یان ئەگەر پێویستی کرد سبەینێ زەماوەندەکە بەرپا بکەن. خۆ زۆرجار ڕێوڕەسمی ئاهەنگی زەماوەندێک لە دوو سەعاتێکدا بەرپا کراوە و هەموو شتێک بەپەلە بڕاوەتەوە! بۆیە دەبێت پەلە بکرێت و قەناعەت بە ئەمیر بکرێت ، کە ئەنجامدانی ڕێ و ڕەسمەکە بەم بێدەنگی و دوور لە هەر هەرا و هەنگامە و قەرەباڵغییەک، زۆر ماقوولتر و پەسندترە. ئەوسا لەسەر ماریا ئالکساندروڤنایە مۆرک و شەقڵێکی ڕۆمانسیانە بە بۆنەکە ببەخشێت و ژێی دڵی ئەمیر بجوڵێنێت. ئەگەر پێویستی کرد دەکرێت مەشرووبێکی زۆر دەرخواردی ئەمیر بدات و کارێکی وەها بکات کە بە بەردەوامی مەست بێت، گوێ بەوە نەدات پاشان چی دەبێت، چی دەبێت با ببێت، گرینگ ئەوەیە زینا ببێت بە ئەمیرە؛ ببێت بە ژنی ئەمیر! بەهەرحاڵ قسە و قسەڵۆک هەر هەبووە و هەر دەبێت، خۆ دەمی خەڵکی دیوار نییە چەپکێ قوڕی پێدا بدەیت و بیگریت و ببڕێتەوە! دور نییە ئەم مشت ومڕ و گەنگەشە و قسە و قسەڵۆکانە بگەنە پترسبۆرگ و مۆسکۆ؛ واتە ئەو شارانەی کە کەس و کاری ئەمیر لەوێندەر دەژین.بەڵام ماریا ئالکساندروڤنا بۆ ئەمەش چارەسەری پێبوو. یەکەم ڕیسواییەکە تا ئێستاش هەر لە چوارچێوەی گومان و مەزەندەدا بوو، تا نهوژی مەترسییەک نەبوو لە کۆنترۆڵ دەرچووبێت.دووەم ماریا ئالکساندروڤنا، زۆر دڵنیابوو کە ژیان لە کۆمەڵگەی ئەرستوکراتدا، بەبێ هەرا و هەنگامە و پیلانگێڕی ناڕوات، بەتایبەتی مەسەلەی ژن و ژن خوازی . ئیدی ئەم شەڕ و دەعوا و ناکۆکییانە لە کۆمەڵگەی ئەرستۆکراتدا زۆر باو و ئاسایی بوو، بگرە نیشانەی بەرزی بویەر و حاڵەتەکە بوو؛ بۆیە ماریا ئالکساندروڤنا پێی وابوو دەبێ شەڕ و ئاژاوە و ڕیسوایی نێو چینی ئەرستوکرات گەورە بێت، ڕێک وەکو ئەو ڕیسواییەی لە کتێبی " مونت کریستو " یان " یاداشتی شەیتاندا " هەیە ( کونت مونت کریستو: ڕۆمانێکی ئەلکسندر دومایە ( ١٨٠٢ – ١٨٧٠ ) کە پڕە لە جۆرەها پیلانگێڕی و ناکۆکییان. یاداشتی شەیتانیش، ڕۆمانێکی ملتچیور فرانسوا سولییەیە ١٨٠٠ – ١٨٤٧ ) بەرهەرحاڵ ئەوەندە بەس بوو زینا لە کۆمەڵگەی ئەرستوکراتدا دەربکەوێت و دایکی پشتیوانی بکات و ئامۆژگاری بکات تا خەڵکەکە دەم کوت ببن و واز لە دەنگۆ و قسە و قسەڵۆکەکانیان بێنن. چونکە هیچ یەکێک لەو خانم و دۆتمیرانە تەحەمولی زمان و قسە و قسەڵۆکی ماریا ئالکساندروڤنایان نەدەکرد. ئیدی ماریا ئالکساندروڤنا بەو خەیاڵانەوە، هەستی دەکرد پێویستە هەرچی زووترە خۆی بگەیەنێتە ماڵە گوندییەکەی، چونکە تەنها بەگوێرەی نەخشە و پلانەکەی زۆری پێویست بە ئاناستازی بوو و بەهیچ  جۆرێ نەیدەتوانی دەستبەرداری بێت. چونکە بردنی ئەمیر بۆ گوندی مانای ئەوە بوو کە دەیەوێت بۆلای ئاناستازی ماتویوفیچ – ی ببات کە پێدەچوو ئەمیر حەزی بەناسینی نەبێت. بەڵام ئەگەر ئاناستازی ماتویوفیچ بەخۆی دەعوەتی ئەمیری بکردایە، هەنگێ مەسەلەکە ڕەوتێکی دیکەی وەردەگرت. لەلایەکی دیکەوە هاتنی باوکی بە تەمەن و بەڕێزی

ماڵەکە لە گوندێکی دوورە دەستەوە،بە جلکی فەرمی و بۆینباخی سپی و شەپقە بە دەستەوە ، بەنیازی پشتیوانی و بەخێر هانینی ئەمیر کە هاتبوو بۆ ماڵەکەی وی لە شار، هەڵبەتە کاریگەرییەکی دەروونی ئەرێنی لە ئەمیر دەکرد و بێگومان غروور و کبریای ئەمیری پاراو دەکرد. ماریا ئالکساندروڤنا لە دڵی خۆیدا گوتی: " زۆر زەحمەتە ئەمیر دەعوەتێکی وا بەپەلە و بە جەلال و شکۆ و پڕ هەیبەت ڕەت بکاتەوە! "

بەکورتیەکەی پاش ئەوەی گالیسکەکە سێ فرسەخانی بەخێرایی بڕی، سوفرون – ی گالیسکەچی، ئەسپەکانی لە بەر بینایەکی دارینی درێژدا ڕاگرت، دار و درەختی زەیزەفون لە هەموو لایەکەوە دەوری بینایەکەی دابوو. بینایەکە یەک نهۆم بوو، زۆر کۆن بوو، ئیدی لە کۆنیا ڕەش هەڵگەڕابوو، ڕیزێک پەنجەرەی پێوەبوو. ئەم بینا گەورەیە ماڵە گوندی و هاوینە هەواری ماریا ئالکساندروڤنا بوو.

ماریا ئالکساندروڤنا، وەکو ڕەشەبا خۆی بەژوورا کرد و هاواریکرد:

–کوا گەمژە لە کوێیە؟ ئەم خاولیە تەڕە بۆ لێرەیە؟... ئەها... گەمژە خۆت دەشۆرد! لە حەمام بوویت! وەکو هەمیشە چایەکەت یەکسەری هەڵدەدا... بۆچی مۆڕەم لێدەکەیت هەی مشکە تۆپیو!... گریشکا، گریشکا! ئەم قژە چییە! چما سەری ئاغات چاک نەکردووە! ئەدی هەفتەی ڕابردوو پێم نەگوتیت سەری چاک بکە؟

ماریا ئالکساندروڤنا، وەختایەک خۆی بەماڵەکەدا کرد، بڕیاری دابوو، زۆر بەنەرمی ئاناستازی ماتویوفیچ بدوێنێت. بەڵام کە بۆی دەرکەوت تازە لە حەمام وەدەرکەوتووە و بێخەم و خەیاڵ چا دەخواتەوە، خۆی پێنەگیرا و زۆر تووڕە بوو. بەڕاستی ماریا ئالکساندروڤنا، زۆر سەرقاڵ بوو، نەیدەپەرژا سەری خۆی بخورێنێت، کەچی ئەم گەمژەیە، کە بە کەڵکی هیچ نەدەهات، نە سەلکی سیر بوو، نە قنچکی پیاز، بە کەماڵی ئیسراحەت، لەبەردەم سەماوەرەکەدا ڕۆنیشتبوو، وەکو ئەوەی لەم هاتنە کوت و پڕەی ژنەکەی حەپەسابێ، زەق زەق تەمەشای دەکرد. ژنەکەی خوای نەما. گریشکاش لەبەر هەیوانەکەدا وەستابوو، گێژ و خەواڵوو تەمەشای ئەم دیمەنەی دەکرد و بەدەنگێکی گڕ و قرخن گوتی:– ئاغام نەیهێشت سەری بۆ چاک بکەم، من چی بکەم، خۆی نەیهێشت. دە کەڕەت بە مەقەستەوە چوومە لای و پێمگوت: " ئەگەر خانم بێت، حەیای هەردووکمان دەبات، هەنگێ چی بکەین؟ " وەڵامی دەدامەوە: " نا، من بۆ ڕۆژی یەکشەممە قژم لوول دەکەم، بۆیە دەبێ قژم درێژ بێت! "

-چۆن؟ دەیەوێت قژی لوول بکات! یانی تۆ لە غیابی مندا دەتەوێت قژت لوول بکەیت؟ یانی چی؟ نۆبەی ئەو قەوانەیە! قژی لوول و ئەم کەللە پووت و زللەی تۆ کوجا مەرحەبا! ئەی خودایە! ئەمە چ حاڵێکە! ئەمە چ بۆنێکە؟ لەگەڵ تۆمە مشکە تۆپیو: ئەمە چ بۆنێکە بەسەرما دێت؟

ماریا ئالکساندروڤنا، لە کاتێکا بەرەو لای ئاناستازی ماتویوفیچی داماو دەڕۆیی، کە سات بەسات پتر دەحەپەسا، بەتووڕەیی هاواری بەسەریدا کرد:- حەیوان من لەگەڵ تۆمە، ئەم بۆنە چییە؟!

مێردی داماو، کەلە ترسا نەیدەوێرا لە جێی خۆی بجمێت، بەچاوانی ئەبڵەق و پاڕانەوە ئامێزەوە، ژێراوژێر ڕوانیە ژنەکەی و گوتی:- دۆستی ئازیز! هاوڕێکەم!...

ماریا ئالکساندروڤنا گوتی:- چەند جارم بەتۆی کەر گوتووە کە من دۆست و هاوڕێی تۆ نیم؟ ئاخر هەی هیچ و پووچ چۆن من دەبم بە دۆستی گەمژەیەکی وەکو تۆ؟! ئاخر تۆ بە چ هەقێک بە خانمێکی نەجیبی وەکو من، کە جێگەی ناو کۆمەڵگەی ئەرستوکراتانە دەڵێیت دۆستی من؟ ئاخر من لە کوێ دۆستی کەرێکی وەکو تۆم؟!

ئاناستازی ماتویوفیچ، بە ناڕەزاییەوە گوتی:- بەڵێ، بەڵێ... بەڵام ماریا ئالکساندروڤنا، تۆ هەرچییەک بی بەفەرمی ژنی یاسایی منیت، بۆیە وەکو ژنی خۆم دەتدوێنم.

بەڵام لە هەمان کاتدا، هەردوو دەستی بەسەری خۆیەوە گرت، وەکو ئەوەی بیەوێت قژەکە بپارێزێت.

ماریا ئالکساندروڤنا، هاواری بەسەریدا کرد:- هەی خوێڕی بودەڵە! هەی هێستر! وەڵامی لەوە کەرانەترت پێ نەبوو؟ مەبەستت لەو قسە قۆڕە چییە! ئەمڕۆکە لە کۆمەڵگەی ئەرستوکراتدا کەس ئەو قسە و دەربڕینە بەکار نایەنێت! دەربڕینێکی گەوجانەیە، کۆمیدیە، بەڕاستی نەفرەت ئەنگێزە، قێزەونە. ئەمە تەنیا لە قوتابخانە ئۆلییەکاندا بەکار دەبرێت: " ژنی یاسایی " !... تەمەشاکەن چ ناماقولیەک دەکات! بە چ هەقێ بە ژنی یاسایی خۆتم دەدوێنی، لە کاتێکا من لە ناخی دڵەوە هەوڵدەدەم ئەم زاراوەیە لەبیر خۆم ببەمەوە؟ چما بەو ئاوایە دەستت بەسەرتەوە گرتووە؟ سەیری ئەم قژە! تەڕی تەڕە! بە سێ سەعاتیش وشک نابێتەوە! ئاخر ئێستا چۆن بۆ شارت ببەمەوە؟ چۆن بەو حاڵەوە بە خەڵکت نیشانبدەم! نها چیبکەم، چ خاکێ بەسەر خۆمدا بکەم؟!

ماریا ئالکساندروڤنا، پەست و تووڕە، بەدەم دەست بادانەوە، بە ژوورەکەدا دەهات و دەچوو. هەڵبەتە کێشەکەی گەورە نەبوو، دەکرا بە ئاسانی چارەسەر بکرێت. کێشەکە لەوەدا بوو کە ماریا ئالکساندروڤنا بەوە ڕاهاتبوو کەس لە ویست و داوای ئەو دەرنەچێت، قسە هەر قسەی خۆی بوو.

بۆیە هەستی دەکرد پێویستە خەشی خۆی بە ئاناستازی ماتویوفیچ بڕێژێت. چونکە زوڵم و ستەم عادەتێکە کە بەردەوام بوو، دەبێت بەپێویستیەکی پێویست. هەموو کەسێک دەزانێت هەندێک خانم هەن لە نێو کۆمەڵگەدا زۆر هەستیار و میرەبان و ناسکن، بەڵام لەپشت پەردەوە جۆرەها هەڵوێستی ناکۆک و هەڤدژ دەنوێنن.

ئیدی ئاناستازی ماتویوفیچ، لەبەردەم ژنەکەیدا سوور بووەوە، بە ترس و لەرزەوە، ژێراوژێر تەمەشای ئەم هەڵچوونەی ژنەکەی دەکرد.

ماریا ئالکساندروڤنا ئەنجام هاواریکرد و گوتی:- گریشکا! یەکسەر جلەکانی ئاغات بگۆڕە: خێرا چاکەت و پانتۆڵ و جلکی فەرمی و کڵاو و بۆینباخە سپیەکەی و ئێلەکەکەی بێنە! کوا شانەکەی سەری؟ کوا شانەکە بێنە!

- دۆستی ئازیز، ئاخر من حەمامیم، ئەگەر بەم حاڵەوە بۆ شار بڕۆم سەرمام دەبێت، پەسیف ( هەڵامەت ) دەگرم...

- نا، پەسیو ناگریت!

- بەڵام قژم زۆر تەڕە...

- هەر ئێستا قژت بۆ وشک دەکەینەوە! گریشکا کوا فلْچەکە بێنە، ئەوەندە بە قژیدا بێنە تا وشک دەبێتەوە. دەی توندتر توندتر پێیدا بێنە... دەی ئاوها!...

گریشکا گوێڕایەڵ و وەفادار، لە سایەی ئەو ئەمر و فرمانانەدا کەوتە وەشکەوە کردنی قژی ئاغای. بۆ ئەوەی بەباشی قۆڵایی بەسەر کارەکەیدا بشکێت، بەجۆرێ لە شان و شەپیلکی نەوی، خەریک بوو لەسەر کورسییەکە بکەوێتە خوارەوە. ئاناستازی ماتویوفیچ هێندە پەست بوو، خەریک بوو بگری، گریان لە ئەوکی گیرابوو، بەڵام هەرچۆنێ بوو خۆی کۆنترۆڵ کرد.

- ئێستا وەرە ئێرە! گریشکا، توند سەری بگرە! کوا جێڵی قژەکە؟ خێرا بیهێنە! دەی... بۆ پێشەوە دانەوە هەی ناڕەسەنی نالەبار!

ئیدی ماریا ئالکساندروڤنا، بەدەستی خۆی کەوتە چەورکردنی قژی مێردەکەی، زۆر بێ بەزەییانە قژە درێژ و لووکەکەی شانە دەکرد کە بۆ نەگبەتی کورتی نەکردبووەوە، لێرە و لەوێ داوی سپی تێکەتبوو. ئاناستازی ماتویوفیچ، جارجار ئاخ و ئۆفێکی دەکرد، بەڵام هاواری نەدەکرد، ئیدی بە ناچاری ئەو هەموو عەزابەی قەبووڵ دەکرد.

ماریا ئالکساندروڤنا لەسەر قسەکەی ڕۆیی:- خوێنت مژیم هەی نالەبار! دەی بۆ پێشەوە دابنەوە، دەی زیاتر... ئەوە بۆ دانانەویتەوە؟...

مێردەی داماو تاتوانی سەری دانەواندەوە و بەدەم خوتە خوتەوە گوتی:- بۆ خوێنم مژیویت؟

- هەی کەودەن... تەنانەت لە خوازە و میتافۆرش حاڵی نابێیت. دەی ئەوە قژت وشک بووەوە! خۆتیش باش شانەی بکە؛ تۆش جلەکانی لەبەر بکە... دەی خێرا...

ماریا ئالکساندروڤنا، بەدەم ئەو قسانەوە لەسەر قەنەفەیەک ڕۆنیشت و بەوردی کەوتە چاودێری ئاهەنگی گۆڕینی ئاناستازی ماتویوفیچ. لەو ماوەیەدا ئاناستازی ماتویوفیچ – ش سووکە پشوویەکی دا، کەمێک وەخۆهاتەوە، وەختایەک خزمەتکارەکە گەییە ئەوەی بۆینباخەکەی بۆ ببەستێت ، ئاغا زاتی پەیدا کرد و بۆچوونی خۆی سەبارەت بە بەستن و جوانی بۆینباخەکە دەربڕی. کە پاڵتۆکەی لەبەر کرا، مێردی بەڕێز، هەناسەی ئۆخەی هەڵکێشا و بەڕادەیەک متمانەی بەخۆی پەیدا کرد و بە کەیفی دڵی خۆی و بێ هیچ ترسێک لە ئاوێنەکەدا تەمەشای خۆی کرد، تا ڕادەیەکی زۆر لەخۆی ڕازی بوو، هەنگێ ڕوویکردە ژنەکەی و گوتی:- دەی ماریا ئالکساندروڤنا ئێستا دەتەوێت بۆ کوێم ببەیت؟

ماریا ئالکساندروڤنا، باوەڕی بەگوێی خۆی نەکرد، هاواری بەسەردا کرد:- خۆ گوێتان لێبوو کە چی گوت؟ هەی داهۆڵ! بە چ جورئەتێکەوە لێم دەپرسیت کە بۆ کوێت دەبەم!

- بەڵام دۆستی ئازیز، خۆ دەبێ بزانم بۆ کوێم دەبەیت!...

- دەمت لێک بنە... ئەگەر جارێکی دی بە دۆستی ئازیز بانگم بکەیت، بەتایبەتی لەو شوێنەدا کە بۆ ئەوێندەرت دەبەم، هەنگێ وای بەحاڵت! یەک دانە مانگی تەواو چایت لێ قەدەغە دەکەم!

مێردی داماو ترسا و دەمی لێک نا.

ماریا ئالکساندروڤنا، بەتەوسەوە تەمەشای پاڵتۆ تازەکەی ئاناستازی ماتویوفیچ – ی دەکرد، گوتی: تەمەشا بکەن، ئەم نالەبارە تاکو ئێستا تاقە یەک میداڵی وەرنەگرتووە! ماقوولە؟

ئەنجام ئاناستازی ماتویوفیچ، تووڕە بوو، دەماری غیرەتی جولا و بە ناڕەزاییەوە گوتی:- ژنەکە گیان... حکومەت میداڵان دەبەخشێت، منیش ڕاوێژکارم لە دەوڵەتدا نەک گەمژە و نالەبار.

- چی، چی، چی؟ وادیارە لێرەدا فێری بەرپەرچدانەوەش بووی هەی کۆیلەی نەگبەت! هەی چەپەڵی چڵمن! حەیفێ کە نها دەرفەتم نییە بگەمە خزمەتتدەنا... باشە با بمێنێت بۆ دوایی، پاشان ئەمەت بیر

دەخەمەوە! دەی گریشکا کڵاوەکەی بۆ بێنە… کوا پاڵتۆ چەرمەکەی بدەیە… کە ئێمە ڕۆیشتین هەرسێ ژوورەکە خاوێن بکەوە، ژوورە سەوزەکەشت لەبیر نەچێت، بەجوانی خاوێنی بکەوە و دەستی پێدا بێنە، ژوورەکەی ئەو سەری ماڵەکە. پەلە بکە… پەردەی سەر ئاوێنەکانیش لابدە، دەمەوێ لە زەرفی یەک سەعاتی تردا هەموو ئەم کارانە کرابن، لە زەرفی یەک سەعاتدا، گوێت لێمە گریشکا؟

ئەوسا ژن و مێرد سواری گالیسکەکە بوون. ئاناستازی ماتویوفیچ حایر و حەپەساو نەیدەزانی چییان لێی دەوێت و ڕۆڵی ئەو لەم سیناریۆدا چییە. ماریا ئالکساندروڤناش لەو کاتەدا بیری لەوە دەکردەوە کە چۆن هەندێ دەستوراتی پێویست بخاتە مێشکی مێردەکەیەوە و بۆی ڕوون بکاتەوە. بەڵام لەم ساتەدا مێردەکەی دەست پێشخەری کرد، لەکاتێکا هەردووکیان تەواو بێدەنگ بوون، لەناکاوا بێدەنگیەکەی شکاند و گوتی:- ماریا ئالکساندروڤنا، دەزانیت دوێشەو خەوێکی سەیرم بینی.

-دەک عەمرت نەمێنێت هەی کەللەپووت! ئاش لە خەیاڵێ و ئاشەوان لە خەیاڵێ! خوا دەزانێت من بیر لە چی دەکەمەوە و تۆش بەملی شکاوت خەون دەبینیت! ئاخر تۆ بە چ هەقێ خەونە قۆڕ و فەلاحیەکانی خۆتم بۆ دەگێڕیتەوە! گوێ بگرە، باش گوێ بگرە بۆ دواجار پێت دەڵێم: نەخەڵەتابی ئەمڕۆ لە ماڵەوە، بۆ تاقە جارێک باسی خەونەکانت یان هەرشتێکی دی بکەیت… ها! دەنا ئەوەت پێدەکەم هەرگیز وێنای نەکەیت… نها باش گوێ بگرە بزانە چی دەڵێم: ئەمیر " ک " ئێستا لە ماڵی منە… ئەمیر " ک " ت لەبیرە؟

-لەبیرمە ژنەکە گیان لە بیرمە. بۆچی تەشریفی هێناوە؟

– بێدەنگ! ئەوە پەیوەندی بەتۆوە نییە! تۆ ئەوەندەت لەسەرە، تا دەتوانیت بەلوتف و گفت و بەزەوق بیت و وەکو خانەخوێیەکی بەشەخسیەت، تکای لێبکەیت کە دەعوەتەکەت قەبووڵ بکات و لەگەڵت دا بێت بۆ مەزراکە. بۆ ئەم مەبەستە هاتووم تا بۆ شارت ببەمەوە. هەر ئەمڕۆ، هەمووما‌ن بە سوازری گالیسکە بۆ گوند دەزڤڕینەوە. جا ئەگەر بەدرێژایی شەوەکە، یان سبەی یان دوو سبەی، یان هەرکاتێکی دی فزەت لێوە بێت، وای بەحاڵت! بۆ ماوەی یەک دانە ساڵ دەتکەم بە قازەوان… نەخەڵەتابی یەک وشەت لەزار بێتەدەر، بۆ خۆت بێدەنگ بە! هەموو ئەرکی تۆ ئەوەیە تەواو، تێگەیشتی؟

– دەی باشە ئەگەر ئەمیر پرسیاری لێکردم؟

– هەر بێدەنگ بە!

- ئاخر ماریا ئالکساندروڤنا، خۆ ناکرێ پیاو بە بەردەوامی بێدەنگ بێت.

- لەو حاڵەدا بەیەک یان دوو وشە وەڵام بدەوە، بۆ نموونە دەتوانیت بڵێیت: ئم... بەڵێ... یان شتێکی لەو بابەتە... یانی بە کورتی شتێک بڵێ نیشانەی زیرەکی بێت. ئەوە نیشان بدات کە تۆ پیاوێکی زیرەکیت، بیر دەکەیتەوە ئەوسا وەڵام دەدەیتەوە.

- ئم...

- گوێ بگرە بزانە چی دەڵێم... من بەو مەبەستە بۆ شارت دەبەم کە گوایە هەرکە بیستووتە جەنابی ئەمیر تەشریفی بۆ شار هێناوە لە خۆشیا بە هەڵەداوان هاتوویت تا بەڕێز و حورمەتەوە پێشوازی بکەیت و بۆ گوندی دەعوەت بکەیت و لەگەڵ خۆتدا بۆ ئەوێندەری ببەیت؛ تێگەیشتی؟

- ئم...

- کەر پیاو ئەم ئمە ئمەت لە چییە، جارێ پێویستت بە " ئم " نییە! تۆ ئێستا وەڵامی من بدەوە.

- باشە... گیانەکەم، بەدڵی تۆ دەکەم. بە موو لە قسەکانی تۆ دەرناچم. بەڵام بۆچی دەبێت ئەمیر دەعوەت بکەم؟

- چی چی؟ دیسان دەست پێکردەوە! تۆ هەقت چییە بەسەر ئەو شتانەوە؟ بە چ هەقێ ئەو پرسیارە دەکەیت؟

- ماریا ئالکساندروڤنا، بۆیە ئەم پرسیارە دەکەم، چونکە ئەگەر مافی قسەکردنم نەبێت، ئەدی چۆن دەعوەتی ئەمیر بکەم؟

- من لە جیاتی تۆ قسە دەکەم... تۆ تەنیا ئەوەندەت لەسەرە کڕنۆش بەریت، تێگەیشتیت ؟ کڵاوەکەت لەسەر دادەگریت و کڕنۆش دەبەیت، تێگەیشتیت؟

- تێگەیشتم... ماریا ئالکساندروڤنا.

- ئەمیر زۆر زیرەک و بەهۆشە. هەرچییەکی بەتۆ یان بە هەر کەسێکی دی گوت، تۆ هەقت نەبێت ، وەکو منداڵ بەدەمیەوە پێبکەنە و هەقی هیچت نەبێت، حاڵی بوویت؟

- ئم...

- دیسان هاتینەوە سەر ئم! تۆ لەگەڵ مندا پێویستت بەم " ئم " ە نییە! بێ پێچ و پەنا وەڵامی من بدەوە، تێگەیشتیت یان نا؟

– تێگەیشتم ماریا ئالکساندروڤنا تێگەیشتم. من بۆیە " ئم " بەکار دەبەم، تا وەکو تۆ گوتت فێر ببم بەدڵی تۆ وەڵام بدەمەوە. بەڵام هێشتا شتێک هەیە نیگەرانم دەکات. تۆ ئەمرت بە من کرد کە ئەمیر قسەی کرد، من تەنیا تەمەشای بکەم و وەکو منداڵ بەڕوویدا بگرژێمەوە. باسە ئەگەر ئەو پرسیارێکی لەمن کرد، چی بکەم؟...

– بەڕاستی کابرایەکی کەر و ناحاڵیت! پێشتر پێم گوتیت چی دەکەیت: تۆ بێدەنگ بە. من لەجیاتی تۆ وەڵام دەدەمەوە. تۆ تەنیا ئەوەندەت لەسەرە تەمەشا بکەیت و بگرژیتەوە.

ئاناستازی ماتویوفیچ لەبن لێوانەوە گوتی:– هەنگێ ئەمیر وا هەست دەکات لاڵم!

– کێشە نییە، با وابزانێت لاڵیت... خۆ ئەگەر بەلاڵت بزانێت زۆر لەوە باشترە پەی بە کەرێتیەکەت ببات.

– ئم... دەی ئەگەر خەڵکانی دی پرسیارێکیان کرد؟

– کەس پرسیار ناکات، کەسی دی لەوێ نابێت، هەر خۆمان دەبین. خۆ ئەگەر خوانەخواستە بەڕێکەوت کەسێک هات و هەر پرسیارێکی لە تۆ کرد، تەوسخەنێکی بەڕوودا بدە و هیچی دی. دەزانیت تەوسخەن چییە؟

– یانی بزەیەکی کۆمیکی، وانییە؟

– ڕاوەستە بۆم هەی قەل پیاو؟ پێتی نیشاندەدەم کۆمیکی یانی چی؟ تەوسخەن دەکاتە بزەی گەپجاڕی، بزەی پێ ڕابواردن، تێگەیشتیت؟

– ئم...

ماریا ئالکساندروڤنا لە دڵی خۆیدا گوتی:– کە لەم قەل پیاوە دەترسم! وادیارە ڕژدە لەسەر ئەوەی خوێنم بمژێت! هەق بوو هەر لەگەڵ خۆما نەمهێناباوە!

ماریا ئالکساندروڤنا، لە کاتێکا ئەو بیرانەی لە مێشکی خۆدا گێژە و بێژە دەکرد، سەرقاڵ و مژوول ناوبەناو سەری لە پەنجەرەی گالیسکەکەوە دەبردە دەرێ و بە گالیسکەچیەکەی دەگوت پەلە بکات. ئەسپەکان وەکو با بۆی دەردەچوون. بەڵام بەلای ماریا ئالکساندروڤناوە وەکو ئەوە بوون لە جێی خۆ نەجوڵێن! ئاناستازی ماتویوفیچ لە جێی خۆی ڕۆنیشتبوو، لەبەر خۆیەوە ئەو وانانەی دەگوتەوە و ئەزبەر دەکرد کە ژنەکەی ئەمری کردبوو لەبەریان بکات. ئەنجام گالیسکەکە گەییشتە ناو شار، لەبەر ماڵەکەی ماریا ئالکساندروڤنادا وەستا. هەرکە خانم لە گالیسکەکە دابەزی، ڕێک لەو

ساتەدا خزاکە دوو نەفەرییە سەرگیراوەکەی ئانا نیکولایوڤنا گەییە بەر ماڵەکەی ئەو. دوو خانم لەنێو خزاکەکەدا بوون. یەکەمیان ئانانیکولایوڤنا بوو و دووەمیان ناتالیا دمیتریوڤنا بوو کە لەم دواییانەدا بووبوو بە دۆستی گیانی بەگیانی و موریدی ئەو و بۆ هەموو شتێک و هەموو شوێنێک بەگەڵی دەکەوت. ماریا ئالکساندروڤنا دڵی داخورپا. هێشتا فریا نەکەوتبوو، خۆشحاڵی ڕواڵەتی خۆی بەتەواوەتی دەرببڕێت گالیسکەیەکی دیکەش دوابەدوای گالیسکەی یەکەم پەیدا بوو، دیاربوو میوانی تازەی پێبوو. ئیدی دەنگی خۆشی و شادی بەرز بووەوە:

– بەهبە، ماریا ئالکساندروڤنا و ئاناستازی ماتویوڤنا بەیەکەوە؟بەیەکەوەن! چ ڕێکەوتێکی باشە! ئێمەش هاتووین شەوێ لەنک ئێوە بەسەر بەرین! کە مژدەیەکی خۆشە!

میوانەکان لە دەروازەکەوە وەژوور کەوتن و وەکو تووتی کەوتنە چەنەچەن. ماریا ئالکساندروڤنا تیا مابوو نەباوەڕی بە چاوی خۆی دەکرد و نە بەگوێی خۆ. لە دڵی خۆیدا گوتی: " ڕەزاتان خواتەوە... ئەم ماستە موویەکی تیایە؛ بۆنی ئۆین و پیلان دێت!... دەبوایە پێشبینی ئەمەم بکردایە! بەڵام قەلەڕەشینە بوەستن بۆم؛ پێتانی نیشان دەدەم!... "

## فەسڵی یازدەیەم

موزگلیاکوف، دڵ ڕەحەت و ئاسوودە خەیاڵ لە ماڵی ماریا ئالکساندروڤنا دەرچووبوو. ماریا ئالکساندروڤنا، بەتەواوەتی گۆڕی بووی، موزگلیاکوف کە هەستی دەکرد پێویستی بە تەنیاییە، نەچوو بۆلای بوردویف – ش. ئیدی شەپۆلی خەونێن ڕۆمانسیانە و خەیاڵاتی قارەمانانە تێی ئالابوو و حەوانەوەی لەبەر هەڵگرتبوو. بەخەیاڵ ئەو هەڵوێستە جوانەی دەهێنایە بەرچاوی خۆی کە چۆن لەبەردەم زینادا دەوەستا، تەوازی بۆ دێنایەوە، بەدەم هەنسکی گریانەوە داوای بوردنی لێدەکرد.

بەخەیاڵ خۆی دەهێنایە بەرچاو کە بە ڕەنگی زەرد و دڵی تەنگ و خەمینەوە بەشداری ئاهەنگی ئەو سەمایەی دەکرد کە لە پترسبورگ بەرپا دەکرا. بە خەیاڵ ئەسپانیا و ڕوباری دۆڵی گەورەی دێنایە بەرچاو. بەخەیاڵ ڤیانی نێوان خۆی و زینای دێنایە بەرچاوی خۆی، بەچاوی خەیاڵ ئەمیری لەسەرە مەرگدا دەبینی کە چۆن دەستی لە نێو دەستی زینا ناوە. ئەوسا خۆی لەگەڵ زینادا دەبینییەوە کە بە چ ڤیان و میهرەبانیەکەوە، ستایشی فیداکاری و هەڵوێستە قارەمانانە و مەردانەکانی ئەم دەکات. بەخەیاڵ زەماوەندی لەگەڵ بێوەژنەکەی ئەمیر ( ک ) دا دەکرد، ئەوەی دێنایە بەرچاوی خۆی چۆن لە ڕێگەی ئەم زەماوەندەوە تێکەڵاوی کۆمەڵگەی ئەرستوکرات دەبێت و جۆرەها پشتیوانی لێدەکرێت تا دەبێت بە پارێزگار، بە خاوەنی پلەوپایە و سەروەت و سامانی

زۆر، واته دەگات بە هەموو ئەو شتانەی کە ماریا ئالکساندروڤنا بە زمانە لووس و دەمە تەڕەکەی دابووی بە گوێیدا. ئیدی هەموو ئەو خەیاڵپڵاوانە تەواو سەرمەستیان کردبوو. لەزەتێکی زۆری لێدەبینی. بەڵام کە لەم خەیاڵپڵاوە تێر بوو – ئەلهەقی من نازانم چۆن وەسفی ئەم حاڵەتەی بکەم – لە ناکاوا بیرۆکەیەکی زۆر ناخۆشی بە مێشکدا هات: لە دڵی خۆیدا گوتی: هەموو ئەمانە جوانن... بەڵام هەر هەمووی خۆزیایە و داری خۆزگە نایەتەبەر. هەستی دەکرد پیلانی لێکراوە، خۆشەویستەکەی لێ داگیرکراوە. کاتێکی زانی بەدەم ئەو بیروخەیاڵانەوە، زۆر دوور کەوتبووەوە، یانی گەیی بووە یەکێک لە گەڕەکە دوورە دەستەکانی قەراخ شاری مورداسوف.

هەتاو بەرەو ئاوابوون دەچوو. ئیدی لە هەموو لایەکەوە، لەنێو خانووە بچووک و داڕوخاوەکانەوە، دەنگی حەپەی سەگێن بەرەڵڵا دەهات، ژمارەی ئەم سەگانە لە ئاواییەکانی دەوروبەری شاردا یەجگار زۆر بوو؛ بەتایبەتی لەو گەڕەکانەدا کە شتێکی ئەوتۆیان تێدا نەبوو بۆ دزین بشێن. ئیدی با سریشک دەستی پێکرد. موزگلیاکوف، ناوبەناو تووشی کرێکارێکی دێرکەوتوو، یان ژنێکی پۆستین لەبەر و چەکمە لەپێ دەبوو. پاڤل ئالکساندروفیچ بەو دیمەنانە زۆر قەڵس دەبوو، مەگەر هەرخوا بزانێ چما قەڵس دەبوو... هەڵبەتە ئەم توورە بوون و قەڵس بوونە نیشانەی خێر نەبوو. چونکە ئەگەر کارەکان ئاسایی بڕۆشتبان، ئەو دیمەنانە زۆر جوان و دڵگیر دەهاتنە بەرچاو. پاڤل ئالکساندروفیچ لەخۆڕا ئەوەی بیرکەوتەوە کە تا ئەم ساتە لە شاری مورداسوف دا، کەسێکی سەربەرز و بەڕێزە؛ زۆری دڵ بەو قسانە خۆشبوو، کە ڕووی دەکردە هەر شوێنێک، خەڵکی خۆزیایان پێدەخواست و دەیانگوت گەنجینە هەر ئافرەتێک خۆزیا دەخوازێت مێردی پێبکات. کەچی ئێستا. لەناکاوا لەبەرچاوی هەمووان کەوتووە و کەس ئاوڕی لێناداتەوە و پێی ڕازی نابێت، ئەگەر ئەم حاڵە وابڕوات بەم زووانە دەبێت بە گەپجاڕی ئاشنا و بێگانە؛ دۆست و دژمن. کەس باوەڕ بە قسەکانی ناکات. ئیدی مەگەر خەون و خەیاڵەکانی، باسی ئەسپانیا و ڕوباری دۆڵە گەورە و ئاهەنگ و کۆڕی سەمای هۆڵە جوانەکانی شاری پترسبورگ هەربۆ خۆی بگێڕێتەوە! موزگلیاکوف، تا پتر لە بیرەوە دەچوو، زیاتر خەمین و خەمبار دەبوو. تا ئەنجام لەسەر ئەم بیرۆکەیە گیرسایەوە کە لە مێژ بوو ئازاری ڕۆحی دەدا و پێوەی دەتلایەوە، لەخۆی پرسی: " تۆ بڵێیت ئەو قسانە ڕاست بن؟ بەو ئاوایە دەربچن کە ماریا ئالکساندروڤنا دەیگوت؟ "

لێرەدا پاڤل ئالکساندروفیچ، بیری کەوتەوە کە ماریا ئالکساندروڤنا ژنێکی ئۆینباز و فریبۆکە. هەرچەندە لەنێو خەڵکیدا بەڕێزە، بەڵام کار و پیشەی درۆ و بەدگۆیی و دوو زمانییە. ئەوسا وەبیری کەوتەوە، دوور نییە، لەبەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆی ئەمی لە ماڵەکەی خۆی دوور خستبێتەوە، سەرێکی هەیە و هەزار سەودا! ئەدی بەدەم تەڕی و زمانلووسی و دەماوەری

بەنێوبانگ نییە؟ موزگلیاکوف، هاتەسەر زینا، بیری لەوەش کردەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی: " دوا نیگای هەرگیز گوزارشتی لە ڤیانێکی پڕجۆشی پەنهان نەدەکرد. " ئەوسا بیری کەوتەوە کە هەر هەمان زینا بوو کە سەعاتێ لەوە پێش ترۆی کرد، سیکتری لێکرد و پێی گوت کەرپیاو. پاڤل ئالکساندروفیچ کە ئەوەی بیرکەوتەوە لە ناکاوا لە جێی خۆی وشک بوو، دەم و چاوی سوور هەڵگەڕا، لە شەرمەزاریدا ڕوندک زاییە چاوەکانی. ئیدی هەموو شتێک لە مێشکیدا شێوا. هەر دوای ئەوە وەکو ئەوەی بە ئانقەست پاڵی پێوە نرابێت، پێی داخزی و لەسەر شۆستە تەختەکەوە بەربووەوە و کەوتە نێو بەفرەکە، لەو کاتەدا کە هەوڵی دەدا هەستێتەوە و بەفرەکە لەخۆی بتەکێنێت، ژمارەیەک سەگ کە ماوەیەک بوو بە حەپە حەپ دوای کەوتبوون، لە چەند قوڵێکەوە پەلاماریان دا. بچووکترین سەگ کە لە هەموو ئەوانی دی دڕتر بوو، لە کاتێکا کە قەپی بە چمکێکی پاڵتۆ چەرمینەکەیدا کردبوو، خۆی دا بە کۆڵیدا. بەهەزار حاڵ خۆی لەم سەگە ڕزگار کرد، بەدەنگی بەرز هەزار و یەک نەفرەتی لە بەخت و نێوچەوانی خۆی کرد. ئەنجام بە داوێنی دڕاوی پاڵتۆکەی و بە سەروسیمای خەمبارەوە خۆی گەیاندە سەر شەقامێک، لەوێدا بۆی دەرکەوت کە ڕێگەی لێ تێکچووە و ون بووە. بەخۆتان دەزانن کەسێک ڕێگە گوم بکات، بەتایبەتی بە شەو و لە گەڕەکێکدا کە هیچ نیشانە و دەلیلێکی ڕێگەوبانی تێدا نەبێت، ناتوانێت یەکسەر ڕێگەیەک بگرێتەبەر، هەر جارەی خۆی بە کوچە و کۆڵانێکی تەنگەبەردا دەکات. پاڤل ئالکساندروفیچ – ش، وای لێهاتبوو. وێڵ و سەرگەردان هەرجارەی خۆی بە کوێرە کۆڵانێکدا دەکرد، لە توورەییدا تفی دەکردە سەر ئەرزەکە و لە دڵی خۆیدا دەیگوت: " هەر هەموو ئەم خەیاڵپلاو و بەرزە خەیاڵیانە بە نەحلەتی شەیتان بن! نەفرەت لە هەست و سۆزەکانی من، لە ڕوباری دۆڵە گەورە و... " من ناتوانم بڵێم کە سەروسیمای موزگلیاکوف لەو دەمەدا ئاسوودە و ئاسایی بوو. ئەنجام، دوای ئەوەی دوو دانە سەعات، وێڵ و سەرگەردان سوڕایەوە، خۆی لەبەر ماڵەکەی ماریا ئالکساندروڤنا دا بینییەوە، ئازای گیانی لە سەرما چایی بوو. کە ئەو هەموو گالیسکانەی لەوێدا بینی سەری سوڕما. موزگلیاکوف لە خۆی پرسی: " ئەمە چییە! دەعوەت و شەوبێریە! باشە بە چ بۆنەیەکەوە؟ "

پاڤل ئالکساندروفیچ، پرسیاری ئەوەی لە خزمەتکارێک کە تازە بۆ ماڵ دەگەڕایەوە کرد و ئیدی بۆی دەرکەوت کە ماریا ئالکساندروڤنا، چووە بۆ مەزراکە و ئاناستازی ماتویوفیچی بەخۆی و بۆینباخە سپیەکەیەوە هێناوەتەوە، ئەمیر لە خەو ڕابووە بەڵام هێشتا بۆ هۆڵەکە نەهاتووە. ئیدی پاڤل ئالکساندروفیچ بە خشکەیی بێئەوەی هیچ قسەیەک بکات خۆی بە نهۆمی یەکەمدا کرد و چوو بۆلای مامی. لە باری دەروونیەوە حاڵی خراپ بوو، وەکو هەر ئینسانێکی ورە ڕوخاو گیانی تۆڵە ئەستێنی بەسەریدا زاڵ بوو، بێئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کە دەست بداتە هەر کارێکی ڕکونی و کینەکێشانە ڕەنگە بۆ هەتا هەتایە بە ئازاری پەشیمانیەوە بتلێتەوە.

که وەژوور کەوت، سەیری کرد ئەمیر بەسەری کوتەوە لەسەر کورسییەک و لەبەردەم جانتای سەفەرەکەی ڕۆنیشتووە، سمێڵ و لاجانگە دەستکردەکانی دانابوو؛ کڵاوقژەکەی ( بارۆکە ) بەدەستی ئیڤان پاخومیچی پێشخزمەتی دێرین و پۆڕ سپیەوە بوو، کە ئەمیر زۆری خۆش دەویست. پاخومیچ، بەڕێز و ویقارەوە کڵاو قژەکەی ئەمیری شانە دەکرد. سەبارەت بە ئەمیر، کە هێشتا خومار بوو و مەستیەکەی دوێنێ بە تەواوەتی بەری نەدابوو، دیمەنێکی بەزەیی ئامێزی هەبوو. بە ویقاری تەواوەوە ڕۆنیشتبوو. حایر و حەپەساو دەیڕوانیە موزگلیاکوف، بەڵام بەهیچ جۆرێ نەیدەناسییەوە.

موزگلیاکوف، لێی پرسی:- ئاپۆ ( مامە ) گیان چۆنیت؟

پیرەمێر، ئەنجام لەبن لێوانەوە گوتی: ئەها... ئەمە تۆیت؟ باش بوو کەمێک خەوتم.

ئەوسا پاش ئەوەی لە ناکاوا وەخۆهاتەوە، بەدەنگی بەرز هاواریکرد:- ئەی خوایە!... خۆ کڵاوقژەکەم لە سەر نەکردبوو!...

- مامەگیان خەمت نەبێت! ئەگەر پێویست بکات من یارمەتیت دەدەم تا بیکەیتە سەرت.

- بەڵام تازە تۆ بە نهێنییەکەت زانیم! خۆ من بەناخێرم داوام کردبوو دەرگاکە بە کلیل دابخەن! جا برادەری ئازیز تۆ دەبێ بەڵێنی شەرەفم بدەیتێ کە ئەم سڕە لەلای کەس نەدرکێنیت ، بەکەس نەڵێیت کە قژەکەم دەسکردە.

موزگلیاکوف، کە دەیویست دڵی پیرەمێرد ڕابگرێت، چونکە ئیشی پێدەبوو، گوتی:- ئاپۆ گیان، بیکە بەخاتری خوا، یانی تۆ وێنا دەکەیت، من ئیشی وا قۆڕ بکەم!

پیرەمێرد گوتی:- ئێ، بەڵکو... بەشەر شیری خاوی خواردووە... بەڵام مادامێکی ئەوەندە پیاوێکی شەریف و بەڕێزی، وەرە با نهێنییەکانی دیکەمشت پێ بڵێم. سمێڵەکانمت بەدڵە گیانەکەم؟

- ئاپۆ گیان زۆر جوانن! باشە چۆن توانیوتە تا ئێستا بیانپارێزیت؟

ئەمیر، بە سەر و سیمایەکی سەرکەوتووانەوە تەمەشایەکی پاڤل ئالکساندروفیچی کرد و گوتی:- دەیسا ئەمەش دەستکردە.

-بەڕاست؟ باوەڕ ناکەم! ئەدی ڕدێن و لاجانگەکانت؟! بەخۆت ڕەشیان دەکەیەوە ئاپۆ؟!

- ڕەش کردەنەوە؟ نە بابە نا... ئەوانیش دەسکردن!

- دەسکردن؟ وانییە ئاپۆ! باوەڕ ناکەم، چییە ئاپۆ پێم ڕادەبوێریت؟

ئەمیر، رووی گەشایەوە و بە کەیف خۆشیەوە گوتی:- بە شەرەفم! دەزانی هەموو خەڵکی وادەزانن ڕاستین، کەس گومان ناکات ڕاستی نەبن! تەنانەت ستیبانید ماتفیوڤناش باوەڕناکات ڕاستی نەبن ، هەرچەندە هەندێجار خۆی بۆمیان دادەنێت. بەڵام برادەری ئازیز من دڵنیام لە قاوم نادەیت و ئەم سڕەم هەڵناماڵیت. بەڵێنی شەرەفم بدەیە کە ئەم نهێنیەم لە قاو نادەیت...

- ئاپۆ، سوێند دەخۆم کە لە قاوت نادەم. باشە تۆ باوەڕ دەکەیت من کاری وا قۆڕ بکەم؟

- ئاخ هاوڕێ گیان! تۆ نازانی ئەمڕۆ چ بەربوونەوەیەک لە گالیسکەکە بەربوومەوە! تیوفل دیسان لە گالیسکەکەوە بەری دامەوە.

- جارێکی دی گالیسکەکەی وەرگێرا؟ کەی ئاپۆ؟

- ئەو کاتەی کە بۆ دێر دەچووین...

- دەزانم ئاپۆ گیان، ئەم بەیانییە.

- نا، نا، ئەم بەیانییە نا! نزیکەی دوو سەعاتێک لەمە پێش! من بۆ دێرەکە دەچووم و، تیوفیل گالیسکەکەی داژۆت، ئیدی وەریگێرا... ئەوەندە ترسام، کە هێشتا بە تەواوەتی وەخۆ نەهاتوومەوە...

موزگلیاکوف، بەسەرسامی گوتی:- ئەم قسەیە چییە ئاپۆ گیان، خۆ تۆ نووستبوویت!...

- بەڵێ بەڵێ... نوستبووم... ئەوسا سواری گالیسکەکە بووم... بەهەرحاڵ... ڕەنگە... شتێکی سەیرە!

- ئاپۆ گیان، من دڵنیام کە خەونت دیتووە! چونکە تۆ لە دوای فراڤینەوە ئیدی خەوتیت.

- بەڕاست؟

ئەمیر، لە فکران ڕاچوو. ئەنجام گوتی:- هەڵبەتە... دەشێت خەوتبم؛ خەونم دیتبێت. بەڵام هەموو خەونەکەم لەبیر ماوە، هەوەڵجار گایەکی ترسناکی شاخدارم بینی، دوای ئەوە دادوەرێکم بینی کە ئەویش شاخی هەبوو...

- بێگومان نیکولا ڤاسیلیوفیچ ئانتپیوف بووە، ئاپۆ!

- ئەرێ ئەرێ، دەشێت ئەو بووبێت. دوای ئەوە، لە خەونەکەمدا ناپلیون پوناپارتم بینی... دەزانی بۆ هاوڕێ؟ چونکە هەموو خەڵکی پێم دەڵێن لە ناپلیون پوناپارت دەچم... لە لاوە لە پاپایەکی قەدیمی دەچم! تۆ چ دەڵێیت، لە پاپا دەچم؟

– ئاپۆ گیان، من لاموایە زیاتر لە ناپلیون پوناپارت دەچیت!

– بەڵێ بەڵێ، لە پێشەوە! خۆیشم هەمان قەناعەتم هەیە. بەڵێ لە دورگە و گراڤەکەی خۆیدا دیتم، خۆزگە دەتبینی چەند شاد و بەکەیف و سوێرە قسە و دڵخۆش بوو. زۆری پێکەناندم.

پاڤل ئالکساندروفیچ، بەدەم بیرکردنەوەوە تەمەشای پیرەمێری دەکرد و پرسی:– ئاپۆ گیان باسی ناپلیون دەکەیت؟

پیرەمێرد بەرسڤی دایەوە و گوتی:– بەڵێ بەڵێ باسی ناپلیون دەکەم. ئیدی بە دوو قۆڵی کەوتینە باسی فەلسەفە. دەزانی برادەری ئازیز ، من زۆرم لە بەرگرانە کە بەو جۆرە ڕەفتاریان لە گەڵدا کراوە... مەبەستم لە ئینگلیزەکانە، هەڵبەتە ئەگەر کۆت و زنجیر نەکرابایە دووبارە پەلاماری وڵاتانی دەدا. ئینسانێکی هار بوو، بەڵام من وێڕای ئەوەش بەزەییم پێیدا دێتەوە، حەیف و مخابن بۆ ئەو پیاوە. ئەگەر من لە جیاتی نەیارەکانی ئەوبام ئەو ڕەفتارەم لەگەڵیدا نەدەکرد، دوورم دەخستەوە بۆ گراڤێکی چۆڵ...

موزگلیاکوف، کە بە تاوە گوێیەک، گوێی لە قسەکانی پیرەمێرد دەگرت، پرسی:– بۆچی، بۆ دورگەیەکی چۆڵ؟

پیرەمێرد بەرسڤی دایەوە:– زۆریش چۆڵ نا... دورگەیەک کە خەڵکانی ژیری لێ ئاکنجی بوایەن... هەموو ئەسپابێکی بێتاقەتیم لەسەر حیسابی حکومەت بۆ دابین دەکرد: شانۆ، موزیک، بالیە و زۆر شتی دیکە. ڕێگەم دەدا بەکەیفی دڵی خۆی پیاسە بکات، بگەڕێت... هەڵبەتە بەچاودێری پاسەوانان... دەنا فیراری دەکرد. ئەم پیاوە زۆری حەز لە لوقمەقازی دەکرد، من لە جیاتی نەیارەکانی بام هەموو ڕۆژێ ئەو خواردنەم دەدایێ... وەکو کوڕی خۆم بەرخوردم لەگەڵیدا دەکرد، کارێکم دەکرد لە کردەوەکانی پێشووی خۆی ژێوان ببێتەوە!...

موزگلیاکوف، بە حەواس پەرتی و بەدەم جوینی نینۆکەکانیەوە گوێی لە ورتە ورتەکانی پیرەمێردی نیمچە خەواڵوو دەگرت.دەخواست بێتە سەر ئەو زەماوەندەی کە نیەتی لێهێنابوو. غەزەب و هەڵچوونێکی ترسناک لەناخیدا هەڵدەقولا، بەخۆیشی لە نهێنی ئەو غەزەبە تێنەدەگەیشت. لە ناکاوا پیرەمێرد بەسەرسامی هاواریکرد، گوتی:– ئا... خەریک بوو لە بیرم بچێت ئەوەت پێ بڵێم کە ئەمرۆ خوازگاریم کردووە و بە تەمای ژن هێنانم.

موزگلیاکوف، بوژایەوە، پرسی:– خوازگاری ئاپۆ گیان؟

-بەڵێ، ئا... خوازگاری. پاخومیچ تەواو بوویت؟ دەڕۆیت؟ دەی باشە باش. کچێکی زۆر جوانە. برادەری ئازیز... بەڵام دەبێ دان بەوەدا بنەم کە کارێکی بڕێک سەرکێشانەم کردووە... تازە ئەمەم بۆ دەرکەوتووە. ئا... ئەی خودایا!...

– ئاپۆ، ببورە، کەی ئەم خوازگارییەت کردووە؟

– ئەلهەقی دۆستی ئازیز خۆیشم نازانم... دوور نییە ئەمەشم بەخەو بینیبێت؟... شتێکی غەریبە!

موزگلیاکوف، لە خۆشیا ئازای هاتە لەرزین و بیرۆکەیەکی تازەی بەخەیاڵدا هات، بەتاسەوە گوتی:– ئەم داخوازییەت کەی و لە کێ کرد ئاپۆ؟

– لەو کیژەی کە لەم ماڵەدایە... ئەو کیژە جوان و ڕندە... ناوەکەیم بیر چووەتەوە. بەڵام من دان بەوەدا دەنەم کە من پیاوی ژن هێنان نین. نها نازانم چ خاکێ بە سەری خۆمدا بکەم؟

– بەڵێ، ڕاستە تۆ پیاوی ژن هێنان نیت، ئەگەر ژن بێنیت تیا دەچیت. بەڵام ببورە ئاپۆ: باشە تۆ دڵنیایت کە ئەم خوازگارییەت کردووە؟

– بەڵێ، ئا، دڵنیام.

– ئەدی ئەگەر ئەمەش خەونێک بێت وەکو خەونی وەرگەڕانی گالیسکەکەت؟

– ئاە، ئەی خودایا!... بەهەرحاڵ... خۆ ڕەنگە ئەمەش خەون بووبێت. ئێستاش من نازانم چۆن خۆم بەوانە نیشانبدەم، کە چووینە خوارەوە چ بکەم؟ تیا ماوم نازانم چۆن لەوە دڵنیا ببم ئاخۆ خوازگاریم کرد یان نا؟ بەڕاستی تیا ماوم چبکەم.

– ئاپۆ گیان دەزانیت چییە؟ هەرچی سەر دێنم و سەردەبەم، پێویست بەوە ناکات هەوڵی ئەوە بدەین زانیاری بەدەست بێنین.

– چۆن؟ ئەم

– من دڵنیام تۆ گیانەکەممەسەلەیەت بەخەون دیتووە. خەونێک بووە و تەواو.

– گیانەکەم، منیش لەو باوەڕەدام،. بەتایبەتی کە ئەو جۆرە خەونانە زۆر دەبینم.

– دەبینیت؟ هەڵبەتە دوای تێشت و پاش فراڤین دەمێکت تەڕ کردووە و...

– بەڵێ، بەڵێ برادەری ئازیز، ڕەنگە ئەوەش کاریگەری خۆی هەبووبێت.

– ئاپۆگیان، ئەوەندەی من تۆ دەناسم، پیاوێکی زۆر بەردەبار و ئاغریت، دیارە مەست بوویت، دەنا هەرگیز لە حاڵی ئاساییدا ئەم خوازگارییە ناماقوولەت نەدەکرد و...

– بەڵێ، بەڵێ!

– تۆ بیهێنە بەرچاوی خۆت، ئەگەر خزم و خوێش و کەس و کارەکەت کە خۆبەخۆ لێت بە هەنجەت و بەبیانوون بەمە بزانن، چی دەقەومێت!...

ئەمیر، هاوارێکی ترس ئامێزی کرد:– ئەی خودایە! هەنگێ چ شتێک دەقەومێت؟

– هەنگێ هەمووان بەیەک دەنگ هاوار دەکەن کە تۆ ئەم کارەت لە شێتیدا کردووە، هەقە کەرەنتینە بکرێیت، تۆ لە خشتە براویت و فریو دراویت؛ ڕەنگە حەپست بکەن تا لە نزیکەوە چاودێریت بکەن!

موزگلیاکوف، دەیزانی چۆن ترس و لەرز بخاتە دڵی ئەم پیرەمێرە بەلەنگازەوە. ئەمیر کە وەکو بی ناو ئاو دەلەرزی، هاواریکرد:– ئەی خودا مەرگ... یانی حەپسم دەکەن؟

موزگلیاکوف گوتی:– ئیدی ئاپۆ گیان خۆت حوکم بدە، ئایا ئەگەر خەون نەبوایە دەتتوانی لە بێداریدا ئەم خوازگارییە بکەیت؟ تۆ بەخۆت لێکەوتە نەرێنی و خراپەکانی ئەم کارە دەزانیت. من دڵنیام تۆ هەموو ئەم کارانەت لە خەودا دیتووە.

ئەمیر، کە تەواو ترسابوو، لێکدا لێکدا دەیگوت و دەیگوتەوە:– دیارە لە خەوندا بووە! ئافەرین باش بۆی چوویت! من زۆر سوپاسی تۆ دەکەم کە منت گەڕانەوە سەر ڕێگای ڕاست!

–منیش خۆشحاڵم کە نها یەکمان بینی. ئەگەر وا نەبوایە لەگین بوو بەخەیاڵی ئەوەی خوازگاری کیژێت کردووە، بە عینوانی زاوا بۆلای ئەوان چووبایت و هەنگێ لە خوت و خۆڕایی کێشە و ئاریشەت بۆ چێبوایە ئاپۆ گیان؟

– بەڵێ بەڵێ، کێشە...

– تۆ بیربکەوە، ئەم کیژە تەمەنی گەییوەتە بیست و سێ ساڵ و تا نها کەس خوازبێنی نەکردووە، کەچی تۆی دەوڵەمەند و نێودار لە ناکاوا دەچیت بۆ خوازگاری! تۆپەکە فڕێ دەدەنە مەیدانی تۆوە و وات تێدەگەیەنن کە داخوازیت کردووە و بە خۆرتی بە سەرتیا ساخ دەکەنەوە... هەنگێ چاوەڕوانی مردنی تۆ دەکەن!

– بەڕاست؟

– ئەوسا ئاپۆگیان تۆ بیهێنە بەرچاوی خۆت، پیاوێکی گەورە و شایستە و بەنێوبانگی وەکو تۆ...

– بەڵێ، بەڵێ شایستە و گەورەی وەکو من...

– بەو هەموو زیرەکی و ڕۆشنبیریی و ئەدەبەتەوە...

– ئا، بەڵێ، بەو هەموو زیرەکی و ئەدەبەی منەوە...

– بەهەرحاڵ تۆ پیاوێکی ئەمیریت، خۆ ئەگەر قەرار بێت ژن بێنیت ، ژن براوە تەنیا ئەمە نەبێت؟ باشە لەم حاڵەدا کەس و کارەکەت چیت پێدەڵێن؟

– ڕاست دەکەیت هاوڕێ... هەر بەخواردن دەمخۆن! من پێشتر زۆرم بەدەستیان چەشتووە. دەیانویست بمخەنە شێتخانەوە. ئیدی خوا ڕەحمی کرد... باشە شتی وا دەبێت؟ باشە ئەگەر بیان خستبامە شێتخانەوە چیم بکردبایە؟

– لەبەر ئەوە ئاپۆ گیان، بەهیچ جۆرێ لێت دوور ناکەومەوە، کە چوویتە خوارەوەش لە گەڵتدا دێم. لە خوارەوە میوان هاتوون.

– میوان؟ ئا، ئەی خودایە!

– ئاپۆ گیان خەمت نەبێت، لە گەڵتا دەبم، بەتەنیا جێت نایەڵم.

– دۆستی ئازیز، من زۆرت لێ مەمنوونم! بەڕاستی تۆ فریادڕەسی منیت! دەزانی باشتر بوو لێرە بڕۆین...

– سبەی ئاپۆ، سبەی بەیانی، سەعات حەوت دەڕۆین. ئەمڕۆ خاترخوازی لە هەمووان بکە و پێیان بڵێ کە دەڕۆیت.

– بێگومان دەڕۆم. دەچم بۆلای بابە میسائیل، باشە ئەگەر لە خوارەوە ویستیان بەزۆر ژنم بەسەردا بسەپێنن؟

– هاپۆ گیان هیچ مەترسە، خەمت نەبێت! من لە گەڵتام، بەجێت ناهێڵم. بەڵام هەرچییەکیان پێ گوتیت، هەر ئاماژەیەکیان بۆ کردیت، ڕێک و ڕەوان بڵێ کە هەموو ئەو شتانەت لە خەونا دیتووە... وەکو چۆن بەڕاستیش هەر وابووە!

– بەڵێ، بەڵێ، خەو بووە! بەڵام دەزانیت هاوڕێی ئازیز کە ئەم خەونە زۆر خۆش، ئەفسووناوی بوو! بەڕاستی کیژێکی جوان بوو، دەزانیت چ لەش و لارێکی هەیە...

– دەی ئاپۆ گیان خوداحافیز.... من جارێ دەچمە خوارەوە، تۆش...

ئەمیر بە ترسەوە هاواریکرد:– چۆن؟ بەتەنیا جێم دەهێڵیت؟

– نا، ئاپۆ گیان. تەنیا بە جیا دەچمە خوارەوە. هەوەڵجار من دادەبەزم. پاشان تۆ دابەزە. ئاوا باشترە.

– باشە، باش. ئەوجا بیرۆکەیەک هەیە دەبێت پێش ئەوەی بێمە خوارەوە تۆماری بکەم.

– زۆرچاکە ئاپۆ، بیرۆکەکەت تۆمار بکە و پاشان بەبێ ماتەڵ بوون وەرە خوارەوە. بەخۆت دەزانیت کە سبەی بەیانی...

– سبەی بەیانی دەچینە نک بابە میسائیل... بەڵام دەزانیت هاوڕێ ئازیز، چ جوانییەکی هەیە... چ لەش و لارێکی هەیە؛ ئەگەر قەرار بوایە ژن بێنم، یەکسەر، بێهیچ ماتەڵ بوونێک ئەوم دەخواست، بەو ڕادەیە من...

– خوا ڕەحمت پێبکات هاپۆ!

– هەڵبەتە، خوا ڕەحمی پێکردووم!... دەی جارێ خوداحافیز هاوڕێی ئازیز، تۆزێکی دی یەکدی دەبینین... بیرۆکەکەم تۆمار دەکەم و دێم، ماتەڵ نابم. ئەرێ ماوەیەک دەمویست لێت بپرسم: بیرەوەرییەکانی کازانوفات خوێندووەتەوە؟ ( کازانوڤا: ڕیسک بازێکی بەنێوبانگە لە ساڵی ١٧٢٥ دا لە ڤینیسیا لەدایک بووە و لە ساڵی ١٧٩٨ دا لە بوهم مردووە، ڕیسکی عاشقێنیەکانی کازانوڤا بەسەرزاری خاس و عامی خەڵکیەوە بووە، بیرەوەرییەکانی خۆی لە کتێبێکدا بڵاوکردووەتەوە و کە بە بێ پەردەیی نێوەڕۆکەکەی، شۆرەت و نێوبانگی دەرکرد، هەندێ لە ئەدیبە بازاڕییەکان بە نووسەری دەزانن. )

– بەڵێ خوێندوومەتەوە... بەڵام بۆ ئەو پرسیارە دەکەیت؟

– بەڵێ، بەڵێ، بیرم چووەوە دەمویست چ بپرسم...

– دوایی بیرت دەکەوێتەوە ئاپۆ. جارێ خوداحافیز!

– خواحافیز، خوات لەگەڵ! بەڕاستی خەوێکی خۆش بوو. خەوێکی ئەفسووناوی بوو!...

## فەسڵی دوازدەیەم

ئانانیکولایوڤنا که خەریک بوو دەهاتە ژوورەوە، بە کونجکاوی دەیڕوانیە دەروبەری خۆی، لەبن لێوانەوە گوتی:- هەمووومان بڕیارمان داوە بۆ ئێرە بێین! پراسکوفیا ئیلنیچیا و لویزا کارلوفناش دێن.

ئانا نیکولا یوڤنا، خانمێکی کورتەباڵای خشکۆک بوو، بەخۆیشی دەیزانی کە جوانکیلە و بەرچاویە. جل وبەرگی جوان و ڕەنگاوڕەنگی لەبەر دەکرد. کە خۆی بە هۆڵەکەدا کرد، چاوی بەهەر چوار نکاڵی خۆیدا گێڕا، چونکە دڵنیابوو لەوەی کە دەبێت ئەمیر و زینا لە گۆشەیەکدا خۆیان مات دابێت.

ناتالیا دمیتر یوڤنا گوتی:- کاترینا پتروڤناش وابوو، هەروەها فیلساتی میخائیلوفناش دێت.

ناتالیا دمیتروڤنا خانمێکی کەتەی بەژن و باڵابەرز بوو، بەدڵی ئەمیر بوو، هەر بۆ ئەوە باش بوو بکرێت بە سەربازی نارنجۆک ئەنداز. کڵاوێکی پەمەیی بچووکی لەسەر کردبوو کە زۆر باڵکێش بوو. ئەم ئافرەتە سێ هەفتەیەک بوو، بووبوو بە دۆستی گیانی بەگیانی ئانا نیکولایوڤنا، کە هەمیشە بەدوایەوە بوو و بە خزمەتکاری دەژمێردرا، ئەگەر تەمەشای قەد و باڵا و کەڵەشیت کردبا، دەیتوانی ئانا نیکولایوڤنا، بە ئێسک و پروسکەوە بەیەک پاروو قووت بدات.

ماریا ئالکساندروڤنا، کە حەواسی خۆی جەم و جۆر کردبوو گوتی:

- من هیچ شتێک سەبارەت بەو شادیەی خۆم نالێم کە ئەمشەو لە ماڵەکەی خۆما ئێوە بە دوو قۆڵی دەبینم. بەڵام پێم نالێن، چ پەڕجوویەک ئێوەی لێرە کۆ کردووەتەوە، من تەسەورم نەدەکرد بەم ئاوایە گەورەم بکەن؟

ناتالیا دمیتریوڤنا هەڵیدایە:- لوتفت هەیە! خۆت گەورەیت، ئەو قسەیە چییە دەیکەیت، ماریا ئالکساندروڤنا؟...

ئانا نیکولا یوڤنا، لەسەری ڕۆیی:- گیانەکەم هەر دەبوا ڕۆژێ لە ڕۆژان کۆتایی بەم سیناریۆیە بهێنین. هەر لەم ڕۆژەدا بوو کە پەتروس میخائیلوفیچ بە کالستی ستانسلا فیچی گوت: " ئێمە هەر بۆ ئەوە ئازاین بەعز بکەین، یەکدی ببوغزێنین، جگە لە شەڕ و ململانێ هیچی دیکەمان لەدەست نایەت. بۆیە پاش ئەوەی بە چوار قۆڵی کۆبووینەوە، بڕیارمان دا کە بێین بۆ ماڵی تۆ و هەموو کێشەکان بە یەکجارەکی چارەسەر بکەین!

ناتالیا دمیتریوڤناش ئەوانی دی ئاگادار کردووەتەوە کە بێن، ئیدی هەموویان دێن، دادەنیشین و گفت و گۆ دەکەین و کێشەکان بەجۆرێ چارەسەر دەکەین، کە چیتر ئەو بەڕێزانە نەتوانن بڵێن کە ئێمە جگە لە شەڕ و ململانێ هیچی دیکەمان لەدەست نایەت... ئەوسا بە درۆوە باوەشی بە ماریا

ئالکساندروڤنا دا کرد، کەوتە ماچکردنی و بە زمانێکی ڕیا ئامیز گوتی: وانییە گیانەکەم، هەقی خۆی نییە!ئا زینا ئاناسیوڤنا، ئەمە تۆی، نامەخوا ڕۆژ بەڕۆژ جوان و جوانتر دەبیت!

ئانا نیکولا یوڤنا، بەدەم ئەو قسەیەوە بەرەولای زینا تەکانی دا کە ماچی بکات.

ناتالیا دمیتروڤنا، بەدەم هەڵگڵوفتنی دەستە زلەکانیەوە کە دەتگوت جووتێ ڕەکتی گەورەن و بە زمانی لووسەوە گوتی:

– ئەدی چۆن، ماشەڵڵای لێبێت، ڕۆژ بەڕۆژ جوانتر دەبێت، چی نەکراوە بکرێت!

ماریا ئالکساندروڤنا، پەست و تووڕە لە دڵی خۆیدا گوتی:– " بە نەحلەت بن لەگەڵ شەیتاندا! سیناریوی دەسکرد، هەرگیز بیرم لەمە نەکردبووەوە؟! ئەمە ئوینێکی نەخشە بۆدانراوە! بووە کوێرینە!... "

ئانا نیکولایوڤنا لەسەر قسەکانی خۆی ڕۆیی:– بەتایبەتی گیانەکەم کە ئەم ئەمیرە بەڕێزەش میوانی تۆیە. دەزانیت کاتی خۆی موڵکدارانی دوخانوف شانۆیەکیان بەرپا کردبوو کە بە میرات لە بابەوە بۆ کوڕ دەمایەوە. ئێمە لەو بارەیەوە سۆراخمان کرد، کۆمەڵێک پەردەی قەدیمی، دیکۆراتی جۆراوجۆر، جل و بەرگ لە ژوورێکدا عەمار کرابوو. ئەم بەیانیە ئەمیر سەرێکی منی دا، هاتە ماڵەکەم، زۆر سەرم لەم هاتنەی سوڕما، تەنانەت بیرم چووەوە لەو بارەیەوە پرسیاری لێبکەم. ئێستاش بەتایبەتی بۆ ئەوە هاتووین پرسیاری ئەو بابەتەی لێبکەین، هەڵبەتە تۆش یارمەتیمان دەدەیت، داوا لە ئەمیر دەکەین کە ئەمر بکات کە هەموو ئەو شتە کۆنانەمان لە دوخانوفەوە بۆ بنێرن. باشە کەس هەیە لەم شارەدا ڕووی تێبکەین کە ئەو جۆرە کەرەستەی دیکۆرانەمان بداتێ؟ گرینگ ئەوەیە ئێمەش دەمانەوێت ئەمیر بانگهێشت بکەین بۆ ئاهەنگە شانۆییەکەی خۆمان.دەبێ ئەمیریش یارمەتیمان بدات، چونکە قازانج و دەسکەوتی شانۆییەکە بۆ هەژارانە. ڕەنگە ئەمیریش قاییل ببێت لە گەڵماندا دەورێک بگێڕێت. چونکە ئەمیر پیاوێکی زۆر باشە، زۆر گوێڕایەڵە. هەنگێ کاروبارەکان زۆر خێرا بەڕێوە دەچن.

ناتالیا دمیترویوڤنا، بە زمانێکی مانادارەوە، پشتیوانی لە قسەکانی هاوڕێکەی کرد و گوتی:– بێگومان قەبووڵ دەکات دەورێک بدینێت. قەبووڵ دەکات هەر دەورێک بدینێت!

ئانا نیکولا یوڤنا، درۆی لەگەڵ ماریا ئالکساندروڤنا دا نەکردبوو.بەرەبەرە خانمانی دیکەش دەهاتن؛ ماریا ئالکساندروڤناش لێکدا لێکدا بە هاواری شادییەوە، کە بۆ ئەم حاڵەتە پێویستە، دەچووە پێشوازیان.

من نامەوێت وەسفی هەموو میوانەکان بکەم. تەنیا ئەوەندە دەڵێم کە تەوس و توانج بە سەروسیمای هەموویانەوە دیاربوو.پیاو جۆرە چاوەڕوانی و بێ سەبرییەکی بە سیمایانەوە بەدی دەکرد. هەندێ لەو خانمانە بەنیازی ئەوە هاتبوون کە لێرەدا شەڕ و ئاژاوەیەکی حەیابەرە و نەنگین بدینن. حەزیان نەدەکرد بەبێ دیتنی ئەو دیمەنە و بەدەستی بەتاڵ بزڤڕنەوە. هەرچەندە ڕەفتاری هەموویان بە ڕواڵەت دۆستانە و مجامەلە ئامێز بوو.

ماریا ئالکساندروڤنا پێشبینی ئەوەی دەکرد لە هەر ئان و ساتێکدا ئەو شەڕ و ئاژاوەیە بقەومێت و خۆی بۆ هێرشێکی دژوار ئامادە دەکرد. میوانەکان پرسیان سەبارەت بە ئەمیر لێدەکرد، پرسیارەکان بە ڕواڵەت ئاسایی بوون، بەڵام هەر پرسیارێک لە ناوەڕۆکدا، بە تانە و کینایەیەک بارگاوی بوو. چای هێنرا.

هەر خانمە لە جێی خۆی دانیشت. دەستەیەک لە دەوری پیانۆکە دانیشتن. داوا لە زینا کرا، پیانۆ بژەنێت و گۆرانی بڵێت، بەڵام زۆر بە وشکی و بە سارد و سڕی بەرسڤی دایەوە کە نەخۆشە.بە ڕەنگە زەردەکەیدا دیاربوو ڕاست دەکات کە نەخۆشە. ئیدی هەموو خانمەکان بە پەرۆشەوە کەوتنە هەواڵپرسینی، دەربڕینی هاوخەمی. تەنانەت ئەو هەلەشیان قۆستەوە و بەدەم غەمزەی تانە ئامێزەوە هەندێ پرسیاری بە ماناوەیان دەکرد. سەبارەت بە موزگلیاکوف – ش هەندێ پرسیاریان کرد، پرسیارەکان لە زینا دەکران.

ماریا ئالکساندروڤنا، لەم کاتەدا هەرچەندە ژمارەی میوانەکان گەیی بووە دوازدە خانم، زۆر بە وردی پەیجۆری ڕەوشەکەی دەکرد، هیچ هەڵوەستەیەکی نەدەبوارد، هیچ قسەیەکیانی نەدەبوارد، بە کارامەیی وەڵامی هەموو پرسیارەکانی دەدانەوە. هەر خەمی زینای بوو، پێی سەیر بوو کە چما زینا لە ژوورەکە نەهاتە دەرەوە. کە جاران لەم جۆرە بۆنانەدا یارمەتی دایکی دەدا و پێشوازی میوانانی دەکرد. میوانەکان هەستیان بەبوونی ئاناستازی ماتویوفیچ کرد، خانمەکان گاڵتەیان پێدەکرد، تا بەمە تانە لە ماریا ئالکساندروڤنا بدەن بۆ مێردێ کە هەیەتی. بوونی ئاناستازی، ئەم پیاوە باش و ساویلکەیەی کە نەیدەتوانی تەنانەت داکۆکی لە خۆیشی بکات، دەرفەت بوو بۆ ئەوەی قسەی لێدەربێنن.

ماریا ئالکساندروڤنا، نیگەرانی ئەو ڕەوشە بوو کە مێردەکەی تێی کەوتبوو، ڕەوشی کەسێک بوو لە هەر چوار ئالیەوە گەمارۆ درابێت؛ کابرا زۆر نیگەران بوو، هەر پرسیارێکیان لێدەکرد، تەنیا بە " ئم " وەڵامی دەدانەوە. ئەم " ئم " ە، ماریا ئالکساندروڤنای دەهری کردبوو.

خانمێکی کورتەباڵای ڕووداری چاوقایم، بێباک و نەترس کە بەهیچ شتیک لە ڕوو دانەدەما، هاواریکرد:- ماریا ئالکساندروڤنا، ئەوە چییە ئاناستازی ماتویوفیچ نایەوێت قسەمان لەگەڵدا بکات، ئەمری پێبکە بە نەزاکەتێکی زیاترەوە مامەڵە لەگەڵ خانماندا بکات!

ماریا ئالکساندروڤنا گوت و بێژەکەی خۆی لەگەڵ ئانانیکولا یوڤنا و ناتالیا دمیتروڤنادا بڕی وبەدەم بزەی شیرین و ڕووی گەشەوە وەڵامی دایەوە:- نازانم ئەمڕۆ چییەتی! نازانم چما بەم ڕادەیە بێدەنگە! تەنانەت قسە لەگەڵ منیشدا ناکات! ئەرێ پیاوەکە چما قسە لەگەڵ فلیساتی میخائیلوڤنادا ناکەی؟ تۆ چیت لێی پرسی؟

پیاوەی داماو، کە گێژ و ویژ نەیدەزانی چۆن خۆی بپەڕێنێتەوە لەبن لێوانەوە گوتی:- ئاخر، ئاخر... ژنەکە گیان، تۆ خۆت ...

لەو ساتەدا بەپێوە وەستابوو، پشتی کردبووە موغەیرییەکە، کە دەسووتا، بە کەشخەییەوە هەر دوو دەستی لەسەر سینگی تێک ئاڵاندبوو، خۆی بۆ چا خواردنەوە ئامادە کردبوو. پرسیاری خانمان بە جۆرێ ئیحراجیان کردبوو، کە وەکو کچۆڵان لە شەرما ڕوخساری سوور هەڵگەڕابوو. کە ویستی سەدەم و هۆی بێدەنگیەکەی خۆی باس بکات بەجۆرێ نیگای لە نیگای هەڕەشە ئامێزی ژنەکەی هەڵەنگوت، خەریک بوو لە ترسا ببورێتەوە. نەیدەزانی چ بکات، بۆ ئەوەی تۆزێ وەخۆ بێتەوە فرێکی لە چایەکەی دایەوە، بەڵام چایەکە هێشتا زۆر گەرم بوو. هەموو دەم و گەرووی سووتا، کووپەکە لە دەستی بەربووەوە و چایەکە پەڕییە قوڕگی و دەستی بە کۆکە کۆک کرد، بەناچاری هۆڵەکەی بەجێهێشت، هەموو ئامادەبووان پەشۆکان. ئیدی هەموو شتێک ڕوون بوو. ماریا ئالکساندروڤنا تێگەیی کە میوانەکانی بەهەموو شتێکیان زانیوە، بەنیازی شووم و خراپەوە لێرە کۆبوونەتەوە. ڕەوشەکە باش نییە، لەوەیە ڕیسەکەی لێبکەنەوە بە خوری. دەتوانن لە حوزوری ئەودا مێردەکەی بێننە قسان و هەموو شتێکی لێ دەربێنن. تەنانەت دەتوانن بەینی ئەو و ئەمیریش تێک بدەن و هەر ئەمشەو فریوی بدەن و لەگەڵ خۆدا بیبەن بۆ شوێنێکی دیکە. بەڵێ دەبوا چاوەڕوانی هەموو شتێک بێت. ئیدی قەزا و قەدەر، ئەزموونێکی تازەی بۆ ماریا ئالکساندروڤنا پەنهان کردبوو: لەپڕ دەرگا کرایەوە، موزگلیاکوف وەژوور کەوت، کە خانم ماریا ئالکساندروڤنا لای وابوو لە نک بوردویفە، هەرگیز بەتەمای ئەوە نەبوو لێرە بیبینێت.

ماریا ئالکساندروڤنا وەکو ئەوەی شتێک پێوەی بدات، ڕاچڵەکی. موزگلیاکوف، حایر و حەپەساو، لەبەر دەرگای هۆڵەکە وەستا، بە سەرسامی دەیڕوانییە خانمەکان، هەرچی دەکرد نەیدەتوانی ئەو هەڵچوونە وەشێرێت کە بە سەروسیمایەوە دیاربوو، خۆی پێ کۆنترۆڵ نەدەکرا.

چەند کەسێک بەیەک دەنگ هاواریان کرد: خودایا! پاڤل ئالکساندروفیچ!

ناتالیا دمیتروڤنا، بەدەنگێکی تیژ، کە زیاتر لە سەگوەڕ دەچوو هاواریکرد:- خۆ ئەوە پاڤل ئالکساندروفیچە! ئەدی ماریا ئالکساندروڤنا بۆچی بەئێمەت گوت لە نک بوردویفە؟ پاڤل بە ئێمەیان گوت گوایە تۆ لای بوردویف خۆت شاردۆتەوە.

موزگلیاکوف، بەدەم بزەیەکی دەسکردەوە بەرسڤی دایەوە:

- خۆم شاردووەتەوە؟ کە زاراوەیەکی سەیرە! ببورە ناتالیا دمیتروڤنا، من نەخۆم شاردووەتەوە و نەخۆیشم لەکەس دەشارمەوە.

هەنگێ بە نیگایەکی مانادارەوە تەمەشایەکی سەروسیمای ماریا ئالکساندروڤنای کرد و لەسەری ڕۆیی:- حەزیش ناکەم هیچ کەسێک بشارمەوە.

ماریا ئالکساندروڤنا، تەواو پەشۆکا، بەوردی چاوی بڕییە موزگلیاکوف و لەدڵی خۆدا گوتی: " تۆ بڵێی ئەم کەرە یاخی بووبێت؟ ئەگەر وابێت ، ئەمە کێشەیەکی گەورەیە! "

فلیساتی میخائیلوڤنای هاروهاج، چاوی لە دوڕ چاوانی موزگلیاکوف بڕی و پرسی:- پاڤل ئالکساندروفیچ ئەرێ ڕاستە گوایە ئستیقالەت داوە، مەبەستم ئەوەیە دەستبەرداری کارەکەت بوویت؟

موزگلیاکوف، بە وشکی و سارد وسڕی بەرسڤی دایەوە:- ئیستیقالە؟ من ئیستیقالەم کردووە؟ شتی وانییە... تەنیا لە وەزارەتخانەیەکەوە بۆ وەزارەتخانەیەکی دی گوازراومەتەوە. لە پترسبورگ کاریان پێداوم.

فلیساتی میخائیلوڤنا، درێژەی بە قسەکانی دا و گوتی:

- دەی پیرۆزە. وەختایەک بیستمان کە بەتەمای لە موورداسوف ئاکنجی ببیت و بۆ شوێنی خاڵی دەگەڕێیت، پێمان سەیر بوو! پاڤل ئالکساندروفیچ، وەزیفە لێرە هیچ ئایندەیەکی نییە، خۆشت نازانیت چۆن هەڵتدەفڕێنن!

ناتالیا دمیتروڤنا هەڵیدایە و گوتی:- مەگەر بچیتە شوێنی مامۆستاکە ، هەر ئەو شوێنە چۆڵە...

ئەمە تانە و تەشەرێکی هێندە زەق و ئاشکرا بوو کە کردیە کارێک ئانا نیکولا یوڤنا، ژێراوژێر پێیەک بە پێی هاوڕێ زمان تیژەکەی خۆیدا بنێت، تا کەمێک هێور ببێت.

فلیساتی لەسەری ڕۆیی:- تۆ پێت وایە پاڤل ئالکساندروفیچ لەو کەسانە بێت بە وەزیفەیەکی بچووکی وەکو مامۆستایەتی قاییل ببێت؟

پاڤل ئالکساندروفیچ، هیچ وەڵامێکی نەدایەوە. ئاوڕی دایەوە، ڕووبەڕووی ئاناستازی ماتویوفیچ بووەوە، کە دەستی هێنابوو تەوقەی لەگەڵدا بکات. بەڵام موزگلیاکوف، زۆر کەرانە تەوقەی لەگەڵدا نەکرد. لەجیاتی ئەوە، بە تەوس و توانجەوە دوولۆ لە بەردەمیا چەمیەوە. ئەوسا بە پەستی و بێزاری چوو بۆلای زینا، بەتووڕەیی چاوی لە دوڕ چاوی بڕی و لەبن لێوانەوە گوتی:- هەموو ئەمە بەبۆنەی تۆوە قەوماوە، ڕاوەستە بۆم! ئەمشەو پێتی نیشاندەدەم کە من گەوجم یان نا؟

زینا، بەبێزارییەوە ڕوانییە خوازگارەکەی جارانی خۆی و بەدەنگی بەرز وەڵامی دایەوە:- چاوەڕوانی چیت، کێ دەستی گرتوویت! ئەوە ئەرز و ئەوە گەز! لە ئێستاوە دیارە کە گەوجیت، ئەوەی عەیانە چ حاجەت بە بەیانە!.

موزگلیاکوف، لە دەنگە بەرزەکەی زینا ترسا و بلەز ڕووی وەرگێڕا.

ماریا ئالکساندروڤنا، ئەنجام هاتە قسە و پرسی:- تۆ لەلای بوردیوفەوە بۆ ئێرە هاتوویت؟

- نەخێر خانم، لەلای ئاپۆ گیان بووم.

- لەلای ئاپۆ؟ یانی لەلای ئەمیر بوویت؟

ناتالیا دمیتروڤنا، بەڕووی گرژەوە، ڕوانیە ماریا ئالکساندروڤنا و بە تەوسەوە گوتی:- کەواتە ئەمیر بێدارە، خۆ بە ئێمەیان گوت خەوتووە؟

موزگلیاکوف بەرسڤی دایەوە:- ناتالیا دمیتروڤنا خەمی ئەمیرت نەبێت! ئێستا لە خەو ڕابووە؛ لە خوا بەزیاد بێ لە کەماڵی عەقڵی خۆیدایە. بەدرێژایی ڕۆژەکە شەرابی دەرخوارد درابوو، مەستیان کردبوو، هەوەڵجار لەلای تۆ و پاشان لێرە هێندەی شەراب دەرخوارد درابوو کە بە تەواوی هۆش و گۆشی خۆی لەدەست دابوو، خۆی لە خۆیدا یادگەی تەواو نییە، وەرە شەرابیشی دەرخوارد بدرێت. نها گوت و بێژێکی دوور و درێژمان کرد، سوپاس بۆ خوا عەیبی نییە و زۆر بەهۆش و گۆشە. ماریا ئالکساندروڤنا ئێستا ئەمیر بۆ ئێرە دێت، تا سوپاسی میوانپەروەری بکات و سبەی بەیانی زوو پێکەوە دەڕۆین بۆ دێر و پاشان لەوێندەرەوە بۆ دوخانوفی دەبەمەوە، هەڵبەتە من لەگەڵیا دەڕۆم، تا لە ڕێگە تووشی ڕووداوێکی وەکو ئەم ڕووداوەی ئەم بەیانیە نەبێت؛ کە گالیسکەکەی وەرگەڕابوو. ئیدی لەوێ ڕادەستی ستیبانید ماتویوڤنای، کە تا ئەو کاتە بێگومان لە موسکۆ گەڕاوەتەوە، دەکەم و ئیدی ڕێگە بە ئەمیر نادات بەهیچ بیانوویەک بەتەنیا بچێتە سەفەر.

موزگلیاکوف، بەدەم ئەو قسانەوە، دژمنانە دەیڕوانییە ماریا ئالکساندروڤنا، ماریا ئالکساندروڤنا لە سەرسامیا زمانی چووبووە کلیلە. هەڵبەتە دەبێ دان بەوەدا بنەم کە خانمی قارەمانی چیرۆکەکەمان بە عەمراتی بە ئەندازەی ئەمجارە نەترسابوو.

ناتالیا دمیتروڤنا، کە ڕووی دەمی لە ماریا ئالکساندروڤنا بوو پرسی:- کەواتە سبەی بەیانی ئەوان سەفەر دەکەن؟

ئانا نیکولا یوڤنا، لە ڕووی سەرسامیەوە دووبارەی کردەوە:- شتی وا چۆن دەبێت؟

میوانەکانی دیکەش دووبارەیان کردەوە:- شتی وا چۆن دەبێت؟ خۆ ئێمە بیستبوومان کە ئەمیر... بەڕاستی شتی وا ناچێتە عەقڵەوە!...

لەم بەینەدا یارۆی خانەخوێ نەیدەزانی چ وەڵامێک بداتەوە. بەڵام لە ناکاوا سەرنجی ئامادەبووان کەوتە سەر بویەرێک کە کەس پێشبینی نەدەکرد. دەنگە دەنگێکی سەیر لە ژوورەکەی تەنیشتەوە بەرز بووەوە. نەخێر دەنگە دەنگەکە بوو بە هاواری تیژ، ئەوسا لە ناکاوا سوفیا پروڤنا کارپوخینا خۆی بە هۆڵەکەدا کرد. سوفیا پتروڤنا، یەکێک بوو لە ژنە هەرە نەشازەکانی شار، شووم و بەڵایەکی ئەوتۆ بوو کە زۆربەی خانمانی شار بایکۆتیان کردبوو و ڕێگەیان نەدەدا هاتوچۆی ماڵەکانیان بکات. پێدڤیە لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێت کە ئەم خانمە هەموو ئێوارەیەک، لە سەعاتی حەوتدا، نانێکی سووکی دەخوارد. گوایە خۆی گوتەنی ئەمە بۆ گەدە باشە، هەرکاتێ وای بکردایە لە ڕووی دەروونییەوە ئاسوودە دەبوو... ئیدی پێویست ناکات لەوەی پتر بەتانی ئەم حاڵەتەدا بڕۆم... ئیدی لە هەمان حاڵەتدا بوو کە بلەز خۆی بە ماڵەکەی ماریا ئالکساندروڤنا دا کرد. بە دەنگێکی بەرز و زوڵاڵ  کە لەم سەری ژوورەکەوە بۆ ئەو سەری هۆڵەکە دەبیسترا، هاواریکرد:- ماریا ئالکساندروڤنا ئاوا؟ ئاوا مامەڵە لەگەڵ مندا دەکەیت؟ نیگەران مەبە، مەترسە. تەنیا بۆ یەک خولەک هاتووم؛ خەمت نەبێت دانانیشم، من تەنیا بۆ ئەوە هاتووم تا بزانم ئەوەی من بیستوومە؛ بۆیان گێڕاومەتەوە دروستە یان نا؟ گوایە ئەم ئاهەنگ و بەزمە، ئاهەنگی خوازگاری و شای و زەماوەندە، ئێوە بۆ خۆ ئاهەنگ دەگێڕن، سەما دەکەن و دەرەقسن و سوفیا پتروڤناش لە ماڵەوە بەتەنێ دانیشێت و گۆرەوی بچنێت؟ هەموو شارت دەعوەت کردووە و منت فەرامۆش کردووە؟ ئەدی بۆ ئەوسای خەبەرم بۆت هێنا کە لە ماڵی ناتالیا دمیتروڤنا دا چ داوێک بۆ ئەمیر دەنەنەوە، من دۆستی ئازیز و فریشتە بەڕێزەکەی تۆ بووم. کەچی نها هەر ئەو ناتالیا دمیتروڤنایەی کە دوێشەو جنێوت پێدەدا و ئەویش لە پاشملە هەزار و یەک جنێوی سەر بە کوڵکەی دەدایتێ، لە ماڵەکەی تۆدا میوان و لە ڕیزی پێشەوەی میوانەکانتە! ناتالیا دمیتروڤنا خەمی

منت نەبێت! پێویستم بە نوقڵ و چکلێتی تۆ نییە، کە یەک چنگی بایی قروشێکە! دڵنیابە من لە ماڵی خۆما، لە تۆ زیاتر چکلێت و شەربەت دەخۆم! هەی سەر سواڵکەر!

ناتالیا دمیتروڤنا گوتی:- دیارە خانم! خۆتیش نەیڵێیت هەر باوەڕ دەکەم!

ماریا ئالکساندروڤنا، کە لە تووڕەییدا سوور بووبووەوە، هاواری کرد:- سوفیا پتروڤنا ئەوە چیتە؟ هێواش هێواش کەمێ لەسەر خۆبە!

سوفیا پتروڤنا، لە کاتێکا هەموو میوانەکان دەوریان دابوو و دیاربوو بەو دیمەنە خۆشحاڵ بوون، بەدەنگە تیژ و زوڵاڵەکەی هاواریکرد:- ماریا ئالکساندروڤنا، تۆش خەمی منت نەبێت، دڵ لە دڵ مەدە، من هەموو شتێک دەزانم، بە هەموو شتێکم زانیوە! ئاناستازی خۆتان بە هەڵەداوان هات بۆ لام و هەموو شتێکی بۆ گێڕامەوە. تۆ ئەم ئەمیرە بێ قیمەتەت بەگیر هێناوە، سەرخۆشت کردووە و وادارت کردووە خوازبێنی کچەکەت بکات، ئەو کچەی گەڕاوەتەوە و کەس ئامادە نییە بیخوازێت. وا وێنا دەکەیت بەم کارە دەبیت بە کەسێکی گەورە، بە دۆتمیر و جلی جوان لەبەر دەکەیت، خشڵ و جەواهیر بە خۆتدا دەکەیت؟ سڵاو لە عەقڵی خاوت! تڕحێو... من نامەوێت ببمە دۆتمیر! من بۆ خۆم خانم کۆڵۆنێلم! کە دەعوەتم ناکەیت هیچ بەلامەوە گرینگ نییە، منەتت بەبنی پێڵاوەکانم. من خەڵکانی زۆر گەورەتر و لە تۆ دەوڵەمەندترم دیتوون! من لەلای دۆتمیر زالیخفاتسکی شێوم خواردووە، کوروچکینی قومیسەر داخوازی کردبووم، ئێستا وا دەزانیت چاوم لەم دەعوەتە پیسەی تۆیە! بڕۆ هەر خۆت بەخۆت بیت...

ماریا ئالکساندروڤنا، کە خوای نەمابوو، بەرسڤی دایەوە:- سوفیا پتروڤنا، فێری ئەوە ببە بەم حاڵەوە خۆت بە ماڵی خەڵکانی بەڕێزا مەکە. ئەگەر ئێستا ملی خۆت نەشکێنیت و ئەم قسە قۆڕانەت نەبڕیتەوە، کارێکت پێدەکەم با بە دەواری شڕی نەکردبێت.

-دەزانم خانم، ئەو پەڕی نۆکەرەکانی خۆتم لێ گاڵ دەدەیت کە بەخۆرتی وەدەرم بنەن. خۆت ئەزیەت مەدە، خۆم دەرگاکە دەدۆزمەوە. خواحافیز. کیژەکەت بە کێ دەدەیت، بیدە! بەڵام تۆ ناتالیا دمیتروڤنا، تۆش پێویست بەوە ناکات گاڵتە بەمن بکەیت، عەمری خۆت و نوقڵەکانت نەمێنێت! من بە کەڵکی ئەوە نایەم بۆ ئەم شوێنانە دەعوەت بکرێم، بەڵام لەوانەش نیم سەمای قوزاقیانە بۆ ئەمیران بکەم و دڵیان خۆش بکەم. تۆ، ئانا نیکولا یوڤنا، بەچی پێدەکەنیت؟ تۆزێ لەمەوبەر لاقی سوچیلوفەکەت شکا ، ئێستا بۆ ماڵیان بردەوە، خۆت بەخۆت بیت! تۆش فلیساتی میخائیلوڤنا، ئەگەر بە ماتروشاکی هاوڕێت نەڵێیت، مانگاکەت لەبەر پەنجەرەکەی من، کە بەردەوام دەبۆڕێنێت،

ئەوا لاقی ماتروسکا پێ خاوسەکەت دەشکێنم! دەی ماریا ئالکساندروڤنا خوداحافیز، هیوای بەختەوەریت بۆ دەخوازم! دەی...

سوفیا پتروڤنا ڕۆیی. میوانەکان هەموو پێکەنین، ماریا ئالکساندروڤنا زۆر پەشێو و پەرێشان بوو. نەیدەزانی لە کوێ خۆی بشارێتەوە.

ناتالیا دمیتروڤنا، بەڕاوێژێکی شیرین گوتی:- ئەرێ پێدەچوو سەرخۆش بێت، وا نا؟

-بەڵام بەهەرحاڵ ئەمە بێ ئەدەبییە!

- بەڕاستی ئافرەتێکی شووم و بێ مانایە!

- کە بێ ئەدەبە! چەند دەم پیسە!

فلیستیا میخائیلوفنا بە تەوسەوە گوتی:- ئەرێ باشە باسی خوازگاری و زەماوەندی دەکرد؟ خوازگاری چی؟

ماریا ئالکساندروڤنا، ئەنجام سەبری سوا و بە هەڵچوونەوە گوتی:

- کە ژنێکی سەخیفە، ئاخر هەر ئەم نەفرەجایانەن کە قسەوقسەڵۆکان دووی خەڵکی دەخەن، فلیساتی میخائیلوفنا، هەبوونی ئەم جۆرە ژنانە لە کۆمەڵگەدا سەیر نییە، هەن و بڕایەوە، بەڵام سەیر ئەوەیە خەڵکانێک هەن گوێی لێدەگرن، پشتیوانی دەکەن، باوەڕی پێدەکەن...

لەپڕ هەموو میوانەکان بەیەک دەنگ هاواریان کرد:- ئەمیر... ئەمیر!

فلیساتی میخائیلوفنا لەبن لێوانەوە بەو ژنەی تەنیشتی خۆی گوت:- سوپاس بۆ خوا! ئێستا هەموو نهێنییەکانمان بۆ ڕوون دەبێتەوە.

## فەسڵی سیازدەیەم

ئەمیر، بەدەم بزەیەکی شیرینەوە وەژووکەوت. هەر هەموو ئەو ترس و لەرزەی کە چارەکێک لەوە پێش موزگلیاکوف، خستبوویە دڵییەوە، هەرکە خانمەکانی بینی ڕەوییەوە، وەکو کڵۆ قەندێک کە لە دەما دەتوێتەوە بەوئاوایە توایەوە. خانمەکان بەدەم هەلهەلەی شادییەوە پێشوازیان کرد. بەردەوام مجامەلە و نەوازشی ئەم پیرەمێرە کورتەباڵایەیان دەکرد، بە دەوریا دەهاتن و لێی نزیک

دەبوونەوە. کەسایەتی ئەمیر دڵخۆشی دەکردن. فلیساتی میخائیلوفنا ئەو بەیانیە – هەڵبەتە هەر بۆ سوعبەت – تەکەزی کرد کە ئامادەیە ئەگەر ئەمیر پێی خۆش بێت، خۆی باوێتە باوەشی و لەسەر ئەژنۆکانی دانیشێت. " چونکە پیرەمێرێکی زۆر میرەبانە، میرەبانیەکەی لە عەقڵا نییە "!

ماریا ئالکساندروڤنا، بەنیگا دای بێژابوو، هەوڵیدەدا شتێک لە سیمایدا بخوێنێتەوە، کە لەو هەڵوێستە دژوارەی دەرباز بکات کە تێی کەوتبوو. دیاربوو موزگلیاکوف، تۆزێ لەوە پێش کارەکەی خراپ کردبوو، ئەوەی ماریا ئالکساندروڤنا بینای کردبوو، بەجۆرێ لەق بووبوو، خەریک بوو دەڕوخا. بەڵام هیچ شتێکی تازە لە سیمای ئەمیردا نەدەخوێنرایەوە، ئاسایی بوو، وەکو جاران، وەکو هەمیشە بوو.

هەندێک لە خانمەکان هاواریان کرد:– ئا... خودایا! ئەوە ئەمیرە! چاوەڕوانی تۆ بووین، چاوەڕوانی تۆمان دەکرد!

هەندێکی دی گوتیان:– بەتاسەوە ئەمیر... بە پەرۆشەوە چاوەڕوانت بووین!

ئەمیر، لە دەوری مێزێک دانیشت. سەماوەرێکی چای بەسەرەوە بوو و دەکولا، لەبن لێوانەوە گوتی:– سوپاس، سوپاسی لوتفی ئێوە دەکەم.

خانمەکان خێرا لە دەوری خڕبوونەوە، جگە لە ئانا نیکولایوڤنا و ناتالیا دمیتروڤنا کەسی دی بەدەوری ماریا ئالکساندروڤنادا نەمایەوە. ئاناستازی ماتویوفیچ بە ویقارەوە دەگرژییەوە.موزگلیاکوف – ش پێدەکەنی و بێ شەرمانە خۆی لە هەنبەر زینادا دەنواند کە لە نزیکی بابی و لەبەر موغەیرییەکە ڕۆنیشتبوو و حیسابی سەگیشی بۆ موزگلیاکۆف نەدەکرد، هەر ئاوڕیشی لێ نەدەدایەوە.

فلیساتی میخائیلوڤنا، لەبن لێوانەوە گوتی:– ئەمیر، ڕاستە دەڵێن گوایە بە تەمای بڕۆیت و دەتەوێت بەجێمان بڵێیت؟

– بەڵێ خانمان سەفەر دەکەم. دەمەوێت بەزووترین کات بکەومە ڕێ و سەفەری هەندەران بکەم...

هەموو خانمان بەیەک دەنگ گوتیان:– بۆ هەندەران جەنابی ئەمیر؟ چۆن بوو بیرت لەمە کردەوە؟

ئەمیر، بەدەم خۆ ڕێکخستنەوە گوتی:– بەڵێ بۆ هەندەران، من بۆ وەدەستهێنانی بیر و زانیاری تازە سەفەری هەندەران دەکەم.

خانمەکان، بەدەم تەمەشاکردنی یەکدییەوە گوتیان:- بیر و تیۆری تازە؟ لە چ شتێک؟ دەربارەی چ بابەتێک؟

ئەمیر، بە متمانەیەکی زۆرەوە گوتی:- بەڵێ، بەنیازی وەدەست خستنی بیر و تیۆری تازە سەفەری هەندەران دەکەم... هەموو خەڵکی ئێستا هەمان کاردەکەن... منیش هەر بەو مەبەستە سەفەر دەکەم.

موزگلیاکوف، کە دیاربوو دەیویست لەبەردەم ژنەکاندا زیرەکی و شۆخیبازی خۆی بنوێنێت گوتی:- ئاپۆ گیان، خۆ بەتەما نیت، ببی بە ئەندامی ماسۆنیەت! ( ماسۆنیەت: لە هەوەڵەوە کۆمەڵەیەکی ئۆلی – فەلسەفی بوو. لە سەدەی هەژدەدا لە بەریتانیا دامەزراوە. ئەندامانی کۆمەڵەکە بەخۆیان گوتووە ماسۆنی یان نەقاڕانی ئازاد. ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە کە بەرەبەرە گۆڕاوە و بووە بە کۆمەڵەیەکی سیاسی، بەسەر ئەم پلانەدا دابەش بوون: بەنا، خەلفە، شاگرد. کۆمەڵەی ماسۆنیەتی هەر وڵاتێک دابەش دەبێت بەسەر چەندین ئەنجوومەنەوە، هەر ئەنجوومەنێک پێی دەگوترێت " لۆج " ).

ئەمیر، وەڵامێکی چاوەڕوان نەکری دایەوە:- با، دۆستی ئازیز، باشی بۆ چوویت. هەڵەت نەکردووە. من ئەوەی ڕاستی بێت کاتی خۆی وەختایەک لە هەندەران بووم، پەیوەندیم بە لۆجیکی ماسۆنیەتەوە کرد و زۆر بیروبۆچوونی بالاٌم وەرگرت، تەنانەت دەمویست کاری گەورە لە پێناوی ئەم بیرە تازانەدا ئەنجام بدەم. بۆ نموونە لە فرانکفۆرت ئامادەبووم سیدوری خزمەتکارم ئازاد بکەم کە لەگەڵ خۆمدا بۆ هەندەرانم بردبوو. کەچی سەیر ئەوەبوو لە خۆیەوە، بێ هیچ پرسێک هەڵات! سیدور پیاوێکی سەیر بوو! پاشان دوای یەک ساڵ لە پاریس دا بینیمەوە: ڕدێنێکی درێژی دانابوو، جلێکی کەشخەی لەبەر بوو، قۆڵی لە قۆڵی مادموزیلێک دا ، لە بولوارەکەدا پیاسەی دەکرد. نیگایەکی منی کرد و سەریکی تەکان دا. ئافرەتەکەش زۆر چاو باشقاڵ و ڕوودار دیاربوو! زۆر جوان و بەدەو بوو!

موزگلیاکوف، قاقایەکی بەرزی لێدا و گوتی:- ئاپۆ، ئەمجارەیان پێویستە بەرلە سەفەرەکەت هەموو جووتیارە زەرخڕییەکانت ئازاد بکەیت!

ئەمیر، یەکسەر و بێئەوەی هەست بەهیچ غەرەزێک لە قسەکەی موزگلیاکوف بکات گوتی:- ڕێک وا دەکەم، تۆ دەڵێی لە دڵی مندایت! هەرخۆم بەتەمای شتێکی وام!

فلیساتی میخائیلوفنا گوتی:- ئەمیر بۆ خاتری خوا! کە ئەوان ڕۆیشتن، کێ زەوی و زارەکەت بۆ بەڕێوە دەبات؟

ئانا نیکولا یوڤنا، بەنیگەرانیەوە گوتی:- بێگومان هەرهەموویان هەڵدێن، دەڕەڤن.

ئەمیر بە سەرسامی گوتی:- ئەی خوایە! بەڕاست هەموویان هەڵدێن!؟

ناتالیا دمیتروڤنا گوتی:- هەر هەموویان هەڵدێن و تۆ بەتاقی تەنیا دەمێنیتەوە.

ئەمیر گوتی:- کەوابێ ئازادیان ناکەم. ئەو قسەیەش، هەر قسەی ڕووتە، هەروا لە دەمم دەرچوو...

موزگلیاکوف گوتی:- ئاپۆ گیان، واباشترە، هەر دەستی لێمەدە!

ماریا ئالکساندروڤنا، تا ئەو کاتە، بێ ئەوەی هیچ قسەیەک بکات هەر گوێی دەگرت و بەوردی چاودێری خەڵکەکەی دەکرد. وای وێنا دەکرد کە ئەمیر ئەوی بە تەواوی لەبیر چووەتەوە. ئەم حاڵەتە بۆ ماریا ئالکساندروڤنا زۆر نائاسایی بوو. ئەوسا بە سەنگینی ڕابوو و بەدەنگی دلێر گوتی:- ئەمیر، بە یارمەتیت لەگەڵ ئاناستازی ماتویوفیچی هاوسەرمدا ئاشنابن. کە زانی جەنابت تەشریفت هێناوە و لە ماڵی ئێمە لاتداوە، لە گوندەوە هاتووە بۆ خزمەتی تۆ.

ئاناستازی ماتویوفیچ، بزەیەکی کرد، هەستی کرد ستایشی دەکەن، دەتگوت ڕۆنی سەگی لە قالبی دەدەن. زۆری کەیف بەخۆی هات.

ئەمیر گوتی:- خۆشحاڵم. ئاناستازی ماتویوفیچ! ئا، بیرم کەوتەوە... ئاناستازی ماتویوفیچ! بەڵێ بەڵێ، هەمان ئەو کەسەیە کە لە گوندی دەژی. سەرچاوان، خۆشحاڵم...

ئەوسا ئەمیر ڕوویکردە موزگلیاکوف و گوتی:- هاوڕێ لە بیرتە؟ ئەمە هەمان ئەو پیاوەیە کە دێڕە شیعرەکەت دەربارەی گوتبوو؟ " مێردە لەبەر دەرگایە و ژنێ... " ئا بیرم کەوتەوە: " مێردە چووە بۆ شار، ژنەش بۆ جێیەکی دی دەڕوات... "

فلیساتی میخائیلوفنا گوتی:- وابزانم شیعرەکە بەمجۆرەیە: " مێردە لە سەفەر گەڕایەوە، ژنەکەی لە ماڵ نەبوو " ئەمە ناوی هەمان شانۆنامەی کۆمیکیە کە پارەکە ئەو ئەکتەرانەی کە هاتبوونە ئێرە، نمایشیان کرد.

-ئا، ئا! ڕاست دەکەیت! من لە بیرم چووبووەوە! جوانە! جوانە!... کەواتە ئەمە حاڵی ئێوەیە! خۆشحاڵم بەناسینت... حاڵت چۆنە؟

ئەمیر، بێئەوەی لەسەر قەنەفەکەی ژێری ڕابێت، دەستی بەرەو ئاناستازی ماتویوفیچ، کە بزەیەک نیشتبووە سەر لێوی، ڕاکێشا و گوتی:- کەواتە تۆ هەمان مێردیت؟ دەیسا بەناسینت خۆشحاڵم، ئەدی حاڵت چۆنە؟

- ئم...

ماریا ئالکساندروڤنا بەپەلە وەڵامی دایەوە:- حاڵی زۆر باشە، لە خودا بەزیاد بێت عەیبی نییە.

ئەمیر گوتی:- بەڵێ بەڵێ! دیارە حاڵی باشە. باشە تۆ بە بەردەوامی لە گوندی دەژیت؟ خۆشحاڵم... زۆر خۆشحاڵم بەناسینت. گۆناکانی چەند ئاڵ و جوانن! چەند ڕووی خۆشە!...

ئاناستازی ماتویوفیچ بەدەمیەوە دەگرژییەوە، ئیکلامی بۆ دەکرد و تەنانەت کڕنۆشیشی بۆ دەبرد، بەڵام لە قسەکەی دوایی ئەمیر تێنەگەیی، بۆیە نەیدەزانی چ بکات، بۆیە لە خوتوخۆڕایی، بێئەوەی پێویست بکات لە قاقای پێکەنینێکی نابەجێی دا. ئیدی هەمووان لەگەڵ ویدا دەستیان بە پێکەنین کرد، تەنانەت خانمەکان لە خۆشیاندا هاواریان کرد. زینا سوور بووەوە، گڕ لە چاوانی دەبووەوە، تەمەشایەکی دایکی کرد کە ئەویش لە تووڕەییدا خەریک بوو شەقی دەبرد. . کاتی ئەوە هاتبوو ڕەوتی قسەکانی بگۆڕدرێت و بە ئاراستەیەکی دیدا ببرێت.

ماریا ئالکساندروڤنا، بە ڕاوێژێکی خەمین، لە کاتێکا بە نیگایەکی هەڕەشەئامێز دەیڕوانییە مێردەکەی، کە زوو وەکو کەو چوو و گەڕایەوە شوێنەکەی خۆی، لە ئەمیری پرسی:

- ئەمیر سەرخەوەکەت چۆن بوو، باش بوو؟

ئەمیر، بەرسڤی دایەوە:- بەڵێ، بەڵێ، خەوێکی خۆشم کرد، دەزانیت خەونێکی خۆشم بینی... خەونێکی دڵڕفێن!...

فلیساتی میخائیلوفنا پرسی:- خەونت بینی؟ دەزانیت من زۆر حەزم لەوەیە خەونانم بۆ بگێڕنەوە.

ناتالیا دمیتروفناش هەڵیدایە:- منیش، زۆر حەزم لەوەیە خەونانم بۆ بگێڕنەوە.

ئەمیر، بەدەم ناسکە بزەیەکەوە دووبارەی کردەوە:- خەون، ئەمما خەون! بەڵام ئەم خەونە نهێنییە، نهێنییەکی گەورەیە!...

ئانا نیکولایوڤنا، بەڕاوێژێکی نەوی گوتی:- یانی چۆن ئەمیر، گوایە ناتوانیت بۆمانی بگێڕیتەوە؟ هەڵبەتە دەبێت خەونێکی یەجگار عەنتیکە بێت؟

ئەمیر، کە هەستی کونجکاوی و فزوڵیەتی خانمەکانی هاڕوژاندبوو، بە لەزەت و شادییەوە دووبارەی کردەوە:- ڕاز و نهێنیەکی زۆر گەورەیە!

خانمەکان گوتیان:- دیارە دەبێت خەونێکی زۆر خۆش بێت!

فلیساتی میخائیلوفنا بەدەنگی بەرز گوتی:- گرێو دەکەم کە ئەمیر لەو خەونەدا کیژێکی زۆر نەشمیلی دیتووە و عاشقێنی لەگەڵدا کردووە، دەی ئەمیر ئیعتراف بکە، ئاخۆ مەزەندەکەم دروستە یان نا! دەی ئیعتراف بکە!

ئیدی لە هەموو لایەکەوە دووبارەیان دەکردەوە:- دەی ئەمیر ئیعتراف بکە!

ئەمیر، ئەنجام هاتە ڕەدایە و گوتی:- بەڵێ بەڵێ... هەرچەندە ئەو خەونەی دیتم زۆر نهێنیە، بەڵام دەبێت دان بەوەدا بنەم کە مەزەندەکەت زۆر نزیکە، چکێکت مابوو هەڵیبێنیت.

فلیساتی میخائیلوفنا بەجۆشەوە گوتی:- ئەدی چۆن، مەزەندەکەم دروست دەرچوو، دەی ئەمیر نها نۆرەی ئەوەیە پێمان بڵێی ئەو نەشمیلەی هاتە خەونت کێیە؟

- خێرا ئیعتراف بکە!

- ئەو کیژە لێرەدایە؟

- ئیعتراف بکە ئەمیری ئازیز!

لە هەموو لایەکەوە دەنگ بەرز بووەوە:- ئیعتراف بکە ئەمیر، بەدەم چاوەڕوانییەوە مەمانکوژە!...

ئەمیر کە کەمێک نەرم بووبوو گوتی:- خوشکان، ئێوە کە ڕژدن لەسەر هەندێ ڕوونکردنەوە و داخۆیان ئەوا من تەنیا دەتوانم ئەوەندە بڵێم، کە جوانترین کیژە تا ئێستا من دیتوومە.

خانمەکان کە گوێیان لەو وەڵامە بوو، بەدەم تەمەشاکردنیەوە پرسیان:- جوانترین کیژە؟ خەڵکی ئەم دیار و دەڤەرەیە... دەبێ کێ بێت؟

ناتالیا دمیتروڤنا، بەدەم هەڵگلۆفتنی دەستە سوور و زەلامەکانییەوە، چاوەکانی کە لە چاوێن پشیک دەچوون، ژێراوژێر بڕینە زینا و گوتی:- هەڵبەتە مەعلوومە کە کێیە، ئەو کەسەیە کە بە جوانترین کیژی ئەم شارە دێتە ژماردن.

فلیساتی میخائیلوفنا، نیگایەکی بەماناوەی ئامادەبووانی کرد و گوتی:

- ئەمیر کە تۆ ئەم خەونە خۆشانە دەبینیت، ئەدی بۆ ژن ناهێنیت؟

خانمەکانی دیکەش بەیەک دەنگ گوتیان:- ڕاست دەکات... ئێمەش پێمان خۆشە و جوانترین زەماوەندت بۆ دەگێرین!...

ئیدی خانمێکی دیکە لە پەناوە گوتی:- خۆزگە ژنت دەهێنا ئەمیر گیان!

ئەمیر کە سەری لەم هەموو داوایە سوڕمابوو، گوتی:- ڕاست دەکەن... چما زەماوەند نەکەم؟

موزگلیاکوف هەڵیدایە:- ئاپۆ گیان!

ئەمیر، وەڵامی دایەوە:- بەڵێ بەڵێ، گوێم لێتە، لە مەبەستت تێدەگەم! دەزانم چی دەڵێیت.

ئەوسا ڕوویکردە خانمەکان و لەسەری ڕۆیی:- حەزدەکەم ئەوەتان پێبڵێم من توانای ژن هێنانم نییە. بۆیە دوای بەسەربردنی ئەم شەوبێریە خۆشە لە نک خانەخوێیەکەمان، سبەینێ دەچم بۆ دێری بابا میسائیل، ئەوسا لەوێندەرەوە سەفەری ئەوروپا دەکەم تا زیاتر شارەزای شارستانیەتی ئەوان ببم.

زینا ڕەنگی تێکچوو، ڕەنگ بەڕوویەوە نەما، بە خەمباریەوە ڕوانیە دایکی. بەڵام ماریا ئالکساندروڤنا، بڕیاری خۆی دابوو کە وەڵام بداتەوە و داکۆکی لە هەڵوێستی خۆی بکات. تا نها چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد تا بزانێت مەسەلەکە دەگاتە کوێ، هەرچەندە بۆی دەرکەوتبوو کە کارەکە زۆر خراپ بووە و داشی نەیارەکانی سوارە؛ سەرەنجام پاش ئەوەی هەموو شتێکی بۆ ڕوون بووەوە، لە ناکاوا بڕیاری دا کە بە یەک جەزرەبە ئیدرای سەد سەر بکوژێت و لە کۆڵی بکاتەوە. ( ئیدرا: لە میتولوژیای یونانی کۆندا ئەژدیهایەکی چەند سەرە کە بەدەستی هەرقل کوژراوە. لە میتولوژیەکەدا واباوە کە هەرقل هەر جارێ کە بە گورزە گرانەکەی یەکێک لە سەرەکانی پان کردووەتەوە، سەرێکی تری لە جێگەدا ڕواوەتەوە، ئیدی کوشتنی ئیدرا مەحاڵ بووە، بۆیە هەرقل ناچاربوو بە ئاگر ئیدرا بکوژێت و تیرەکانی خۆی لە خوێنی ئەژدیهای ناڤبری هەڵکێشێت و ژەهراویان بکات. ) ئیدی بە ویقار و هەیبەتەوە لە سەر قەنەفەکەی ژێری ڕابوو، بە هەنگاوی بتەوەوە بۆلای مێزەکەی ڕۆیی، بە نیگایەکی سەرڕێژی غروورەوە ڕوانیە ناحەزە بودەڵە و کمەکانی خۆی. گڕی ئیلهام و سرووش لەچاوانی دەبووەوە. بڕیاری دابوو کە هەموو ئەم چەقاوەسوو و بەدزمان و دوو زمانانە وەکو سیسرک پان بکاتەوە. ئەم موزگلیاکوفە خوێڕییە، وەکو قالۆنچە پان و پلیش بکاتەوە و بەیەک جەزرەبە هەموو شتێک یەکلایی بکاتەوەو ئەم ئەمیرە گەمژەیە بێنێتەوە ژێر ڕکێفی خۆی! دیارە ئەم جۆرە کارە جورئەت و غیرەتێکی نائاسایی دەوێت. بەڵام ماریا ئالکساندروڤنا لە غیرەت و جورئەتی کەم نەبوو! ماریا ئالکسندرۆڤنا، بە تەبیعەت حەزی لە خۆنواندن و عەزەمەت دەکرد ) بۆیە بەکەش و فشەوە کەوتە قسە:- خانمان، خانمان! من ماوەیەک گوێم لە قسەکانتان، لە سوعبەتە بە تویکڵ و پڕ توانجەکانتان گرت، وابزانم نها کاتی ئەوە هاتووە منیش دوو قسان بکەم .ئێوە هەمووتاندەزانن کە ڕێکەوت هەموومانی لێرە کۆ کردووەتەوە ( من بەمە خۆشحاڵم، زۆریش خۆشحاڵم! ) ... من هیچ کاتێک بەتەمای ئەوە نەبووم ڕاز و نهێنی

خانەوادەیی خۆم بۆ خەڵکی ئاشکرا بکەم، بەتایبەتی بەرلەوەی کارەکە سەری گرتبێت. بۆیە داوای بوردن لە میوانە ئازیزەکەمان دەکەم، وابزانم بەخۆیشی دوای ئەو هەموو ئاماژە و قسە بە توێکڵانەی بە گوێماندا دران حەز دەکات، بە ڕاشکاوی باسی مەسەلەکە بکەین. وانییە جەنابی ئەمیر؟ ئایا نەهەقمە؟

ئەمیر کە نەیدەزانی مەسەلەکە چییە گوتی:- نا، هەقی خۆتە، هیچ هەڵەیەکت نەکردووە. من زۆر، زۆر خۆشحاڵم...

ماریا ئالکساندروڤنا، بۆ ئەوەی کاریگەریی قسەکانی خۆی لەلای گوێگرەکانی زیاتر بکات، هەڵوەستەیەکی کرد و تەمەشایەکی گوێگرەکانی کرد. هەموو میوانەکان بە کونجکاوی و بەتاسەوە گوێیان لە قسەکانی دەگرت. تەنانەت موزگلیاکوف – ش گوێ قوڵاغ بووبوو. ئاناستازی ماتویوفیچ برۆکانی وێک هێنابووەوە و کەپووی سڕی و چاوەڕوانی کەشفکردنی ڕازێکی نائاسایی بوو.

ماریا ئالکساندروڤنا، لە سەری ڕۆیی:- بەڵێ خانمان، من بەوپەڕی خۆشحاڵیەوە، ئامادەم ڕازی خانەوادەیی خۆم ئاشکرا بکەم:ئەمڕۆ پاش نیوەڕ، جەنابی ئەمیر بە گەورەیی خۆی شەرەفمەندی کردین کە خوازبینی کیژەکەی من بکات، ئەمیر گیرۆدەی جوانی ئەو بووە و ئەویش دڵبەندی خەسڵەتە جوانەکانی میر بووە.

پاشان ماریا ئالکساندروڤنا، بەدەنگێکی لەرزۆک و چاوانی ڕوندکبارەوە، لەسەری ڕۆیی:- جەنابی ئەمیر، ئەمیری ئازیز نابێت لە ڕووداری من زویر بێت. ئاخر شادمانی دایک، شادمانی دایک بە شادی کیژەکەی، ئەم ڕازەی لە دڵم دەرهێنا... ئاخر چ دایکێک دەتوانێت لەمبارەیەوە گلەییم لێبکات؟ کێهە دایک دەتوانێت نەهەقم بگرێت؟

من دان بەوەدا دەنەم کە وشە ناتوانێت گوزارشت لەو کاریگەرییە بکات کە قسەکانی ماریا ئالکساندروڤنا لە ئامادەبووانی کرد. ئەم خانمە لاسار و ڕووداارانەی کە بەتەمابوون بەوە ماریا ئالکساندروڤنا ئیحراج بکەن کە گوایە بە سڕەکەی دەزانن و دەیانەوێت بە هێما و ئاماژە دڵی کرمێ بکەن، هەر هەموویان لەم ئیعترافە ئازایانەی ماریا ئالکساندروڤنا حەپەسان. ئەم جورئەت و ڕاشکاویە، خۆی لە خۆیدا جۆرە متمانە بەخۆبوونێکی تێدا بوو.

ئیدی هەمووان دەبیرەوە چوون: " کەواتە ئەمیر، بە حوسن و ڕەزای خۆی خوازگاری زینای کردووە، نە کەس خاپاندوویەتی و نە کەس سەرخۆشی کردووە؟ بۆیە ماریا ئالکساندروڤنا نە لەکەس دەترسێت و نە باکی بەکەسە؟ مادام ئەمە بڕیاری ئەمیر خۆیەتی، ئیدی کەس ناتوانێت ئەم کاری خێرە هەڵوەشێنێتەوە و ئەمیر ژێوان بکاتەوە؟ " دوای قسەکانی ماریا ئالکساندروڤنا ورتە

ورت کەوتە نێو خەڵکەکە، دوای تۆزێک ورتە ورتەکە گۆڕا، بوو بە هەلهەلەی خۆشی و شادی. ناتالیا دمیتروڤنا، یەکەمین کەس بوو کە بە هەشتاو بەرەو ڕووی ماریا ئالکساندروڤنا ڕۆیی و باوەشی پێیدا کرد، دوای ئەو ئانا نیکولایوڤنا و فلیساتی میخائیلوفناش هەمان کاریان کرد. هەموو خانمەکان لە جێی خۆ هەستان و بەرەو لای ماریا ئالکساندروڤنا چوون. ئیدی هەمووان هاتبوونە جۆش و خرۆش، هەندێک لەو خانمانە لە داخا ڕەنگیان زەرد هەڵگەڕابوو. ئەوسا هەمووان کەوتنە موبارەک بایی لە زینا کە زۆر نیگەران بوو. تەنانەت یەخەی ئاناستازی ماتویوفیچیشیانش دەگرت. ماریا ئالکساندروڤنا، بە کەش و فشەوە بۆلای کیژەکەی چوو و بە شێوازێکی نمایشی باوەشی پێدا کرد. لەم بەینەدا تەنیا ئەمیر، حایر و حەپەساو تەمەشای ئەم دیمەنەی دەکرد. هێشتا هەر دەگرژییەوە، زۆر دڵی بەو دیمەنە خۆشبوو؛ تەنانەت وەختایەک ماریا ئالکساندروڤنای بینی کیژەکەی ماچکرد، روندک زاییە چاوی و خێرا دەستەسڕەکەی دەرهێنا، تا فرمێسکەکە بسڕێت.

ئەوسا هەموو ئامادەبووان بەرەولای ئەمیرش چوون و بە دەنگی بەرز کەوتنە پیرۆزبایی:- پیرۆزە جەنابی ئەمیر، خوا موبارەکی بکات!

- ئەمیر بەنیازی ژن هێنانیت؟

- ئەمیر بەڕاستی بەتەمای زەماوەندیت؟

ئەمیر کە بەم هەموو نەوازش و موبارەک باییە هاتبووە جۆش، بەرسڤی دایەوە:- بەڵێ بەڵێ! ئەوەی ڕاستی بێت من زۆر مەمنوون و منەتباری لوتف و نەوازشی ئێوەم و تا ماوم ئەمە لەبیر ناکەم. بەڕادەیەک منەتبارتان کردم کە ڕوندک زانییە چاوانم!

فلیساتی بە ڕاوێژێکی بەرزتر لە هەمووان گوتی:- ئەمیر، ماچم بکە!

ئەمیر، لە نێوان هەرا و زەنا و ژاوەژاوی خانمەکانەوە، بەردەوام بوو:- پێویستە ئەوە بڵێم کە من زیاتر سەرم لەوە سوڕماوە کە ماریا ئالکساندروڤنا ، خانەخوێیە میوان پەروەر و دلاوایەکەمان، زۆر زیرەکانە خەونەکەی منی هەڵهێنا. لەتۆوایە لە کاتی خەونەکەمدا لە گەڵمدا بووە. بەڕاستی بەهرەیەکی سەیری هەیە، کە کەسێکی زیرەک و دووربینە!...

-ئەمیر، چییە! دووبارە دێیتەوە سەر خەونەکەت؟

لە کاتێکا هەمووان دەوریان دابوو و هاواریان دەکرد:- ئەمیر، راستی مەسەلەکەمان پێ بڵێ، خۆت لە گێلی مەدە و ئیعتراف بکە!...

هەنگێ ماریا ئالکساندروڤنا، لێبڕاوانە و بەسیمایەکی جدییەوە گوتی:- بەڵێ ئەمیر، پێویست بە شاردنەوەی ئەم بابەتە نەماوە. کاتی ئەوە هاتووە ئەم ڕازە گرینگە بدرکێنین. من یەکسەر هەستم کرد کە تۆ بە ئانقەست و لەڕووی نەزاکەت و جوامێری خۆتەوە پەنات بردەبەر ئەو شێوازە ناڕاستەوخۆیە تا تێیان بگەیەنیت کە خوازگاری کچەکەی منت کردووە!بەڵێ خانمینە، ئەوەی عەرزم کردن ڕاستە: ئەمڕۆکە ئەمیر لە هەنبەر کیژەکەی مندا هاتەسەر چۆکان و بە واقیعی خوازگاری کرد نەک بە خەون و لە خەوا!

ئەمیر گوتی:- بەڵێ، ڕێک وەکو ئەوە بوو لە خەوابم؛ بەڵام ژینگەکە تەواو وەکو ئەمەی ئێرە وابوو.

ئەوسا، بە نەزاکەتێکی زۆرەوە ڕوانیە زینا کە هێشتا حەپەسابوو، و گوتی:- خانمۆڵێ! خانمۆڵێ باوەڕ بکە، ئەگەر خەڵکی دی پێش من ناوی نەهێنابای هەرگیز ڕێم بەخۆ نەدەدا، جورئەتم نەدەکرد ناوت بێنم. ئەو خەونەی دیتم یەجگار دڵگیر و خۆش بوو، من زۆر خۆشحاڵم کە تۆ لەو خەونەدا شەریکم بوویت، بەڕاستی خەونێکی جوان بوو!

ئانا نیکولایوڤنا، ڕووی کردە ماریا ئالکساندروڤنا، کە زۆر نیگەران و ڕەنگی هەڵبزرکابوو، بە ئەسپایی بەگوێیدا چپاند:- لەمە تێدەگەی؟ ئەو کابرایە هەر باسی خەونەکەی دەکات!

ماریا ئالکساندروڤنا بەبێ ئەم ئاگادارکردنەوەیەش هەر نیگەران بوو و دڵی بەتووندی لێی دەدا. ڕەوشەکەی بەدڵ نەبوو.

خانمەکان لە کاتێکا تەمەشای یەکتریان دەکرد، لە بەینی خۆیاندا و بەچپە دەیانگوت:- یانی چی؟

ماریا ئالکساندروڤنا، بەدەم بزەیەکی تاڵەوە دووبارە دەستی بەقسان کردەوە:- بەیارمەتیت ئەمیر. من سەر لە تۆ دەرناکەم! مەبەستت لەم خەونە چییە؟ باوەڕ دەکەی تا ئێستا وامدەزانی شۆخی دەکەیت. ئەگەر مەبەستت شۆخییە، بەسە . زیاد لە پێویست درێژەت دایە... من بەش بەحاڵی خۆم ئەمە دەگێڕمەوە بۆ حەواس پەرتیەکەت، بەڵام...

ناتالیا دمیتروڤنا، لەبن لێوانەوە گوتی:- ڕەنگە ئەمە بەهۆی حەواس پەرتیەوە بێت قوربان.

ئەمیر، کە هێشتا نەیدەزانی، چییان لێی دەوێت گوتی:- بەڵێ... دوور نییە هی حەواس پەرتی بێت. گوێ بگرن، با نوکتەیەکتان بۆ بگێڕمەوە. جارێک لە پترسبورگ دەعوەتی ڕێ و ڕەسمی پرسەیەک کرابووم. پرسەی کابرایەکی بورژوازی بوو، بەڵام پیاوێکی بەڕێز بوو. ئیدی من لەڕووی حەواس پەرتیەوە لێم تێک چوو، وامزانی ئاهەنگی ڕۆژی لەدایک بوونی گەنجە مردووەکەیە. بەهەرحاڵ یەک هەفتە بەسەر جەژنی لەدایک بوونیا بووری بوو. بەهەرحاڵ چەپکێک گوڵی کامیلیام کڕی و

چووم بۆ ماڵەکە، چی ببینم باشە؟ کابرایەکی کەتەی ناوشان پان، زۆر بەڕێز و بە ویقار، لەسەر تابوتێک ڕاکشابوو! سەرم سوڕما، نەمدەزانی بەو چەپکە گوڵەوە چ بکەم و لەکوێ خۆم بشارمەوە.

ماریا ئالکساندروڤنا، قسەکەی پێبڕی و بەخەم و پەژارەوە گوتی:

-ئەمیر، ئێستا کاتی نوکتە گێڕانەوە نییە! کیژەکەی من قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان عەودالی کەسێک نەبووە کە خوازبێنی بکات، تۆ خۆت کەمێک لەمە پێش لەلای پیانۆکە بەڕاشکاوی ڤیانی خۆت بۆی دەربڕی و خوازگاریت کرد، نە کەس زۆری لێکردبوویت و نەکەس ناچاری کردبوویت... بگرە من سەرم لەم هەڵوێستەی تۆ سوڕمابوو.... ئیدی بیرۆکەیەکم بۆهات، کە چاوەڕوان بکەم تا وەخۆ دێیتەوە و بتوانم قسەیەک لەو بارەیەوە بکەم. بەڵام تۆ بەخۆت دەزانیت کە من دایکم، ئەویش کیژمە... تۆ کەمێک لەمە پێش باسی ئەو خەونەت دەکرد کە دیتووتە، من پێم وابوو کە دەتەوێت بەو شێوازە مەسەلەی خوازگاریەکەت بە میوانەکان ڕابگەیەنیت. من چاک دەزانم کە حەواس پەرتیت لەگەڵدایە؛ تەنانەت دەزانم کێ هاتووەتە بن کلێشەتەوە و دەیەوێت ژێوانت بکاتەوە... ئەمیر پێویستە خۆت ساغ بکەیتەوە، بەپەلە مەسەلەکە ڕوون بکەیتەوە، ئاخر ناکرێت بەو ئاوایە بە ماڵباتێکی بەڕێز و نەجیب ڕابوێریت، خۆ خەڵکی گاڵتەچی تۆ نییە...

ئەمیر، کە خەریک بوو نیگەران دەبوو، گوتی:- بەڵێ بەڵێ، ناکرێت ئەو جۆرە شۆخییە لەگەڵ ماڵباتێکی بەڕێزدا بکرێت.

- ئەمیر، تۆ وەڵامی پرسیارەکەی منت نەدایەوە! تۆ پێویستە وەڵامێکی دروست و قەناعەت بەخش بدەیتەوە، لە حوزووری هەمووواندا دان بەوەدا بنەیت کە خوازگاری کیژەکەی منت کردووە.

- هەڵبەتە، من ئامادەم دان بەوەدا بنەم... خۆ من تۆزێ لەوەپێش باسی ئەمەم کرد، فلیساتی یاکوفلیڤا هەر زوو ئەو خەونەی هەڵهێنا کە دیتبووم.

ماریا ئالکساندروڤنا زۆر تووڕە بوو، هاواریکرد:- خەو نەبوو ئەمیر! خەو نەبوو، ئەو قسەیە چییە تۆ دەیکەیت؟ ئەوە خەو نەبوو، ڕاستی بوو... ڕاستی بوو، گوێت لە منە؟ ڕاستی بوو خەو نەبوو!

ئەمیر حەپەسابوو، نیمچە ئاخێزێکی کرد و گوتی:- ڕاستی بوو؟ ئەوسا ڕوویکردە موزگلیاکوف و لەسەری ڕۆیی:- دەبینی هاوڕێ، خۆ چاوت لێیە؟ ئەوەی تۆ بۆ منت پێشبینی کردبوو، هەمووی وەکو خۆی هاتەدی. ئەی خانمی بەڕێز، خاتوو ماریا ستیبانوفا، من دڵنیام کە تۆ هەڵەیت. من دڵنیام کە مەسەلەکە خەون بوو نەک ڕاستی!

ماریا ئالکساندروڤنا، هاواریکرد:- پەنا بەخوا!

ناتالیا دمیتروڤنا هەستی کرد کاتی ئەوە هاتووە قسەیەک لە بابەتەکە بکات. هەڵیدایێ و گوتی:- ماریا ئالکساندروڤنا، خۆت بەم شتە بچووکانەوە سەغڵەت مەکە. ڕەنگە ئەمیر شتەکەی بیرچووبێتەوە، بەڵام خەمت نەبێ حەواسی دێتەوە جێ.

ماریا ئالکساندروڤنا بەپەستی گوتی:- ناتالیا دمیتروڤنا من تێناگەم ئاخر شتی وا لە بیر دەکرێت؟ چۆن کاری وا هەستیار و گرینگ لەبیر دەکرێت؟ ئەمیر تکات لێدەکەم... یانی تۆ پێمان ڕادەبوێریت، گاڵتەمان پێدەکەیت؟ یان دەتەوێت دەوری گەورە پیاوێکی سەردەمانی سەڵتەنەت بدینیت؟ یان دەتەوێت دەوری پیاوێکی وەکو " لاوزوم " بگێڕیت؟ دڵنیات دەکەم کە ئەمە لەگەڵ تەمەنی تۆدا تێک ناکاتەوە، ئەمە لەتۆ ناوەشێتەوە! خۆ کیژەکەی من فیکونتیسەیەکی فەرەنسی نییە. تۆ تۆزێ لەمەپێش ، ئا لەم شوێنەدا، کە کیژەکەم گۆرانیەکی ڕۆمانسی گوت، تۆ شیفتەی گۆرانیەکەی بوویت، خۆت هاوێشتە سەر لاقی و داوات لێکرد کە شووت پێبکات. قابیلە من خەون ببینم؟ تۆ بڵێی خەوتبم؟ ئەمیر خۆت بیڵێ ئایا من خەوتووم؟

ئەمیر، حایر و حەپەساو گوتی:- بەڵێ بەڵێ... دەشێت... حەز دەکەم ئەوە بڵێم کە نها لاموایە لە خەوا نیم... من کەمێک لەمە پێش سەرخەوێکم شکاند، هەر بۆیەش ئەو خەونەم بینی... بۆیە لەو خەونەدا...

-ئەمیر بەسە! ئەم قسەیە چییە؟ ئەوە لە خەوندا نەبوو، نەخێر لە خەوندا نەبوو! لە خەوا بوو، لە خەوا نەبوو! شەیتانیش سەر لەم قسەیە دەرناکات! ئەمیر ئەوە چیتە! وڕینە دەکەیت؟

ئەمیر، بە نیگەرانیەوە چاوی بە ئامادەبوواندا گێڕا و گوتی:

- بەڵێ بەڵێ... شەیتانیش سەر لەمە دەرناکات... وادیارە سەرم لێ شێواوە...

ماریا ئالکساندروڤنا، بە نیگەرانییەوە گوتی:- ئاخر ئەمە چۆن خەوە، ئەگەر خەو بوایە، چۆن بەرلەوەی تۆ بۆ هیچکەسێکی بگێڕیتەوە، من دەمتوانی بەم وردیە بیگێڕمەوە؟

ناتالیا دمیتروڤنا گوتی:- بەڵکو ئەمیر بۆ کەسێکی گێڕابێتەوە؟

ئەمیر، بەوپەڕی پەرێشانی گوتی:- ئا، دوورنییە بۆ کەسێکم گێڕابێتەوە.

فلیساتی میخائیلوڤنا، بەگوێی دراوسێکەیدا چپاند:- نمایشێکی کۆمیدییە!

ماریا ئالکساندروڤنا، بە کەسەرەوە دەستەکانی هەڵدەگلۆفت، هاواریکرد:- ئەی خودایا! دەوەرە خوات بمێنێت! کیژەکەم گۆرانیەکی ڕۆمانسی بۆ گوتیت، گۆرانیەکی ڕۆمانسی! ماقوولە ئەم گۆرانیەشت لە خەوندا گوێ لێبووبێت؟

ئەمیر، لە فکران ڕاچوو، لە ژێر لێوانەوە گوتی: " وایە، خۆ گۆرانیەکیش لە ئارادا بوو... "

ئەوسا ڕوویکردە موزگلیاکوف و گوتی:- دۆستی ئازیز! من بیرم چوو ئەوەت بۆ بگێڕمەوە کە گۆرانیەکیش لە ئارادا بوو، گۆرانیەکە پڕبوو لە باسی کۆشک و تەلاران، کۆشک و تەلاری زۆر... ئا باسی شاعیرانی تروبادوریشی تیابوو... ئا، ئا من هەموو ئەوانەم بەباشی لەبیرە... تەنانەت گریاشم... ئێستاش تیا ماوم ئەوە خەون بوو یان ڕاستی!

موزگلیاکوف، هەرچەندە لە نیگەرانیدا دەنگی دەلەرزی، بە ڕاوێژێکی تا بڵێی ئارام و هێور گوتی:- هاپۆ گیان، دڵنیات دەکەم کە ساغکردنەوەی ئەم بابەتە کارێکی زۆر ئاسانە. لاموایە تۆ بەڕاستی گوێت لەو گۆرانیە بووە. زینايد، دەنگی زۆر خۆشە. کە دوای نیوەڕۆ تۆیان بۆ ئێرە هێناوە، زینايد گۆرانیەکی ڕۆمانسی بۆت گوتووە. خۆ من لەگەڵتاندا نەبووم، بەڵام گۆرانیەکە ختووکەی سۆزی دوایت، یادەوەری کۆنی لەلا بێدار کردوویتەوە، ڕەنگە بیرەوەری ئەو فیکونتیسەیەی لەلا زندوو کردبیتەوە کە کاتی خۆی گۆرانیت لە گەڵیدا گوتبوو، ئەوەی ئەم بەیانیە خۆت بۆمانت باسکرد. پاشان بەو هەستە خۆشانەوە نووستوویت، خەوت دیتووە، لە خەوەکەتدا گەنجێکی عاشق بوویت و چوویتەتە خوازبێنی کیژێکی نەشمیل...

ماریا ئالکساندروڤنا، کە ئەم ڕووداریە بێ مانایەی بینی، بەنج بوو، زمانی لاڵ بوو.

ئەمیر، لە کەیفان هاواریکرد:- دەمخۆش... ڕێک وابوو. باندۆری هەست و سۆزێکی بەلەزەت بوو. زۆر چاک لە بیرمە کە چۆن گۆرانیەکی ڕۆمانسیم بۆ گوترا، بۆیە منیش لەبەر خاتری ئەو گۆرانیە، لە خەوما کەڵکەڵە و ئارەزووی زەماوەند و ژن هێنانم کەوتەسەر. فیکونتیسەکەش لەوێ بوو. گیانەکەمی چەند لێزانانە ئەم مەتەڵەت هەڵهێنا! من ئێستا تەواو دڵنیام کە خەونم دیتووە! ماریا فاسیلوفنا، من دڵنیات دەکەم کە تۆ سەهویت! بە سەهو چوویت! شتەکە خەو بووە، دەنا من هەرگیز ڕێگە بەخۆم نادەم یاری بە هەستی ئابڕوومەندانەی تۆ بکەم!

ماریا ئالکساندروڤنا کە لە داخا شێت و هار بووبوو، ڕوویکردە موزگلیاکوف و هاواریکرد:- ئەها! من نها بەڕوونی لەلام دیارە کە کێ تەگەرەی خستووەتە ئەم کارە... ئەوە تۆی، تۆی بێ شەرەف و بێ ویژدانیت، تۆی ئاگری بن کا، تۆی دڵڕەش! تۆ مێشکی ئەم کابرا گەوج و خەڵەفاوەت تێکداوە، چونکە تۆ لێرە ڕەفز کرایت و بەپیاو نەزانرایت! بەڵام دڵنیابە ئەمەت لێ بەسەر ناچێت، ئەم

کردەوانەی خۆت دێنەوە ڕێگات... هەی خوێڕی، نمەک حەرام، دڵنیابە سزای ئەم کردەوانەی خۆت وەردەگریت، بە زیادەوە وەری دەگریت!...

موزگلیاکوف، کە سووری سوور بووبووەوە، هاواریکرد:- ماریا ئالکساندروڤنا، ئەم قسانە چییە... من تێناگەم... هیچ ژنێکی ئەشراف ڕێ بەخۆی نادات ئەو قسە بێتامانە بکات و بەو ئاوایە زمانی لێ بەڕەڵڵا بکات. من بەرگری لە خزمەکەی خۆم دەکەم. تۆ بەخۆت نەتگوت کە خستووتەتە داوەوە؟!

ئەمیر، کە هەوڵیدەدا خۆی لە پشت موزگلیاکوفەوە بشارێتەوە گوتی:- ئاخر ماقووله خەڵکی بەوجۆرە بخرێتە داوەوە...

ماریا ئالکساندروڤنا، بەدەنگێکی نائاساییەوە و بەدەم تەمەشاکردنی مێردەکەیەوە گوتی:- ئاناستازی ماتویوفیچ! ئەوە تۆ گوێت لێ نییە ئەمانە چۆن سووکایەتیمان پێدەکەن، دەیانەوێت حەیا و ناموسمان ببەن؟ چما نقەت لەخۆت بڕیوە؟باشە تۆ سەرگەڤاری خێزانی، یان تەختەیەکی بێ گیانیت و لەو گۆڕە دانراویت؟ چما چاو دەتروکێنیت؟ هەر مێردێکی دی بوایە، ئەم سووکایەتیەی بەخوێن دەشۆردەوە!

ئاناستازی ماتویوفیچ، کە شانازی بەوەوە دەکرد کە ئەنجام پێویستیان بەو کەوتبوو، بەوپەڕی ویقارەوە گوتی:- ئافرەت، ئافرەت! باشە ناکرێت تۆ هەموو ئەم شتانەت بەخەو دیتبن و کە لەخەو ڕابوویت، لێت تێکەڵاو بووبێت و خەیاڵ و واقیعت تێکەڵ کردبێت؟...

ئاناستازی ماتویوفیچ، فریا نەکەوت بۆچوونە لۆژیکیەکەی خۆی تەواو بکات. ئامادەبووان کە تا نها، بەڕواڵەت خۆیان قورس گرتبوو، بەڵام لە ناکاوا ڕیابازانە لە قاقای پێکەنینێکی ئەوتۆیان دا کە بەهیچ جۆرێ جڵەوی نەدەگیرا؛ لە سەرانسەری هۆڵەکەدا دەنگی دەدایەوە، ماریا ئالکساندروڤنا، هەموو ئەتەکێتێکی کۆمەڵایەتی لەبن پێ ناو بەرەو مێردەکەی پەلاماری دا، دیاربوو بڕیاری دابوو، بەنینۆکان هەردوو چاوی هەڵکۆڵێت. بەڵام ئامادەبووان بەخۆرتی ڕێگەی ئەو کارەیان لێگرت. ناتالیا دمیتروڤنا، ئەم هەلەی قۆستەوە و تۆزێکی لە ڕق و کینە ژەهراوییەکەی خۆی بەسەر ڕەوشەکەدا هەڵڕشت. بەڕاوێژێکی ڕیاکارانەوە گوتی:- ماریا ئالکساندروڤنا، خۆ لەگینە واش بووبێ. ئیدی بۆ لە خۆڕایی خۆت خەفەتکوژ دەکەیت؟

ماریا ئالکساندروڤنا کە هێشتا وەخۆ نەهاتبووەوە، هاواریکرد:- چی؟ چی وا بووبێت؟ چما تۆ من بەچی دەزانیت؟

ناتالیا دمیترۆڤنا بەرسڤی دایەوە:- ماریا ئالکساندرۆڤنا، ئاخر هەندێجار شتی وا ڕوودەدات بەقوربان...

- چ شتێ هەندێجار ڕوودەدات؟ دەتەوێت بمکوژیت؟

- بەڵێ بەڵێ، ڕەنگە بەڕاستی خەوت بەو شتەوە دیتبێت بەقوربان!

- لە خەوا؟ من؟ لە خەوا؟ چۆن ڕووت دێت ئەو قسەیە لەڕووی مندا بکەیت؟

فلیستاتی میخائیلوفنا، هەڵیدایێ:- بەهەرحاڵ، بۆ ناشێت ئەوەت بەخەون بینی بێت؟

ئەمیر لەبن لێوانەوە گوتی:- بەڵێ، ئا ڕەنگە هەر بەڕاستی وابووبێت!

ماریا ئالکساندرۆڤنا، لە کاتێکدا دەستی داخ و کەسەری بەیەکدیدا دەدا، هاواریکرد:- ئەمە چییە؟ ئەویش، ئەویش وا دەڵێت! نۆرەی ئەو قەوانەیە!

-ماریا ئالکساندرۆڤنا، بۆ بەخۆڕایی خۆت خەفەتکوژ دەکەیت! ئەوەت لەبیر بێت کە خەون لە خواوەیە؛ ئەوەی خوا بیەوێت کەس ناتوانێت ڕەتی بکاتەوە! هیچ شتێک بەبێ مەشیەتی خودا ڕوونادات، ئیدی پێویست ناکات لەسەر ئەم شتانە تووڕە ببیت! بە قوربان...

- ئەمیر، دووبارەی کردەوە:- ئا، ئا... پێویست بە تووڕەبوون ناکات.

ماریا ئالکساندرۆڤنا کە لە تووڕەییدا هەناسەی سوار بووبوو بە زەحمەت گوتی:- چییە؟ وادیارە بە شێتم دەزانن؟

ئەمە لە توانای بەشەر بەدەر بوو. ماریا ئالکساندرۆڤنا بەپەلە کورسییەکی بەچاو کرد، خۆی بەسەر کورسییەکەدا دا، بورایەوە. لەم کاتەدا هەرا و زەنایەک بەرپا بوو.

ناتالیا دمیترۆڤنا، لەبن لێوانەوە بە ئانا نیکولا یوڤنای گوت:

- لە تەریقی و شەرما بورایەوە ها!

بەڵام لەم دەمەدا، لەم دەمەدا کە هەرا و زەناکە گەیی بووە لوتکە کەسێک کە تا ئەو کاتە بێدەنگ بوو خۆی ئاشکرا کرد و ڕێک لەم کاتەدا دیمەنەکە گۆڕا و ڕەوتێکی دیکەی وەرگرت...

## فەسڵی چواردەیەم

زینائید، تەبیعەت و ئاکارێکی هەندێک خەیاڵی هەبوو، کەسێکی زۆر سۆزدار و هەستیار بوو، نازانم ئاخۆ هۆی ئەمە ئەوە بوو کە ماریا ئالکساندروڤنا گوتەنی زینا زیاد لە پێویست بەرهەمەکانی ئەم شەکسپیرە گەوجەی لەگەڵ مامۆستاکەی خۆیدا دەخوێندەوە. یان هۆی دیکەی هەبوو. بەهەرحاڵ دەبێت ئەوە بگوترێت کە زینا هەرگیز بە درێژایی ژیانی خۆی لە موورداسوف دا، ڕێگەی بەخۆی نەدابوو بەم شێوە ڕۆمانسیە، تۆ بڵێی بەم قارەمانیە ڕەفتار بکات کە نها باسی دەکەین.

زینا لە ناکاوا، بەوپەڕی هەڵچوونەوە، کە ئازای دەلەرزی ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، نیگای تیژ، تووڕەبوون هێندەی دی جوانی کردبوو، هاتە پێشەوە. بێئەوەی گوێ بەو نیگایانە بدات کە بڕابوونە ئەو، لە جەرگەی ئەو بێدەنگیەدا کە لە ناکاوا باڵی بەسەر هۆڵەکەدا کێشا، لە دایکی هاتە پێشەوە. دایکی یەکسەر بەهاتنی کیژەکەی وەخۆهاتەوە و چاوی هەڵێنا. زینا گوتی:- دایکە گیان، ئەم درۆ و دەلەسەیە لەپای چی؟ بۆچی بەم درۆ و دەلەسانە، خۆت عەیبدار دەکەیت؟ شتەکان هێندە بێ تام بوون، کە بەهیچ شێوەیەک نایەنە داپۆشین! ئاسمان بدڕێت بە لێفە پینە دەکرێت!

ماریا ئالکساندروڤنا، بەزەحمەت لەسەر کورسییەکەی ڕابوو، بەترسەوە هاواریکرد:- زینا! زینا! ئەوە چیتە؟ تۆزێ وەخۆ وەرەوە.

زینا، لەسەر قسەکەی خۆی ڕۆیی:- دایکە من پێشوەختە پێم گوتیت کە من تەحەمولی ئەم ڕیسوایی و ئابڕووچوونە ناکەم، ئاخر بۆچی خۆت سووک دەکەیت، چما دەتەوێت لەوەی پتر خۆت لەکەدار بکەیت؟ دایکە دڵنیابە من هەموو خەتایەکە لە ئەستۆ دەگرم، چونکە من لەم مەسەلەیەدا گوناهبار و خەتاباری یەکەمم. من بە ڕەزامەندی خۆم زەمینەم بۆ چنینی ئەم پیلانە چەپەڵە خۆشکرد! تۆ دایکیت. تۆ منت خۆشدەوێت، تۆ دەتویست بەشێوازی تایبەتی خۆت من خۆشحاڵ بکەیت. تۆ، تا ئێستاش دەشێت ببەخشرێیت، بەڵام من، من هەرگیز...

- زینا، ئەوە تۆ چ دەڵێیت، ئاگات لە خۆیە؟! خۆا مەرگ خوا! دەمزانی ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەم خەنجەرەم بەدڵدا دەکرێت!... زینا چییە، دەتەوێت لە بنی کولەکەکە بدەیت!...

- ئەرێ دایکەگیان، دەمەوێت لە بنی کولەکەکە بدەم، هەموو شتەکان لە قاو بدەم... من تازە حەیام چوو، ناوم زڕا، تۆش لەکەدار بوویت!...

– زینا تۆ موبالەغە دەکەیت! حاڵت باش نییە، خۆیشت نازانیت چ دەڵێیت! چ پێویست دەکات دان بە هەموو شتێکدا بنەیت؟ بەهەرحاڵ، نە ئابڕوومان چووە و نەهیچ... من بۆتی دەسەلمێنم کە هیچ ئابڕووچوونێک لە ئارادا نییە، من دڵنیات دەکەم کە ئابڕووی ئێمە نەچووە.

زینا، بەڕاوێژێک کە لە تووڕەییدا دەلەرزی، گوتی:– نەخێر دایکە گیان! نامەوێت لەبەردەم ئەم خەڵکەدا، کە لە دید و بۆچوونەکانیان بێزارم، کە بۆ ئەوە هاتوون بۆ ئێرە تا پێمان خۆشبن، بێدەنگ بم. نامەوێت گوێم لە ڕیا و درۆکانیان، لە قسە و قسەڵۆکەکانیان ببێت و لەکەدارم بکەن. کامەیان زۆر شەریفە، ئامادەیە کارێکی سێ قاتی ناشیرینتر لە کارەکەی ئێمە ئەنجام بدات! هەرهەموویان ئامادەن هەر کارێکی دزێوتر لە کارەکەی ئێمە بکەن، ئیدی بەچ هەقێک ڕێگە بە خۆیان دەدەن حوکم لەسەر ئێمە بدەن؟!

لە هەموو لایەکەوە دەنگ بەرز بووەوە:– وەڵا بابە خۆشت گۆ! نۆبەتی ئەو قەوانەیە!... تۆ بڕوانێ بڕوانێ، دەیانەوێت دەستە چەورەکەی خۆیان بەسەر ئێمەدا بسوون! ئەم کیژە سووکایەتیمان پێدەکات!

ناتالیا دمیتروڤنا گوتی:– بەڕاستی قسەی دەمی خۆی نازانێت، خۆیشی نازانێت چی دەڵێت.

پیاو هەق بڵێت، قسەکانی ناتالیا دمیتروڤنا بەجێ بوون. ئاخر ئەگەر زینا ئەو ژنانەی بە شایستەی ئەوە نەدەزانی کە قسە لە کاروباری ئەو بکەن، چ پێویستی بەوە دەکرد ئەو قسانە بکات و لەبەردەم ئەواندا هەموو ئیعترافێک بکات. بەبۆچوونی خەڵکە عاقڵەکەی مورداسوف، پێیان وابوو زینا لەم کارەیدا پەلەی کردبوو. ئەلهەقی ماریا ئالکساندروڤنا هەموو کارەکەی تێک دابوو، ئەویش زۆر پەلەی کردبوو، فەخر فرۆشییەکی زۆری کردبوو. ئەوەندە بەس بوو کە بەو پیرەمێرە خەڵەفاوە ڕابوێرێت و بە سەلامەتی بەڕێی بکات! ئیدی شتەکە بەبێدەنگی دەبڕایەوە و تەواو دەبوو! بەڵام زینا، نە پرسی بەکەس کرد و نە گوێی لە کەس گرت، بە ئانقەست ڕووی دەمی کردە یارۆی پیرەمێرد کە لە ڕووی ڕێز و نەزاکەتەوە، بە شپرزەیی لەبەری هەستا. زینا گوتی:– ئەمیر! ئەمیر، بمان بوورە، ئێمە فریومان دایت، هەڵمان خەڵەتاندی، خستمانیتە داوەوە!

ماریا ئالکساندروڤنا، شێت ئاسا هاواریکرد: بەدبەخت بۆ نایبڕیتەوە!

ئەمیر، حایر و حەپەساو، بەدەم بۆڵە بۆڵەوە گوتی:– خانمۆڵێ، خانمۆڵێ، کچە بەڕێزەکەم!

بەڵام تەبیعەتی مەغروورانە و سەرکێشانە و خەیاڵپێسانەی زینا، ئەوی لە سنووری ئەدەب – کە بۆ ئەو هەل و مەرجە پێویست بوو – دەرکرد. تەنانەت دایکی خۆیشی کە لەو کاتەدا زۆر بە

ئیعترافەکەی کچەکەی قەڵس بوو، لەبیر کردبوو. گوتی:- بەڵێ ئەمیر، ئێمە هەردووکمان فریومان دەدایت: دایکم فریوی دایت چونکە دەیویست وادارت بکات کە من بخوازیت، منیش فریوم دایت چونکە بەوە قاییل بووم. مەی و شەرابت دەرخوارد درا؛ من ڕازی بووم لە بەردەمتدا گۆرانی بڵێم و نازفرۆشی بکەم، نازی جوانیت پێبفرۆشم... لەبەردەم، پاڤل ئالکساندروفیچ گوتەنی لە بەردەم تۆی لاوازی خەڵەفاودا، هەڵبەتە بە تەماحی سەروەت و سامانەکەت، بە تەماحی ئەو پێگە و نازناوەی هەتە، نازناوی ئەمیر، دەمانویست کڵاوت لەسەر بنەین، هەڵبەتە ئەمە کارێکی زۆر نزم و چەپەڵ بوو کە من یەک لەباری خۆم دانی پێدا دەنەم و زۆری لێ ژێوانم. بەڵام ئەمیر باوەڕ بکە، سوێند دەخۆم کە من ئەم کارەم بەنیازی دەسکەوتی نزم ئەمەم نەکردووە، بەڵکو دەمویست... ئەوە چ دەڵێم؟ ئاخر پاکانە کردن خۆی لە خۆیدا دووجار شەرمە! بەڵام ئەمیر من بەڕاشکاوی ڕایدەگەیەنم ئەگەر من شووم بە تۆ بکردایە، هیچ خێرێکم لەتۆ نەدەبینی، هیچ دەسکەوتێکم لەتۆ نەدەبوو، دەبوومە گەمەی دەستی تۆ، بە کارەکەری تۆ، بە سەماکاری تۆ، بە کوێلەی تۆ... ئیدی من سوێندم خواردبوو، سوێندەکەشم دەبردە سەر!

لەم کاتەدا گریان لە ئەوکی کیژێ گیرا، لە قسەکردن کەوت، هەموو میوانەکان حەپەسابوون، لەتۆوایە کەڕ و لاڵن، بەچاوی ئەبڵەقەوە تەمەشای ئەو دیمەنەیان دەکرد. ئەم کارە گۆنگ و نامەفهووم و لە ناکاوەی زینا هەمووانی حەپەساندبوو. بەڵام ئەمیر کە لە نیوەی قسەکانی زینا حاڵی نەبووبوو، زۆر نیگەران و پەرێشان بوو، تەنانەت ڕوندک لە چاویا قەتیس ما. لەبن لێوانەوە گوتی:- بەڵێ، بەڵێ، ئەگەر تۆ بەو ڕادەیە مایلی شوو بەمن بکەی، ئەوا هیچ لارییەکم لەم کارە نییە و ئەو کارە بۆ من شانازییەکی گەورەیە! بەڵام من دڵنیات دەکەمەوە، کە ئەم بابەتە ڕێک وەکو ئەوەیە کە لە خەوا دیتبووم، کە خەوێکی جوان و خۆش بوو. من لە خەونەکانمدا زۆر شت دەبینم! ئیدی ئەم پەشۆکان و پەرێشانیەی بۆ چییە؟ من وادیارە سەر لەمە دەرناکەم.

ئەوسا ئەمیر ڕوویکردە موزگلیاکوف و پرسی:- باشە ئەم هەموو شپرزە بوون و زویر بوونەی بۆ چییە؟ وابزانم من سەر لەم بەزم و ڕەزمە دەرناکەم برادەری ئازیز، بۆمی ڕوون ناکەیتەوە؟...

زیناش ڕوویکردە موزگلیاکوف و لەسەر قسەکانی ڕۆیی:- تۆش پاڤل ئالکساندروفیچ، کە من لە ساتێکی تایبەتیدا بڕیارم دابوو بە مێردی ئایندەی خۆمت هەڵبژێرم، تۆیەک کە نها بەو شێوە ڕکونی و بوغزنە تۆڵەت لێکردوومەتەوە! ئاخر چۆن توانیت بچیتە ڕیزی ئەو ژنانەوە کە دەیانەوێ پێستم بگروون و ئابڕووم بەرن! خۆ تۆ دەتگوت خۆشت دەوێم! بەڵام خۆ من بۆم نییە دادگایت بکەم و تاوانبارت بکەم! من لە تۆ خەتابارترم. بە بەڵێنی درۆوە دەستی دەسیم پێکردیت. هەر هەموو ئەو قسانەش کە ئەم بەیانیە پێمگوتیت ڕیا و درۆ بوو! من هیچ کاتێک تۆم خۆش

نەویستووە، کە ڕازی بووم بەوەی شووت پێبکەم، تەنیا لەبەر ئەوە بووە بتوانم لێرە، لەم شارە نەفرەتیە بڕۆم؛ دوور بکەومەوە... بەڵام باوەڕ بکە، سوێند دەخۆم ئەگەر شووم پێکردبای، ژنێکی میرەبان و دڵسۆز و وەفادار دەبووم... تۆ زۆر زاڵمانە تۆڵەت لەمن کردەوە، ئەگەر بەم کارە بڕینت ساڕێژ بووە، بڕۆ شانازی پێوە بکە...

موزگلیاکوف هاواریکرد:- زینا ئاتاناسیڤنا!

- ئەگەر تا ئێستاش ڕقت لە من دەبێتەوە...

- زینائید ئاتاناسیڤنا!!!...

زینا کە بە تۆپزی جڵەوی ڕووندکەکانی خۆی دەگرت، لەسەری ڕۆیی:- ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان منت خۆشویستبێت...

- زینا ئید ئاتاناسیڤنا!!...

ماریا ئالکساندروڤنا، بەدەم گریانەوە گوتی:- زینا، زینا! کچەکەم!...

موزگلیاکوف، کە گەیی بووە لوتکەی هەڵچوون و کەلەجان، گوتی:- زینا ئاتاناسیڤنا، من بێ ویژدانم، تووتەڵە سەگم، تووتەڵە سەگ و تەواو!...

هەرا و زەنا، هاواری سەرسامی و ناڕەزایی بەرز بووەوە، موزگلیاکوف کە وشک بووبوو، لە جێی خۆی ڕەق ڕاوەستابوو، زمانی چوو بووە کلیلە و ورتەی لێوە نەدەهات...

خەڵکانی تەبیعەت لاواز، گوێڕایەڵ و ملکەچانی بەردەوام، کە بڕیار دەدەن تووڕە ببن و ناڕەزایی دەربڕن، کە بڕیار دەدەن هەڵوێست بنوێنن و پایەداری و خۆڕاگری خۆ نیشان بدەن، کاردانەوەیان زۆر توندە، کوێرانە و شێتانە پەلامار دەدەن، لە هیچ ناپرینگێنەوە، شان دەدەنە بەرکارێک کە لە توانای ئەواندا نییە. بەڵام ئەو جۆرە خەڵکە هەڵچووە، کە دەگەنە خاڵێکی دیاریکراو، وەکو ئەوەی لەخۆی بترسێت، لە ناکاوا سارد دەبێتەوە و حایر و حەپەساو لە خۆی دەپرسێت: " ئەرێ من بۆ ئەم کارەم کرد؟ ". لە ناکاوا خاو دەبێتەوە، ئازای دادەهێزرێت، هەرەس دەهێنێت، دەکەوێتە ناڵین و هەنسک هەڵدان، لە پاساو دەگەڕێت، دەکەوێتە سەرچۆکان، داوای بووردن دەکات، دەپاڕێتەوە، ئارەزوو دەکات ڕەوشەکە وەکو جارانی لێ بێتەوە، بگەڕێتەوە دۆخی خۆی. تەقریبەن موزگلیاکوف، تا ئێستا لە هەمان حاڵەتدا دەژیا، ئەو حاڵەی لێهاتبوو. ئەو لە تووڕەییدا شێت و هار بووبوو، وەختایەک ڕق و کینە و خەشی خۆی ڕشت، هەستی پەشیمانی دایگرت، دووچاری عەزابی ویژدان بوو، قێزی لەخۆی دەبووەوە، هەستی کرد قسەکانی دوایی زینا، هەڵوێستە

چاوەڕوان نەکراوەکەی، ئەمی لەبن هێنا، دای ڕماند، ئیدی بایدایەوە و ئەمما بادانەوە. لە پەشیمانیدا هاواریکرد:- زینائید ئاتاناسیڤنا من کەرم... نا با غەدر لە کەر نەکەم! کەر چییە؟ من زۆر لە کەر کەرترم!بەڵام زینا من بۆتی دەسەلمێنم، بۆتی دەسەلمێنم کە کەریش دەتوانێت هەڵوێستی مرۆڤدۆستانەی هەبێت!... ئاپۆ گیان! من درۆم لەگەڵ کردیت! من درۆم لەگەڵ کردیت! تۆ خەونت نەبینی بوو، تۆ لە ڕاستیدا لە بێداری تەواودا خوازگاری زینات کردبوو، من، منی هیچ و پووچ لە ڕکونی و کینەکێشی خۆما، بە مەبەستی تۆڵە ئەستێنی، لەوەی کە خوازگاری منیان ڕەت کردبووەوە، قەناعەتم پێکردیت کە ئەوەی تۆ باسی دەکەیت، هەر هەموویت لە خەوا دیتووە، فڕی بە ڕاستیەوە نییە.

ناتالیا دمیتروڤنا، دەمی لە پەناگوێی ئانا نیکولایوڤنا نا و گوتی:

- ئەم شتە سەیرانە چییە ، بە گوێی ئێمەدا دەدرێن!

ئەمیر، لە وەڵامی موزگلیاکوف دا گوتی:- برادەری ئازیز، تکایە هێور بە هێور! تۆ بەم هات و هاوارەت منت ترساند. دڵنیابە تۆ هەڵەی، بە سەهو چوویت... ڕاستت دەوێت، من ئەگەر پێویست بکات ئامادەم زەماوەند بکەم، باشە تۆ خۆت بەمنت نەگوت ئەوە هەمووی خەون بووە؟...

-ئەی خودایە... چۆن پێچەوانەی ئەوەت بۆ بسەلمێنم؟ ئێوە پێم بڵێن چۆن قەناعەتی پێبکەم؟ ئاپۆ، ئاپۆ گیان! ئاخر ئەمە بابەتێکی زۆر هەستیارە، مەسەلەیەکی خێزانی زۆر هەستیارە تکایە لێم تێبگە! باش بیری لێبکەوە!

- لاریم نییە گیانەکەم! بیری لێدەکەمەوە، سەبرێکم لێبکە، با هەموو بابەتەکە بە ڕیز وەبیر بێنمەوە. لە هەوەڵەوە تیوفیلی عەرەبانچیم بینی...

- ئاپۆ، مەسەلەکە پەیوەندی بە تیوفیلەوە نییە!

- باشە گریمان نها هیچ پەیوەندییەکمان بە تیوفیلەوە نییە. پاشان ناپلیونم بینی. دوای ئەوە وابزانم دەستمان بە چاخواردنەوە کرد و ژنێک هات هەموو قەندەکەی ئێمەی خوارد...

موزگلیاکوف، کە خوای نەمابوو، قسەکەی پێبڕی و گوتی:- ئاپۆ، واز لەمە بێنە، ماریا ئالکساندروڤنا بەخۆی ئەوەی سەبارەت بە ناتالیا دمیتروڤنا بۆ گێڕاینەوە. خۆ من لەوێ بووم، بە گوێی خۆم گوێم لە هەموو قسەکان بوو! من خۆم لە ئێوە شاردبووەوە، لە کونی دەرگاکەوە تەمەشام دەکردن و گوێم لێتان دەگرت...

ناتالیا دمیتروڤنا بە تووڕەیی هەڵیدایێ:- چۆن؟ ماریا ئالکساندروڤنا، تۆ بە ئەمیرت گوتووە گوایە من لە شەکردانەکەی تۆ قەندم دزیوە؟ یانی من بۆ دزینی قەند بۆلای تۆ دێم؟

ماریا ئالکساندروڤنا کە گەیی بووە لوتکەی نائومێدی هاواریکرد:

- وازم لێبێنە!

- نەخێر وازت لێنایەنم ماریا ئالکساندروڤنا! تۆ مافی ئەوەت نییە لە عەلەیی من بدوێیت. من قەندی تۆ دەدزم؟ زۆر جاری دیکە بیستوومە ئەو بوختانە قۆڕانەت بۆ من کردووە! سوفیا پتروڤنا، هەموو شتێکی بۆ گێڕاومەتەوە. یانی من قەندم لە تۆ زیوە ها؟

ئەمیر هاواریکرد:- خانمینە واز بێنن، ئاخر ئەم شتە تەنیا زندە خەون بووە! من زۆرجار خەون دەبینم!

ماریا ئالکساندروڤنا بەڕاوێژی نەوی و لە بن لێوانەوە گوتی: کە کوپەڵەیەکی سەخیفیت!

ناتالیا دمیتروڤنا، گوتی:- چی؟ بووم بە کوپەڵەش؟ ئەدی تۆ چیت؟ دەمێکە بیستوومە کە بە کوپەڵە نێوم دەبەیت! من بەکێمانی مێردەکەم پیاوێکی ماقوولە، لە کاتێکا مێردەکەی تۆ گێلە پیاوێکە لەو گۆڕە...

ئەمیر کە وەکو سەرخۆش قسەکانی ئەم بەیانیەی ماریا ئالکساندروڤنای بیرکەوتەوە و لەبن لیوانەوە گوتی:- بەڵێ بەڵێ... ئێستا بیرم کەوتەوە... وشەی کوپەڵەش بەکاربرا.

ناتالیا دمیتروڤنا گوتی:- چۆن، تۆش سخێف بە ژنێکی ئەشراف زادە دەدەیت؟ بە چ هەقێ ئەوە دەکەی؟ ئەمیر ئەگەر من کوپەڵە بم، تۆ گۆج و ئیفلیجیت؟

- کێ؟ من؟ گۆج و ئیفلیجم؟

- بەڵێ، گۆج و ئیفلیجیت، ددانەکانیشت عەمەلیە. سەراپات عەمەلیە قوربان!

ماریا ئالکساندروڤنا هەڵیدایێ:- جگە لەوەش یەک چاوت هەیە!

ناتالیا دمیتروڤنا لەسەر قسەکانی ڕۆیی:- چونکە پەراسووت تەواو نییە، پەراسووبەندی تەختەیان بۆ داناویت!

- چرچ و لۆچەکانی ڕوخساری بە سپرینگ ساف کراوە!

- قژەکەشت هی خۆت نییە.

ماریا ئالکساندروڤنا لەسەری ڕۆیی:- ئەم گەوجە، سمێڵەکانیشی عەمەلییە.

ئەمیر، کە سەری لەو هێرشانە سوڕمابوو، هاواریکرد:- ماریا ستیبانوڤنا، بەلای کەمەوە کەپووم بۆ بێڵەوە! خۆ لووتم هی خۆمە، دۆستی ئازیز تۆ لە قاوت دام! ئاخر تۆ بە خەڵکیت گوت کە قژم دەستکردە!

- ئاپۆ!

- نا، نا، دۆستی ئازیز، نامەوێت یەک ساتی دیکەم لێرە بەند بم! ناتوانم لەوەی پتر لێرە بمێنمەوە... بۆ کوێم دەبەیت بمبە... تۆ منت بۆ کوێ هێناوە؟

ماریا ئالکساندروڤنا هاواری کرد:- هەی گەوج، خوێڕی!

ئەمیری داماو هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی:- خوا مەرگ خوا! نازانم بۆچی بۆ ئێرە هاتووم، ئێستا بیرم دەکەوێتەوە... برادەر خێرا بۆ شوێنێکی دیکەم ببە، دەنا ئازام هەڵدەوەشێننەوە! بەهەرحاڵ بیرۆکەیەکی تازە هەیە پێویستە تۆماری بکەم.

- بابڕۆین ئاپۆ، تا درەنگ نەبووە با بڕۆین، نها یەکسەر بۆ ئوتێلت دەبەم، خۆیشم لە گەڵتدا دێم...

- ئا، ئا، بۆ ئوتێل! بە دوعا کیژە نەشمیلانەکەم! هەر تۆ بە نەزاکەتی. کیژێکی نەجیبیت! دەی برادەری ئازیز بابڕۆین، ئەی خوا مەرگ خوا!...

پێویست بەوە ناکات باسی ئەو دیمەنە دزێوە بکەم کە دوای ڕۆیشتنی ئەمیر هاتە ئاراوە. خانمەکان بەدەم بۆڵەبۆڵ و جنێودانەوە بڵاوەیان لێکرد. ماریا ئالکساندروڤنا لە کۆتاییدا بەتاقی تەنیا لەنێو وێرانەی شکۆ و جەلالی ڕابردووی خۆیدا مایەوە! ئەفسووس! مخابن! هەرچی دەسەڵات، شۆرەت، حورمەت و عیزەت، سام و هەیبەتی هەبوو لە یەک شەودا بەبا ڕۆیی! ماریا ئالکساندروڤنا ئیدی بۆی دەرکەوت ئیدی ناتوانێت لەم گلانە هەستێتەوە. ئیدی کۆشک و تەلاری ستەم و زوڵمی لە مورداسوف دا بە تەواوەتی هەرەسی هێنا. چی بۆ ماوەتەوە؟ فەلسەفە ڕێسی!... خۆ ئەو فڕی بە فەلسەفەوە نییە. ماریا ئالکساندروڤنا ژیانی وەکو شێت و هاران بەسەر برد. زینا ڕیسوا بوو، دەبێت بە داستانی سەر زاران؛ ئاگری دۆزەخی بۆ دەخرێتەکار! بەڕاستی حەیاچوونە!

من وەکو نووسەرێکی بە ئینساف و دادپەروەر پێدڤیە ئەوە بڵێم کە ئەو کەسەی لە هەمووان پتر سووکایەتی پێکرا ئاناستازی ماتویوفیچ بوو کە سەرەنجام پەنای بردە ژوورێکی بچووک و تا بەیانی لەوێدا، لە سەرما هەڵلەرزی. بەهەرحاڵ ڕۆژ بووەوە، بەلام هیچ مژدەیەکی خێری پێنەبوو. نەگبەتی یان نایەت یان بە لێشاو دێت. نەگبەتی خۆشە، قۆرتەکانی ناخۆشە...

## فەسڵی پازدەیەم

خوا نەکات بەڵا بەکەس فێر بێت، ئیدی دەستبەردار نابێت. بەڵا خۆشە، قورتەکانی ناخۆشە، هەر نابڕێتەوە. ئایا ئەو ڕیسوایی و ئابڕووچوون و شەرمەزارییەی دوێشەو بە سەر ماریا ئالکساندروڤنا دا هات بەس نەبوو؟ نەخێر بەس نەبوو! چارەنووس بەڵایەکی زۆر مەزنتری بۆ حەشار دابوو!

لە سەعات دەی بەیانیەوە، لە ناکاوا لە سەرانسەری شارا مقۆمقۆیەک بڵاوە بووەوە، مقۆمقۆیەک کە کەس باوەڕی نەدەکرد، مقۆمقۆیەک کە لەلایەن خەڵکییەوە بەشادی و خۆشحاڵییەکی هۆڤیانە و کینەئامێزەوە پێشوازی لێکرا. مقۆمقۆیەک بوو، وەکو هەر یەکێک لەو دەنگۆیانەی دوای هەڕەشە و ناخۆشییەک بڵاو دەبێتەوە. لە هەر گۆشە و کەنارێکی شارەوە، ئەم قسانە دەکران: " چ شەرمەزارییەکە، حەیاچوونە! زۆر شەرم و شوورەییە! لە تامیان دەرکرد! "

ئەسڵی واریقاتەکە بەم ئاوایە بوو: بەیانی زوو، دەوروبەری سەعات حەوت، پیرەژنێکی داماوی بەلەنگاز، مایەی سۆز و بەزەیی، نائومێد و خەمین، چاو بەگریان بۆ ماڵی ماریا ئالکساندروڤنا هات، لە خزمەتکارەکەیان پاڕایەوە کە بەپەلە مادموزیل، تەنیا مادموزیل زینا بە ئەسپایی بێدار بکاتەوە، نەیەڵێت ماریا ئالکساندروڤنا وەخەبەر بێتەوە.

زینا ڕەنگ زەرد و پەشۆکاو، دڵ ترساو هات بۆلای پیرەژن.پیرەژن بۆی کەوتە سەرچۆکان، خۆی هاوێشتە سەر لاقی و غەرقی ماچ و فرمێسکی کردن، تکای لێکرد دەگەڵی بڕوات و بچێتە سەرینی فاسیا کە لەسەرە مەرگ و گیانەڵڵادایە. بەدەم گریانەوە پێی گوت: " ئەم شەو شڕ بوو. باوەڕ ناکەم یەک ڕۆژی دی بژی. " پیرەژن بەدەم گریە و زارییەوە بە زینای گوت کە ڤاسیا بەخۆی داوای کردووە زینا بێتە سەرینی تا بەرلە مردن خواحافیزی لێبکات و و گەردن ئازایی بکەن و تا بە هەموو فریشتەکان  و بەو عەشق و ڤیانەی کە جاران لە نێوانیاندا بوو سوێندی بدات کە ئەگەر نەیەتە سەرینی  لە نائومێدی و نامرادیدا دەمرێت. زینا بۆ یەک ساتیش ماتەڵ نەبوو، بەبێ هیچ دوو دڵی و چەند و چوونێک، بێئەوەی گوێ بەهیچ شتێک بدات، بێئەوەی لەوە بترسێت کە ئەم چوونەی لە گەڵ پیرەژندا، هەموو ئەو دوو زمانی و بوختانانەی بەسەر زاری خەڵکیەوە بوون دەربارەی نامەکانی و نابەجایی ڕەفتارەکانی بسەلمێنێت بە گەڵ پیرەژن کەوت.

شانێلێکی دا بە شانیا، بە هەڵەداوان و بێئەوەی دایکی ئاگادار بکاتەوە بەناو کوچە و کۆڵانەکانی شار کەوت، بەرەو هەژارترین گەڕەکی شار کەوتە ڕێ، گەییە چۆڵترین و خەمناکترین جادەی ئەو

گەڕەکە، لەوسەری جادەکەدا خانوویەکی پەڕپووت و کۆن و داڕوخاو هەبوو لە هەر چوار نکاڵەوە بەفر دەوری دابوو، لەجیاتی پەنجەرە دەلاقەی باریکی هەبوو کە زیاتر لە درز دەچوو تا لە پەنجەرە و دەلاقە.

لەو خانووە بچووکەدا، لە قوڵایی ژوورێکی بچووکی نزمی دیوار دووکەڵاوی دا کە موغەیرییەک نیوەی داگیر کردبوو، کوڕێکی گەنج کە پاڵتۆیەکی کۆنی پێدا درابوو، لەسەر تەختەبەندێکی کۆنی کاڵەوەبوو، لەسەر دۆشەکێکی تەنک ڕاکشابوو. ڕەنگ زەرد و زەعیف، ڕەنگی مردووی لێنیشتبوو، پرشنگی نەخۆشییەکی کوشندە لە چاوی دەبووەوە، دەستە لاوازەکانی وشک دەتگوت تەختەن. زۆر بەزەحمەت هەناسەی دەدا، خیزە خیزی سینگی، هەناسەی گوێگری تەنگ دەکرد. هەرچەندە نەخۆشی کەسیرەی کردبوو، سەروسیمای تەواو شێواندبوو، بەڵام دیاربوو کە کاتی خۆی کوڕێکی زۆر قۆز بووە. بەڵام نەخۆشی سیما جوانەکەی بەجۆرێ شێواندبوو، کە تەمەشات دەکرد بەزەییت پێیدا دەهاتەوە، کە ئەمە حاڵ و ڕەوشی هەر تووشبوویەکی نەخۆشی دیق و دەردەباریکەیە. دایکە پیرەکەی کە یەک ساڵی تەواو تا نها بەدیاریەوە بوو و هەر بە ئومێدی ئەوە بوو کوڕەکەی ئیفاقەی بۆ بێت و چاک ببێتەوە، ئەنجام گەییە قەناعەت کە کوڕەکەی چاک نابێتەوە و ماڵئاوایی لە دنیا دەکات. نها، خەمین و خەمبار، دەست لەسەر دەست، بێئەوەی تاقە ڕوندکێک بڕێژێت و گریە و زاری بکات بەدیار کوڕەکەیەوە وەستابوو، بەجۆرێ دەیڕوانیە کوڕەکەی لەتۆ وایە دەیەوێت بەچاو قووتی بدات، بە نیگا بیخواتەوە، بەڵام هەر سوکنایی نەدەهات، چونکە سوور دەیزانی هەمووی چەند ڕۆژێکی دیکەیە و کوڕە داماوەکەی، فاسیای ئازیزی دڵەکەی، دەمرێت و لە گۆڕستانی هەژاران، بە خاکی یەخبەنان دەسپێردرێت و دەخرێتە ژێر بەفرەوە، وێڕای ئەوەش هەر نەیدەتوانی باوەڕ بەم شتە بکات. بەڵام ڤاسیا لەو دەمەدا تەمەشای دایکی نەدەکرد. جۆرە شادییەکی عیبادەت ئاسا بە ڕوخسارە لاوازەکەیەوە خویا ( دیار ) بوو. چونکە نها ئەو کەسەی لە سەرێنی خۆیدا دەبینی کە بەدرێژایی یەک ساڵ و نیوی نەخۆشیەکەی، شەو و ڕۆژ، لە خەو و لە بێداریدا، بە سوێی دیداریەوە دەتلایەوە. ئیدی دڵنیابوو مادام لە سەرە مەرگا وەکو فریشتەی ئاسمان هاتووەتە دیدەنی، مانای وایە لێی خۆشبووە، گەردنی ئازا کردووە.

زینا دەستەکانی دەگوشی، بەدیارییەوە دەگریا، بەڕوویا دەگرژییەوە، بەچاوە جوان و ئەفسووناوییەکانی دای دەبێژت. هەموو بیرەوەرییەکانی ڕابردووی لە دوا نەفەسی ژیانیدا لەلا زندوو بووەوە.

دڵی لە نوێ زندوو بووبووەوە، لە تۆوایە ژیان بەرلەوەی ئەم بوونەوەرە عەزابدیدەیە تەرک بکات، بیەوێ دەرفەتی ئەوەی بدات کە تاڵاوی کۆچی دوایی و عەزابی مەرگی خۆی بنۆشێت. گوتی:-

زینا، زینا گیان! بۆم مەگری! خەفەتم بۆ مەخۆ! بەم کارە ئەوەم بیر مەخەوە کە بەم زووانە دەمرم. حەز دەکەم، چۆن ئێستا تەمەشای تۆ دەکەم، بەو ئاوایە، بەدەم تەمەشاکردنی تۆوە، بەبێئەوەی بەخۆ بزانم بمرم. وازم لێبێنە، چونکە وا هەست دەکەم ڕۆحمان دووبارە یەکانگیر بوونەتەوە، تۆ منت بەخشیوە و منیش هێشتا دەتوانم دەستەکانی تۆ وەکو جاری جاران ماچ بکەم، هەنگێ مردن هەقە و هەستیشی پێناکەم! زینا گیان لەبەرچاوم لاواز بوویت! ئەوپەڕی میهر و دڵسۆزی لە نیگا فریشتەییەکانتدا بەدی دەکەم! پێکەنینەکەی جارانی خۆت لە بیرە؟ لە بیرت ماوە؟

ئۆف زینا! من داوای بوردن لە تۆ ناکەم! من نامەوێت بیر لە ڕابردوومان بکەمەوە... زینا گیان ڕەنگە تۆ لە من بووراببیت، بەڵام من تا نهوژی نەمتوانیوە هەرگیز لەخۆم ببورم!زینا گیان من شەوانی زۆر و بێ کۆتاییم بەبێداری بەڕێ کردووە، شەوانی سامناک، بەدرێژایی ئەو شەوانە من لێرە، لەسەر ئەم تەختە خەوە، یەک تەختە ڕاکشاوم، لە فکران ڕاچووم، دەبیرەوە چووم و گەییومەتە ئەو قەناعەتەی مردنم لەم ژیانە باشترە، باوەڕ بکە زۆر باشترە! زینا گیان من بە کەڵکی ژیان نایەم.

زینا دەگریا، بەبێدەنگی دەستەکانی نەخۆشەکەی دەگوشین، لەتووایە خۆزی دەخوازێت کە بێدەنگ بێت، قسە نەکات.

نەخۆشەکە لەسەری ڕۆیی:- فریشتەکەم چما دەگریت؟ لەبەر ئەوەی دەمرم؟ باشە ڕابردووی ئێمە نەمردووە، زۆر لەمێژ نییە کە نێژراوە؟! تۆ لە من بە ئاوەزتریت، دڵت لە من پاکترە، هەروەها لەمێژە پەیت بە بەدی و کڵۆڵی من بردووە، چۆن دەشێت هێشتا هەر خۆشت بوێم؟ چۆن بەرگەی ئەو تەسەورە بگرم کە تۆ دەزانیت من چ مرۆڤێکی سائەقڵ و بچووک بووم، زەحمەتە! من زۆر لە خۆبایی و دەم پیس بووم، ڕەنگە جۆرە لەخۆبایی بوونێکی پاک بووبێت! ئۆف گیانەکەم ژیانم هەر هەمووی خەون و خەیاڵپلاو بوو! من نەدەژیام، بەڵکو بە بەردەوامی خەونم دەبینی، زۆر قۆڕە دەماخ و ڕۆحزل و بە دەعیە بووم، ڕقم لە خەڵکی بوو، ئاخر نازانم بە چییەوە بەخۆ دەفشیم و منەتم بەسەر خەڵکیدا دەکرد و خۆم لەوان بە گەورەتر دەزانی؟ خۆیشم نازانم، ئایا بە دڵپاکی و سۆزی پاکەوە دەنازیم؟ خۆ هەمووی زندە خەون بوو! زینا گیان هەموو ئەم شتانە هی ئەو سەردەمانە بوو کە پێکەوە، بە دوو قۆڵی سەکسپیرمان دەخوێندەوە و لە دنیای خەیاڵدا دەژیاین بەڵام کە مەسەلە هاتە سەر کار، ئیدی بەخۆت، ئەو بەها ئاکاری و ئەخلاقیانەت بینی کە لاف و گەزافم پێوە لێدەدا.

زینا گوتی:- بەسە بەس، بەو ئاوایەش نییە کە تۆ دەیڵێیت و دەتەوێ هەموو شتێک کەڕەتی سفر بکەیت! تۆ بە بەلاش دەتەوێت خۆت عەزابکوژ بکەیت!

-زینا چما نایەڵیت قسە بکەم! دەزانم لێم بوراویت، ڕەنگە زۆر لەمێژ بێت لێم خۆش بووبێت، بەڵام تۆ هەڵت سەنگاندووم و بۆت دەرکەوتووە من چ کەسێکم، ئەم بابەتە عەزابم دەدات. زینا من شایستەی ڤیانی تۆ نەبووم! تۆ کەسێکی مەزن، بە هەڵوێست بوویت، چویتە لای دایکت، پێت گوت کە یان بۆ من دەبیت یان بۆ گڵ! من دڵنیابووم کە قسەی خۆت دەبەیتەسەر، چونکە گوفتار و کردارت یەکن، قسەی تۆ زێڕی خالیسەیە و ژەنگ هەڵناهێنێت! زینا گیان من ئەو کاتە نەمدەزانی کە تۆ بە شووکردن بەمن فیداکارییەکی گەورەت دەکرد! تەنانەت من ئەقڵم بەوەدا نەدەشکا کە ئەگەر تۆ شووت بەمن بکردبایە، لەگین بوو لە برسا بمردبایت. من بەجۆرێ ڤیان لە کەللەی دابووم کە تەنیا بیرم لە یەک شت دەکردەوە، ئەویش ئەوە بوو کە شوو بە شاعیرێکی گەورە دەکەیت، شوو بە کەسێک دەکەیت کە لە دڵی خۆیدا بە ئومێدی ئەوە بوو ببێت بە شاعیرێکی گەورە! هیچ حیسابێکم بۆ ئەو پاساوانە نەدەکرد کە بۆ دواخستنی زەماوەندەکەمان دەتهێنانەوە... کە تکات دەکرد کەمێک سەبر بکەین... ئیدی عەزابم دەدایت، دەم چەوساندیتەوە، لۆمەم دەکردیت، سووکایەتیم پێدەکردیت. تا کار گەییە ئەوەی کە بەو نامەیە هەڕەشەت لێبکەم، ئەلهەقی لەو کاتەدا زۆر دڵڕەش و بودەڵەش نەبووم ها! تەنیا کەسێکی هەندێک سەتحی بووم... مەگەر هەر خوا بزانێت چەند قێزت لێم بووەتەوە!زینا گیان خێری پێوەیە کە من خەریکە دەمرم! خێری پێوەبوو کە شووت بەمن نەکرد! ئەگەر شووت بەمن کردبا ئەگەری ئەوە هەبوو کە بە فیداکارییەکەی تۆم زانیبا، ڕەنگە بەهۆی کلۆڵی و داماوی خۆمەوە تاڵاوی دنیام پێ نۆشتبای! ڕەنگە دوای چەند ساڵێک لێت بێزار بوومایە و بەو کۆسپەم زانیبایت، کە ڕێگریت لە گەیشتنی من بە ئامانج و هاتنەدی پەیامەکەم و هەنگێ ڕقم لێت بوایەتەوە! بەڵام ئێستا باشترە، هیچ نەبێت، ڕوندک دڵی شۆردمەوە، بەلای کەمەوە ڕۆحی پاک کردمەوە! ئۆف زینا گیان! وەکو جاری جاران خۆشت بوێم! بەلای کەمەوە لەم دوا ساتانەی ژیاندا ئەوەم پێ ڕەوا بدینە!... هەرچەندە دەزانم کە شایستەی عەشق و ڤیانی تۆ نیم... بەڵام... بەڵام... ئۆف فریشتەکەم!

زینا لە ماوەی ئەو قسانەدا چەند جارێک هەولیدا بە گریان و زاری خۆی قسەکانی پێ ببڕێت و بێدەنگی بکات، بەڵام نە بە قسەی دەکرد و نە گوێی لێدەگرت. ناڕەحەت بوو، دەیویست پریاسکەی دڵی بۆ زینا بکاتەوە و ئیعتراف بە هەموو شتێک بکات. هەرچەندە بە زەحمەت قسەی بۆ دەکرا، هەناسەی تەنگ دەبوو، دەنگی دەگیرا، بەڵام هەر درێژەی بە قسەکانی دا.

زینا گوتی:- ئەگەر تووشی من نەبوایەی، منت نەناسیبایە حەزت لێنەدەکردم و تووشی ئەم حاڵە نەدەبوویت! نازانم بۆ تووشی یەکدی بووین؟!

نەخۆشەکە لە سەر قسەکانی ڕۆیی:- نە گیانەکەم نا... خۆت سەرزەنشت مەکە! خۆت بە سەبەبکاری مردنی من مەزانە. کەس خەتابار نییە تەنیا خۆم نەبێت! خۆم بە خۆمم کرد، خۆپەرستی من لە هەموو سنوورێک تێپەڕی بوو! چەند کەسێکی ڕۆمانسی و خەیاڵی بووم! زینا باسی چیرۆکی گەوجانەی ژیانی منیان بۆ گێڕاویتەوە؟ گوێبگرە، سێ دانە ساڵ بەر لە ئێستا، پیاوێک لێرە زندانی بوو، پیاوێکی تاوانبار، هیچ و پووچ، خوێڕی و پیاوکوژ بوو، لە دێو نەدەترسا، بەڵام وەختایەک سەرە هاتەسەر سزدانی، ترسنۆکترین و بێ غیرەت ترین ئینسان دەرچوو. کە زانی نەخۆشان سزا نادرێن، هەستا مەی پەیدا کرد، توتنی تێکرد، ئیدی ئەو گیراوەیەی خواردەوە. دوای خواردنەوەی گیراوەکە تووشی کۆکەیەکی وەها بوو کە خوێنی هەڵهێنا، ئیدی ئەمە بەردەوام بوو، سییەکانی هەویان کرد، گوێزرایەوە بۆ نەخۆشخانە، دوای چەند مانگێک نەخۆشی دەردەباریکە کەسیرەی کرد و مرد. فریشتەکەم، من هەمان ئەو ڕۆژەی، کە لە بیرتە دوای نامەکە، هەمان ئەو زندانیەم بیرکەوتەوە، بڕیارم دا چاو لەو بکەم... بەهەمان شێواز خۆم بکوژم. بەبۆچوونی تۆ دوای ئەوەی کە زانیت تووشی دەردە باریکە بووم، بۆچی خۆم نەخنکاند، چما سەری خۆم بە گۆمێکا نەکرد؟ لەبەر ئەوە بوو کە لە مردنی ڕاستەوخۆ دەترسام؟ ڕەنگە وابووبێت. بەڵام زینا گیان من خۆم هەست دەکەم جۆرە هەڵچوونێکی شێتانە و ڕۆمانسیانە ڕۆڵی لەم مەسەلەیەدا هەبووە، لەو دەمەدا لە دڵی خۆمدا دەمگوت: چەند دیمەنێکی جوانە لەسەر حەسیرێک بەدەم نەخۆشی دیقەوە ڕاکشابم و چاوەڕوانی مەرگ بکەم، وام وێنا دەکرد تۆ خۆت عەزاب دەدەیت، بەزەییت بە حاڵمدا دێتەوە، سوێ لەوە دەخۆیت کە تۆ سەبەبکاری ئەم نەخۆشیەی منیت، بە هەڵەداوان دێیت و لە هەنبەری مندا چۆک دادەدەیت و پەشیمانی خۆت دەردەبڕیت، من لێت دەبوورم و پاشان لە باوەشی تۆدا دەمرم... زینا گیان بیرکردنەوەیەکی گەوجانە بوو، زۆر کەرانە بوو. وانییە گیانەکەم؟

زینا گوتی:- باسی ئەو شتانە مەکە! تۆ وانیت! با باسی ئەو شادیانە بکەین کە پێکەوە بەسەرمان برد.

-دۆستی ئازیز، من خۆم دەزانم کوێم دێشێت! دەمەوێ دەردی دڵی خۆم هەڵڕێژم، ئەم هەموو خەمەی دڵ بەکێ بڵێم! من یەک ساڵ و نیوە تۆم نەدیتوە! دەمەوێ گرێی دڵی خۆمت بۆ بکەمەوە. ئاخر لەو کاتەوە، لەو کاتەوە تەنیای تەنیا بووم، تاقە چرکەیەک نەبووە بیر لەتۆ نەکەمەوە. دەزانی چییە زینا گیان؟ پڕ بەدڵ حەزم دەکرد کارێک بکەم کە بەدڵی تۆ بم، وادارت بکەم کە بۆچوونی

خۆت سەبارەت بەمن بگۆڕیت. من تا ئەم دواییانەش باوەڕم نەدەکرد کە دەمرم. ئاخر من لە پڕ و بە کەڕەتێ لە پەل و پۆ نەکەوتم، من ماوەیەکی زۆر بەدەم نەخۆشی دەردە باریکەوە ڕێم دەکرد، کارم دەکرد، بیرم لە پرۆژەی گەورە دەکردەوە! بۆ نموونە ئارەزووی ئەوەم دەکرد ببمە شاعیرێکی نێودار و قەسیدەیەکی شاکار لە گۆڤاری وەرزنامەی نیشتمان دا ( گۆڤارێک بوو کە بیلنسکی دەری دەکرد ) قەسیدەیەک بێت لە دنیادا وێنەی نەبێت؛ دەمویست هەموو هەست و سۆز و گودازی خۆم، هەموو ڕۆحی خۆم لە بۆتەی ئەو قەسیدەیەدا بتوێنمەوە، تا هەتا هەتایە تۆ لە هەر کوێ بیت، لە گەڵتدا بم. تا لە ڕێی شیعرەکانمەوە بە بەردەوامی خۆمت بیر بخەمەوە. بەڵێ جوانترین خەونی من ئەوە بوو کە دواجار لە حوکمی خۆت سەبارەت بەمن ژێوان ببیتەوە و لە دڵی خۆتدا بێژی: " نەخێر، ئەو بەو ڕادەیەش خراپ نەبوو کە من وێنام کردبوو! " بیرکردنەوەیەکی گەوجانەیە زینا گیان، گەوجانە نییە؟

زینا گوتی: نا، نا ڤاسیا، وانییە!...

هەنگێ زینا خۆی بەسەریدا دا و کەوتە ماچ کردنی دەستەکانی .

– پەکو لەو کاتانەدا چەندم غیرە دەکرد! وام وێنا دەکرد کە ئەگەر شتێک دەربارەی شووکردنی تۆ بژنەوم ئیدی دنیا ئاخر دەبێت و دەمرم!! سیخوڕیم بەسەرەوە دەکردیت، خەڵکم دەنارد کە تاقیبت بکەن، تەمەشای ئەو بکە ( ئاماژەی بۆ دایکی کرد ) بە بەردەوامی دەهات بۆلای تۆ، زینا گیان ئاخر تۆ موزگلیاکوفت خۆش نەدەویست، وا نا؟ فریشتەکەم ئاخۆ وەختایەک مردم یادم دەکەیتەوە؟ من دەزانم یادم دەکەیتەوە، بەڵام ساڵان دەبوورن، ئیدی دڵت سارد دەبێتەوە، ئەوسا زستان بەسەر ڕۆحتدا دادێت و من لەبیر دەکەیت زینا گیان!...

–نا، نا، هەرگیز... شوو ناکەم! تۆ یەکەم خۆشەویستی و دوا ڤیانی منیت.

– زینا گیان هەموو شتێک دەمرێت، تەنانەت بیرەوەریش دەمرێت!... هەست و سۆزە پاکەکانیشمان دەمرن و ئەوەی دەمێنێتەوە عەقڵی دروست و لۆژیکیە! ئیدی بۆ دەبێت گلەیی لە ژیان بکرێت! زینا گیان سوود لە ژیان وەربگرە! زۆر بژی! شاد بژی! پیاوێکی دیکەت خۆشبووێت ئەگەر بە دڵت بوو، ئاخر ماقوول نییە خۆت بە مردوویەکەوە هەڵبواسیت! بەڵام ناوبەناو بە دەگمەن یادێکم بکەوە، یادی بیرەوەرییە خراپەکان مەکەوە، لە بیری خۆتی ببەوە، لە کارە خراپەکانی من ببورە... خۆ زینا گیان ڤیانی ئێمە لایەنی ئەرێنیشی تیابوو! حەیف بۆ ڕۆژانی زێڕین کە ناگەڕێنەوە! گوێ بگرە گیانەکەم: من هەمیشە بولێڵی ئێوارانم لەلا خۆشبوو؛ ئەگەر توانیت لەو کاتانەدا یادم بکەرەوە! نا، نا... بۆچی دەبێ بمرم؟ چەند حەز دەکەم ئێستا بژیمەوە!ئەو کاتانە یادم بکەوە گیانەکەم: ئەو

کاتانە لە وەرزی بەهاردا بووین، تیشکی هەتاو دنیای ڕوناک دەکردەوە، گوڵ دەپشکوتن و هەموو شتێکی دەوروبەرمان جوان و پرشنگدار بوو، لە جەژن دەچوو. بەڵام نها، تەمەشا بکە! ببڕوانە...

ئەو داماو و کڵۆڵە، دەستە وشکەکانی بۆ پەنجەرەکە کە بەفر و شەختە گرتبووی ڕاکێشا، ئەوسا دەستەکانی زینای گرتن و نانیە سەر چاوەکانی و دەستی بە گریانێکی هێندە بەکوڵ کرد کە سەری بە هەنسکانەوە هەڵدەگیرا، هەرچی دەکرد کوڵی گریانی لە جۆش نەدەکەوت.

کوڕە بەدرێژایی ڕۆژەکە عەزابی چەشت، خەمی خوارد و خەم خوێنی جگەری خواردەوە و گریا. زینا وێڕای خەمباری خۆی بەگوێرەی توانای خۆی دڵنەوایی دەکرد. لە عەزابێکی ڕۆحی بەترەف دا بوو. دەیگوت کە لە بیری ناکات، هەرگیز کەسێکی دیکەی بە ئەندازەی ئەو خۆشناوێت، یارۆی نەخۆش باوەڕی بە قسەکانی دەکرد، بەدەمییەوە دەگرژییەوە، دەستەکانی ماچ دەکرد. بەڵام یادگارییەکانی ڕابردوو ڕۆحیان ئازار دەدا و دەیان سووتاند.

هەموو ڕۆژەکە بەو ئاوایە بووری. ماریا ئالکساندروڤنای هەراسان و نیگەران لەو ماوەیەدا دەیان جار خەڵکی لە دووی زینا نارد و داوای کرد کە بۆ ماڵ بێتەوە و خۆی نەکات بە گەپجاڕی ئاشنا و بێگانە، ئەنجام وەختایەک کە ڕۆژ ئاوابوو، بڕیاری دا کە بەخۆی لە دوو کیژەکەی بچێت، خەریک بوو لە داخا شێت دەبوو، کە گەییە ئەوێندەر کیژەکەی بانگ کرد بۆ ژوورێکی ئەلاحەدە، لە بەردەمیا چۆکی دادا، لێی پاڕایەوە کە " ئەم دوا خەنجەرە لە دڵی نەدات " زینا خەمبار و لێوبەبار و نەخۆش هات بۆلای دایکی. گوێی لێگرت، بەڵام لە یەک وشەی حاڵی نەدەبوو. ئەنجام ماریا ئالکساندروڤنا بە نائومێدی گەڕایەوە؛ چونکە زینا بڕیاری دابوو ئەو شەوە لە ماڵی کوڕە نەخۆشەکە کە لە سەرە مەرگا بوو بەسەر بەرێت. زینا ئەو شەوە تا بەیانی بەدیار نەخۆشەکەوە مایەوە، بەڵام حاڵی نەخۆشەکە دەم بەدەم خراپ و خراپتر دەبوو، کە ڕۆژهەڵات ئومێدی ئەوە نەمابوو کە نەخۆشەکە چیتر بژی. دایکە پیرەکەی هەراسان و نیگەران دەهات و دەچوو، دەرمانی دەکردە دەمی کوڕەکەیەوە و، کوڕەکەی ڕەتی دەکردەوە، بەهەرحاڵ ماوەی ئاوزینگەکە درێژەی کێشا. وای لێهات زمانی شکا، تەنیا هەندێ دەنگی نامەفهووم لە گەروویەوە دەردەچوو، تا دوا هەناسە هەر چاوی لە زینا بوو، کاتێ کە دنیا لەبەرچاو تاریک بوو، هەوڵی دا بە دەستە لەرزۆک و لاوازەکانی دەستی زینا بدۆزێتەوە و بەکامی دڵ بیگوشێت. ئەو ڕۆژە کورتەی زستان خەریک بوو ئاوا دەبوو. ئەنجام کاتێ کە دوا تیشکی هەتاو لە تاقە پەنجەرە بچووک و شەختە گرتووەکەی دەدا، ڕۆحی گەنجە عەزاب دیدەکە دەگەڵ دوا تیشکی هەتاوەکەدا ماڵاوایی لە جەستە پووکاوەکەی کرد. دایکە پیرەکەی کە جەستەی بێ گیان و سارد و سڕی ڤاسیای ئازیزی بینی هەر دوو دەستی هەڵبڕی و بەدەم شین و گریانەوە، خۆی بەسەر جەندەکی کوڕەکەیدا، دا.

هەنگێ لە ڕووی نائومێدییەوە ڕوویکردە زینا و گوتی:- تۆ کوشتت هەی ئەژدیهای حەوت سەر! تۆ کوشتت هەی جنۆکەی نەعلەتی! تۆ کوشتت!...

بەڵام زینا حایر و حەپەساو لە هیچ حاڵی نەدەبوو. وەکو شێت بەدیار جەندەکی ڤاسیاوە ڕەق ڕاوەستابوو. ئەنجام بە سەریدا دانەوییەوە، ئاماژەی خاچی کێشا، ماچی کرد، بێهودە لە ژوورەکە وەدەرکەوت، چاوەکانی دەسووتانەوە، سەری گێژی دەخوارد. هەستی پڕ عەزابی ئەو دوو شەوەی کە بەبێ خەو بەدیار ڤاسیاوە بەسەری بردبوو خەریک بوو شێتی دەکرد. هەستی دەکرد، دەستێکی نادیار هەموو ڕابردووی لە دڵی دەرهێنا و ژیانێکی تازەی ئاڵۆز و ترسناک و خەمناکی لەبەردەمدا دەکرێتەوە. هێشتا دە هەنگاوێک لە ماڵەکە دوور نەکەوتبووەوە کە لە ناکاوا موزگلیاکوف، وەک ئەوەی لە ئەرزەوە هەڵقوڵی بێت ، لە بەردەمیا قووت بووەوە. لەوە دەچوو بە ئانقەست لێرە چاوەڕوانی کردبێت.

بە ڕاوێژێکی نەوی کە ترسی لێدەباری گوتی:- زینائید ئاتاناسیڤنا من کەر بووم! ئەمە شتێکە نکۆڵی لێناکرێت! بەڵام ئێستا کەر نیم... بەخۆت دەبینیت، ڕەفتارم لەگەڵ تۆدا پیاوانەیە. من پەشیمانم لەوەی کە جاران کەر بووم... زینا نازانم چما زمانم تەتەڵە دەکات، خۆیشم نازانم چ دەڵێم؟ بمبورە زینا ئاتاناسیڤنا، ئەم پەشۆکانەم سەدەمی خۆی هەیە...

بەدەم ئەو قسانەوە، بەپەلە دەیڕوانیە دەوروبەر، چونکە دنیا بایی ئەوەندە ڕوناک بوو کە خەڵکی بیاندینن. زینا تەمەشایەکی کرد بێئەوەی بیدینێت و بەبێدەنگی کەوتەڕێ. شۆستە دارینە بەرزەکە تەنگ بوو، جێگەی دوو کەسی تیا نەدەبووەوە کە شانبەشانی یەکدی ڕێبکەن، زیناش جێگەی نەدەکردەوە کە شان بەشانی بڕوات، ئیدی پاڤل ئالکساندروفیچ لە شوستەکە هاتەخوارەوە، لە کاتێکا بەردەوام تەمەشای ڕوخساری کچەکەی دەکرد، خێرا خێرا، لە خوارەوە شانبەشانی زینا دەڕۆیی، لەسەر قسەکانی خۆی بەردەوام بوو:

- زینائید ئاتاناسیڤنا! من زۆرم بیر کردەوە، ئەگەر تۆ قایل بیت من ئامادەم سەرلەنوێ بێمەوە خوازگاریت! تەنانەت ئامادەم چاوپۆشی لە هەموو سووکایەتیەکانیش بکەم و لەبیریان ببەمەوە. من ئامادەم لێت ببورم، بەڵام بەیەک مەرج: تا ئێمە لێرە بین، ئەم شتە هەر لەبەینی خۆماندا بێت. تۆ بە زووترین کات لەم شارە دەڕۆیت، پاشان من بەدزییەوە دوات دەکەوم. لە شوێنێکی دوورە دەستدا بەبێئەوەی کەس پێ بزانیت زەماوەندی خۆمان دەکەین. دوای ئەوە یەکسەر بە عەرەبانەی نەفەران، بەخۆ و جانتایەکی بچووکەوە سەفەری پترسبورگ دەکەین... ها چ دەڵێیت، ڕازیت یان نا؟ خێرا وەڵام بدەوە، کات درەنگە، لەوەیە خەڵک بماندینن.

- زینا وەڵامی نەدایەوە، تەنیا نیگایەکی موزگلیاکوفی کرد و هیچی نەوت، بەڵام نیگایەک بوو کە موزگلیاکوف، یەکسەر لە هەموو شتێک حاڵی بوو. کڵاوەکەی لەسەری داگرت و بەڕێزەوە سەریکی بۆ زینا دانەواند و لە یەکەم پێچ دا لایدا و دیار نەما.

موزگلیاکوف، لە دڵی خۆیدا گوتی: " یانی چی؟ خۆ سێ شەو لەوەبەر بەڕادەیەک هەڵچووبوو کە هەر خۆی بە کەمتەرخەم دەزانی و هەر گلەیی و گازاندەی لەخۆی دەکرد! کەواتە ڕۆژان دێن و دەڕۆن و هیچ ڕۆژێک لە ڕۆژێکی دی ناچێت! "

لەو ماوەیەدا، کە لە شاری مورداسوفدا بویەر لە دووی بویەر ڕوویان دەدا،بویەرێکی کارەستاتباری دیکە ڕووی دا: ئەمیر، کە موزگلیاکوف بۆ ئوتێلی بردبوو، هەر هەمان شەو نەخۆش کەوت، نەخۆشیەکە بەجۆرێ زۆری بۆ هێنا کە ژیانی کەوتە مەترسییەوە. خەڵکی شاری مورداسوف بۆ بەیانیەکەی بەهەواڵی نەخۆشیەکەی ئەمیریان زانی. کالیستی ستانسیلافیچ لە نەخۆشەکە دوور نەدەکەوتەوە. کە ئێوارە داهات هەموو پزیشکانی شاری مورداسوف بانگکران و لە دەوری نەخۆشەکە خڕ بوونەوەو کەوتنە ڕاوێژ و تەگبیر کە چی بۆ بکەن. ئەو دەعوەتنامانەی بۆیان نێردرابوو بە زمانی لاتینی چاپ کرابوون. بەڵام هەرچەندە دەعوەتنامەکان بەزمانی لاتینی بوو، ئەمیر بە تەواوەتی هۆش و گۆشی خۆی لەدەست دابوو، وڕێنەی دەکرد، باسی کڵاوقژەکەی دەکرد و لە کالستی ستانسیلافیچ دەپاڕایەوە گۆرانیەکی بۆ بچڕێت، هەندێجاریش، وەکو ئەوەی لە شتێک بترسێت لەپڕ هاوارێکی دەکرد. پزیشکەکان گەیینە ئەو ئەنجامگیریەی کە ئەمیر بەهۆی میوانپەروەری زۆری خەڵکی مورداسوفەوە کۆ ئەندامی هەرسی تێکچووە و نەخۆشییەکە لە گەدەیەوە چووە بۆ مێشکی بەتایبەتی پاش ئەوەی لە ماڵەکانەوە گوێزراوەتەوە بۆ ئوتێل. هەروەها بەدووریان نەدەزانی جەزرەبەیەکی مەعنەویشی بەرکەوتبێت. بە کورتی پزیشکەکان لە ئەنجامدا گەیینە ئەو باوەڕەی کە ئەمیر دەمرێت و دەمێکە ئامادەی مردنە. ئیدی مەزندە و بۆچوونی دکتۆرەکان دروست دەرچوو، پیرەمێری داماو، بۆ ڕۆژی سێیەم لە ئوتێلەکەدا مرد. کەس باوەڕی نەدەکرد ئەو شتە بەو زووانە ڕووبدات، بۆیە خەڵکەکە دەستە دەستە بەسەر ئوتێلەکەدا دابارین، کە هێشتا جەنازەکەی ئەمیر لەوێندەر کەوتبوو و کفن نەکرابوو، ئیدی گەنگەشەیان دەکرد، سەریان بۆ یەکدی دەلەقاند و لە ئەنجامی گفت و گۆکانیاندا، بکوژانی ئەم پیرەمێرە داماوەیان مەحکووم دەکرد، هەڵبەتە مەبەستیان لە " بکوژانی ئەمیری داماو " ماریا ئالکساندروڤنا و کچەکەی بوو. هەمووان وایان هەست دەکرد ئەم چیرۆکە ئاخری خێر نابێت، بەهۆی ئەو ڕیسواییەوە کە لێی کەوتبووەوە لە دنیادا بڵاو دەبێتەوەو دەبێت بە داستانی سەرزاران. ئیدی دەمی خەڵکی کونە دیوار نییە چەپکە قوڕێکی پێدا بدەیت و بیگریت!

موزگلیاکوف، لەو ماوەیەدا زۆر شپرزە، ڕاکە ڕاک خۆی بێرە و بەوێدا دەکرد، بەتەواوی سەری لێ شێوابوو، بەتایبەتی کە ڕووبەڕووی زینا بووبووەوە، لە ڕاستیا ڕەوشی زۆر نالەبار و ئاڵۆز بوو، ئەو ئەمیری بۆ مورداسوف هێنابوو، ئەو بۆ ئوتێلی بردبوو، ئێستاش تیامابوو، نەیدەزانی چی لە جەندەکەکەی بکات؟ لە کوێ بینێژێت؟ کێ لە هەواڵەکە ئاگادار بکاتەوە؟ دەبوا جەنازەکە بۆ دوخانوف بباتەوە یان نا؟ موزگلیاکوف، بە حیساب برازای ئەمیر بوو، خزمی نزیکی بوو، هەقی خۆی بوو بپەشۆکێت و بترسێت. نەبا گومانی ئەوەی لێبکرێت کە دەستی لە مردنەکەی ئەمیردا هەبێت؟ بەترس و لەرزەوە لە دڵی خۆیدا دەیگوت: " هیوادارم ئەمە نەگاتە دەمی کۆمەڵگەی چینی باڵای پترسبورگ! " چاوەڕوانی هیچ یارمەتی و ڕێنوێنیەکی لە خەڵکی مورداسوف نەدەکرد. هەموو خەڵکەکە لە ناکاوا حەپەسان، ترسیان لێنیشت، هەمووان جەنازەکەیان بەجێهێشت و موزگلیاکوفیش مات و خەمبار بەتەنیا مایەوە. بەڵام لەناکاوا ڕەوشەکە گۆڕا. ڕۆژی دوای مردنەکەی ئەمیر، بەیانی زوو یەکیک گەییە شار، خەڵکی شاری مورداسوف، هەموو بەجارێ کەوتنە باسی هاتنی ئەو کەسە. کابرای نەناس بە شەقامە گەورەکەدا بۆ ماڵی فەرمانداری شار دەچوو، خەڵکی لە درزی دەرگا و پەنجەرەکانەوە بەدزییەوە تەمەشایان دەکرد، ژێراوژێر و لەبن لێوانەوەو بە ڕاویژێکی گۆنگ و نەوی بۆچوونی خۆیان لەمەڕ وی دەردەبڕی. تەنانەت پاڤل ئالکساندروفیچ، کە نیگەرانی باڵی بەسەریدا کێشابوو، نەیدەزانی چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم میوانە تازەیەدا بکات. ئەم کابرایە خزمی مردووەکە بوو. ئەمیرێکی تا ڕادەیەک بەنێوبانگ بوو، نێوی چیبتیلوف بوو. پیاوێکی قۆز و گەنج بوو، هەر سی و پێنج ساڵ دەبوو، نیشانەی کۆلۆنیلی بەسەر شانەکانیەوە بوو. ئەم نیشانانە جۆرە ترسێکی حورمەت ئامێزی لە دڵی فەرمانبەرانی شاردا دروستکرد، بۆ نموونە سەرۆکی پۆلیس لە بەردەمیا تەواو پەشۆکا، زۆری نەبرد دەرکەوت کە ئەمیر چیبتیلوف لە پترسبورگەوە هاتبوو، لە ڕێگاوە سەرێکی دوخانوف – شی دابوو. بەڵام چونکە لە دوخانوف کەسی نەبینی بوو، بەپەلە هاتبوو بۆ مورداسوف تا تاقیبی مامی بکات. لەوێ مەرگی پیرەمێرد و هەموو واریقاتی مردنەکەی، شۆکیان کرد. هەر هەواڵە ناخۆشەکەی نەبیست بەڵکو هەموو ئەو دەنگۆیانەشی بیست کە سەبارەت بە مردنی ئەمیری پیر بڵاو بووبوونەوە و بەسەر زاری خەڵکییەوە بوون. کاتێ کە پاڤل ئالکساندروفیچ واریقاتەکانی بۆ دەگێڕایەوە، بەجۆرێ ڕەنگ و ڕووی هەڵبزرکابوو، هەرکەسێک بیدیتبایە بەزەیی پێیدا دەهاتەوە. خۆ هەموو خەڵکی مورداسوفیش بە سەروسیمای خەڵکێکەوە کە بە تاوانێکەوە گیرابن، تەمەشای یەکتریان دەکرد. ئاخر چۆن پیاو لە هەنبەر ئەم میراتگرە پەست و تووڕە و سیما جدی و ناڕازیە ناترسێت و لە ڕوو دانامێنێت؟ کابرای میوان زۆری پێنەچوو کە جڵەوی هەموو کارەکانی گرتەدەست. موزگلیاکوف هەرکە بیستی کە کابرای نەناس برازای ڕاستەقینەی ئەمیرە – نەک وەکو ئەم برازای

ساختە بێ – خێرا جل و جنجۆڕی کۆکردەوە، بارگەی تێک نا و سەری خۆی هەڵگرت و کەس نەیزانی پەنای بۆ کوێ برد. بەپەلە بڕیار درا کە جەنازەکە بۆ دێر ببرێت و لەوێندەر نوێژی لەسەر بکرێت. هەموو ئەمرەکانی میوانە تازەکە ، کورت و بنجبڕ و توند بوون، بەڵام زۆر بە ئەدەب و نەزاکەتەوە ئەمرەکانی دەردەکرد. بۆ سبەینێ هەموو خەڵکی شار لە دێرەکە کۆبوونەوە تا لە ڕێ و ڕەسمی نوێژی مردوودا بەشداربن.

دەنگۆیەکی گەوجانە و بێ مانا لەنێو خانماندا بڵاو بووەوە کە گوایە ماریا ئالکساندروڤنا دەڕوات بۆ دێرەکە و لەبەردەم جەنازەکەدا چۆک دادەدات و بەدەنگی بەرز داوای بوردن دەکات و گوایە یاسا و ڕێسا وا دەخوازێت. بەڵام خوێنەری ئازیز سوور دەزانێت کە ئەو دەنگۆیانە هیچ بنج و بناوانێکی ڕاستیان نەبوو و ماریا ئالکساندروڤنا نەچوو بۆ دێرەکە. بیرم چوو ئەوەتان پێ بڵێم کە ماریا ئالکساندروڤنا، هەرکە کیژەکەی بۆ ماڵ هاتەوە، کە مەحاڵە بتوانن لە شار بمێننەوە، بۆیە بڕیاری دا هەر ئەو شەوە کچەکەی هەڵگرێت و بۆ ماڵی خۆی لە گوندی، بڕوات. ئیدی ماریا ئالکساندروڤنا لەوێندەرەوە، بە خەمینی و نیگەرانییەوە تاقیبی ئەو دەنگۆیانەی دەکرد کە لە شارا بڵاو دەبوونەوە، خزمەتکار و کارەکەرەکانی خۆی بە سیخوڕی بۆ شار دەناردن، تا هەواڵ و دەنگۆیانی بۆ بێننەوە، زۆری پێنەچوو هەواڵی هاتنی میر چیبتیلوف – ی پێگەیی. بەوە زۆر نیگەران بوو، ئەو ڕێگایەی لە دێرەکەوە بۆ دوخانوف دەچوو، هەر یەک فرسەخ لە ماڵ و مەزراکەی ماریا ئالکساندروڤناوە دوور دەبوو، خانم دەیتوانی بە ئاسانی ئەو کەژاوە و کاروانە بدینێت کە لە دوای نوێژی مردوو، لە دێرەکەوە بۆ دوخانوف دەڕۆیشت. تابووتەکە بەسەر عەرەبانەیەکی بەرزەوە بوو، ڕیزێکی دوور و درێژی عەرەبانەی دیکە بەدوای جەنازەکەوە بوو. ئەم عەرەبانانە ئەمیری کۆچکردوویان بۆ ئەو ڕێیە دەبرد کە لەگەڵ شا ڕێگایەکەدا یەکی دەگرتەوە، عەرەبانە بەرزەکە جەنازەکەی ئەمیری بەسەرەوە بوو، بەهێواشی دەڕۆیی، ماوەیەکی زۆر بەو دەشت و دەرەدا ڕۆیی کە لە بەفرا سپی دەچووەوە. بەڵام ماریا ئالکساندروڤنا، نەیتوانی لەسەر تەمەشاکردن بەردەوام بێت، بۆیە لە پەنجەرەکە دوور کەوتەوە.

دوای هەفتەیەک، ماریا ئالکساندروڤنا لەگەڵ ئاتاناستازی ماتویوفیچ و کیژەکەیدا باریان کرد بۆ مۆسکۆ. دوای مانگێک لە موورداسوف دا هەواڵ بڵاو بووەوە کە گوایە هەر دوو خانووەکەیان هەم ئەوەی گوند و هەم ئەوەی شاریان فرۆشتووە. بەو ئاوایە موورداسوف بۆ هەتا هەتایە خانمێکی شایستە و پایەبەرزی خۆی لە دەست دا! تەنانەت ئەم کارەش بەبێ قسە و قسەلۆکان تێنەپەڕی. بۆ نموونە یەکێک لەو قسانە ئەوە بوو کە گوایە ئاتاناستازی ماتویوفیچ بە ئەرزەکەوە فرۆشراوە... بەو ئاوایە یەک دوو ساڵ بووری و ماریا ئالکساندروڤنا بە تەواوەتی لە بیر چووەوە! ئەفسووس!

یاسای ئەم دنیایە وایە! بەڵام دەیانگوت گوایە ماریا ئالکساندروڤنا ئەرز و مەزرایەکی دیکەی کڕیوە و لە گوندیکی دیدا گیرساوەتەوە، بەخۆی هەمەکارەیە، زینا هێشتا شووی نەکردووە، ئاتاناستازی ماتویوفیچ... بەڵام بۆچی ئەم دەنگۆیانە دووبارە بکەمەوە، خۆ یەک شتی ڕاست و دروستی تیا نییە؟!...

***

سێ دانە ساڵ بەسەر نووسینی ئەم دوا ڕستانەی فەسڵی یەکەمی " یاداشتەکان لە مەڕ شاری مورداسوف " تێپەڕیوە، کێ باوەڕی دەکرد کە من جارێکی دی بگەڕێمەوە سەر دەفتەر و دەستنووسی ئەو یاداشتانە و چەند لاپەڕەیەکی دی بۆ چیرۆکەکەم زیاد بکەم؟ بەهەرحاڵ با دەست بەکار بین! با لە پاڤل ئالکساندورفیچ موزگلیاکوفەوە دەست پێبکەم. وەختایەک باروبنەی پێچایەوە و یەکسەر لە مورداسوفەوە بۆ پترسبورگ ڕۆیی، لەوێ زۆر بەئاسانی ئەو پۆستە کارگێڕییەی وەرگرت کە لە مێژبوو بەتەمای بوو. زووبەزوو هەر هەموو ئەو واریقاتانەی لەبیر کرد کە لە دوور و نزیکەوە پەیوەندییان بە مورداسوفەوە هەبوو؛ ئیدی تێکەڵاوی باهۆزی ژیانی ئەشرافی بوو، هاتوچۆی دورگەی فاسیلفسکی و دەریاچەی بەلەمانی دەکرد (ئەمە دەستەواژەیەکی تەوسامێزە، چونکە ئەم دوو شوێنە دوو شوێنی بەدناوترین گەڕەکی پایتەخت بوون. ) ئیدی بۆخۆی خەریکی ڕابواردن بوو، دووی ژنان دەکەوت و لە ڕۆژگاری خۆی دوانەدەکەوت، جارێکی دی کەوتە داوی ڤیانەوە، خوازگاری کرد، جواب کرا، زۆر بەمە نیگەران و ناڕەحەت نەبوو. بەڵام لەبەر تەبیعەت سووکی خۆی و بێکاری داوای کرد دەگەڵ شاندێکدا کە خەریکی سەفەر بوو بۆ گۆشەیەکی دوورەدەستی ئیمپراتۆریەتە بەرینەکەمان، بڕوات، نازانم شاندەکە بە چ مەبەستێک دەڕۆیی، بە مەبەستی پشکنین دەڕۆیی یان بە مەبەستێکی دیکە. بەهەرحاڵ داواکەی قەبووڵ کرا. دوای ئەوەی شاندەکە، بێ کێشە دەشت و دەر و بیابان و دارستانانی بڕی، دوای گەشتێکی دوور و درێژ، گەییە شارە سەرەکییەکەی دیار و دەڤەرە دوورە دەستەکە. ئیدی چوونە سەردانی فەرمانداری گشتی شار. فەرماندار جەنەڕاڵێکی درێژداهۆڵی ڕەقەڵەی سیما جدی و قسە ڕەق بوو، لەو سوپاییانە بوو کە چەندین جار لە شەڕا بریندار بووبوو، دوو نیشانەی ئەستێرە بە بەرۆکییەوە بوو، خاچێکی سپی لەمل بوو. فەرمانداری گشتی بە کەش و فش و ویقارەوە پێشوازی شاندەکەی کرد، ئەوسا هەموویانی بۆ ئەو ئاهەنگە دەعوەتکرد کە ئەو شەوە بەبۆنەی یادی ساڵانەی لەدایک بوونی خانم جەنەڕاڵەوە دەگێڕدرا. پاڤڵ ئالکساندروفیچ، ئەم دەعوەتەی زۆر پێخۆش بوو. کە شەو داهات چاکەت و پانتۆڵە پترسبورگیەکەی خۆی لەبەر کرد، کە پێی وابوو سەرنجی بینەرانی پێ ڕادەکێشێت. ئیدی بە کەش و فش و بێ موبالاتیەوە خۆی بە هۆڵەکەدا کرد، زۆر دڵی خۆش بوو.

بەڵام هەرکە وەژوور کەوت حەپەسا، چونکە خەڵکانێکی زۆری بە جلکی زۆر کەشخە و پلەی بەرز و جلی سوپایی و جۆرەها نیشانانەوە بینی.

موزگلیاکوف، دەبوایە بڕواتە پێشەوە تا پیرۆزبایی لە خانمی فەرمانداری گشتی کە بیستبووی زۆر گەنج و بەدەو و نەشمیلە، بکات . کە گەییە بەردەمی خانم لە جێی خۆی بەنج بوو. زینا، بە کەش و فشەوە، بە جلێکەوە یەکپارچە ئەڵماس و جەواهیر بوو، بەوپەڕی غروور و لەخۆبایی بوونەوە وەستابوو. زینا وای نواند کە پاڤڵ ئالکساندروفیچ ناناسێت. نیگایەکی ڕەوتەنی سەروڕوخساری کرد و بەپەلە و بێموبالاتی نیگای بۆسەر پیاوێکی دی گواستەوە. موزگلیاکوف حایر و حەپەساو دوور کەوتەوە و چوو بۆ سووچێکی هۆڵەکە. لەنێو خەڵکەکەدا تووشی پلەدارێکی گەنجی شەرمن بوو کە لەم ئاهەنگەدا دەعوەت بوو. پاڤڵ ئالکساندروفیچ، دەرفەتی قۆستەوە، دوو سێ پرسیاری لێکرد کە زۆری مەبەست بوو وەڵامەکانیان بزانێت. بۆی دەرکەوت کە فەرمانداری گشتی، دوو ساڵ لەوەپێش کە بە مادونی لە مۆسکۆ دەبێت، تووشی کیژێکی زۆر دەوڵەمەندی بنەماڵەیەکی خانەدانی زۆر بەنێوبانگ دەبێت، خوازگاری دەکات و دەیدەنێ. خانمی جەنەڕاڵ یەجگار جوانە، دەشێت بگوترێت جوانترین ئافرەتی ئەم دیار و دەڤەرەیە، بەڵام زۆر لووت بەرزە، تەنیا لەگەڵ جەنەڕاڵاندا دەڕەقسێت، ئاهەنگەکەی ئەمشەو نۆ جەنەڕاڵی تیایە، چ میوان و چ لەوانەی ئاکنجی ئێرەن، ڕاوێژکاری دەوڵەتیانشی تیایە، خانم جەنەڕاڵ لەگەڵ دایکیا دەژی، ئەم دایکە هەرچەندە لە چینی ئەشرافە، زۆر زیرەک و فەرزانەیە، بەڵام وەکو خودی جەنەڕاڵ ملکەچی ویستەکانی کچەکەیەتی. موزگلیاکوف هەوڵیدا سۆراخێکی ئاتاناسیازی ماتویوفیچ بکات، بەڵام لەم دیار و دەڤەرە دوورە دەستەدا کەس نە ناوی بیستبوو و نە دەیناسی.

موزگلیاکوف، کە کەمێک وەخۆ هاتەوە، کەوتە گەڕان بە هۆڵەکاندا، زووبەزوو ماریا ئالکساندروڤنای بەدی کرد، جلێکی شایستەی لەبەر بوو، خۆی لە خشڵ و جەواهیر هەڵکێشابوو، باوەشێنێکی گەورەی بەدەستەوە بوو، بەکاوەخۆ خۆی پێ باوەشێن دەکرد. چەند خانمێکی دیکەش دەوریان دابوو و مەراییان دەکرد، دیاربوو ماریا ئالکساندروڤنا لەگەڵ هەموویاندا بە لوتف بوو. موزگلیاکوف، زاتی وەبەرخۆ نا و خۆی پیشاندا، ماریا ئالکساندروفیچ لە پێشا بە ئاستەمێک ڕاچڵەکی، بەڵام زوو خۆی کۆنترۆڵ کرد، وای بەباش زانی خۆی لێ نەبان نەکات، بە نەزاکەت و ڕووی خۆشەوە هەواڵی ئاشنایانی پترسبورگی لێپرسی و پێی گوت چۆنە بۆ هەندەران نەچووە؟ بەڵام بە تاقە وشەیەکیش باسی مورداسوفی نەکرد، وەکو ئەوەی ئەم شارە ڕۆژێ لە ڕۆژان لە دنیادا نەبووبێت!... ئەوسا پرسیاری یەکێک لە ئەمیرە هەرە ناودارەکانی ئەوکاتەی پترسبورگی کرد و پاش ئەوەی لە سەلامەتی ئەو دڵنیا بوو، بێئەوەی گوێ بە موزگلیاکوف بدات کە هیچی لەبارەی

ئەو ئەمیرەوە نەدەزانی، ڕوویکردە یەکێک لە گەورە پیاوانی دەوڵەت، کە لاجانگەکانی سپی بووبوون و سەر و قژێکی بۆنخۆش و جوانی هەبوو، هەواڵی ئەو ئەمیرەی لێی پرسی، ئیدی دوای یەک خولەک، پاڤل ئالکساندروفیچ کە لە بەردەم ماریا ئالکساندروڤنا وەستابوو، هەستیکرد بوونی لە دنیای ئەودا بە یەکجارەکی سڕدراوەتەوە. موزگلیاکوف، کڵاوەکەی بەدەستیەوە گرت و بە دەم تەوسخەنێکەوە بۆ هۆڵە گەورەکە گەڕایەوە. دیارنەبوو لە چی تۆراوە و دڵی لەچی ڕەنجا و کێ لە کەرامەتی دا، بۆیە بڕیاری دا سەما نەکات. بەدرێژایی شەوەکە خەمبار و لێوبەبار، چارە گرژ و لێو بەژارخەن، شانی بە کۆڵەکەیەکی ناو هۆڵەکەوە دا و، بێ جووڵە، لە جێی خۆیەوە تەمەشای زینەی دەکرد. لێ مخابن! نە خەمینی ڕوخساری، نە ڕۆمانسیەتی وەستانەکەی، نە چارەی نائومێدی، دادی نەدا. زینا نە هەستی پێکرد و نە ئاوڕی لێدایەوە. موزگلیاکوف، سەرەنجام تووڕە بوو، ئەوەندە وەستابوو ئاوی پێی داهات، لە هۆڵەکە وەدەرکەوت و دەست لە گونان شۆڕتر، هیلاک و ماندوو بە سکی برسی بۆ ئوتێل زڤڕییەوە؛ وەکو عاشقێکی عەزاب چەشتە ڕووی ئەوەی نەبوو، بۆ نان خواردن بمێنێتەوە. لەوێ، لە ئوتێل یادگاریانی کۆن هێرشی بۆ هێنا و خەوی زڕا. بۆ سبەینێ ئەرک و ماموریەتێکی تازە هاتە پێشەوە. موزگلیاکوف بە خۆشحاڵیەوە ئەو ئەرکەی قەبووڵ کرد و خۆی بۆ سەفەر ئامادە کرد. کە لەم شارە وەدەرکەوت لە هەردوو باری جەستەیی و ڕۆحییەوە، باری سەرشانی سووک بوو. بەفر سەرانسەری دەشت و بیابانە بێ کۆتاییەکەی داپۆشی بوو لە ئاسۆی دوورا، لەو شوێنە کە ئەرز و ئاسمان یەکانگیر دەبن، دارستانێکی چڕ و چوغوورد ڕەش دەچووەوە.

ئەسپەکان تاویان دەدا، پریشکی بەفر لە ژێر سمیانەوە بەملا و بەولادا دەردەپەڕی. زەنگوڵەکانی ملیان دەزرینگانەوە. پاڤڵ ئالکساندروفیچ لە ناو عەرەبانەکەدا لە فکران ڕاچوو، بەدەم خەون و خەیاڵەوە گیانی خاو بووەوە و پاشان خەوێکی قووڵی لێکەوت، تا سێیەم وێستگە خەبەری نەبووەوە، لەوێ ئاسوودە و تێرخەو، بە کۆمەڵێک خەون و خەیاڵی تازەوە لەخەو ڕابوو.

١٨٥٩/٤/٣

تێبینی: ڕۆژی شەممە ٢٠٢٤/٩/٢١ لە شاری سلێمانی، گەڕەکی چوارچرای نوێ لە پاچڤەی ئەم ڕۆمانە بوومەوە کە لەم دوو دەقەی خوارەوە بە شێوەیەکی بەراوردکاریانە وەرمگێڕاوە. جا ئەگەر ئەمە بووبێتە هۆی ئەوەی هەندێ دەستەواژە و ڕستە و پەرەگرافی دەقە کوردییەکە لە ڕواڵەت و شێوەدا تەواو لەگەڵ سەرچاوەی یەکەمدا تێکنەکاتەوە، ئەوا لەگەڵ سەرچاوەی دووەمدا تێکدەکاتەوە و دیارە پێچەوانەش پێچەوانەیە. هەڵبەتە بەدڵنیاییەوە پاچڤە کوردییەکە ئەگەر لەو دوو

پاچڤەیە باشتر نەبێت، ئەوا هیچی لەوان کەمتر نییە و بێ چەندوچوون ڕووی مەجلیسی ئەدەبیاتی هەیە.

سەرچاوەکان:


- رویای عمو جان، فیودر داستایفسکی، ترجمە: الک قازاریان، ویراستار: جەمشید رشیدی تهران، چاپ چهارم، ١٤٠٠، چاپ: دیبا.
- الاعمال الادبیه الکاملة – ١٨ مجلدا. المجلد الثالث/ ترجمة: د. سامی الدروبی، الطبعة العربیة الثانیه. دار ابن رشید للطباعة و النشر/ بیروت.


٢٠٢٤/٩/٢١

ح.ع